# توحفه نمای

# ئەدەبیاتی جیهانی

**( ٢٢، شاكاری ئەدەبی كلاسیكی جیهانی )**


**وەرگێڕانی لە فارسیەوە:**

**حەمە كەریم عارف**

٠٧٧٠١٣٠٩٣٩٠

Hamakarem2007@yahoo.com

ناوی کتێب: توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

نووسەر: کۆمەڵێك نووسەر

وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف

بابەت: شاکاری ئەدەبی جیهانی

تایپ: رزگار حەساری

هەڵەچن: محەمەدساڵح

چاپخانە:شڤان

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان/٢٠١١، چاپی یەکەم

پێڕست

*- وتەیەك / حەمە كەریم عارف
١- رۆبۆتە جیهانییەكانی رۆسوم/ كارل چاپك
٢- ئانتیگۆنا / سۆفۆكلیس
٣- ئیلیادە / هۆمیرۆس
٤- بابە گۆریۆ / بالزاك
٥- برایانی كارامازۆف / فیودۆر دۆستۆیفسكی
٦- بێنەوایان / ڤیكتۆر هۆگۆ
٧- پرۆمیتیۆس / ئاشیل
٨- تائیس / ئانتۆل فرانس
٩- شەڕ و ئاشتی / لیڤ تۆلستۆی
١٠- پیسكە / مۆلیر
١١- دیكامیرۆن / جوڤانی بۆكاچیۆ
١٢- دۆنكیشۆت / میگل دو سیرڤانتس ساڤدرا
١٣- سەفەرەكانی گۆلیڤەر / جوناتان سویفت
١٤- تراجیدیای ئەمریكایی / تیودۆر درایزەر
١٥- غروور و تەعەسوب / جەین ئۆستین
١٦- فاوست / یۆهان ڤۆلڤگنگ فن گۆتە
١٧- بەهەشتی لە دەست چوو / جۆن ملتن
١٨- كاندید / فرانسوا ماری ئاروتە دو ڤۆلتێر
١٩- كێوە دەڕۆی؟ / هنریك سینكیویچ
٢٠- كۆمیدیای یەزدانی / دانتی ئالیگێری
٢١- برسێتی / كنۆت هامسون
٢٢- هاملێت / ویلیام شەكسپیر

## وتەیەك

## حەمەكەریم عارف

"١"

خوێنەری هێژاو بەرکەتی: ئەم بەرهەمەی لە بەر دەستتدایە، کورتکراوەو پوختەو پێناسەو هەڵسەنگاندنێکی خێرای بیست و دوو ڕۆمانی زۆر مەنشور، بیست و دوو شاکاری ئەدەبی کلاسیکی جیهانە کە بە زەبری هونەرییەتی خۆیان ،شوێنکات و ڕۆژگاری خۆیان بەزاندووەو گەییونەتە سەردەمی ئێمەو هێشتاش هەر تەڕو تازەن.جا ئەم کورتکراوەیە هەرچەندە بە شێوەیەکی سخ و چڕ تیمە ونێوەرۆکی دەقەکان دەخاتە ڕوو، و زانیارییەکی تەواو لەمەڕ دەقەکان و چۆنیەتی لە دایکبوونیان و کاریگەرییان بەسەر ئەدەبیاتی نەتەوەیی و جیهانییەوە بە خوێنەر دەگەیەنێت،بەڵام تەنیا ڕێنمایەکە تا خوێنەر، بە تایبەتی نۆلاوان و لاوان بخاتە سەر ڕاستە ڕێگا و ئیدی بە خۆی پێنگاڤ باوێت و مەنزڵ بداتە چا، چونکە ئەم کتێبە وەکو گوتمان تەنیا پێناسەیەکی سخ و چڕ و کورتەیەکی زۆر کورتی هەڵسەنگاندنی دەقەکانە و نابێت بە ئەڵتەرناتیڤی دەقەکە و ناتوانێ هەمان سوود و لەزەتی خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی خودی دەقەکە و هونەرکارییە ئەستاتیکییەکانی دەقەکە بە خوێنەر بگەیەنێت.چونکە شتێکی بەڵگە نەویستە کاتێ ڕۆمانێکی گەورە لە چەند لاپەرەیەکی کەمدا کورت بکرێتەوە، ناتوانێت هەموو ئەو وردەکارییە ئەستاتیکیانە بنوێنێتەوە کە نووسەر مەبەستی بووە.لێ وێڕای ئەوەش لە سوود بەدەرنییە و پەیامی سەرەکی ڕۆمانەکە دەگەیەنێت..

"٢"

..بەهەرحاڵ هەرچەندە پاچڤەی ئەم بیست و دوو شاکارە بۆ سەر زمانی کوردی – تاك و تەرایەکیان کراون بە کوردی– کارێکی زۆر ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر بویسترێت دەکرێت.بۆیە پێشنیاز دەکەم کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان یان یەکێك لە دەزگا ڕۆشنبیرییە پەیوەندیدارەکان ئەم کارە بکەن بە پرۆژەی خۆیان و ڕوو لە پاچڤەوانە بە تواناو کوردی زانەکان بنەن کە ئەم بیست و دوو شاکارە بکەن بە کوردی، خۆ ئەگەر لە زمانی ئەسڵەوە بکرێن زۆر باشترە..بەهەرحاڵ ئەمە بەرکوتێکەو بەندە بۆیەم شان داوەتە بەر تا خوێنەری کورد بەو شاکارانە ئاشنا بێ ،وببێت بە پەنجەرەیەك بۆ خوێنەران بە گشتی و گەنجان بە تایبەت کە نە حەوسەڵەی خوێندنەوەی ڕۆمانی گەورەیان هەیەو نە کاتی بۆ تەرخان دەکەن،بەسەر ئەدەبیاتی جیهاندا بکرێتەوە.من بەش بە حاڵی خۆم زەروورەتی ئەم کارە لەوەدا دەبینم کە سەرباری ئەوەی بە شێوەیەکی چڕ ئەم بەرهەمانە بە خوێنەر،بە تایبەتی نۆلاوان و لاوان دەناسێنێت، وەختێکی

کەمتریش لە خوێنەر دەگرێت،و دەلیڤەی ئەوەی بۆ دێڵێتەوە کە فریای چالاکییەکانی تریشی بکەوێت وەك: دەرس و دەور،وەرزش،گەمەو یاری،و چالاکی کۆمەڵایەتی و ئینتەرنێت و...خوێنەریش هاندەدات بۆ خوێندنەوەی دەقە ئەسڵییەکە بە تایبەتی و کتێبان بە گشتی...

"٣"

هەڵبەتە بەندە قەناعەتی تەواوم بەوە هەیە کە کەلتوورو بەرهەمهێنانی کەلتووری روبارێکی لێك دانەبڕاوەو لە سەرچاوەوە تا رێژگە مولکی تێکڕای تیرەی بەشەرەو هیچ بەرهەمێکی ئەپستمۆلۆجی نییە بە تەنیا زادەو بەرەنجامی هزرو بیرو خەیاڵی یەك نووسەر بێت. هەر نووسەرێك بگریت کەم دابێژێك قەرزاباری سەرچاوەکانی پێش خۆیەتی..و بەوە لەوانی دی جیا دەبێتەوە کە مامەڵەی هونەری دەگەڵ هەر بابەتێکدا کردبێت، نەفەسی خۆی بە بەردا کردووە،و جێدەستی لەسەر ئەدەبیاتی نەتەوەیی و جیهانییەوە بەجێهێشووە و گەییوەتە ئاستی وابەستەگی مرۆڤانی.. و بە زمانی هونەر گشت تیرەی بەشەر، بە بێ جیاوازی دەدوێنێت..یانی بە کورتی و بە کوردی جیهانی ئەدەبیات، قەڵەمرەوی گشت تیرەی بەشەرەو هەر ئەدیبێکی رەسەن بگری مولکی هەموو بەشەریەتە، سەر بە هەموو تیرەی بەشەرە،خەڵکی هەموو دنیایە. بۆیە بەرهەمی چاك، دەقی زندوو، میناکی باڵندەی کۆچەری هەرگیز لە قەفەزی یەك شوێن، لە یەك زەمان و لە یەك زوباندا ئۆقرە ناگرێت ، بەڵکو هەموو ئەو سنوورانە دەبەزێنێت، گەرمیان و کوێستان دەکات، هەموو ئاسمان دەخاتە ژێر باڵی فڕینەوە..کار لە ئەدەبیات و شارستانیەتی میللەتانی دیکە دەکات و دەوڵەمەندو رەنگینی دەکات.. هێڤیدارم گیانی ئەم باڵدارە ئێسك سووکە کۆچەرییە نەمرانەم نەرەنجاندبێت و لە قەڵەمرەوی زمانی کوردیدا هەست بە غوربەت نەکەن و پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێبکرێت کە ببن بە بەشێك لە کەلەپوری کەلتوور و ئەدەبیاتی کوردی..

لە کۆتاییدا هیوادارم بەم کارە بچووکە خزمەتێکی ناچیزی کتێبخانەی کوردیم کردبێت و ئەم دیاریی شوانەم لێوەربگیرێت، وسووکە ئاشنایەتی ودۆستایەتییەکم لە نێوان ئەم بیست و دوو شاکارە ئەدەبییە و خوێنەری کوردا چێکردبێت، وخوێنەرانم، بە تایبەتی نۆلاوان و لاوانم خستبێتە سەر کەڵکەڵەی تاقیبکردنی دەقی تەواوی شاکارەکان، وبە ئومێدم پاچڤەوانانی خەمخۆری زمان و ئەدەبی کوردی، قۆڵی هیممەتی لێهەڵماڵن و لە ئایندەیەکی نزیکدا هەموو ئەو شاکارانە بکەن بە کوردی و چاوی خوێنەرانی کورد و کتێبخانەی هەژاری کوردی پێ رۆشن و دەوڵەمەند بکەن، گەورەترین شادی کارە..

حەمەکەریم عارف

گەرەکی رزگاری/ سلێمانی

٢٠١١/٣/٢٧

## ١- رۆبۆته جیهانیەکانی رۆسوم

**كـارل چـاپك** ( ١٨٩٠- ١٩٣٨ ) شانۆنامه نووس‌و چیرۆکنووسێکی خەڵکی چیکه. لـه جـەنگی جیهانی یەکەمدا رۆژنامەنووس‌و پەیامنێری جەنگی بوو، لیٚ پاش بڵاوبوونـەوەی شانۆنامەکانی ئیـدی شـۆرەت‌و نێوبـانگی جیهـانی پەیـدا کـرد. رەخنـەکانی لـه کۆمەڵگـەی تـەکنولۆجیا زەدەی سەدەی بیستەم به شێوەیەکی یەجگار سەیر هاتنەدی. کارخانەی موتڵەق (خودا) سازی یەکێکه له بەرهەمه گرینگەکانی.

* * *

ئەم کتێبه که له نیوەی یەکـەمی سـەدەی بیسـتەمدا بڵاوبووەوە، فەرتەنـەو هـەراو هەنگامەیـەکی زۆری لـه ئـەوروپادا نایـەوە، لـه راسـتیا هێرشـێك بـوو بـۆ سـەر شارسـتانیەتی سـەنعەتی‌و تـەکنۆلۆجی، رەخنەیـەکی تونـد بـوو لـەو دنیایـەی کـه بـەرە بـەرە تـەکنۆلۆجیا تیایـدا بەسـەر چارەنووسی ئینساندا زاڵ دەبوو، و نووسەر که یەکەمجار له شێوەی شانۆنامەیەکدا پێشکەشـی کردبوو، کارخانەیەکی خەیاڵی هێنابوو، که لەو کارخانەیەدا بنیادەمانی ئالیان (رۆبۆت) دروست دەکردو ئەم رۆبۆتانه به تێپەڕ بوونی رۆژگار هێزو توانا پەیدا دەکەن‌و دەیانەوێ له خالقانی خـۆ هەڵگەڕێنـەوەو لـه ناویـان بـەرن، شـەڕو نـاکۆکی نێـوان رۆبۆتـان‌و بنیادەمـانی راسـتی، بابـەتی بنەڕەتی چیرۆکەکه پێك دێنیٚ‌و نووسەر ئەنجامگیری ئەوە دەکات که دنیای ئاینده، دنیایەکه که خالق دەبیٚ به دیل‌و ئەسیری مـەخلوق‌و لـه ئەنجامدا ژیـان رەسـەنایەتی‌و تایبەتمەنـدی خـۆی لـه دەست دەدات.

کارل چاپك-ی چیرۆکنووس‌و درامانووسی چیکی که له ساڵی ١٩٢٠دا ئـەم بەرهەمـەی نووسـی بـوو، سـیٚ پـیتی (R.U.R)ی کردبـوو بـه ناونیشـانی چـیرۆکەکەی کـه سـیٚ پـیتی یەکـەمی ئـەم ناونیشـانەن (Rossums Universal Robots) کـه ئـەم ناوەڕۆکـه دەگەیـەنیٚ (رۆبۆتـه جیهانیـەکانی رۆسـۆم). و ئـەم شـانۆنامەیه هەرچـەنده بـه رواڵـەت کۆمیدیانامەیـەکی سـەرگەرمکەر بوو له سیٚ پەردەو کۆتاییەکدا، بەڵام له ڕاستیا تراجیدیایەکی فەلسـەفی بـوو کـه کۆتـایی شـادی‌و ئاسوودەیی تیرەی بەشەری رادەگەیاند.

ئـەم شـانۆنامەیه یەکـەمجار لـه پـراگ نمـایش کـرا، بـەڵام زۆر زوو لـه هـەموو دنیـادا بڵاوبووەوەو شـۆرەتی جیهـانی پەیـدا کـردو لـه زۆربـەی تیاترۆخانـه گرینگـەکانی جیهـان دەقـی وەرگێـردراوی بەرهەمەکه به زمانانی ناوچەیی لەلایـەن هونەرمەنـدانی پیشـەیی‌و نـا پیشـەییەوە پێشـکەش کـرا، سـەیر لەوەدایـه هەرچـەنده ئـەم شـانۆنامەیه بـه چـەند سـاڵێك بـەر لـه دەسـتپێکی دووەم جـەنگی جیهان‌و سەرهەڵدانی حکومـەتانی حیزبـی‌و کرێکـاری نووسـرا بـوو، کەچـی ئـەوەی ئـەم نووسـەرە دووربین‌و زەیـن روون‌و هۆشـنه پێشـبینی کردبـوو کـەم‌و زۆر هاتنـه دی‌و هزرڤانـان‌و ئاقڵمەنـدان

هەمان دنیایان بە چاوی خۆ دیت کە چاپك بە تەنزو هێما لە بەرهەمەکەی خۆیدا بەرجەستەی کردبوو.

کارل چاپك لە ماوەی تەمەنی مەیلەو کورتی خۆیدا کە لە چل‌و هەشت ساڵ تێنەپەڕیٚ، چەندین چیرۆك‌و شانۆنامەی دیکەشی نووسی بوو، کە یەکێك لەوانە چیرۆکی ژیانی مێروان بوو، کە شۆرەت‌و ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو، بەڵام رۆبۆتە جیهانیەکانی رۆسۆم بوو بە شاکارێکی جیهانی‌و ناوی چاپك-ی لە سەرانسەری گێتی دا خستە سەر زاران. شۆڕبوونەوەیەکی کەم بە دنیای نووسەراو گەشتێکی لام سەرلایی بە بەرهەمەکەیدا، زیاترمان بەم شاکارەو داهێنەرەکەی ئاشنا دەکەن.

کارل چاپك لە ١٨٩٠/١/٩ لە گوندێکی کوێستانی باکووری دەڤەری بوهیمیا چاوی بە دنیادا هەڵێناو دوای چل‌و هەشت ساڵان لە ١٩٣٨/١٢/٢٥دا لە پراگ کۆچی دوایی کرد. چاپك دەرچووی زانستگەی پراك بوو، لە یەکەم جەنگی جیهانیدا وەکو پەیامنێری جەنگی کاری دەکرد. لەبەر ئەوەی رۆشنبیرێکی خاوەن هزرو نووسەرێکی بە توانا بوو، زۆری سەر لە مەسەلە سیاسیەکانیش دەخورا، زۆر زوو بوو بە یەکێك لە دۆستانی نزیکی (مازاریك)ی سەر کۆماری وەخت‌و بە درێژایی تەمەنی خۆی پشتیوانی لە سیاسەتی ئەو کرد. چاپك وێڕای ئەوەی کە دکتۆراکەی لە فەلسەفەدا وەرگرتبوو، زۆر ئاشقی چیرۆکنووسین‌و شانۆنامەنووسی بوو، پێی وابوو لەم رێگەیەوە باشتر دەتوانیٚ خزمەت بە میللەتی چیك‌و ئامانجەکانیان بکات. بۆیەش لایەنگری لە مازاریك دەکرد چونکە هەم هزرو هزرینی ئەوی بە دڵ بوو، و هەم هەوڵی دەدا بە یارمەتی‌و کۆمەکی ئەو بناغەی حکومەتێکی دیموکراتی لەو وڵاتەدا دابڕێژیٚ.دەگەڵ زیاد بوون‌و پەرەسەندنی دەسەڵاتی نازیەکان لە ساڵانی پێش هەڵگیرسانی دووەم جەنگی جیهانیدا، چاپك کە هەستی بە مەترسی داگیرکردنی وڵاتەکەی خۆی لەلایەن ئەڵمانەکانەوە دەکرد، چووە ریزی نەیارانی سەرسەختی رژێمی نازی‌و ئەگەر بە نەخۆشی دەردە باریکە نەمردبا بێگومان یەکێك دەبوو لە هەوەڵین قوربانیانی دەستی داردەست‌و پیاوانی نازی.

بڵاوبوونەوەی شانۆنامەی (رۆبۆتە جیهانیەکانی رۆسوم) کە یەکێکە لەو سیٚ کۆمیدیا تەنزئامێزەی لە هەمان بواردا نووسیونی، پایەی چاپکی وەکو هزرڤان‌و نووسەرو درامانووسێك چەسپاند.دوو شانۆنامەکەی تری بریتی بوون لە (موتلەق،و کراکاتیت)، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەمەیە کە چاپك لەو شانۆنامانەدا زۆر بە وردی پێشبینی کردبوو کە رۆژیٚ لە رۆژان وزەی ئەتۆمی کەشف دەکریٚ‌و سوودی لێوەردەگیرێت.

هەرچەندە ئەم شانۆنامانە ناوی چاپکیان خستە ریزی ناوی کەسایەتییە دیارەکانی ئەدەبی چیکییەوە، بەڵام بەلای رەخنەگرانی ئەدەبەوە، شاکاری ئەو بریتییە لە رۆمانێکی سیٚ بەرگی بە ناونیشانی: (هوردوبال، نەیزەك، و ژیانێکی ئاسایی). چاپك ویستویەتی لەم سیٚ بەرگەدا تەبیعەتی فەلسەفی تاك‌و پەیوەندی تاك بە کۆمەڵگەوە ڕاڤەو شرۆڤە بکات. چاپك برایەکیشی هەبوو بە ناوی جوزیف کە هونەرمەندێکی بە ناميٚ بوو، کە هەم نیگارکێشی دەکردو هەم رەخنەی هونەری دەنووسی‌و هەم کۆمەڵێك دانراویشی هەبوو. لەبەر ئەوەی ستەمکارانی

بوغزلەزگی نازی نەیانتوانی کارل بگرن، جۆزیفیان دەستگیر کردو لە رەشچاڵێکیان پەستاوت. ئەم پیاوە تا دوا ساڵەکانی جەنگ دژی مەرگ وەستایەوەو بەرگری کرد، بەڵام لە ئەنجامدا بەرگەی نەگرتو بەر لەوەی بە چاوی خۆی شکستو تەسلیم بوونی سوپای نازی ببینێ، ماڵاوایی لە ژیان کرد. تاوەکو ئەمڕۆکەش خەڵکی چیك بە شانازیو رێزەوە ناوی ئەو جووتە برایە دەبەن.

***

جا با بێینە سەر باسی شانۆنامە بەناوبانگەکەی (رۆبۆتە جیهانیەکانی رۆسوم):

ئەم کارخانەیەی کە دەمێك بوو داهێنەرو کەشفکارەکانی کاریان لەسەر دروستکردنی بنیادەمانی میکانیکی دەکرد سەرەنجام توانی نەخشەو بەرنامەکەی خۆی تەواو بکاتو ژنانو پیاوانێك دروست بکات کە بە هیچ کلۆجێ جیاوازییان لە بنیادەمانی ئاسایی نەبوو. بیرۆکەو نەخشەی سەرەتایی ئەم پڕۆژەیە هی مامۆستایەك بوو کە ناوی رۆسوم بوو، لێ پاشان کوڕی ئەم پیاوە کە ئەندازیارێکی پسپۆڕو داهێنەر بوو نەخشەو پڕۆژەکەی بابی تەواو کرد. ئەم بنیادەمە میکانیکیانەی رۆسوم تاقە جیاوازیان دەگەڵ بنیادەمانی ئاساییدا ئەمە بوو کە شادیان نەدەزانی، هەرگیز بە تەنیاو جودا لە یەکتر نەدەژیانو هیچ ئاواتو ئارەزوویەکی میناکی بنیادەمانی تریان نەبوو. ئاوات، ئارەزوو، فیکرو زکریان تەنیا بە دەوری یەك شت دا دەسووڕایەوە: کار، کاری بەردەوام و هیچی تر!.

رواڵەتو رەفتارو کرداری ئەم رۆبۆتانە بەرادەیەك هاوشێوەی بنیادەمانی ئاسایی بوو کە کاتێ هیلینا گلوری کیژی بەڕێوەبەری کارخانەکە چوو بۆ ئەوێندەرو دەگەڵ (هاری دومن)ی سەرپەرشتیاری کارخانەکەدا چوو بۆ تەماشای بەشە جیاوازەکانی کارخانەکەو هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە ئەمانە، بنیادەمی راستەقینە نەبن، هیلینا بە ئەرکێکی تایبەتی ئەم گەشتەی کردبوو، لەلایەن رێکخراوی کۆمەڵگەی مرۆڤانیەوە راسپێردرا بوو کە راپۆرێك لەمەڕ ژیانو جۆری کارکردنی ئەم رۆبۆتانە، بۆ رێکخراوی ناڤبری ئامادە بکات. لە دەرێی کارخانەکەدا وا باوو بڵاو بوو کە لەم کارخانەیەدا هەر یەکێك لە کرێکارەکان بچووکترین سەرپێچی لە فەرمانی بەرپرسانی خۆ بکەن، یەکسەر بۆ بەشی (هەڵوەشانەوە)ی دەنێرنو دوای چەند دەقیقەیەك پارچە پارچە دەبێ،و پارچە ساغەکانی لە دروستکردنی کرێکارێکی دیکەدا بەکار دەبرێ.

ئەوەی لە هەموو شتێك پتر بوو بووە مایەی سەرسامی هیلینا ئەمە بوو کە کاتێ بە تەنیاو تاك تاك قسەی دەگەڵ دەکردن، هیچ یەکێکیان گلەییو گازاندەیان نەبوو. هەبوون یان نەبوون، تێری یان برسێتی، پڕ کاری یان کەم کاری،و بە کورتیەکەی هەموو شتێك بۆ ئەوانو لای ئەوان یەکسان بوو. ئەمانە تەنیا بیریان لەیەك شت دەکردەوەو پابەندی یەك شت بوون، ئەویش کار بوو، کارو هیچی تر. دومن، سەرپەرشتیاری کارخانەکە، هیلینای بۆ هەموو بەشو شوێنەکان برد تا سەرەنجام گەییە عەمارێك کە ئەمسەرو ئەوسەری دیار نەبوو. لەم عەمارەدا، سەدان هەزار رۆبۆت ئامادە بوو بۆ وەی بۆ سەرانسەری دنیا بنێردرێن. دومن بۆ کیژەی حەپەساوی باس دەکرد کە لەم سەردەمەدا بنیادەمانی راستی بە کەڵکی کار نایەنو بە شێوەیەکی گشتی هەموو

یـاخین، تـا تەمـەنی ناڤسـاڵیش هـەر منـداڵن و مینـاکی منـداڵان ڕەفتـار دەکـەن،و جگـە لەمانـە، سەرباری ئەوەی بەرهەمو ماوەی کارکردنیان کەمە. ڕاگرتنیشیان مەسرەفێکی زۆری دەوێ، بـەڵام ئەم ڕۆبۆتانە وانین، بەردەوام کار دەکەن و تا ئەو ساتەی کار دەکەن سـوودیان لێـوەردەگیرێ، هـەر کە کێشەیەك هاتە پێشێ، بۆ نموونە کە ددانی یەکێکیان دایە ژان، پێویست بەوە ناکـات بـبرێ بـۆ لای دکتۆری ددان و مەسرەفی لێبکرێ، یەکسەر ڕەوانـەی بەشـی (هەڵوەشـانەوە) دەکرێ و وجـودی بەسەر ڕووی زەمینەوە ناهێڵرێ.

هیلینا هـەقی بوو بحەپەسێت و سەراسیمە بێ. بۆچی گیـانی ئـەم ڕۆبۆتانـە ئەوەنـدە بـێ نـرخ و بایـەخ بـوو کـە لەسـەر بچـووکترین تەخسـیرو عـەیب مـەحکوم بـە نـەمان بـوون. هیلینـا لـە ژووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، کە هەموو بەرپرسان لەوێندەر دانیشتبوون، پرسیاری خۆی دەکردو گـوێی لـە بەرسـڤی وان دەگـرت. بـۆ نموونـە دەی پرسـی: "باشـە لـە کاتێکـا ئـەم هـەموو بەشـەرە ڕاستیە هەن، چ پێویست دەکات ئەم ڕۆبۆتانە دروست بکرێن؟" یـەکێك لـەوان بەرسـڤی دەدایـەوە: "لەم دنیایـەدا خۆراك بە ئەنـدازەی پێویسـت پەیـدا نـابێ، دەزانـی بۆچـی؟ چـونکە بنیادەمـان کـار ناکـەن. هـەموو کەرەسـەیەکی کـارکردن هەیـە، بـەڵام تەمـەڵی و خەمسـاردی بەشـەران بووەتـە هـۆی ئەوەی کـە خـۆراك کـەم بـووە. ئـەم ڕۆبۆتانـە ئـەم کیماسیە پـڕ دەکەنـەوە، پۆشـاك و جلـك و بـەرگ و پێویستییەکانی دیکە بەرادەی پێویست نین، یا ئەگەر هەشبن گرانن، بۆچی؟ چونکە بەشەران کـار ناکـەن. تەمـەڵی و تـەوەزەلی و بـێ موبـالاتی وان هـەمووانی خسـتووەتە زەحمەتـەوە."و هیلینـا، قسەکانی پێ دەبرین و دەیگوت: "باشە ئەگەر ئەم هەموو ڕۆبۆتە کارەکان لە ئەسـتۆ بگـرن، ئـەدی ئینسـانەکان چ بکـەن؟" ومسـتەر ئالکویسـت، بەڕێوەبـەری بەشـی بەرهـەمهێنان دەیگـوت: "چ قەیدیـە؟ بنیادەمـان لەسـەر کورسـیان پـاڵی لێدەدەنـەوەو خۆیـان بـە هیوایەتـەکانی خـۆوە مـژوڵ دەکـەن و ئـەو کرێکـارە گوێڕایەڵانـە، وەکـو ئـامێر کـاری خـۆ دەکـەن."
هیلینـا لـەزەتێکی زۆری لـەم گەشـت و گفتوگۆیانـە بـینی بـوو و دەیویسـت لـە کارخانەکـە وەدەربکەوێ. هاری دومن، سەرپەرشتیاری کارخانەکە، لە دوا ساتدا بە هیلینای گوت کە خۆشی دەوێ و حەزدەکات بۆ ئەو بێت، هیلینا وەك بڵێی ئەم پێشنیازەی پـێ خـۆش بـوو، بۆیـە وەڵامـی ئەرێنی دایەوەو لە کەفلەکونێکا هەردووکیان خۆشحاڵ بوون.

نزیکەی دە ساڵێك بەسەر ئـەو بـەروارەدا بـوری، بەڕێوەبـەران و کـارگێڕانی کارخانەکـە بـە هـەموو هێـزو تواناییەکیانـەوە هـەوڵیان دەدا ئـەم نهـێنی و ڕازە لـە هیلینـا وەشـێرێن کـە ڕۆبۆتـەکان لـەم دواییانەدا کێشەیەکی زۆریان دروست کردبوو، کاریـان نـەدەکرد، و کـاری تێکدەرانـەیان دەکـردو لە بەرپرسەکانی خۆیان هەڵدەگەڕانەوەو یاخی دەبوون. هەندێ لەو کارخانانـەی لەسـەرانسـەری دنیـادا کـە لـەم جـۆرە کرێکارانـەیان بـەڕادان دابـوو، ناچـار گـۆڕی بوونیـان بـۆ سـەرباز، بـەڵام ئـەم سەربازانە لێکدا لێکدا شەڕو خوێنڕێژیان دەنایەوە.

هیلینا کاتێ کە بەم کێشەو گیروگرفتانـەی زانـی دەسـتەو دامێنی بەڕێوەبـەرانی کارخانەکـە بـوو کە بەر لە سەرهەڵدانی هەر جۆرە کێشەو گرفت و ئاریشەیەك کارخانەکە ڕابگرن، بەڵام وایان وەڵام دایەوە کە تفەنگ و ڕەشاشان حازرو ئامادەن و هەر شتێك ڕوو بدات هەموویان وەکو گەڵای خەزان

دەوەرێنە سەر عاردی. تەنیا مستەر ئالکویست لەم بارەیەوە هاو بیرو رەئی هیلینا بوو و پێی وابوو کە مالیجەی هەر بویەرو کێشەیەك دەبێ بەر لە روودانی بکرێ، یانی پێش باران کەپەنك.

لەم سەرو بەندە قەیراناویەدا هەواڵو دەمگۆیەکی دیکەش بڵاو بووەوە کە بووە مایەی سەرسامی لایەنگرانی کۆمەڵگەی مرۆڤانی، و هەواڵەکە ئەمە بوو کە گوایە بە گوێرەی راپۆرو پەیامی دکتۆر گال–ی دەروونناسی بەناوبانگ، کە لە مێژ بوو مژولی لێکۆڵینەوە بوو لەسەر ژیانو کاردانەوەو پەرچەکرداری ئەم رۆبۆتانە، رۆبۆتەکان هەندێ هەستی مرڤانیان لەلا دروست بوو بوو، بۆ نموونە هەندێجار هەستیان بە ئازار دەکرد، خورپەو لێدانی دڵیان لە هەنبەر کەیفو خۆشیان یان خەمو پەژاران دا کەمو زیادی دەکرد، سەبارەت بە هەندێ کەس یان هەندێ شت حەزو خۆشەویستیان دەنواند. یان هەستیان بە بێزاریو نەفرەت دەکردو بە کورتیەکەی هەندێ هەستی وەکو بنیادەمانی راستیان لا دروست بوو بوو. ئەمە نیشانەی مەترسییەکی مەزن بوو و شارەزایان دەیانگوت ئەگەر ئەم رۆبۆتانە ببن بە خاوەنی هەستێن میناکی هەستی بنیادەمانی راستی، دەبێ فاتیحای بنیادەمانی راستی بخوێنرێ، بەڵام سەرمایەدارانی بەشدار لەم کارخانەی رۆبۆتسازییەدا، هەرگیز گوێیان لەم شتانە نەبوو، هۆیەکەشی ئەمە بوو کە قازانجێکی زۆریان لە فرۆشی ئەم رۆبۆتانە دەکردو،و هەموو ئەو حکومەتانەش کە خولیای سەرەکیان شەڕو خوێنرێژیو دەستدرێژی بۆ سەر وڵاتانی دیکە بوو، زۆر بە گەرمی پێشوازیان لەم جۆرە سەربازانە دەکرد، کە بەبێ هیچ هەستو سۆزێك شەڕیان دەکرد.

بە هەرحاڵ هەوڵو کۆشش بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی ئەم رۆبۆتانە پێویست بوو، رۆبۆتسازەکان دەیانگوت لە نێودانی ئەم رۆبۆتانە هیچ زەحمەتێکی نیە، ئێمە ئاگامان لە رازی دروستکردنیان هەیەو بە هەمان شێوەش کۆدی لە ناو بردنیان دەزانین. جماعەتێك قەناعەتیان بەم قسەیە نەبوو و دەیانگوت زەمانێ دێ کە پێش ئەوەی رۆبۆتسازەکان فریا بکەونو بتوانن لە نێویان بەرن، لەوانەیە بە پێچەوانەوە ئەوان لەبەر زۆری ژمارەیان بەسەر خاوەنەکانیاندا سەر بکەون، لێرەدا هزرڤانان هەڵیاندایەو گوتیان وا باشترە کۆمەڵگە جیاوازەکان رۆبۆتانی جیاواز دروست بکەن، چونکە ئەم تاقمە رۆبۆتانە، هەر گروپێکیان لە رووی زمانو روخسارو دابو نەریتەوە لە گروپێکی دی جیاواز دەبێت،و لەم حاڵەدا خۆیان لە بەینی خۆیاندا دەکەونە گیانی یەکدی و بە خێرایی دوای یەکدی دەبڕنەوە. ئەم بیرۆکەیە بووە مایەی پەسندی ئەقڵمەندانو بەمجۆرە مەترسی یاخی بوونو راپەڕینی ئەم بنیادەمە میکانیکیانە بە شێوەیەکی کاتی ڕەوییەوە. بەڵام وێناو تەسەورەکەیان دروست نەبوو، رۆبۆتەکان لە هەر چوار نکالی جیهانەوە پەیوەندییان دەگەڵ یەکدیدا گرتو نامەیان بۆ یەکدی ناردو سەرەنجام پێکڤە رێك کەوتن کە تۆوی بەشەر لە رووی زەمین بڕنەوە. هەنجەتو بیانووەکەشیان ئەمە بوو کە ئەم بەشەرە، کە جیهان لەبەر ئاستانەی نەمانو فەنادا بوو، دەبێ تا زووە بیر لە رێگایەك بکاتەوە، بیرێکی بنەڕەتیو جددی و ئەم رێگایە دکتۆر گال بۆ خەڵکی دانا. رێگاکەش ئەمەیە کە بەپەلە بنیادەمانی تازە(رۆبۆت) دروست بکات، بەڵام ئەم رۆبۆتانە پێویستە روحیان هەبێ، هەستیان هەبێو هەست بە ئازارو

ڕەنج بکەن، کە کاتێ هەستیان بە بێنەوایی و داماوی بەشەری ڕاستەقینە کرد، بێگومان هەنگێ دژی ستەمکاران ڕادەپەڕن.

شەڕ دەستی پێکرد، لە گێمی یەکەمی جەنگدا ڕۆبۆتەکان پێشڕەویان کرد، بەڵام خەڵکی بەرە بەرە دیتیان کە گوشاری وان کەم بووەتەوەو تەنانەت هەندێك لەم ڕۆبۆتانە سەنگەریان لە خۆیان گرتووە، لێ مخابن کە ئەم هیواو ئومێدانە بێهودە بوون و ئەم ئاوات و ئارەزووانە کارێکی مەحاڵ بوو....

ئینسانەکان کۆمەڵ کۆمەڵ بە دەستی ڕۆبۆتەکان کوژران و لە خاك و خوێنی خۆیاندا گەوزێنران، هاوارو ناڵەو پاڕانەوەیان بە هیچ کوێ ڕانەگەیی، ژمارەی ڕۆبۆتان زۆر لە ژمارەی بەشەران پتر بوو، هیچ کارێك نەدەکرا، کوشت و کوشتار بە جۆرێ بەردەوام بوو تا سەرەنجام هیچ کەسێك لەسەر ڕووی زەوی نەما، هیچ کەسێك نەما تەنیا ئالکویست نەبێ.بۆچی ڕۆبۆتەکان ئەم تەنیا بەشەرەیان هێشتەوەو نەیان کوشت؟ لەبەر ئەمە بوو کە ئالکویست دەگەڵ واندا ژیا بوو، و میناکی ئەوان کاری دەکردو ڕەنجی دەداو زەحمەتی دەکێشا، دەستەکانی میناکی دەستی کرێکارانی ڕۆبۆتی هەمیشە لە جوڵەدا بوو، و بۆ تاقە ساتێك لە کار نەدەوەستا.

ئالکویست، بۆ چارەنووسی بەشەر دەگریا، بەڵام هیچ چارێکی نەبوو، و هیچ کارێکی پێنەدەکرا. تیرەی بەشەر قڕی تێکەوتبوو و هیچ ژن و پیاوێك نەما بوون، کە سەر لە نوێ منداڵ و زوڕیەت بخەنەوەو ئەم تیرەیە زندوو بکەنەوە. ڕۆژێك ئالکویست دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی بینی. لە نێو ئاپۆرای ڕۆبۆتەکاندا کیژێکی بینی ڕێك وەکو هیلینا بوو، لەنجەی دەکردو پێدەکەنی و بە نیگای خۆی دڵی دەبرد. ئالکویست کەوتە بیری هیلینای ڕاستەقینە کە چۆن بە نامرادی لە دنیا دەرچوو بوو، و ئەم هیلینایە یەکجار زۆر لەو دەچوو.

ئالکویست کاتێ کە بیستی ڕۆبۆتەکان پەیان بە نهێنی زادو وەلەد بردووە، هێندەی دیکە واقی وڕما، لەم لاشەوە بە چاوی خۆی دیتی هیلینا قۆڵی بە قۆڵی لاوێکی کرێکاردا، بە ناوی پرایموس، کردووەو دەگەڵیا سەرگەرمی ڕازو نیازی ئاشقێنییە، بە تاسەوە کەوتە پرس و جۆ دەربارەیان و کاتێ کە زانی ئەو جووتە زۆر ئاشقی یەکتر بوون و ئامادەن بۆ یەکتری بمرن، یەجگار شادو کەیف خۆش بوو. لەو کاتەدا بوو کە کابرای هزرڤان (ئالکویست؟) بزەیەکی کەوتە سەر لێوو گوتی: "شوکر بۆ خوا، ئەم ئەشق و ڤیانە نیشانەی سەرهەڵدانی دنیایەکە کە جارەکی دی بەشەران تیایدا پێکڤە دەژین و جارەکی دی ڕووی شادی و بەختەوەری دەبینین..."

**

ڕۆبۆتە جیهانییەکانی ڕۆسوم، دەشێت بە ڕۆبۆتە گشتییەکانی ڕۆسوم-ش پاچڤە بکرێ، تا ئاماژەیەك بێت بۆ ئەوەی کە کارل چاپك یەکەم کەس بووە کە وشەی ڕۆبۆتی بۆ بنیادەمانی میکانیکی بەکار بردووە. لەم بەرهەمەدا دژایەتی و ڕەخنە لە شارستانیەتی تەکنۆلۆژی دەگاتە لوتکە.

***سەرچاوە:***

***تصـويرى از ادبيـات كلاسـيك جهـان/١شـركت سـهامى كتابهـاى جـيبى / وابسـته بـه موسسـه انتشارات امير كبير/ اسفند ١٣٨٨***

## ٢- ئانتيگونا

**ســـۆفۆكليس** ( ٤٩٥- ٤٠٦ **پ.ز**)شـاعيرێكى تراجيـديانووس و سياسـەتوانێكى يونـانى بـووە، نزيكەى سەدو بيست دراماى نووسيوە. يەكەم كەس بوو كە لە جياتى تريلوژى كەوتە نووسينى تراجيـدياى سـەربەخۆو تـەواو. لـە بەرهەمـەكانى ويـدا، چارەنووسـى بەشـەران پـتر لـە دەسـتى خۆياندايە تا لە دەستى قەدەرا بێت.

*　　*　　*

كريـون: مـن لـە بـەردەمى ئێوەدا ئـەى ئەقڵمەنـدان و زانايـان، بـە نـاوى پاشـاى (تيبـە)وە فـەرمان دەدەم كە "ئەنتيگونا" ئەم كيژە سەركێش و ياخييە بۆ بيابان و سارايەك بەرن كە تـا ئێسـتا دوو پێى هيچ مرۆڤێكى پىَ نەگەيى بێت و لەوێندەر بيخەنە رەشچاڵێكەوە، بە زنجيرێك بيبەستنەوەو ئاوو خواردنى لەلاوە دابنەن تا لە تينواو لە برسان نەمرێت. دەخوازم لە جياتى پاڕانەوە لـە قاپى خواوەندانى ساغڵەمى و شادمانى، روو بكاتـە خواوەنـدى مـەرگ و هـەموو رۆژێك بـە چاوانى پـڕ روندكـەوە داواى لێبكـات و لێـى بپاڕێتـەوە تـا زووتـر لـەم دنيـاوە بـۆ ئـەو دنيـاى بباتـەوە.ئەمەيـە داوەرى من دەربارەى ئەم نازدارو جوانە گۆساخ و سەركێشە...

پيرى ئەقڵمەند: ***ئەى ئەشق... تۆ چ هێزێكى ئەفسوونكەرى...***

***تۆ لە هەموو شەڕێكا هەر سەركەوتوو بويى...***

***كەوانت لە هەر نێچيرێك كێشابىَ پێكاوتە...***

***زەمانىَ نيشانەت لە عارزى ناسك و تازە پشكوتوى كيژێك گرتەوە،***

***وميناكى راوچيەكى زەبر دەست***

***تيرى ژەهرپژێنى نا ئومێديت لە دڵى چەقاند...***

***لە دەرياياني بىَ سنورا، كە زەمينانى بىَ كۆتايى دا...***

***رووت كردبێتە هەر جێيەك... هەموو كەسێك مليان بۆ فەرمانى تۆ داوە...***

***لە خواوەندانى نەمرەوە تا دەگاتە ئادەميانى فانى...***

***هەموو بوون بە خوڵام و كۆيلەو بەندەى تۆ ئەى ئەشق...***

***چ قودرەت و توانايەكى سيحراوى لە تۆدا پەنهانە...***

سوفوكليس، درامانووسى ناودارى دنياى كۆن كە شارەزايان لە دواى شەكسپير، بە گـەورەترين شاعيرى نمايشنامەنووسى دنياى دەزانن، لـە تراجيديا جاويدانەكەى خۆيـدا، لـە (ئانتيگونـا)دا دەگاتـە ئـەو قەناعـەت و ئەنجامگيرييـەى كـە بەختـەوەرى يـان نەگبـەتى بەشـەر تـا رادەيـەكى زۆر زادەى ئەشقە.

سوفوكليس لەم بەرهەمەدا كە لە ساڵی ٤٢٠پ.ز دایناوە، یانی لەو كاتەدا كە لە تەمەنی هەفتاو پێنج ساڵیدا بووە، هەموو زانستو ئەزموونێكی خۆی لە ئەفراندنی ئەو بەرهەمەدا بەكار بردووە. بۆیە رەخنەگرانی ئەدەبی كلاسیكی یۆنان، ئانتیگونا بێ چەندو چوون بە شاكاری سوفوكليس دەژمێرن.

سوفوكليس كێ بوو و ئانتیگونا چۆن هاتە ئاراوە؟

سوفوكليس، بێگومان یەكێكە لە بەختەوەرترین پیاوانی دنیای كۆن. لە ساڵی ٤٩٦ پ.ز. لە كولونوس-ی وڵاتی یۆنانی كۆن هاتە دنیاوە، نزیكەی نەوەد ساڵ لە شۆرەتو خۆشەویستیو شادمانیدا ژیاوەو كاتێ كە دنیای فانی بە جێهێشتووە، رەنگە نەیزانی بێت كە لە دوای مردنیش هەر بە خۆشەویستیو نێوداری هەمیشەیی دەمێنێ.

سوفوكليس هەر لە منداڵیەوە، نازدار بوو. لە ماڵباتێكی دەوڵەمەند بوو، لەبەر هەتاوی پرشنگداری ئاتین، لە كۆشكێكی بەرزا گەورە بوو، باشترین مامۆستایانو سەرپەرشتكارانی رۆژ زانستی ژیانیان فێر كردووە. لە بیست ساڵیدا بە هۆی بە ژنو باڵای بەرزو سیمای قۆزو جوانیەوە، بوو بە مایەی سەرنجو رەمزی قۆزیەتی لەلای پیاوێكی یۆنانی، ئەوە بوو كرا بە مۆدیلو چەندین پەیكەری مەرمەڕینیان لەبەر دروستكرد. هەر زوو وەكو سوارچاكو شەڕڤانێكی یۆنانی جلكی حەربی لەبەر كرد، دوای ماوەیەك دەستی بە سیاسەت كرد، بەڵام سەرەنجام روویكردە هونەر.

لەو رۆژگارەدا كە سوفوكليس، قۆزترین پیاوی ئاتین، لێبڕا دەستبەرداری سوپاسالاریو سوارچاكی ببێو روو بكاتە دنیای هونەر، لە كۆڕو ئەنجوومەنە هونەر دۆستەكانی یۆناندا ناوێك لەسەر زاران بوو: ناوی ئەسخیلوس، ئەو تراجیدیانووسەی كە بە بەرهەمە خەمناكەكانی خۆی دڵی خەڵكی كۆنترۆڵ كردبوو. سوفوكليس لێبڕا كە بچێتە ریزی ئەوەوە، یەكەمین بەرهەمی وی لە ژێر سەرناڤی (تریپتولموس) بوو كە ئەویش تراجیدیایەكی خەمناك بوو، و بە داوەری گەورەترین هونەرناسانی وەخت، خەڵاتی یەكەمی وەرگرتو ئەسخیلوس لە هەنبەر ئەودا شكستی هێنا. یەكێك لە فاكتەرە گرینگەكانی سەركەوتنی سوفوكليس ئەوە بوو كە بەرهەمەكەی خۆی بە شێوەیەكی تازە رێك خستبوو و هۆندبووەوە: ئەسخیلوس هەمیشە دوو ئەكتەری دێنایە سەر شانۆ، بەڵام سوفوكليس ژمارەی ئەكتەرانی زیاد كرد بۆ سێ دانە، و جگە لەوەی كە شەقڵو مۆركێكی دراماتیكی-شی بە قسەی ئەكتەرەكان دا. رەوانیو سواری شیعرەكانی گەییە ئاستێك كە لەو بارەیەوە گوتراوە شاعیرانو درامانووسانی رۆژاوا تا ئەمڕۆكەش نەگەییوونەتە ئاستی بەرزی ئەو.

لە بەرهەمەكانی سوفوكليس دا نیشانەێن نا پایەداری دنیاو بێ وەفایی ژیان، یەجگار زۆر دەبینرێن. نووسینەكانی لە هەندێ رووەوە، رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی هزرو بیری فەیلەسوفێكی رەشبین لە خۆ دەگرن. پرۆفیسۆر (موری)ی زاناو هزرڤانی ئەدەبناسی ئینگلیزی كە وەكو مامۆستایەك لە هەموو كەس پتر بەرهەمەكانی سوفوكليسی خستووەتە بەر وردەبینی لێكۆڵینەوەوە، باوەڕی وایە كە هزرینو بیركردنەوەی سوفوكليس هەندێجار رەنگو شەقڵی

هزرێن بودا له خۆ دەگرن یان له عیرفانی رۆژهەڵاتی نزیك دەبنەوە. سوفوكلیس له شوێنێكدا، له زمانی پیری ئەقڵمەندەوە دەڵێت:

***"ژیانی بنیادەم لە سەرەتای بوونەوە تا کۆتایی بوون پولێکی قەڵب ناهێنێ. کێ هەیە لەم دنیایەدا ئەگەر بە دروستی تەمەشا بکات، هەموو بەختەوەرییەکی خۆی تەنیا بە خەون و خەیاڵێك نەزانێ. ئەوە ئودیپۆس، نموونەیەکە لە ناپایەداری و بێ ئیحتوباری جیهان، نموونەیەکە لە پوچی شادکامی و کامڕەوایی رۆڵەێن تیرەی بەشەر..."***.

به گوتەی پرۆفیسور موری، سوفوكلیس بەختەوەری خۆی به زادەی قەدەر دەزانێ، نەك به ئەنجامی فاكتەرێكی دی، بۆیه باوەڕێكی فرەی به چارەنووس هەیه. له شانۆنامەی ئودیپوسدا، له زمانی قارەمانی شانۆنامەكەوە، رووی دەم دەكاتەوە خەڵكی شاری تیبس (تیبه)و دەڵێت:

***"تەمەشا بکەن ئەی فەرزەندانی تیبە... بڕوانن... ئەمە ئودیپوسە کە رۆژێ لە رۆژان لە هەموو ئاکنجیانی ئەم شارە باڵاتر بوو... کەسێك بوو کە کلیلی رازە پەنهانیەکانی ئەنگۆی لە دەست دابوو... ئێستا تەمەشای بکەن... بڕوانن دەستی قەدەر چی بەسەر هێناوە... عیبرەت و پەند لە کۆتایی ژیانی پڕ ئازاری ئەو وەربگرن و دڵنیابن کە رۆڵەی بەشەر دەبێ هەمیشە بیر لە کۆتایی کاری خۆی بکاتەوەو بنیادەم تا بە ئاسوودەیی لە ئارامگەی ئەبەدی خۆیدا ئارام نەگرێت و جێگیر نەبێ ناتوانێ لە مانای بەختەوەری بگات..."***

سوفوكلیس له ماوەی ژیانی تا رادەیەك درێژی خۆیدا له هیچ شتێكی ئەم دنیایەی كەم نەبووە، له هەموو ئەمەش گرینگتر ئەوە بووە خەڵكی یۆنان له ژن و پیاو هەموو دەیانپەرست و به نموونەی مرۆڤی كارامەو پوختەیان دەزانی، بۆیه سەیره چۆن پیاوێك كه خۆی هەمیشه له ئاسوودەیی و بەختەوەریدا ژیا بێ و بەو جۆره باسی رۆژ رەشی رۆڵەكانی تیرەی بەشەر بكات.

توێژەران و لێكۆڵەران دەربارەی سوفوكلیس نووسیویانه كه پتر له سەدو بیست شانۆنامەی نووسیوە، كه بیست دانەیان خەڵاتی گەورەی ئەدەبی وەخت و رۆژیان وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی سەیره لەم سەدو بیست شانۆنامەیه تەنیا حەوت دانەیان گەییووەته دەستی نەسلەكانی ئەمڕۆی تیرەی بەشەر، و ئەم حەوت شانۆنامەیه بریتین له: "ئەلیكترا، ئەجاكس، ئانتیگونا، ئودیپوس شا، ئودیپوس له كولونوس، فیلوكتانس، و ژنانی تەراخیس.)

و ئەنتیگونا، شاكاری ئەم درامانووسه گەورەیەی دنیای كۆنه. جا ئێستا با بزانین ئانتیگونا، ئەم بەرهەمه نەمرەی دنیای ئەدەب و ئەم شانۆنامه بژاردەو نەمرەی یونانی كۆن چۆن دانراوەو هۆنراوەتەوە:

وڵاتی تبس (تیبه)، ویلایەتێك بوو له قەڵەمڕەوی ئاتین، ماوەیەكه له تەناهی و ئاسوودەیی و ئارامی دا دەژی.لاوێك به نێوی (ئوتیوكلیس) فەرمانڕەوایی ئەم دەڤەره دەكات، ئەمه كوڕی ئودیپوس شایه كه به ناكامی له دنیا دەرچووه. له كاتی سەرەمەرگی ئەودا، لەسەر جێنشینیەكەی كێشەو قەرقەشه دەكەوێته نێوان ئوتیوكلیس و پولی نیسسی كوڕی. ئوتیوكلیس ئەم شەڕه دەباتەوەو دەبێ به فەرمانڕەوای تبس، لێ براكەی دەستبەردار نابێ، له هەرێمی ئارگوسدا سوپاو لەشكرێك خڕ دەكاتەوەو جارێكی دی هێرش دەباته سەر تبس (تیبه)،

شەڕێکی خوێناوی لە نێوان جووتە برادا هەڵدەگیرسێت. پاسەوانانی شار، پشتیوانی لە ئوتیوکلیس دەکەن، دلێرانە لە هەنبەر پولی نیسس، برای هێرشبەر دەوەستن و بەرخودان دەکەن، بەڵام بەرە بەرە هێزو توانایان لە کزی دەدات تا وای لێدێت کە برای هێرشبەر، خۆی دەگەیەنێتە دەروازەکانی شار. لێرەدا بویەرێکی ناخۆش و چاوەڕوان نەکراو روو دەدات، ئەویش ئەمەیە کە لەپڕ لە دیمەنێکی شەڕدا، جووتە برا رووبەڕووی یەك دەبنەوە.

شەڕی تەن بە تەن لە نێوان جووتە برادا دەست پێدەکات و هەموو شەڕڤانەکانی دی دەست لە شەر هەڵدەگرن و تەمەشای ئەو دیمەنە دڵتەزێن و ترسناکە دەکەن. کۆتایی شەڕەکەی نێوان ئوتیوکلیس و پولینیسس زۆر خەمناکە، ئەویش ئەمەیە کە هەردوو برا بە دەستی یەکتر خڵتانی خاك و خوێن دەبن و دوای سەعاتێك هەردووکیان بە نامرادی و ناکامی لە دنیا دەردەچن.

هێزو لەشکری پەلاماردەر، دەگەڵ مردنی فەرماندەکەیاندا دەگەڕێنەوەو خەڵکی (تبس)ش کە فەرمانڕەوا ئازیزو خۆشەویستەکەی خۆیان لە دەست دا بوو، کریون کە یەکێك بوو لە خزمانی ئودیپوس شا، بە پاشاو فەرمانڕەوای ئەو سەرزەمینە هەڵدەبژێرن.

لەم بەینەدا کریون فەرمانێ دەردەکات کە خەڵکی شار، بەوپەڕی رێزو حورمەتەوە، جەنازەکەی ئوتیوکلیس بە خاك بسپێرن، لێ جەنازەکەی پولی نیسس کە لەشکرکێشی بۆ سەر ئەم وڵاتە کردووە، بۆ عیبرەتی خەڵکانی دی لە بیابانێك دا فڕێ بدەن تا ببێ بە خۆراك و تێشووی دڕندان و فڕاندن. ئەم فرمانە هەرچەندە بەڕواڵەت مەنتیقی و لۆژیکی دەهاتە بەرچاو بەڵام دوو کەسی یەجگار خەمناك و پرسەدار کرد، و ئەو دووە ئانتیگۆناو ئیسمەن–ی کیژانی ئودیپوس شاو خوشکانی پولینیسس بوون. کە ئەو رۆژ رەشی و شەرمەزارییەیان بۆ برا نامرادو خێر لە خۆ نەدیوەکەیان پێ قەبوڵ نەدەکرا:

ئانتیگونا: ***ئیسمەن خوشکی ئازیزم. من لە تۆ دەپرسم، ئایا ئەم هەموو داخ و مەینەتیەی کە بەسەر ئودیپوس شای بابماندا هات بەس نەبوو، تا ئەمڕۆکەش رووبەڕووی ئەم بەدبەختیە ببینەوە؟ ئایا ئاگات لە فەرمانی پاشا هەیەو دەزانی قەرارە چتۆ رەفتار دەگەڵ جەنازەی برایەکەماندا بکەن؟***

ئیسمەن: ***نا، ئاگام لە هیچ شتێك نیە ئانتیگونا. کارەساتی مەرگی جووتە برایەکەم کەڕو کوێری کردووم.***

ئانتیگونا: ***کەواتە گوێ لەم چیرۆکە خەمناکە بگرە. کریون فەرمانی داوە یەکێك لە برا ئازیزەکانمان بەرێزو حورمەتەوە بە خاك بسپێرن و ئەویتریان بەبێ حورمەتی و زەلیلی و زەبوونی فڕێ بدەنە بەر دڕندان و فڕندان.***

ئیسمەن: ***ئانتیگونا، ئەمە ئەوپەری نامەردی و نا پیاوییە، ئێمە نابێ بیەڵین بەمجۆرە رەفتار دەگەڵ جەنازەی برا رۆژ رەشەکەمان بکرێ.***

ئانتیگونا: ***ئاخر ئەو فەرمانی داوە هەر کەسێك سەرپێچی لە دەستووری ئەو بکات، بە توندترین سزا بگەیەنرێ.***

ئیسمەن: ***ئەوان هەردووکیان برای ئێمە بوون، برای ئازیزو خۆشەویستی ئێمە... لەم حاڵەدا ئێمە لە سەرمانە کە جەنازەی برایەکەمان لە عاردی هەڵگرین و لەم ریسوایی و نەنگییەی کە چاوەڕوانیەتی رزگاری بکەین...***

ئیسمەن: ***ئانتیگونا، باشە ئێمە چۆن رووبەڕووی پشم و غەزەبی کریون ببینەوە؟***

ئانتیگونا: ***هەقی ئەوەی نیە نەیەڵێت ئەرکی خۆمان لە هەنبەر ئازیزانماندا جێبەجێ بکەین.***

ئیسمەن: ***خوشکی ئازیزم. ئایا لە بیرت چووەتەوە کە بابمان چۆن سزای گوناهانی نەکردووی خۆی دا؟***

ئانتیگونا: ***زۆر چاکە خوشکێ، تۆ لە ترسی گیانی خۆت سەری خۆت کز بگرەو بڕۆ... من بە تەنیا ئەم کارە دەکەم.***

ئیسمەن: ***ئانتیگونا، من خەمی تۆمە، خەمی گیانی تۆمە...***

ئانتیگونا: ***تۆ لە خەمی گیانی خۆتدا بە. ئەگەر حەزیش دەکەی دەتوانی رازەکەی من لەنك دژمنان ئاشکرا بکەیت...***

ئیسمەن: ***من دوعای سەرکەوتنت بۆ دەکەم... تاقە تکام لە تۆ ئەمەیە کە هەوڵبدە گیانی خۆت لەم پێناوەدا نەخەیتە تالوکەوە. تۆ هێشتا گەنج و خشکۆکی، مردنی ئەم هەموو ئازیزانە بۆ من بەسە. ئیدی نامەوێ هیچ نسیبەتێکی دی بدینم...***

ئانتیگونا، خوشکی کۆستکەوتە، بەرەو جێبەجێکردنی نەخشەکەی دەڕوات. سپێدە تازە بەیانی داوەو پاسەوانان لەسەر گردێك کە دەڕوانێتە سەر دەریا، مژولی ئێشك گرتنن تا نەبادا کەسێك لە جەنازەکەی پولی نیسس نزیك ببێتەوە. ئانتیگونا، بێباك لە هەموو شتێك، تاقە ئاوات و ئارەزووی ئەمەیە کە تۆزێك خاك و خۆڵ بەسەر جەنازەی برایەکەیدا بکات و ئەم نەنگ و زەبوونی و زەلیلییە بشارێتەوە.

پاسەوانەکان دەیگرن و بەرەو کۆشك پەلکێشی دەکەن. هەموو بینەرانی ئەم دیمەنە دەکەونە حیرەت و گومانەوە. ئەو کیژەی کە فەرمانی پاشای لە عاردی دابوو جگە لە ئانتیگونا کەسی تر نەبوو کە بۆ خۆی رۆژێ لە رۆژان شازادەیەکی ئازیزو خۆشەویست بوو. لەبەر چاوانی حایری دەرباریاندا رووبەڕووی کریۆن دەبێتەوە.

کریون: ***سەر هەڵبڕە ئانتیگونا،و دان بە کردەوەکەی خۆتا بنە!***

ئانتیگونا: ***من لە کەس ناترسم، باکم بە توڕەیی هیچ کەسێك نیەو دان بەوەدا دەنەم کە...***

کریون: ***تۆ ئاگات لە فەرمانەکەی من هەبوو؟***

ئانتیگونا: ***بەڵێ، ئاگادار بووم...***

کریون: ***ئەدی چۆن زاتت کرد فەرمانی من لە عاردی بدەی؟***

ئانتیگونا: ***ئەم فەرمانە لە ئاسمانێ را نەهاتبوو. تۆش وەکو من ئینسانێکی، بۆیە ئەم فرمانە لەنك من هیچ بایەخێکی نیە، ئەم زەبوونی و زەلیلی و سەرشۆڕییەی کە تۆ بۆ برا نامرادو ناکامەکەی منت داناوە، شایستەی ئەو نەبوو. من نەمدەتوانی هێدی و هێمن لە سووچێکا دانیشم و تەمەشا بکەم کە بەمجۆرە رەفتار دەگەڵ جەنازەی براکەمدا بکەن.***

پیری ئەقڵمەند: ***ئانتیگونا، من رۆژگارێك خزمەتگوزاری بابی تۆ بووم. من ناخوازم كە تۆ بەم شێوەیە قسان دەگەڵ خودان و گەورەی ئێمە دا بكەیت...***

ئانتیگونا: ***من دەزانم چ مەرگێك چاوەڕوانمە، بەڵام ئەم مەرگەم پێ خۆشترە، لە ژیانی پڕ ئازارو سەر شۆڕی...***

كریون: ***ئانتیگونا وا مەزانە كە من لە گوناهی تۆ خۆش دەبم، فرمانی من بێ چەندو چوونە.***

ئانتیگونا: ***پێم گوتیت من هیچ ترسێكم لە مەرگ نیە، ئایینی من فیداكاری، مەحەبەت و دۆستایەتیە... ئەشقە... ئەشقی براكەم... تێدەگەی؟ ئایا رەوای هەقە كە من زندووو بم، لە ژیانا بم و بە چاوی خۆم ببینم كە براكەم ببێ بە تێشوو و خۆراكی دڕندان و فڕندان؟.***

كریون: ***بەڵام برایەكەی دیكەت بەڕێزو حورمەتەوە بە خاك سپێردرا چونكە پێشمەرگەی وڵاتەكەی بوو.***

ئانتیگونا: ***ئینسان كە مرد شەیتان دەستی لێ دەشوات، برایەكەم لەم شەڕەدا گیانی سپاردووە، تاوان و گوناحی هەرچیەك بووە دەبێ ببەخشرێ.***

كریون: ***دژمن، بە مردوویەتیش هەر دژمنە...***

ئانتیگونا: ***ئەو بۆ من دژمن نەبوو. برای من بوو...***

كریون: ***زۆر باشە ئەی كیژی گۆساخ فەرموو بڕۆ مردوان مەحەبەت باران بكەو ببە هاودەمی وان...***

بە فەرمانی پاشا، ئانتیگونا لە رەشچاڵێك دەپەستن. هیمون، كوڕی پاشا كە ئاشق و شەیدای ئانتیگونایە لەم نهێنییە ئاگادار دەبێتەوە، وتكا و شەفاعەتی ئەو لەلای بابی هیچ ئەنجامێكی نابێ، چونكە كیژێ ملی بۆ فەرمانی ئەو نەداوە. كریون بە رادەیەك توڕەیە كە هیچ كەسێك زاتی ئەوە ناكات قسەی دەگەڵ بكات. تەنانەت پیرانی دەرباریش نەیانتوانیوە گڕ وكڵپەی نەفرەتی ئەو دابمركێننەوە.

پیری ئەقڵمەند: ***ئەی پایەبەرز، ئەی خودانی من، ئەی كریون، ئەوەی من دەیبینم لەسەرانسەری شارا هاوارو بانگی شەفەقەت و بەزەیی هاتنەوە بەم كیژە رەنج بێوەرەدا بەرز بووەتەوە. خەڵكی دەخوازن كە تۆ بیبەخشیت...***

لێ كریون لە كەری شەیتان نایەتە خوارێ. تەنانەت پاڕانەوەو تكای كوڕەكەشی كە پەیتا پەیتا دەستەو دامێنی بابی دەكەوێ- و دەڵێت: ***"باوكە، كەمێك سەبر بكە! توڕەیی خۆت بخۆرەوە! تەنانەت درەختانی ئەستوریش هەندێجار لە بەردەم بادا دەچەمنەوە، راستە كە فرمانی تۆ دەبێ بێ چەندو چوون ئەنجام بدرێ. بەڵام ئەوە وەبیر بێنەوە كە ئانتیگونا خوشكی ئەو پیاوە بوو..."*** –هیچكەسێك دڵی رەقی كریونی پێ نەرم ناكرێت. سەر سەختی ئەو دەگاتە رادەیەك كە لە پڕ كوڕەكەی توڕە دەبێت و جنێو بە بابی دەدات و بە بەرچاوی حایری هەمووانەوە ملی رێگای خۆی دەگرێت و دەڕوات.

کریـون: ***واز بێـنن با بڕوات... ڕاستە کە کوڕی منـە، بەڵام ئەسیرو بەنـدی جوانی شـەیتانانەی ئانتیگونا بووە. لێـی گـەڕێن با بڕوات تـاوەکو بۆ هـەتا هەتایە لـە گڕو بڵێسـەی قارو نـەفرەت‌و پەشیمانی خۆیدا بسووتێت.***

پیری ئەقڵمەند: ***ئەی خودانی من! تۆ بەم فرمانە کوڕەکەی خۆیشت بەرەو گۆڕ برد...***

کریون: ***لەگەڵ ئەمەشا من ناتوانم لە فرمانی خۆم ژێوان ببمەوە....***

پیری ئەقڵمەند: ***ئەی گەورەی من! بۆ سزای ئەو ژنە کە ئەم نسیبەتەی بەسەرت هێنا بیرت لە چی کردووتەوە؟***

کریون: ***مـن نـاتوانم چاوپۆشـی لـە سـزادانی کەسێکی خـەتاکار بکـەم. من لەبەردەم ئێـوەدا ئـەی ئەقڵمەندان‌و زانایان، بە ناوی پاشای تبسەوە فرمان دەدەم کە ئانتیگونا، ئـەم کیـژە سـەرکێش‌و گەردنکەشـە بۆ سـاراو بیابانێـك بـەرن کـە تـا ئێسـتا هـیچ بـەنی بەشـەرێك ڕێـی تـێ نەکـەوتبێ‌و لەوێندەر، بیخەنە ڕەشچاڵێکی ترسناکەوەو بە زنجیر بیبەستنەوەو خۆراك‌و ئاوی لـەلاوە دابنـەن تـا لـە برسـاناو لـە تینویەتیـدا نـەمرێت. دەمـەوێ لـەجیاتی پاڕانـەوە لەبـەر قـاپی خواوەنـدانی تەندروستی و شادمانی، ڕوو بکاتە خواوەندی مەرگ‌و هەموو ڕۆژێك بەچاوانی تـەڕی ڕوندکـەوە لێی بپاڕێتەوە تا زووتر لەم دنیاوە بۆ ئەو دنیای بەرێت...***

***و ئەمە داوەری منە دەربارەی ئەم نازدارە گۆساخ‌و سەرکێشە...***

*         *         *

بەڵام زۆری پێناچێت کە بڕیارەکەی پاشا دەگۆڕێت: "تیرسیاس" ڕەبەن‌و قەشەی گەورەی شار، لە زمانی خودایانەوە پاشا ئاگادار دەکاتەوە کە دیاردەکان نیشانەی سەر هەڵدانی نسیبەتێکیان پێوە دیارە. خواوەندان لەسەر ئەم فرمانـە لێـی تـوڕەن‌و قـازانجی ئـەو لەمەدایە کە لـە تـاوانی ئـەم کیژە بێ گوناحە ببورێ‌و بە خۆی بە پەلە بۆ گردەکە بڕوات‌و جەنازەکەی پـولی نیسـس بـە خـاك بسپێرێ.

قسەی قەشەکەو پیرانی ئەقڵمەند کـاری تێدەکـەن‌و کریـون دوای سـەعاتێك هـەردوو فەرمانەکـەی خـۆی هەڵدەوەشـێنێتەوە. بـەڵام ئـەم بڕیـارە زۆر درەنـگ دەدرێـت‌و لێـرەدا لوتکـەی تراجیـدیا نەمرەکەی سوفوکلیس دەست پێدەکات.

کریون بـەرەو ئـەو ڕەشچـاڵە ترسناکە دەڕوات کـە کیـژەی کلۆڵیـان تیا بەنـدو زنجیر کـردووە، تـا ئازادی بکات. لە قوڵایی ڕەشچاڵەکەوە دەنگی ناڵـە ناڵێك دەژنـەوێ‌و کـە گـوێ هەڵدەخات دەنگی کوڕەکەی خۆی دەناسێتەوە. ئەم ناڵە ناڵ‌و گریەو زارییە هی هیمون-ی کوڕی ئەوە.

بەهەشتاو خۆی بە نێو چاڵەکەدا دەکات‌و لەوێدا دیمەنێك دەبینێ کە لـە ترسا ئـازای دەکـەوێتـە لـەرزین. هیمـون، بـە دەسـتی خـۆی ئانتیگونـای دڵـداری خۆشەویسـتی کوشـتبوو تـا لـەوەی پـتر ئازاری زیندان نەبینێ، و ئەوسا بە دیار جەنازەکەیـەوە فرمێسـکی دەبارانـدو دەیناڵانـد. کـوڕە کـە بابی بینی، بۆ ساتێکیش سەبری نەکرد. خەنجەرێکی بە دەستەوە بوو کردی بە سینگی خۆیـداو لە هەمان جێ، لە پاڵ دڵدارەکەیدا خڵتانی خاك‌و خوێن بوو... و بەمجۆرە تراجیـدیای ئـەنتیگونا،

شاكاری سوفوكليس كۆتایی دێت، ئەو بەرهەمە خەمناكەی كە چەندین سەدەیە هونەردۆستانی گریاندووە.

سوفوكليس چ مەبەستو ئامانجێكی لە نووسینی ئانتیگونادا هەبووە؟

لەم تراجیدیا خەمناكەدا، لە پێشا پایەو رۆڵی ئانتیگونا دەدەینە بەر زەینو پاشان دەچینە سۆراخی ئەنجامی پرسیارەكەی خۆمان. ئانتیگونا كیژی ئودیپوس شایەو دایكی (جۆكاستا)ی شابانۆی تبسە. لەلایەك خوشكی ئوتیوكلیسو پولی نیسسە، یانی خوشكی ئەو جووتە برایەی كە لەسەر تەختو تاجی پاشایەتی خوێنی یەكتریان رشتو یەكیان كوشت. لە لایەكی ترەوە برازای كریونە، ئەو پاشایەی كە لە جیاتی ئوتیوكلیس-یان هەڵبژاردووەو لەم رووەوە بەمامی ئانتیگونا دەژمێردرێت. دەبێ ئەوەش بگوترێ كە كریون ئاگای لە دڵداری نێوان كوڕەكەیو ئانتیگونا هەبوو، و ئەو دووەی لە راستیدا بە دەزگیرانی یەكتر دەزانی، واتە لەم حاڵەدا ئانتیگونا لە پایەیەكدایە كە لە سەرانسەری قەڵەمڕەوی تبس دا كەس لەو ئازیزترو خۆشەویست ترو نزیكتر نیە بۆ پاشا. كەچی وێڕای ئەمەش كریون، لەسەر سەرپێچییەكی چكۆلەی ئانتیگونا، سەرپێچییەك كە زادەی سۆزی خوشكایەتی ئەو بوو، بە توندترین سزا حوكمی دەدات. بۆچی؟

لێرەدا هزرڤانی مەزنی یونانی، سوفوكليس، وێنەیەكی روونی خۆپەرستیو خۆسەریو ستەمكاریو گەوجێتی مرۆڤان دەگرێت:

كریون خۆیو هەموو خەڵكی شاری تبس گیرۆدەی پرسەو تازیەبارییەكی لە چارە نەهاتوو دەكات، تەنیا لەبەر ئەمەی كە فرمانێكی گەوجانەی دەركردووەو بە تەمایە هەمووان كوێرانە ملكەچو گوێڕایەڵی دەستوورەكەی ئەوبن. تەنانەت لەو كاتەشدا كە پیرانی ئەقڵمەندو یارانی چاكەخواز بە گوێی دا دەدەن كە بەو فەرمانە دوور لە ئینسافو ئینسانیەتەی خۆیدا بچێتەوە، هێشتا فەرمانڕەوای خۆسەرو ملهوڕ، لە بڕیارەكەی خۆی ژێوان نابێتەوە، و سەرەنجام ئەو سزایەی كە نابێ بیبینێ، دەبینێ.

لێرەدا ئەوەمان بۆ بەدیار دەكەوێت كە سوفوكليس، لەو سەردەمەدا كە ستەمكارانی مەغروورو خۆپەرست، ئەسپی تۆسنی غروورو خۆپەرستیو بوغرایی تاو دەدەن، دەرسێكی پڕ پەندو عیبرەتی ئەم تاقمە خەڵكە دادەدات.

ئانتیگونا، تا بەر لەوەی سوفوكليس، وەكو شا قارەمانی تراجیدیاكەی خۆی هەڵی بژێرێت، هەرچەندە لە بیرەوەری خەڵكیدا هەبووە، بەڵام قارەمانێك نەبوو، بەڵام پاش نمایشی ئەم تراجیدیایە، ئیدی بوو بە قارەمانێكی گەورە، قارەمانێك كە بە نەمری چووە دنیای ئەدەبو هونەری جیهانەوەو گەلێك لە داهێنەرانو ئافەرێنەرانی هونەرو جوانی، ئەویان لە بەرهەمەكانی خۆدا بەرجەستە كردووە.

***

ئانتیگونا لە ئەفسانانی یۆنانیدا كیژی ئودیبی پاشای بە نێوبانگ بوو. چونكە بە پێچەوانەی فرمانی كریون، پاشای تبسو مامی خۆیەوە، رێوڕەسمی بە خاك سپاردنی پولی نیسس-ی برای ئەنجام دا، كریون زندە بە چاڵی كرد.

***سەرچاوە:***

***تصويرى از ادبيات كلاسيك جهان/٢شركت سهامى كتابهاى جيبى وابسته به موسسەى انتشارات امير كبير/اسفند ١٣٨٨***

## ٣- داستانی ئیلیادە

## هۆمەر، سەدەی ١٠-٨ پ. ز

لە روانگەی رۆژئاواییانەوە گەورەترین هۆنەری داستانە لە مێژوودا، مشتو مڕو چەندو چوونو جیاوازی دید و بۆچوون لەمەڕ بوونی کەسێك بە نێوی هۆمەرو بەرهەمەکانی هۆمەر زۆرە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی باوەڕی رەخنەگران ئەمەیە کە نابێ هیچ گومانێك لەوە هەبێت کە هەردوو داستانی ئیلیادەو ئودیسە لەلایەن شاعیرێکی راستەقینەوە بە نێوی هومیرۆس (هۆمەر) هۆنراوەتەوە.

* * *

ئیلیادە، گەورەترین، مەزنترین، و کۆنترین بەرهەمی داستانیو قارەمانیەتی هەموو زمانانی ئەوروپاییە. داستانو بەیتێکی شەش سیلابییە (بڕگەیی) بە شێوازەری (یونی) کە یەکێکە لە سێ دیالێکتەکەی زمانی یۆنانی، تەمەنی نزیکەی سێ هەزار ساڵە کە هێشتا، سەرباری ئەوەی نزیکەی سی سەدەی بەسەرا بوریوە، بەرهەمێکی هاوتای ئەو بەرهەمە دانەهێنراوە. داستانێکی شیعریە کە سەربورو بەسەرهاتو واریقاتی دەیەمینو دواترین ساڵی ئابلوقەو گەمارۆی شاری کەونارای (تەروادە)و کەوتنو وێران بوونی قەڵای لەگرتن نەهاتوو و شکانو لەناو چوونی میللەتێکی دلێرو خەباتکار بە جوانترینو پڕ جۆشترین شێوە دەردەبڕیو نیشان دەدات. لە هەمان کاتدا شەرحو شرۆڤەیەکە دەربارەی هەڤدژیو ناکۆکی خواوەندان لەسەر پاراستن یان لەناو بردنی قەومو میللەتێك کە جەنگاوەرانی ئەو میللەتە مایەی خۆشەویستی یان غەزەب و نەفرەتی خوداوەندان بوون. بە کورتیەکەیو بەگوێرەی بۆچوونی رەخنەگرانی ئەدەبی جیهان، ئەم داستانە شیعرییە لە نێو بەرهەمێن داستانی تیرەی بەشەردا، بە بالاترینو باشترین بەرهەمی هزری چەرخو رۆژگاران دانراوە.

ئەم شاکارە داستانییە نێوی ئیلیادەیە، بە زمانی یونانیان (ئیلیاس)ەو هۆنەرەکەی شاعیرێکی پایە بەرزە بە نێوی هۆمەر کە بە زوبانی یۆنانی (هومیروس)ی پێ دەڵێن. ئیلیادەی هۆمیرۆس کۆنترین بەڵگەنامەی زندووی رۆشنبیرییو هزری تیرەی بەشەرەو ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە مرۆڤ، تەنانەت سێ هەزار ساڵ لەمەو پێش، تواناو بەهرەی ئەفراندنی بەرهەمێکی هەبووە کە دواتر، وێڕای پەرەسەندنو گەشەکردنی زانستو هزرو زەوقو بەهرەش، شاعیرانو هۆزانڤانو هزرڤانان نەیان توانیوە بەرهەمێکی هاوتای ئەو بخوڵقێنن.

رەنگە چاوخشانێك بەم بەرهەمە مەزنەداو هەڵوەستەیەك لەسەر ژیانی ئەم شاعیرە پاپەبەرزە، ئەو راستیەمان پتر بۆ بەرجەستە بکاتو بخاتە بەرچاو.

هۆمەر کێیەو ژیانی چۆن بووە؟ هیچ کەسێك ئەمە بە تەواوەتی نازانێ. هەموو دنیا بە شاعیرێکی دەزانن کە دوو شاکاری داستانی بە ناوی ئیلیادەو ئۆدیسە داهێناوەو ئەم جووتە بەرهەمە ئەوە نیشاندەدەن کە شاعیرێکی بە تواناو پیشەیی بووە، ئەو گێرانەوانەی کە لە سەردەمی ژیانی ئەوەوە ماونەتەوە، هەر هەموویان رەنگو رووی ئەفسانەو خەیاڵیان هەیەو لە روانگەو دیدی بابایەکی مێژوونووس یان بیوگرافی نووسەوە هیچ بایەخێکیان نیە. ناوی ئەو لە هەر سێ دیالێکتە یۆنانیەکەدا، هیچ مانایەکی نیە، لە کاتێکا ناو لە زمانی یونانیدا ماناو چەمکی خۆی هەیە. دەڵێن گوایە کوێرەو نابینا بووە، بەڵام ئەم بۆچوونە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا رەت کراوەتەوە. هۆی ئەوەی کە خەڵکی پێیان وا بووە کوێرە بووە، ئەمە بووە کە هومەر لە سروودەکانیدا لە ژێر سەرناڤی (سروودێك بۆ ئەپولۆ) داوا لە ئاشقانو شایەران دەکات کە کاتێ خەڵکانێك ستایشی دەکەنو دەپرسن خاوەنو بێژەری ئەم ئاوازو گۆرانیە دڵنەوازانە کێیە، بڵێن کە: "شاعیرێکی نابینا بووەو لە دوڕگەی شاخاوی کیوس دا دەژیا". بەڵام پاشان توێژەرانو مێژوونووسان بۆیان ساغ بووەتەوە کە ئەم سروودانە هی هۆمەر نەبوونو بە سەدان ساڵ دوای ئەو دانراون. لەلایەکی تریشەوە وردبینی شاعیری ئیلیادەو ئۆدیسە لە سەرانسەری دیمەنەکانی داستانەکەدا دیارەو گەواهی ئەم حەقیقەتەن کە جووتێ چاوی گەشو بیناو تیژی هەبووەو هەموو شتێکی بە چاوانی خۆی دیتووەو وێنە گرتووە. ئیدی هۆمەر لە چ ساڵێك یا چ سەدەیەکدا هاتووەتە دنیاوە، خویا نیە، بەڵام هەندێ قەرینە هەن، بەڵگەو گەواهی ئەوەن کە لە نێوان سەدەی دەیەم تا هەشتەمی پێش زاین دا ژیاوە.

ئایا جووتە داستانی ئیلیادەو ئودیسە بەڕاستی بەرهەمی هزرو بەهرەی هۆمەرن، ئەو بە تاقی تەنیا ئەو جووتە شاکارە بێ وێنەو بێ هەڤرکەی داهێناوەو خوڵقاندووە؟ هەڵبەتە ناتوانرێ وەڵامی بنجبڕی بێ چەندو چوونی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، چونکە هەندێ قەرینە هەن دەیسەلمێنن ئەم دوو بەرهەمە مەزنە لە نووسینو هۆنینەوەی یەك کەس نین، فردریك ئاگوست ولف، توێژەرو ئەدیبی ناوداری ئەڵمانی سەدەی هەژدە، لە کتێبێکیدا دەربارەی ژیانی هۆمەر دەڵێت: "ئیلیادەو ئۆدیسە، لەو جۆرە داستانانە نین کە خەڵکی بتوانن بەو وردیو هونەریەتە ئەزبەری بکەنو پشتاو پشت بیگێڕنەوە، بێگومان مانەوەی ئەو جۆرە بەرهەمە مەزنە دەگەڕێتەوە بۆ نووسین، یانی بە فەزڵی نووسین ماونەتەوە".

ئیلیادە، بە تاقی تەنیا بریتییە لە ٢٤ سروودو ١٥,٦٨١ بەیتە، ئیدی چۆن تەسەور دەکرێت خەڵکی بە وردیو بێ هیچ کەموکوڕیەك ئەو هەموو بەیتە ئەزبەر بکەنو دەماودەم بیگێڕنەوە. لە چەرخو رۆژگاری ژیانی هۆمەردا، خەڵکی یۆنان، خەتو نووسینیان نەزانیوە، بۆیە دەبێ ئەم جۆرە بەرهەمە، سەدان ساڵ لەوە دواتر تۆمار کرابنو نووسرابنەوە. هەر لەبەر ئەمەشە گومانی ئەوە دەکرێتو مەزندەی ئەوە لێدەدرێ کە ئیلیادەو ئودیسە لەوەیە بەرهەمی هزری دەیان نەفەر بێو دەسکەوتو پێکهاتەیەکی دەستەجەمی بێت.

دەشێت تەسەوری ئەوە بکرێت کە هۆمەر ناوێك هەبووەو شاعیرێکی فیکرمەندو بە توانا بووەو کاری، هۆنینەوەو خوێندنەوەی هۆزانێن داستانی بووە بۆ خەڵکیو بۆ پاشاو میران، ئیلیادەو ئۆدیسەی بۆ دۆستانو لایەنگرانی خۆی هۆنیوەتەوەو گوتووە. پاش مەرگی هۆمەر ئیدی ئەم داستانە شیعریانە لە کەنارەکانی (ئیونی)یەوە کە دەکەوێتە دورگەکانی دەریای ئیجەوە، بۆ شوێنانی دیکەی یونان پەڕیوەتەوەو تیرەو تایفەی تری یۆنانی پێشوازیان کردووەو وەریان گرتووە. هەندێ قەوالەو بەڵگە هەن گەواهی ئەوە دەدەن کە وتاربێژو قانونزانێکی خەڵکی ئەسپارتە بە نێوی (لیکورگوس) هەشت سەد ساڵێك بەر لە زاین، ئیلیادەو ئۆدیسەی بە خەڵکی ئەسپارتە ناساندووەو ئەم داستانە لەوێندەرەوە بۆ شوێنانی تری یونان پەڕیوەتەوە. بە درێژایی چەرخو رۆژگاران، هەر شاعیرو ئەدیبێکی یونانی، هەنگاوێکی لە مەیدانی تۆمارکردنو کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمانەدا ناوە، بۆ نموونە، دەڵێن سولون کە یەکێك بووە لە حەوت زانایانی دەوروبەری سەدەی شەشەمی پێش زاین، رێبازێکی تایبەتی بۆ خوێندنەوەو دووبارە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئیلیادەو ئۆدیسە دانا بوو، و کردبووی بە باو کە چەندین سەدە پەیڕەوی کراوە. هەروەها ئاشکرایە کە ئەم نوسخەیەی ئیلیادەو ئۆدیسە، لەلایەن کۆمەڵێك زانای سەر بە قوتابخانەو رێبازی ئەسکەندەریەی میناکی زنودوتسو ئاریستوفانو ئاریستارکوس-ەوە نووسراوەتەوەو بژار کراوە کە هەموو نووسخەکانیان کۆکردووەتەوەو تەتەڵەیان کردووەو پەراوێزیان بۆ وشەو گوزارشتە نامەفهومەکان نووسیوە،و نوسخەیەکی بژارکراوی بژاردەیان لەم دوو داستانە نەمرو زندووە ئامادەو فەراهەم کردووە.

لەلایەکیشەوە ناوەڕۆکی هەردوو داستانی ئیلیادەو ئۆدیسە لە رووی تیمەو داڕشتنو جۆری زاراوەکانو گوزارشتو دەربڕینو هەروەها لە رووی روونیو رەوانی شیعرییەوە یەکدەستنو ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە یەك بیرو یەك زەوقو سەلیقە ئەم دوو بەرهەمەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی نووسیوە. لەم حاڵەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە هۆمەر ئەگەر خۆی داهێنەری ئەم دوو شاکارە بووە لە کویێو چۆن ئەم ناوەڕۆکانەی پاراستووە کە دوور لە چەپۆکی رووداوان گەیوونەتە نەسلەکانی دواتر؟ بە هەرحاڵ، مێژوو، بە تایبەتی توێژینەوەی هاوچەرخان، بوونی شاعیرێکی گەورە بە نێوی (هومیروس) دەسەلمێنێو پێی وایە ئەم رۆشنبیر و منەوەرە پایەبەرزە نەك هەر شاعیرێکی بە توانا بووە، بەڵکو لەو سەرەتای شارستانیەتەدا لەو رۆژگارەی کە بەشی زۆری جیهان لە تاریکستانی جەهلو نەزانیو بێ ئەقڵیدا دەژیا، ئەو ئاشنایی دەگەڵ کەلتوورو شارستانیەتی گەورەی، وەکو کەلتوورو شارستانیەتی رۆژهەلاتو کەلتووری (میسری)دا هەبووەو لە هەردوو بەرهەمە مەزنەکەی خۆیدا، سوودی لە هەموو ئەو زانستانە وەرگرتووە.

* * *

ئیلیادە، ئەم شاکارە داستانیەی رۆژگارانی کۆن، باسی چیدەکات؟

ئیلیادە، بە هەموو مەزناتیەکی خۆیەوە، بریتییە لە رووداو بەسەرهاتەکانی دوا چل رۆژی، دوا رۆژەکانی جەنگی دە ساڵەی یۆنانیان کە دژی شاری تەروادە ئەنجام دراوە. تەروادە یان تەروی مەڵبەندی ستانێك بووە بە نێوی ترواس کە کەوتووەتە باشووری ئاسیای بچووك، لە رەخی

دەریای ئیجەو کەوتووەتە زارکی تەنگەی دەردە نیل-ەوە، رووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ١١٨٤پ.ز.. واتە بۆ پتر لە سێ هەزارو چەند ساڵ لەمەپێش. شەڕەکە لەسەر ژنێکی خشکۆکی جوان، بە نێوی هیلین هەڵگیرساوە. هیلین رۆژگارێك هاوسەری بەختەوەری مینیلاوسی فەرمانڕەوای ئەسپارتە بووە. پاریس-ی شازادەی تەروادەیی، و کوڕی رەشیدی (پریام)ی پاشای ئەو دەڤەرو قەڵەمڕەوە، دەساڵ بەر لە مێژووە، لە سەفەرێکدا کە بە نهێنی بۆ ئەسپارتەی کردبوو، سوود لە غیابی مینیلاوس دەبینێ، و هیلنی ناسك و نازداری هەڵگرتبوو و دەگەڵ خۆیدا بۆ تەروادەی هێنا بوو. مینیلاوس کاتێ بۆ وڵات دەگەڕێتەوە، لە رێگەی خواوەندانەوە، لە هەڵگرتنی هاوسەرەکەی لەلایەن پاریسەوە ئاگادار دەبێت و هەنگێ داوا لە هەموو میرانی یونان دەکات کە فریای بکەون و بێنە یارمەتی و لەشکر بکەنە سەر دژمن. سوپاو لەشکرێکی گەورەو گران ئامادە دەبێت. فەرماندەی ئەم لەشکرە کە بریتی بوو لە شەرڤانان و جەنگاوەرانی هەموو دەڤەرو ناوچەکانی یونان، شەرڤانێکی عەگیدو جەنگاوەرێکی مەردەمێر، بەڵام ئەقڵ سووك دەبێت بە نێوی ئاگامەمنون کە برای مینیلاوس-ە. جا داستانی ئیلیادە، بەرهەمە نەمرەکەی هۆمەر، وێنەیەکی زندووی پڕ جۆش و خرۆشی دوا رۆژەکانی شەڕێکە کە دە دانە ساڵی خایاندو سەرەنجام بە وێرانی و لە نێو چوونی تەروادە کۆتایی هات.

بەر لەوەی بێینە سەر باسی کارەساتەکانی داستانەکە، دەبێ هەوەڵجار وەڵامی چەند پرسیارێك بدرێتەوە: یەکەم ئەوەیە بۆچی پاریس، شازادەی دلاوەرو خۆشەویستی قەڵەمڕەوی تەروادە، کەوتە سەر کەڵکەڵەی رفاندن و هەڵگرتنی هیلین و بڕیاری دا سەفەری وڵاتێکی دوور بکات و لە نێو هەر هەموو پەری وەشانی جیهاندا، هیلین ناوێك بە هاوسەری هەڵبژێرێت و بۆ وڵاتی خۆیی بێنێ، لە کاتێکا سوور دەیزانی ئەم رەفتارەی نسیبەت و بەڵایەکی گەورەی لێدەکەوێتەوەو بە دووەدا دێت. دووەم ئەوەیە هیلینی مانگ ڕوو، سەرباری ئەوەی کە بە خۆی لە نێو هەموو خوازگارەکانی سەرانسەری یونانـدا، مینیلاوسی بە هاوسەری هەڵبژاردبوو، ملی بۆ پێشنیازەکەی پاریس داو بۆ وڵاتێکی نادیار، کە هیچی دەربارە نەدەزانی، رەدووی کەوت، سێیەم ئەوەیە کە گریمان مینیلاوس بەو کارە نا جوامێرانەیەی پاریس بە خۆیدا شکایەوەو غیرەت و هەستی بریندار بوو، ئەو کارەی بە دەستدرێژی و تەعەدای نامووس زانی، باشە میرانی دیکەی یونانی بۆچی بچنە هیمدادی ئەوو جەنگاوەران و لەشکریانی خۆیان بۆ شەڕێکی دژوارو ماڵوێرانکەرو مسیبەتبار رەوانە بکەن؟

لەمەوە گەلێك لە خاڵە نادیارەکانی داستانی ئیلیادە روون دەبێتەوەو خوێنەر ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە کە شەڕی کارەساتباری تەروادە لە راستیدا شەڕی خوداوەندان بووە کە لە ئەنجامدا بە وێرانبوونی تەواوەتی ئەم شارەو فەوتانی خەڵکی ئەو قەڵەمڕەوەو هەروەها بە تێشکان و بۆڕخواردنی ئەو خواوەندە شکایەوەو تەواو بوو کە گوایە تەروادەی خستبووە ژێر باڵی خۆی و داکۆکی لێدەکرد.

پاریس، لەبەر ئەوە چوو بۆ ئەسپارتە چونکە ئافرۆدێتی خوابانۆی جوانی، بەڵێنی ڤیان و هاوسەری جوانترین ژنی دنیای پێ دابوو، و هەر ئەویش ژێراو ژێر جۆش و خرۆش و سۆزو

گودازی خسته دڵ و دەروونی هیلین و وای لێکرد بە تاقە نیگایەك شەیداو ئاشقی پاریس ببێت. بۆچی ئافرۆدێت ئەو بەڵێنەی بە پاریس دابوو؟ دەبێ لەو بەزم و زیافەتدا کە لە بارەگای زیوسدا، خوای خواوەندان بەرپا کرا،بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بگەڕێی. سێ خوابانۆ، کە هەر یەکەیان خۆی لەوی تر بە جوانتر دەزانی، لەو میوانیەی خودای خواوەندانەدا ئامادە بوون. لە میوانییەکەدا سێوێك لەلایەن یەکێك لە خواوەندەکانەوە پێشکەش بە جوانترین خوابانۆ دەکرێت. هەر سێ خوابانۆکە، خوازیاری وەرگرتنی سێوەکە دەبن، واتە هەر یەکێکیان خۆی لە دووەکەی دی بە جوانتر دەزانێ. ئەم داوەرییە بە خودای خواوەندان دەسپێردرێ. زیوس، بۆ ئەوەی هیچ یەکێك لە خوابانووەکان نەڕەنجێنێ و پەسندی کەسیان بەسەر دووەکەی تردا نەدات، ئەم کارە بە پاریس، شازادەی هەرێمی تەروادە دەسپێرێت. پاریس ئەفسوونی ئافرۆدێت دەبێت، و ئەو بەسەر دووەکەی دیدا پەسند دەدات. ئافرۆدێت، خوابانۆی جوانی، بەڵێنی پاداشتێکی باشی دەداتێ، بەڵام ئەم کارەی پاریس، بۆ پاریس و وڵاتی پاریس دوو دژمنی سەخت و خوێنڕێژو دڵڕەق دێنێتە ئاراوە، کە لە ئەنجامدا ئەوان سەردەکەون.

بەڵام هۆی ئەوەی کە میرانی تری یونانی ئامادە دەبن بچنە شەڕێکی سەخت و دژوارەوە ،ئەوە بوو کە پێشتر لە بەینی خۆیاندا پەیمانێکیان دەربارەی هیلین بەستبوو کە بە کۆمەڵ لەسەری هەڵدەنێ: هیلین شەیدایان و خوازگارانێکی فرەی هەبوو، چونکە هیچ یەکێکیان ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئەو روو مانگە ئاشوبگەرە ببێ و چاوپۆشی لێبکات، ئەوە بوو بە کۆمەڵ لێبڕان کە هیلین بە خۆی سەرپشك بێت و هاوسەری دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت، و هەر لەوێشدا پەیمان و سۆزیان بە یەکتردا کە ئەو هەر کێیەك هەڵبژێرێت، ئەوانی دی بە کۆمەڵ ئەو دووە، واتە هیلین و هاوسەرەکەی بپارێزن و ئەگەر رووبەڕووی مەترسییەك بوونەوە، ئەوا بە کۆمەڵ دژی دژمنەکەیان بوەستنەوەو شەڕی دژمنەکەیان بکەن. لەبەر ئەمە بوو کە مینیلاوس داوای کۆمەك و یارمەتی لە میلانی یونانی کردو لە ئەنجامدا سوپاو لەشکرێکی گەورە خڕبووەوە.

* * *

دە دانە ساڵ شەڕو خوێنڕێژی هیچ بەرهەمێکی نەداوە. تەروادە بە حوکمی قوللەو قەڵاتی بەرزو شوورەو دیوارێن مکوم و قایم، نایەتە گرتن. بەردەوامبوونی جەنگ، دووری لە نیشتمان، نائومێدی و دەست شۆردن لە سەرکەوتن بەسەر دژمندا، هەڵەو خەتای جاروباری سەرکردەکان و هەندێ ناکۆکی و هەڤدژی سوپاسالاران، هەر هەموو جەنگاوەرەکانی ماندوو و بێتاقەت کردووە. ئێستا ئاگامەمنونی فەرماندەی گشتی جەنگاوەرانی یونان. کارێکی نابەجێ و ناپەسندی کردووە، کە ناخۆشی و بشێوی ناوەتەوە، شاری کریسەی دراوسێی تەروادە کەوتووەتە دەستی یونانیەکان و خەڵکەکەی دیل و یەخسیر بوون. ئاگامەمنون، لە نێو یەخسیرەکاندا چاوی تەماح دەبڕێتە کریسیس–ی کیژی زۆر جوانی کاهنی پەرستگەی ئەپولۆ و ناتوانێ دەستبەرداری بێت و ئیدی دەیبات بۆ خێوەت و خەرگاکەی خۆی. کاهینی ناڤبری داوا لە فەرماندەی گشتی سوپا، واتە لە ئاگامەمنون دەکات کە کیژەکەی بداتەوەو هەنجەتەکەشی ئەمەیە کە دەیەوێ کیژە هەرە ئازیزو خۆشەویستەکەی لەبەر پێی پەیکەری ئەپولودا بکاتە قوربانی. ئاگامەمنون مل

نادات. ئەپۆلۆی خواوەندی لاوی‌و موسیقاو هونەر، لە ئاگامەمنون دەچێت بە قیناو تاعونێکی کوشندە لە نێو لەشکرەکەیاندا بڵاودەکاتەوە. فەرماندەکانی دی داوای لێدەکەن کە دیلە بەدبەختەکە ئازاد بکات. ئاگامەمنون داواکەیان قەبوڵ دەکات، بەڵام لە جیاتی کریسیس، کیژێکی خشکۆکی دیکە بە نێوی پریسیس داگیر دەکات. ئەم کیژە سەر بە ناوچەیەك بوو کە قەڵەمڕەوی شەڕی ئەخیلی سەرداری دلاوەری یۆنانی بوو. ئەخیل زۆر لەم رەفتارەی سوپاسالار (فەرماندەی گشتی) تووڕە دەبێت،و چیتر درێژە بە شەڕی دژمن نادات، تیتیس، دایکی ئەخیل کە بە خۆی یەکێکە لە خوابانۆیەکان، سکاڵا دەباتە لای زیوسی گەورەی خواوەندان‌و داوای لێدەکات سزای سوپاسالاری توندە مگێز بدات. زیوس بۆ ئەوەی تەمبێی بکات‌و لوتی بشکێنێ، خەوێکی قوڵی لێدەخات‌و لە جیهانی خەوندا پێی دەڵێت کە "شەوەکی هێرش بەرە سەر قەڵای تەروادە، و دەیگریت".

ئاگامەمنون دەگەڵ گەردی بەیانیدا بە سوپاکەی خۆیەوە ئامادەی هێرش دەبێت. هیکتۆری کوڕی پریام شا،و قارەمانی لە شکان نەهاتووی تەروادە، لە بەرانبەردا ئامادەی بەرگرییە. هەوەڵجار مینیلاوس، برای ئاگامەمنون‌و کۆنەمێردی هیلین، دێتە پێشێ تا دەگەڵ پاریسدا، کە کوڕێکی تری پریام شایەو هیلینی هەڵگرتووە، شەڕی تەن بە تەن بکات. شەڕ دەست پێدەکات، پاریس کە بە دژمن‌و خەنیمەکەی ناوەستێ دەگاتە شەرای مەرگ، لێ ئافرۆدێت کە لە خەمیدایە، لەو تالوکەیەی دەربازدەکات‌و لە جیاتی ئەو پانداروس، کە جەنگاوەرو قارەمانێکی دیکەی تەروادەیە دەخاتە بەرانبەر مینیلاوس. پانداروس بە پەیکانێك دژمن بریندار دەکات‌و لە دوای ئەوە جەنگاوەرانی هەردوو لەشکر بەردەبنە گیانی یەکدی. ئیدی دەبێ بە جەنگی مەغلوبەو لە ئەنجامدا سوپای یونان بە کوژراوو زیانێکی زۆرەوە بەرەو ئۆردوگای خۆ پاشەکشە دەکەن.

ئەخیل، مەردەمێری نەبەز، بەشکستی هاوڕێ یونانیەکانی خەمبار دەبێت‌و ناچار خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات. هەوەڵجار چەك‌و ئەسڵەحەو جەنگەوزارەکانی (ئەسپابی شەڕ) خۆی دەدات بە پاتروکلوسی دۆستی دلێری مندالی خۆی‌و لەگەڵ سوپای میرمیدون دا، کە لە ژێر فەرماندەیی خۆیدا بوو، بۆ تێکشکانی دژمن دەنێرێ. پاتروکلوس، هێزەکانی تەروادە ڕاودەنێت، بەڵام لە ئەنجامی خەمساردی‌و بێ موبالاتیەکی خۆیەوە، لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ. هیکتۆری مەردەمێر، کوڕی پریام شا، جەنگەوزارەکەی ئەو دەگرێت‌و بەر دەبێتە گیانی دژمن. ئەخیل کە ئەو وەزع‌و حاڵە دەبینێ، دەگەڵ ئاگامەمنوندا ئاشت دەبێتەوە، جەنگەوزاری تازە لە تیتیس-ی دایکی، خوابانۆی دەریا کە لە خەم‌و هۆڵی ئەودایە، وەردەگرێت‌و دەچێت بۆ شەڕی هیکتۆر. هیکتۆر شەڕڤان‌و مەردەمێری تەروادە، لە نهێنییەکی سەیر بێئاگایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەخیل بابایەکی پۆڵاتەنەو هیچ چەکێك کاری تێناکات. شەڕ دەست پێدەکات‌و لە ئەنجامدا هیکتۆر دەکوژرێ، سەرداری سەرکەوتوو لێرەدا کارێك دەکات کە رقی خواوەندان هەڵدەستێنێ، ئەویش ئەوەیە، پاش ئەوەی دەکوژرێت، گوزینگی پێی کون دەکات‌و پەتێکی تێ هەڵدەکێشێت‌و جەنازەکەی لە گالیسکەکەی خۆی دەبەستێت‌و گێرەی ئەو مەیدانەی پێدەکات.

به مردنی هیکتۆری سەرداری مەزنی تەروادە، ماتەم شار دادەگرێت، پریام شا داوای جەنازەی کوڕەکەی لە ئەخیل دەکاتەوەو ئەخیل دوای دوانزە ڕۆژ ئەوسا ئەو داوایەی قەبوڵ دەکات. کەچی لە هەمان ڕۆژی شەڕدا پاش شکستی هیکتۆر، جەنازەی پاتروکلوسی دۆستی بە تەشریفاتێکی تایبەتی بە خاك دەسپێرێتو بە گوێرەی دابو نەریتی ڕۆژ، لە دەوری مەزارەکەیدا ڕێوڕەسمێکی شکۆداری گەمەێن وەزرشی بەرپا دەکات.

* * *

هومەر، شاعیری بە توانای یونانی، بەڕاستی لە بەرجەستەکردنو نیشاندانی دیمەنی شەری جووتە قارەمان، ئەخیلو هیکتۆردا، گۆی هونەری بردووەتەوەو موجیزاتی نواندووە. ژمارەیەکی زۆر لە لاپەڕەکانی داستانی ئیلیادە تەرخانکراوە بۆ وەسفی شەڕی نێوان ئەم جووتە قارەمانە، کە بە گوتەی پاچڤەوانانی یونانی، وەرگێڕانی ئەم بەشە بۆ سەر زمانی ئەمڕۆ نزیکەی شازدە هەزار بەیت یان دێڕ دەبێت.

داستانی ئیلیادە، لێرەداو بەشکستی هیکتۆرو بە خاك سپاردنی هیکتۆر دوایی دێت کە بە رواڵەت وا دێتە بەرچاو تەواو نەبووە. بۆیە ئەوەی لێرەوە دەربارەی ئەم کێشماکێشە بێ کۆتاییەی نێوان یونانیانو جەنگاوەرانی تەروادەیی گێڕدراوەتەوە زادەی هزرو زەوقو سەلیقەی شاعیرانو مێژوونووسانو چیرۆکنووسانو شانۆنامەنووسانی دیکە بووە کە زۆر دیمەنو بویەری تریان بۆ زیاد کردووە، واتە سێبەرو کاریگەریی ئیلیادە بەسەر بەرهەمەکانیانەوە دیارە. یەکێك لەوانە شاعیری ئیتاڵیایی فیرجیلە کە هاتووە چیرۆکی ئەسپە دارینە زەلامەکەو فێڵی یونانیەکانو سەرەنجام گرتنی شاری تەروادەی لە داستانەکەی خۆیدا (ئینیادە)دا داڕشتووەتەوە.

وەکو پێشتر باسکرا، داستانی ئیلیادە لە راستیدا شەڕی نێوان خواوەندان بووە، لێرەدا خواوەندان رەفتارو هەڵوێستی میناکی بەشەرانیان هەبووە. هیراو ئەتینا دوو خودابانۆن کە دژمنی پاریسو زاگەو نیشتمانی پاریسن، چونکە پاریس، ئافرۆدێتی لەوان بە جوانتر زانیوەو پەسندی ئەوی بەسەر ئەواندا داوە. زیوس، خودای خوداوەندان حەز ناکات شاری تەروادە تەخت بکرێو جەنگاوەرەکانی لە خوێنا بگەوزێنو بکوژرێن. بەڵام بە زۆری لە حاڵیان غافڵە، هۆیەکەشی ئەمەیە کە هیرا، ئەم خوابانۆ ئەفسونکارەی کە شابانۆی خواوەندانە، لەو کاتانەدا کە پێویست بووە خودای خواوەندان بە هانای تەروادەییەکانەوە بچێ، لەگەڵیا کەوتووەتە ئاشقێنیو مژولی کردووە.

ئەتیناش سەبەبکاری مەرگی هیکتۆر بووە، چونکە ئەو پانداروس هاندەدا کە پەیکانێك لە مینیلاوس بداتو شەڕەکە بە جۆرێ بئاڵۆزێنێ کە ئەخیلی پۆڵاتەن تورە ببێتو قارەمانەکەی تەروادە بکوژێت.

لەلایەکی ترەوە ئەپولۆو ئافرۆدێت، لایەنگری خەڵکی تەروادەنو لەم بەینەدا ئەریس یان مەریخ کە خواوەندی جەنگە هیچ کارێکی نیە جگە لەوەی هەردوو سوپاکە بە گژ یەکتردا بکات.

گەمەو سەرگەرمی خوداوەندان لەم بەینەدا، ئەو حەقیقەتو راستیە دەسەلمێنێ کە رۆشنبیرانی قەڵەمڕەوی میسینا لە یونان، لەو چاخو رۆژگارەدا کە بەیت بێژی هزرڤانی یۆنانی تیا ژیاوە،

پابەندی خورافاتو پڕو پوچ نەبوون، و هەرچەندە باوەڕیان بە خواوەندان هەبووە بەڵام هیچ ترسو خۆفێکیان لێیان نەبووەو بە گوێرەی ڕۆشنبینی خۆیان، خواوەندانیان دەهێنایە ئاستو پایەی مرۆڤان.

* * *

بێگومان ئیلیادە و ئۆدیسە، ڕۆڵێکی حاشا هەڵنەگریان هەبووە لە پەروەردەی بەهرەو سەلیقەی هونەرمەندانی یونانیو شاعیرانو شانۆنامەنووسانو نووسەرانی دیکەی جیهان. خەڵکی یونان بە درێژایی سەدان ساڵ ئەم هۆزانە داستانیانەیان ئەزبەر بووە. جەنگاوەرانو پاڵەوانان کە گوێیان لەو بەیتانە دەبوو لەزەتیان لێوەردەگرتو هەستیان بە شانازی دەکرد. هەر کاتێ کە گۆشەیەکی خاکی یونان دەکەوتە بەر هێرشو پەلامارو لەشکرکێشی دژمن، خەڵکی لە جاران پتر روویان دەکردە ئەم بەیتە جۆشدەرو روح بزوێنانە، گەلێك لە شاکارە زندووەکانی ئەدەبیاتی جیهان، بە ئیلهامو سەرۆی ئەم جووتە داستانە (ملحمە) هاتوونەتە ئاراوە، وەکو چۆن داستانی نەمری ئینیادە کە مایەی شانازی خەڵکی ئیتاڵیایەو نێوی نووسەرەکەی، فەرجیلی لە مێژووی ئەدەبی ئەو وڵاتەدا جاویدان کردووە، زادەی ئیلهامو سەرۆی ئەم داستانەیە. فەیلەسوفانی مەزنی میناکی ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)ەکەی خۆیدا، و هۆراس، شاعیری ڕۆمی لە دیوانەکەی خۆیدا، بە جۆرێ ستایشی هۆمەریان کردووە کە گەیاندوویانەتە پلەی خودایەك، دیارە ئەم ستایش و قەدرزانیە، هەر تایبەت نەبووە بە شاعیرانی کۆن، بەڵکو بە درێژایی چاخو ڕۆژگاران زۆربەی ئەو هزرڤانانەی کە سەرو سەختیان دەگەڵ بەرهەمێن کلاسیکی دا هەبوو، ستایشی ئافەرێنەری ئیلیادەو ئودیسەیان کردووە. داستانی ئودیسە، چیرۆکی شاعیرانەو خەیاڵئەنگێزی گەڕانەوەی ئودیسیوسی جەنگاوەری قارەمانی نێوداری یونانی بۆ زاگەی خۆی دەگێڕێتەوە. پنلوپ، هاوسەرە ئەمەکدارەکەیو تیلیماخۆسی کوڕە قارەمانو پاك نەژادەکەی، چاوەڕوانی دەکەن تا بۆ ئیتاکا بگەڕێتەوە، بەڵام سەفەری گەڕانەوەکەی ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ، ئیدی لەو وڵاتەدا کەسێك نیە تەسەور بکات کە ئودیسیوس ماوەو هێشتا لە ژیاندایە، بۆیە خۆسەرانی لەخۆ رازی لە ماڵەکەی قارەمانی ئیتاکادا خڕدەبنەوەو گوشار لە ژنە جوانەکەی دەکەن تا مێردێکی دیکە بۆ خۆی هەڵبژێرێت. ئودیسیوس لە وەختو کاتێکی هەستیارو ناسکدا بۆ دیاری دێرین دەگەڕێتەوەو پاش شەڕێکی مەردانە، تۆڵەی خۆی لە بەدخوایان دەستێنێ.

شارەزایانو پسپۆران گومانیان لەوە نیە کە ئودیسەش هی هەمان شاعیر و هۆنەری ئیلیادەیە، چونکە جگە لەوەی کە زمانو هزرو بیری هەردوو بەرهەمەکە یەکە، لە چەند بەشێکی ئەم بەیتو داستانەدا، ناوی هەندێ قارەمانو جەنگاوەر دووبارە دەبنەوە کە کاراکتەرو قارەمانی سەرەکی داستانی ئیلیادە بوونە،و ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە هەردوو بەرهەمەکە زادەو بەرەنجامی یەك فیکرن.

***سەرچاوە:***

***تصویری از ادبیات کلاسیک جهان/۳ معرفی ایلیاد/ اپر هومر/***
***شرکت سهامی کتابهای جیبی وابستەی به موسسه انتشارات امیرکبیر/اسفند ۱۳۸۸***

## ٤- بابه گوریو

**ئونورەدو بالزاك** (١٧٩٩- ١٨٥٠)رۆماننووسێكی فەرەنسییەو بە باوكی ریالیزم بە نێوبانگە. بۆ وەی لە هەژاری بخەلەسێ هەموو ژیانی بۆ نووسین تەرخانكرد، لەگەڵ ئەمەشدا تا كۆتایی تەمەن لە ژێر باری قەرز دەرنەچوو، لە هەوڵی ئەوەدا بوو كۆمەڵگەی فەرەنسا بە هەموو رووداوو واریقاتەكانیەوە وێنە بگرێت.

***

بابەگۆریو، كاراكتەرێكی دڵگیری زادەو ئافەریدەی خەیاڵی بالزاك بوو، كەسایەتی و سیمایەك بوو كە دەستی توانای چیرۆكنووسێكی فەرەنسی وێنەی كێشا بوو، كاتێ خوڵقێنەرەكەی لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، لە ساڵی ١٨٥٠دا كۆچی دوایی كرد، ئەم وێنەیە وەكو خۆی بە ئاواتەوە بوو، نەمری وەرگرت و لە نێو خەڵكی هونەرناس و ئەدەبدۆستدا بوو بە داستانی سەر زاران،و بوو بە رەمزو نموونەی ئەو باوكانەی كە ماڵ و گیان و بوونی خۆیان بە خۆشەویستییەكی بێگەردەوە فیدای منداڵەكانیان دەكەن و لە پاداشتی ئەوەدا جگە لە بێمروەتی و بێ وەفایی و نمەك حەرامی هیچی تر نابینن.

بابەگوریو لە ساڵی ١٨٣٤دا، یانی سەدو هەفتاو هەفت ساڵ بەر لە ئێستا لە دایك بووە، لە یەكەم رۆژی لە دایك بوونیەوە تاكو ئەمرۆ لە دڵی ئاشقانی ئەدەبدا جێگەیەكی بەرزی گرتووە. لەو ساڵەدا (١٨٣٤) ئونورە دو بالزاك، نووسەرو چیرۆكنووسی فەرەنسی كە خەریك بوو بەرە بەرە لە كۆڕو ئەنجوومەنە ئەدەبیەكانی پاریس دا ناوی دەردەكردو سەنگ و پایەی ئەدەبی پەیدا دەكرد، بە مەبەستی خۆ شاردنەوە لە خودان قەرزان و دۆزینەوەی شوێنێكی هێدی و هێمن چوو بوو بۆ كۆشكی ساشە لە بێشە خەیاڵئەنگێزەكانی دەوروبەری شاری تور، كۆنت دومارگون كە لە ستایشكارانی ئەو بوو، لە كۆشكەكەی خۆیدا پێشوازی گەرمی كردبوو. بالزاك نەخشەی رۆمانی (بابەگۆریۆ)ی پێشتر لە هزرو زەینی خۆیدا داڕشتبوو، لە مێژ بوو كەڵكەڵەو خولیای نووسینی چیرۆكێكی وای كەوتبووە سەر، چونكە خۆی لە منداڵیدا رێگەیەكی پڕ هەورازو نشێوی تەی كردبوو كە كەم دابێـژێك دەشوبهایە سەر خەسڵەت و سیفەتەكانی راستینیاك-ی قارەمانی دووەمی رۆمانی ناڤبری. كاتێ گەییە كۆشكی ساشە، دیمەنە تەڕو تازەو دڵنەوازەكانی دەوری كۆشكەكە بە جۆرێ روحیان هێنایە سەر شەوق و زەوق،و جۆش و خرۆش كە لێرا خواردن و خەو لە خۆی حەرام بكات و لە كورتترین ماوەدا شاكارێك بئافەرێنێ. زەینی خستە سەر راستینیاك،

ئەو گەنجە دڵپاکەی کە لە گوندەوە بۆ شار هاتووەو جگە لە ڕیاکاریو رووبینیو خەڵک خەڵەتێنی هیچی دی نابینیٚ. لە لایەکی ترەوە بابی خۆی کەوتەوە یاد، هەرچەندە لە دڵەوە لێی زیز بوو، بەڵام بڕیاری دا سیماو کەسایەتی باوکێکی وەفادارو دڵپاک،و سیماو کەسایەتی لاوێکی مرۆڤدۆستو بە حورمەتی ئەوتۆ بخوڵقێنیٚ کە تا کۆتایی دنیا لە دڵی خەڵکی بە ئینسافدا بە زندوویەتی بمێنن.

جا بۆ ئەوەی بابەگوریوی فەرتوسو زورهان،و راستینیاک-ی ئافەریدەی بە دیمەنو جوانی بالزاك باشتر بناسین، جێی خۆیەتی تەمەشایەکی رابردووی دووری ژیانی خودی نووسەری رۆمانەکە بکەینو بزانین ئونورە خۆی لە چ ژینگەیەکدا پەروەردە بووەو چ یاگارانێکی سەردەمی منداڵیەتیو نۆلاوی خۆی لە نیهادو دڵیدا هەبووە.

ئونورە دو بالزاك، بە ناوی ئەسڵی ئونورە-دو- بالسا لە ١٧٩٩/٥/١٦دا، لە شاری تور چاوی بە دنیا هەڵێناوە. بابی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی بوو، بەڵکو دەتوانریٚ بگوتریٚ لە ماڵباتێکی دێهاتی هەژار بوو کە چەند ساڵێك بەر لەو مێژووە بۆ ئەم شارە باریان کردبوو، وشەی (دو) کە کەوتووەتە پێش ناوی خانەوادەیی ئەوەوە، نیشانەی ئەشرافیەت نیە، کە لە نێو چینە ئەرستۆکراتو ئەشرافەکاندا باو بووە، بەڵکو لە ئەنجامی هەڵەیەکەوە دروست بوو بوو کە کارمەندو مامورێکی ئامار کردبووی. برنار -فرانسوا- بالسا، باوکی ئونورە، لە ئاستانەی پیری دا بوو کە دەگەڵ (لورە)دا کە کیژێکی جوانی پاریسی بوو، و سیو یەك دانە ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو. زەماوەندی کرد. بەرەنجامی ئەم زەوجینە، نەوزایەك بوو کە بە حەوت مانگی هاتە دنیاو ناویان نا ئونورە. باوكو دایکەکەی رەنجێکی زۆریان بۆ پاراستنی ئەم منداڵە نەبەکامە دا، بەڵام ئەنجام هەوڵو رەنجەکەیان بە فیڕۆ نەچوو، و منداڵەکە کەوتە سەر گەشەکردنی ئاسایی خۆی.

باشە لەبەرچی کیژێکی گەنجی پاریسی شوو بە پیاوێکی پیر، کە سیو یەك دانە ساڵ لە خۆی گەورەتر بیٚ دەکات؟ دەبیٚ هۆیەکەی ئەمە بیٚ کە لەو رۆژگارەدا برنار فرانسوا بالسا پلەو پایەیەکی دەوڵەتی هەبوو، و لەوەیە کارو وەزیفەکەی یان دەسەڵاتە کۆمەڵایەتیەکەی ئەم کیژە خشیکەی هێنا بووبێتە ڕەدا، بە هەرحاڵ ئونورە لە باوەشی پڕ میهرو سۆزی باوكو دایکی خۆیدا گەورە بوو و ئەم نازە تا کاتی لە دایك بوونی برایەکەی هەر بەردەوام بوو، لەوە بە دواوە ئونورە ئیدی ئەو مەحەبەتو نازەی جارانی نەدەبینی،و لەوەیە هەر لەبەر ئەمەش بووبیٚ کە کاتیٚ لە کۆلیجی مەزەبی واندوم وەرگیرا بە درێژایی ئەو شەش ساڵەی کە لەویٚ مایەوە بۆ تاقە جارێکیش نەچووە دیدەنی دایکی.

لە ساڵانی دواترا، ژیانی بالزاك لە پاریسدا شێوەیەکی تری وەرگرت، ئەو بەشە خوێندنەی تەواو کرد کە بەدڵی دایكو باوکی بوو، بەڵام خۆی هەرگیز دڵی بەو بەشە خۆش نەبوو. نەیدەویست ببیٚ بە ئەوقاتو پارێزەر، بەڵکو چاوی لە ئەدەبیاتو نووسەریی بوو، لە قۆناغی خوێندندا هەندیٚ شتی دەنووسی کە دەبوونە مایەی سەرسامی مامۆستاکانی، بەڵام هیچ یەکێك لەو بابەتانە لەو ئاستەدا نەبوو کە شۆڕەتێکی پیٚ ببەخشێت یان گرفتی بیٚ پارەیی لە کۆڵ

بکاتەوە. ئۆنورە دو بالزاك بەدەست هەژاری‌و دەستکورتیەوە دەینالاند. باوکی پیاوێکی سەخی تەبیعەت‌و بەخشندە نەبوو، بۆیە ژیانی بە نارەحەتی دەگوزەرا. کاری جۆراوجۆری لە دام‌و دەزگاکاندا وەرگرت بەلام هیچیان بەردەوام نەبوو. برسێتی،و بێنەوایی‌و بیٚ جێگەیی، دلرەقی و خۆپەرستی دەولەمەندان، و لە هەموو ئەمانەش خراتر ئەو درۆو ریابازی‌و ریاکاریانەی لە هەر چوار نکالی خۆیدا دەی بینی، کردیانە کارێك سەبارەت بە هەموو شتێك رەشبین‌و دردۆنگ بێت، رەشبینییەکی ئەوتۆ کە تا کۆتایی تەمەن لە لاپەرەی دلیا نەسرایەوەو خوێنەر لە سەرانسەری بەرهەمەکانیا، ئەوە دەبینیٚ کە کۆمەلگەی بەشەری لە رووی ئەخلاقییەوە، لە لێواری مەحکومیەتدایە.

سەرەنجام لە تەمەنی بیست‌و سیٚ سالیدا لێرا کە بیرێکی جدی لە رزگاری خۆی بکاتەوە. یەك دوو گەنجی نووسەرو ئەهلی هونەری لە دەوری خۆی خرکردەوەو ئیدی بە هاوکاری یەکتر دەستیان بە نووسینی چیرۆك‌و داهێنانی شانۆنامەو هۆنینەوەی شیعر کردو ئەو بەرهەمانەیان بە ناوی خوازراوەوە بە چاپ گەیاند، بەلام هیچ یەکێك لەو بەرهەمانە لەلایەن خەلکی دژ پەسندەوە پێشوازی نەکرا. هەنگیٚ بالزاك بەناچاری رێی خۆی لەوانی دی جیا کردەوەو کەوتە بیری ئەوەی پارە پەیدا بکات. یەکێك لەو رێگایانە کە بە بۆچوونی خۆی رێیەکی ئاقلانە بوو، بریتی بوو لە دامەزراندنی چاپخانەو بلاوکردنەوەی کتێبان، ئەو کارەی کردو ئەم هەلەیە تووشی نابووتی‌و قەرزارییەکی ئەوتۆی کرد کە تاکو مردیش لە ژێر باری قەرزاری خەلك دەرنەچوو.

ئەدی تەگبیر، چ بکات‌و چ رێگەیەك بۆ رزگاری خۆی بگرێتە بەر؟ رۆژێك عینوانێکی دلگیری بە زەیندا هات "کۆمیدیای مرۆڤانی"، ئەم هەولدان‌و شکست‌و پەریشانی‌و داماویانە هەر هەمووی دیمەنێن کۆمیدی‌و گالتەجاری ژیانی بەشەرن، ئەم فریوکاری‌و دوو روویی‌و ریابازی‌و ریاکاری‌و فێل‌و دەهۆیانە هەر هەموو ئاوێنەی گالتەجاری روحی مرۆڤن، و ئەم مرۆڤە نابووت‌و بێنەواو کلۆل‌و داماوە دەبیٚ چەند تەحەمولی زەبوونی‌و زەلیلی‌و کەساسی بکات تا درێژە بە ژیانی کورتی سەراپا رەنجبێوەری و دەردی سەری خۆی بدات؟ دەبیٚ تاکەی خراپە بدینیٚ‌و فزە نەکات؟ دەبیٚ تاکەی خۆی زەلیل‌و زەبوون بکات تا بمێنیٚ‌و بژی؟ تاکەی؟

عینوانی (کۆمیدیای مرۆڤانی) زۆری مژول کرد، زۆری بیر لێکردەوەو ئەوسا رۆژێك بریاری دا قەلەم هەلبگریٚ‌و بنووسێت، هەزاران لاپەرەی چیرۆك رەش بکاتەوەو قسەی خۆی بکات، کتێبان لە دووی کتێبان چاپ بکات‌و هەر هەموویان لەیەك بەرگی چەندین هەزار لاپەرەییدا کۆ بکاتەوەو ناوی بنیٚ کۆمیدیای مرۆڤانی، ئەو، ئەم لاوە مات‌و بێدەنگ‌و رەنجاوە، ئەم هزرڤانەی کە نێوی ئۆنورە دو بالزاك بوو، دەرگاکانی ژیانی لە هەموو لایەکەوە لە خۆی داخست‌و لە زندانی مالەوە کەوتە کاری نووسین. ئیدی گلەیی لە دەست بە تالی‌و دەستکورتی‌و کەم پارەیی‌و قەرزداری نەکرد، نووسی، نەك لاپەرەیەك بەلکو هەزاران لاپەرە، نەك شەوێك بەلکو هەزاران شەو، تا سەرەنجام گیانی خۆی لەسەر پرۆژەو بریارەکەی خۆی دانا. بە درێژایی ئەو نۆزدە سالەی کە دوای ئەوە ژیا، سالی دوو هەزار لاپەرەی رەش کردووەتەوە، کارێکی کردووە کە کەم کەس توانیویە لە ژیانی خۆیدا بیکات. بۆ ئەو شەوو رۆژ، بەیانی یا نیوەرۆ، زستان یا هاوین جیاوازی

نەبوو. بۆ ئەوەی بژیو لە پێ نەکەوێ قاوەی دەخواردەوەو شەوو ڕۆژی، بێ گوێدان بەوەی شەوە یان ڕۆژ، تێکڕا چوار پێنج سەعاتان دەخەوتو باقی سەعاتەکان لە پشت مێزی کارەکەیەوە کاغەزی ڕەش دەکردەوە، هێندەی پەلە بوو کە تەنانەت بۆ تاقە جارێکیش بە نووسینەکانی خۆیدا نەدەچووەوەو نەی دەخوێندنەوە، هەرچەندە گۆڕانکاری زۆری لە نووسخەی یەکەمی چاپخانەدا دەکرد، هەر لەبەر ئەم پەلە پەلییەشە کە بەرهەمەکانی لە هەڵەێن دەستوری یان زمانەوانی بەدەر نین. بەڵام بۆ بالزاك هیچ فەرقێکی نەدەکرد، ئەو دەیویست قسەکانی خۆی بکات، ئەو دەیویست داخی دڵی خۆی بە کۆمەڵگەی ناشوکرو پێنەزانو خۆسەر بڕێژێ.و لەم ڕووەوە سەرکەوتنێکی مەزنی بە دەست هێنا، سەرکەوتنێ کە چیرۆکنووسانی دیکەی دنیا کەمتر بە دەستیان هێنا بوو.

***

باسەکەمان دەربارەی خوڵقاندنی بابەگۆریو بوو. بالزاك لە کۆشکی ساشەدا مۆڵەتی لە خانەخوێیەکەی وەرگرت کە ڕێگەی بدات هەر کاتێ کە دەیەوێ بخەوێو هەر کاتێ مەیلی لێ بێ نان بخواتو هیچ یەکێك لە خزمەتکارو پێشکارانی ماڵەکە بەبێ مۆڵەتی ئەو (بالزاك) نەچێتە ژوورەکەی، و کۆنت دومارگون ئەم فەرمانەی بە هەمووان ڕاگەیاند. چیرۆکنووسی فەرەنسی کە لەو زەمانەدا تەمەنی سیو پێنج ساڵان بوو، چووە ژوورەکەی خۆی، دەرگای لە ڕووی هەمووان داخست، و پەردەکانی دادایەوە. نزیکەی چل دانە ڕۆژ لەو ژوورە نەهاتە دەرێ، قاوەی خواردەوەو چەند سەعاتێك چاوی گەرم کردو نووسی، کاتێ وەختی مردنی قارەمانەکەی هات، خەم و پەژارە دایگرت، ئەو تۆزە خەوەشی کە دەخەوت لە چاوان تۆرا، وەکو شێتو دینان بە ژوورەکەیدا دەهاتو دەچوو، فرمێسكو ڕوندکانی ڕشتو لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد. ئەو ڕۆژانە سەرەتای مانگی سێپتەمبەرو سەرەتای پایز بوو، بارانێکی توند دەباریو هەورە تریشقەو بروسکە حەشریان دەکرد، بالزاك دەگەڵ شریخەی بروسکەدا هاواری دەکردو دەگەڵ ڕێژنەی باراندا دەگریا، سەرەنجام چیرۆکەکە تەواو بوو بەڵام دوا قسەکانی بابەگوریو لە دوا دەمەکانی ژیاندا، لە گوێی ئەمدا دەزرینگایەوە:

بابەگۆریو: ***کیژەکانم... کیژە ئازیزەکانم... بۆچی نەتهێنانە دیارم؟ ئەوان نازانن کە من نەخۆشم... ئەوان نازانن کە من دوا دەمەکانی ژیان بەسەر دەبەم... ئەگەر (ئاناستازی) ئازیزم دەیزانی کە بابی لە ناو جێی مەرگدا کەوتووە... ئەگەر (دلفین)ی نازەنینم ئاگادار بوایە کە باوکە دلۆڤانەکەی ئەوەندە نەخۆشە، بە نیو نەخت جێیان نەدەهێشتم.... بۆچی نەچوویت بە شوێنیاندا؟ کریستف، پێم بڵێ، بۆچی خەبەرت نەدانێ؟ ئەگەر ئێستا ئەوان بە دیارمەوە بوایەن هیچ ئازارێکم نەدەکێشا... سوێند دەخۆم هێزو گوڕوتینێکی وەهام تێ دەگەڕا کە جارێکی دی بەرەو ژیان دەگەڕامەوەو لە جێ هەڵدەستامەوە.. پێم بڵێ کریستف، بۆ خەبەرت نەدانێ؟ بۆچی وا ماتو خەمبار چاوت داخستووە... قسە بکە... لەم دوا ساتەی ژیانما درۆم دەگەڵ مەکە...***

کریستف: ***ئەزبەنی.. من... بە شوێن هەردووکیاندا چووم. یەکەمجار بە شوێن مەدام لاکنتس دا چووم، ڕێگەیان نەدام دەگەڵ خودی خۆیدا قسە بکەم، گوتیان قسەی خۆت بڵێ، گوتم قسەیەکی***

*گرینگە، پێویستە دەگەڵ خودی مەدامدا قسە بکەم، ئەنجام مسیودورستو، مێردەکەی مەدام ئاناستازی هات، پێم گوت ئاغام لە ناو جێگەی مەرگدا کەوتووەو کەڵکەڵەی دیتنی کیژەکەی دەکات، لە وەڵاما گوتی: "باشتر وایە بە زووترین کات پزیشکێك ئاگادار بکەم چونکە مەدام ناتوانێ مالیجەی کەس بکات." گوتم ئاخر حەز دەکات کیژەکەی بدینێ، گوتی جارێ کاری هەیەو دەرفەتی نیە، ویستم لە ماڵەکە وەدەرکەوم مەدام کە گوێی لە دەنگی من بوو هاتە سەر قاڵدرمەکە، جارێکی دی هەواڵەکەم گوتەوە، لە وەڵاما گوتی: "جارێ منداڵەکانم تۆزێ نەساغن" و چونکە بە خۆیشی دەگەڵ مێردەکەیدا دەمبۆڵەیەکی بووە، حەوسەڵەو تاقەتی نیە، بۆیە بە نائومێدی لەوێ وەدەرکەوتمو چووم بۆ لای کیژی دووەمتان. مەدام لاباروێن... زۆرم هەوڵدا دەگەڵ خۆیدا قسە بکەم بەڵام نەبوو، کارەکەرەکەیان گوتی مەدام دوێ شەو لە میوانی بووەو درەنگ خەوتووەو ناتوانم خەبەری بکەمەوە، گوتم کارێکی گرینگم پێیەتی، مەسەلەکە پەیوەندی بە ژیانو مانی باوکیەوە هەیە، خەبەری بکەوە. کارەکەرەکە رۆییو گەڕایەوە، دوای چەند دەقیقەیەك چاوەڕوانی گوتی: "مەدام تا دوای نیوەڕۆ هەڵناستێ، ماندووە". ئەوە بوو کە بۆ لای تۆ گەڕامەوە....*

بابەگوریو: *کەواتە هیچیان نایەن... ئەمیان لە خەودایەو حەیفە لە خەو بکرێ چونکە دوێنێ شەو تا بەیانی لە میوانی بووەو ئەوی تریان بێ تاقەتە چونکە دەگەڵ مێردەکەیدا دەمبۆڵەیەکی بووە... زۆر باشە... کەواتە دەبێ بمری تا بزانی سۆزو دڵسۆزی منداڵ چەندە؟ دەبێ لە تەنیایی و بێکەسیدا بمری تا بزانین کە جگەرگۆشەکانمان چەندیان خۆش دەوێین... هۆ خەڵکینە هەرگیز ژن مەیەنن... هەرگیز بە ئاواتی منداڵ خستنەوەوە مەژین... ئێوە دەیان هێننە ئەم دنیایەو ژیانیان پێدەبەخشنو ئەوانیش لە جیاتی چاکە مەرگتان پێ دەبەخشنو لە دنیاتان دادەبڕن... ئێوە لەسەر چاوی خۆتانیان دادەنەنو دەیان بەنە نێو کۆمەڵگەو ئەوان لە هەموو شوێنێ وەدەرتان دەنەن...*

کریستف: *ئارام بە... رەحم بە خۆتا بکە...*

بابە گوریو: *ئەگەر من کەرێتیم نەکردباو بوونی خۆم بە قوربانی ئەوان نەکردبوایە، ئێستا دەستی پاڕانەوەیان بەرەو من درێژ دەکرد،و لەم کاتەدا بە ئومێدی میراتیەکەی من، لایان چۆڵ نەدەکردمو بەردەوام بە دیارمەوە دەبوون، ئەگەر ماڵو گەنجەکەم بە دەستەوە مابا، ئێستا پێشبڕکێیان بوو تا هەتوان لە زامەکانم بنەن، سۆزی من پتر بەلای خۆیاندا رابکێشن، تا لە میراتی خۆم بێ بەشیان نەکەم، بەلای کەمەوە ئەمەیان وەکو جۆرە خۆ فریودانێك دەکرد... لێ نهو... کەسیان گوێم نادەنێو پێیان وایە چونکە پیرم دەبێ زووتر بمرم... تف لە ژیان... نەفرەتت لێ بێ ژیان...*

بابە گوریو بیەوێو نەیەوێ دەبێ بمرێت، لێ نهو دەبێ زووتر بمرێت، ئەو هەودا ناسکەی بەم جیهانەوەی گرێداوە، لە پچڕاندایە، کەواتە بۆ زووتر نەمرێت؟ لێ بابە گوریو نەیدەتوانی بە ئاسانی ئەم پێنەزانی و بێ سۆزیو زوڵمەی منداڵەکانی قەبووڵ بکات، ئەو چەند رۆژێك لەوە پێش کە یەکێك لە کیژەکانی کێشەیەکی هەبوو بوو، دوا توانای خۆی خستەکار تا ئەو لە

ناڕەحەتی رزگار بکات، کاتیٚ کە کیژەکەی دیکەی پێویستی بە بڕە پارەیەك بوو، دوا پاشەکەوتی ژیانی خۆی فرۆشت تا ئەو پارەیە بۆ فرزەندە ئازیزەکەی دابین بکات. ئێستا چۆن ئەم هەڵویستە ناخۆشە قەبووڵ بکات؟ چۆن قەناعەت بە خۆی بکات؟

گیاندانەکەی درێژەی کێشا، وڕینەی کرد، ناڵاندی، هاواری کرد تا بەرە بەرە دەنگی لە ئەوکیدا خەفە بوو، و بە دەم ئازارەوە لەم دنیا رۆیی. کاتیٚ کە جەنازەکەشی بەرەو گۆڕستان دەڕۆیی، جگە لە راستینیاك، ئەو گەنجە دڵپاكو دلۆڤانەی کە هەرگیز لێی جیانەبوو بووەوە، لەگەڵ کریستف دا، ئەو پیاوەی کە لەکۆتایی ژیانیا یارمەتی دەری بوو، کەسی دی نەبوو بەڕێی بکات. بەڵام کچەکانی گالیسکەکانی خۆیان ناردبوو تا بە ڕواڵەت وا بنوێنن کە دەگەڵ بەرێکەرانی جەنازەکەدان. سەرەنجام ئەو پیرەمێردە دڵپاكو دلۆڤانە کە خۆی فیدای منداڵەکانی کردبوو، بە نامرادیو رۆژ رەشی لە دنیا دەرچوو، بێئەوەی تاقە فرمێسکێك لەسەر گۆڕەکەی بێتە رشتن.

***

بەڵام خودی چیرۆکنووس فرمێسکێکی زۆری لەسەر گۆڕە ساردو سڕەکەی بابە گوریو هەڵڕشت، بالزاك بە درێژایی ئەو شەوەی کەچیرۆکەکەی تەواو کرد ناڵاندی، قسەی لەگەڵ خۆیدا کردو فرمێسکی باراند. نزیکی بەرە بەیان بوو کە دوا دێڕی خستە سەر کاغەزو هەرکە دوا وشەی نووسی لە پڕ هەستایە سەر پێیان، پەنجەرەکانی کردەوە، دەرگاکانی ڤەکردو هەموو دانیشتووانی کۆشکەکەی لە خەو هەستاند، ئەوسا بە بەرچاوی حایرو سەرسامی ئەوانەوە گوتی:

***" خزمینە، رۆمانەکەم تەواو بوو، بیخوێننەوەو میناکی من بۆ چارەنووسی قارەمانەکەی بگرین، من ئێستا نەخۆشم، خەریکە دەمرم، خواردنم بۆ ئامادە بکەن، بۆ گەرماوم بنێرن، بمخەوێنن، من پێویستم بە رێنوێنی ئێوەیە، تەمەشای چوار دەوری ئەم ژوورە بکەن، ئەم رەشنووسانە ببینن، ئێرە لە مەیدانی شەڕ دەچیٚ، دەستی من هێشتا بە خوێنی بابەگوریو سوورە، فریام کەون، یارمەتیم بدەن..."***

خانەخوێی دلۆڤان هەموو داواکانی ئەوی جێبەجێکرد، چونکە دەیزانی کە ئەو بلیمەتە چ شاکارێکی بیٚ هاوتای ئەفراندووە، ئەو رۆژە ١٨/سێپتەمبەر/١٨٣٤ بوو...

***

ئونورە دو بالزاك، کە ئاواتی گەورەی ئەوە بوو کە کۆ بەرهەمێکی چەندین هەزار لاپەڕەیی لە ژێر سەرناڤی کۆمیدیای مرۆڤانی بئافەرێنیٚ، لەو مەیدانەدا سەرکەوتنێکی مەزنی بە دەست هێنا، هەرچەندە بە مەزەندەی خۆی هێشتا زۆر لاپەڕەی دی مابوون کە ئەو کۆ بەرهەمەی پیٚ تەواو بکات، کە مەرگی زوو رەس ئەم ئاواتەی لە دڵیا کوشت.

گەلێك لە بابەتەکانی ئەم کۆ بەرهەمە دەچنە ریزی کتێبو بەرهەمە ناوازەو هەڵبژاردەکانی ئەدەبی فەرەنسییەوە کە ئەم رۆمانی (بابەگوریو)یە یەکێکە لەو بەرهەمانە و بە بۆچوونی زۆربەی رەخنەگرانی ئەدەب یەکێکە لە شاکارە بیٚ چەندو چوونەکانی ئەدەبیاتی فەرەنسا، کلورفارەر، ئەندامی کۆڕی زانیاری فەرەنسا، ئەم کتێبەی نەك بە گەورەترین رۆمانی زمانی فەرەنسی داناوە،

بەڵکو بە گەورەترین رۆمانی جیهانیشی زانیوە-و گەلێك لە رەخنەگرانی ئەدەبی جیهانیش هەمان بیرو بۆچوونی ئەویان هەبووە. هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چیرۆکنووسە گەورەیە کە لە کەم نووسەری دیکەدا بەدی دەکرێت ئەمەیە کە بالزاك هەوڵیداوە بارودۆخ و رەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی بە باشترین شێوە لە بەرهەمەکانی خۆیدا بنەخشێنێ و ئەم کارەی لە هەندێ شوێندا گەییووەتە حاڵی وەسوەسە. ئەم کۆمەڵگەیە لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بە کرێت و دزێوو قێزەون و نەفرەتئەنگێز لە قەڵەم دراوەو هۆیەکەشی تەنیا ئەمەیە کە ئەو (بالزاك) لە سەردەمی منداڵی خۆیدا هەرگیز رووی خۆشی لەم کۆمەڵگایە نەدیتووە. بالزاك هەرچەندە شێوازی رۆمانتیکی لە چیرۆکەکانی خۆیدا پاراستووە، بەڵام وێڕای ئەوەش لە رادەبەدەر ریالیستی و واقیع بینە، و ئەم واقیعبینییە ئەوی لە نووسەرە هاوچەرخەکانی خۆی جیا کردووەتەوەو هیچ نابێت بە زێدەبێژی ئەگەر بگوترێ کە کاریگەریی شێوازی هزرین و چیرۆکنووسی ئەو بەسەر داهێنەرانی دیکەی وەکو فلوبێر، دودیە، زولا، موپاسان و... هی دیکەشەوە زەق و دیارە.

بەرهەمێن میناکی ئوجنی گراندە، ژنی سی ساڵە، چەرمی ساغری، ئارەزووە با بردووەکان... لەریزی کتێب و بەرهەمە پڕ بایەخەکانی ئەدەبیاتی فەرەنسی دان، بەڵام دەتوانین بڵێین کە بابە گوریو لە رووی واقیعبینییەوە لە بەرهەمەکانی تری دڵگیرترو جوانترە. مەرگی زوو رەسی نووسەریش، دەشوبهێتە سەر هەندێ لە بەرهەمە خەیاڵیەکانی نووسەر خۆی.

بالزاك لە دنیای ئەڤینداری و پەیوەندی دەگەڵ ژناندا، کەسێکی ئەوەندە سەرکەوتوو نەبووە، لەسەردەمی گەنجی دا پەیوەندی ئاشقێنی دەگەڵ ژنێکدا بەستبوو کە دوو تەمەنی خۆی هەبوو، و لە راستیدا هەم لە جیاتی دایك و هەم لە جیاتی ماشوقەی ئەو بوو. لە تەمەنی سی و سێ ساڵیدا پەیوەندیەکی عاشقانەی دەگەڵ مارکیز دوکاستری دا، کە ژنێکی خشکۆك، بەڵام خۆسەرو خۆپەرست بوو، بەست، بەڵام ئەم ئەڤینە، ئەڤینێکی ناکام بوو، و زۆر زوو بە ناکامی لێکدی جودا بوونەوە. بە ساڵێك دوای ئەوە، خانمێك بە نێوی مەدام هانسکا کە هاوسەری یەکێك لە ئەشرافەکانی هۆڵەندا بوو، نامەیەکی ستایش ئامێزی بۆ نووسەری فەرەنسی بالزاك نووسی بوو و داوای لێکرد بوو کە هەرکاتێ سەفەری هۆڵەندای کرد، بچێتە دیدەنی ئەو. ئەم نامەیە بوو بە بناغەو هێمی ئەڤیندارییەکی دوورو درێژی ئەوتۆ کە تا کۆتایی ژیان بەرۆکی بالزاکی بەر نەدا. ڤیان و ئەڤینی ئەم دووانە هەڤدە دانە ساڵ بەردەوام بوو. لەم ماوەیەدا بالزاك هەندێجار دەگەڵ ماشوقەکەیداو هەندێجار دوور لە ماشووقەکەی دەژیا تا سەرەنجام دوای مردنی کونت هانسکا بڕیاری دا کە دەگەڵ مەحبوبەکەی خۆیدا زەماوەند بکات، ئیدی بالزاك بەو مەبەستە لە زستانی ساڵی ١٨٤٨دا بەرەو ئوکراین وەڕێکەوت، و پاش ئەوەی پەیوەندی هاوسەری دەگەڵ دڵبەستەکەی خۆیدا بەست، بەرەو پاریس گەڕایەوە، بالزاك لەو ساڵانەدا هەرچەندە پێی نەنا بووە قۆناغی تەمەنی پیرییەوە، بەڵام لە رووی بەدەنیەوە نەخۆش و لەشبەبار بوو، درێژی ڕێگا، سەرمای زستان، ماندوویەتی سەفەرو ئەو کێشانەی کە لە ڕێگادا بۆ گالیسکەکەی پێشهاتن، تەواو کەسیرەیان کردو پەکیان خست.

دوای ماوەیەکی کەم لەو سەفەرە کۆچی دوایی کرد لە کاتێکا کە ئەگەر ئەو سەفەرە دوورو درێژەی نەکردبوایە لەوە بوو تا چەندین ساڵی دیکە بژی.

شارەزایان نووسیویانە کە بالزاك وێنەی دوو قارەمانی ژنی چیرۆکەکانی، کە لە هەردوو بەرهەمی ئوجینی گراندە،و کیژەکەی پورەبت دا بەرجەستە کراون لە ژیان‌و هزرین‌و خەسڵەتەکانی مەدام هانسکاوە هەڵێنجاوە.

***

لە رۆمانی بابە گوریودا کۆمەڵگەی ریاکاری پاریسی ئەو رۆژگارە بە باشترین شێوە نمایش کراوە. بریتییە لە چیرۆك‌و بەسەرهاتی بابی دوو کیژ بە نێوی بابە گوریو، و ئاقیبەت‌و چارەنووسی ناکامی ماڵباتێکی فەرەنسی بە رواڵەت بەختەوەر.

***سەرچاوە:***

***تصویری از ادبیات کلاسیك جهان/٤شرکت سهامی کتابهای جیبی / وابسته به موسسەی انتشارات امیر کبیر / اسفند ١٣٨٨***

## ٥- برایانی کارامازوف

فیـودۆر دۆستویفسـکی (١٨٢١- ١٨٨١) چیرۆکنووسـێکی روسـییەو یەکێکـە لـە گـەورەترین نووسەرانی جیهان، بە بیانووی دژایەتی تزارەوە گەییە پای سێدارەی مەرگ، بەڵام حوکمەکەیان یەك پلە داگرت‌و هەواڵەی سیبریا کرا، تا لە بەرهەمەکانیا هەموو ئەو رەنج‌و دەردو مەینەتیانە وێنـە بگرێـت کـە بەشـەر لـە سەرانسـەری تەمـەنیا رووبـەڕوویان دەبێتـەوە، توانـاو بـەهرەی دۆستویفسکی لە شیکردنەوەی دەروونی قارەمانان، هەژاران‌و تێشکاواندا یەجگار گەورەیە.

* * *

ئەم ئەستێرە پرشنگدارەی ئاسمانی ئەدەبی روسی‌و ئەم بلیمەتە بیٚ چەندوچوونەی جیهانی چیرۆکڤانی کە نێوی فیودور میخائیلوفیچ دۆستویفسکی بوو، بەڕاستی کیٚ بوو و چۆن توانی لەو رۆژگارو ساڵانی پڕ ترس‌و لەرزەی سەدەی نۆزدەیەمی روسیای تزاریدا لە نێو ئەو خەڵکە چەوساوەو زەحمەتکێشەدا کە لەسەر بچووکترین هەڵە گەورەترین سزا دەدران، بە نووسینی بەرهـەمێن مینـاکی (تـاوان‌و سـزا، برایـانی کارامـازوف‌و ئەبلـە) بچـێتە ریـزی زنـدووترین چیرۆکنووسانی جیهانی ئەدەب‌و ناوو شانازی‌و سەنگ‌و ئیحتوباری ئەدەبیاتی زمانی روسی لە رۆژهەڵاتـەوە تـا رۆژئـاوا بڵاوبکاتـەوە؟ ئایـا ئـەو توانـاو بـەهرەو بلیمەتیـەی لـەودا پـەنهان بـوو، بەهرەیـەکی خـودادادی بـوو، یـان زادەی زانسـت پـەروەری‌و بیرکردنـەوەو هـزرین‌و رەنج‌و هـەوڵ‌و تەقـەللاو مەینـەتباری‌و دوور خسـتنەوەو سـەرگەردانی‌و ئـاوارەیی‌و لـە ئەنجامـدا دڵسـووتان بـە حاڵی خەڵکی بوو کە توانا و بەهرەیەکی سەیری لەلا دروستکرد و توانی ئەو جۆرە بەرهەمە بیٚ هەڤڕکە لە شێوەو قاڵبی چیرۆکڤانیدا دابهێنیٚ کە تا ئەو رۆژە کەم کەس توانی بووی نموونەو هاوتایان دابهێنیٚ؟

بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە یاداشتەکانی دۆستویفسکی کە لە ژێر سەر ناڤی (یادگارەکانی خانەی مردووان) کە لە ساڵی ١٨٥٨دا کاتیٚ کە لە تەمەنی سی‌و حەوت ساڵی دا بـوو، و بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ مـەحکوم بـە کـاری ئیجبـاری بـوو لـە سـێبریا، نووسـیویەتی، بخوێنرێتـەوە. لـەم یاداشـتانەدا هـزرو بیری گـەنجێك بەرجەسـتەکراوە کـە لـە مـاڵی پزیشـکێك دا هاتووەتە دنیا، لە کۆلیجی ئەندازەی سوپایی لە سانپترسبۆرگ خوێندنی تەواو کردووە، زۆری حەز لە ئەدەبیاتی کلاسیکی روسی بووە، بە تایبەتی بەرهەمەکانی پوشکین‌و گوگوڵ، و لە ساڵی ١٨٢٦دا لـە تەمـەنی بیسـت‌و پێـنج سـاڵیدا، لـە ژێـر کاریگـەری‌و بـە چـاولێکەری بەرهەمـەکانی

بلیمەتانی میناکی بالزاكو جورج ساندا کتێبێکی لە ژێر سەرناڤی (هەژاران)دا نووسیوەو لە سەرەتای تەمەنی سی ساڵیدا لە سۆنگەی هزرێن نوێخوازی خۆیەوە بۆ بیابانو دەشتە کاکی بە کاکیو چۆڵو سەردەسێرەکانی سیبریا نەفی کراوە. ئیدی ئەو دەردو رەنجانە، ئەو لە خۆ رامانانە، دۆستویفسکییان گەیاندە ئاستێکی بلیمەتی ئەوتۆ کە ناوی گەورەترین چیرۆکنووسی روسی پێ بەخشی.

دەکرێ بەرهەمەکانی دۆستویفسکی بە ئاوێنەی روحی مرۆڤانی دابنرێت. ئاوێنەیەك لە ناوەوەو لە دەرەوە خەڵکانێك نیشان دەدەن کە پەروەردەی ئەو سەردەمەی روسیان، وێنەگەلێکی زندووی خەڵکانێکن کە لە هەلومەرجە تایبەتیەکانی سەدەی نۆزدەی روسیادا دەژیان. لەنێو ئەوانەدا دەشێت نێوی فیودور پاڤلوڤیچ کارامازوف ببرێ کە پیاوێکە بە رواڵەت شارستانی بەڵام لە راستی دا دیلو ئەسیری غەریزە کێویو هۆڤییەکانی خۆیەتی. نە ئاین، نە چاکەو فەزیلەت، نە مەحەبەتو ڤیانو ئەخلاق نەیان توانیوە لە قۆناغو مەزڵی ئینسانیەتی نزیك بکەنەوە. لە سەرانسەری تەمەنی شەست ساڵەی خۆیدا تەنیا بیری لە پارە، ژنبازی، شەراب، سەماو بەدمەستی کردووەتەوە. بەو حاڵەیەوە نموونەیەکی دیاری بورژوایەکی خۆپەرستی خۆسەرو سەرکێشی روسیای سەدەی نۆزدەیە کە ئینسان لە تەماشاکردنی سەری سوڕ دەمێنێ.

کارامازوف: "کوڕەکانم گوێ بگرن... دەگەڵ تۆمە ئیڤان... و تۆش ئەلکسی. زۆر بە داخەوەم کە خوێنی کارامازوف بە دەمارەکانی ئێوەدا ناڕوات. هەردووکتان گەنجن، گەورەو تەواون بەڵام بۆنی شیری خاوتان لە زار دێت... من بە درێژایی تەمەنم کۆم لە هیچ نەکردووەتەوە، لە هیچ نەگەڕاومەتەوەو هیچ شەوێك سەرم نەکردووەتە سەر سەرین، بەڵام تۆ... ئەلکسی... دەبینم بووی بە کەشیش. دێرنشینی مەحروم لە هەموو لەزەتێکی ئەم دنیایە... و تۆ ئیڤان.. موعەلیمو وتارنووس، خەیاڵپێسو خۆشخەیاڵو گۆشەگیر... ئێی کارامازوف... تۆ لە کوێو ئەمانە لە کوێ... من داوایەکم لە تۆ هەیە... گەرەکمە بڕۆی بۆ شاری چرماشنیا، و لە جیاتی من قەواڵەی فرۆشتنی موڵکێك ئیمزا بکەی... تێدەگەی ئیڤان؟ حەز دەکەم تۆ ئەم کارە بکەی...

ئیڤان: باوکە دەکرێ بپرسم بۆچی خۆت ئەم کارە ناکەیت؟

کارامازوف: قسە مەکە ئیڤان. حەز ناکەم پرسیارم لێبکەی.

ئیڤان: پرسیاری ئەوەم کرد بۆچی خۆت ئەم کارە، کە ئەوەندە بەلاتەوە ئاسانو بچووکە ناکەیت؟.

کارامازوف: دەستم ناگات، کاری گرینگم هەیە، حاڵی بووی؟پێویست ناکا تەمەشام بکەن. من ئێوەم گەورە کردووە تا یارمەتیم بدەن...

بەڵام کارامازوف راستی نەدەکرد. ئەو گەورەی نەکردبوون، بەڵکو ئەو جووتە پاش ئەوەی هاتبوونە ژیانەوە، لە ڕای ژیانو منداو بۆ ئەوەی بگەنە شتێك،و شتێك بە شتێ بکەن رەنجی زۆریان کێشا بوو. کارامازوف بە رواڵەت سێ کوڕی هەبوون کە گەورەکەیان دیمیتری بوو و لە ژنی یەکەمی بوو. ئیڤانو ئەلکسی لە هاوسەری دووەمی بوون، و ئەم دوو ژنە هەردووکیان لە داخی خۆپەرستیو خۆسەری کارامازوف بە نامرادی سەریان نابووەوە. کوڕانی خوا بەختەکی

بەرەڵلا بوو بوون، ئەو کەسەی کە گەورەی کردبوون لە راستیا گریگۆری، پیرە خزمەتکاری ئەمەکداری ماڵباتەکەیان بوو.

دیمیتری ساڵانێکی بە ئاوارەیی و دەربەدەری قەتاندبوو تا لە ئەنجامدا پەیوەندی بە سوپاوە کردبوو. دیمیتری هەمیشە بیری لە یەك شت دەکردەوە، ئەویش ئەوە بوو کە رۆژێ لە رۆژان رووبەڕووی بابی ببێتەوەو تۆڵەی خۆپەرستییەکانی لێبکاتەوە. ئیڤان بە هەزار فەلاکەت و دەردو رەنج گەیی بووە زانستگەو بۆ ئەوەی خەرجی و مەسرەفی خوێندنەکەی دابین بکات هەموو کارێکی دەکرد، یەکێك لەو کارانەی ئەوە بوو هەندێجار بابەتی بۆ رۆژنامان دەنووسی. ئەلکسی برا بچووکی کە تەبیعەتێکی گۆشەگیرانەی هەبوو چووە دێرو ئەنجام بوو بە قەشەو ئێستا هەردووکیان پاش چەندین ساڵ، بۆ دیداری بابیان، بۆ زاگەی خۆ گەڕابوونەوە.

ئیڤان لەو کاتەدا کە بابی داوای لێدەکرد بۆ شاری چرماشنیا بڕوات، دەیزانی بۆچی ئەو بەو کارە دەنێرێ. ئەلکسی برایشی هۆی ئەو داوایەی دەزانی. کارامازوف لە دیمیتری کوڕی دەترسا. ناکۆکی ئەو دووانە لەو زەمانەدا گەیی بووە لوتکەو ئەوە خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکی تری هەبوو.

دیمیتری، سەرهەنگێکی سوپای، کە خەریك بوو ریسواو مەحکوم دەبوو، رزگار کردبوو، کاترینای کیژی سەرهەنگی ناڤبری لە پاداشتی ئەو چاکەیەدا، حەزی لێکردبوو. لەولاشەوە دیمیتری حەزی لە ژنێکی بەدخوو کردبوو بە نێوی گروشنکا کە کۆنە ماشوقەی ئەفسەرێکی پایەبەرزی هۆڵاندی بوو، لەو سێ هەزار رۆبڵەی کە لە کاترینای وەرگرتبوو تا بیگەیەنێتە خوشکەکەی لە مۆسکۆ، پتر لە هەزارو پێنج سەد رۆبڵی بۆ گروشنکا لێ خەرج کردبوو. چونکە هیچ چارێکی بۆ دابین کردنی ئەو بڕە پارەیە نەبوو، چوو بوو بۆ لای بابی تا خۆی گوتەنی ئەو میراتەی کە لە دایکییەوە بۆ بەجێ مابوو، لێی وەربگرێت، دیارە کارامازوف دەری کردبوو. لەلایەکی تریشەوە کارامازوف، کەوتبووە ژێر کاریگەریی جوانی گروشنکا و ژێراو ژێر سێ هەزار رۆبڵی دابوو بە ماشوقەکەی (گروشنکا) کوڕەکەی و خستبوویە داوی خۆیەوە.

لەو ساتانەدا کە جووتە کوڕ لە خزمەتی بابیاندا دانیشتبوون و ئیڤان دوو دڵ بوو لەوەی داواکەی بابی جێبەجێ بکات، لە پڕ لە دەرێی ماڵەکە غەڵبەغەڵبێك پەیدا بوو. هاوارو هەرای پیاوێك دەهاتە گوێ کە داوای لە کارامازوف دەکرد بێتە مەیدان. دوای کەمێك دەرگای ژوورەکە کرایەوە، پیاوێکی توڕە هاتە نێو دەرگاکە. ئەو پیاوە دیمیتری بوو کە ئاگری شەڕ لە چاوە رەشەکانی دەباری.

کارامازوف: ئەم شێتە دەمکوژێت... ئەم شێتە دەمکوژێت... فریام بکەوە ئیڤان...

دیمیتری: گروشنکا لە کوێیە؟ قسە بکە پیری خەڵەفاو.

ئیڤان: هێواش برا... هێواش... پێموایە تۆ بە هەڵەدا چووی...

دیمیتری: ئیڤان. بە زاتی خوا من بە چاوی خۆم دیتم کە هاتە ئەم ماڵە. دەمێکە من کەمینم لە دەوروبەری ئەم ماڵە داناوە... دەمزانی کە ئەم پیاوە خۆپەرستە تەنانەت تەماح دەکاتە ئەشق و ماشوقەکەی منیش....

**کارامازوف: ئەم پیاوە شێت بووە...**

**دیمیتری: بە چاوی خۆتان دەبینن کە چۆن لەم ماڵەدا دەیدۆزمەوە... هەموو شوێنێك دەگەڕێم...**

**کارامازوف: ئیڤان، ئەلکسی چی بێ لە ئێوە نهێنی گروشنکا لێرەیە، لێ لەم ژوورە نیە، فریام بکەون، بمپارێزن...**

**ئیڤان: باوکە، یانی تۆ خیانەتت لێی کردووە؟**

**کارامازوف: خیانەت؟ گروشنکا ژنێکی بەڕەڵلایە، ئەگەر لێی بپرسیت، من هەڵدەبژێرێت، چونکە من پارەم هەیە... تێدەگەی؟ پارەم هەیە...**

**دیمیتری: گروشنکا لە کوێیە؟ قسە بکە کارامازوف... پێم بڵێ... کوانێ؟**

**جووتە برا، نە فریاکەوتن بابیان پەنا بدەن‌و نە توانیان رقی براکەیان دابمرکێننەوە. دیمیتری مشتێکی توندی بە سەرو چاوی بابیدا کێشا بوو و دەم‌و کەپووی پڕ کردبوو لە خوێن‌و چەند دڵۆپە خوێنێکیش بە جلەکانی دیمیتریدا رژا بوو. دوای تۆزێك دیمیتری بە پەلە ئەو ماڵەی بە جێهێشت، و دوو خزمەتکاری دیکەی ماڵەکە، کە یەکێکیان گریگوری بوو، بە سەروچاوی زامدارەوە کە دیمیتری بەر بۆکسی دابوون، گەواهیان دا کە دیمیتری لە بابی خۆی داوەو بریندار ی کردووە.**

**بویەرو رووداوەکانی رۆمانەکە، هەست‌وڕژێن‌و خەیاڵئەنگێزە. دیمیتری دەچێت بۆ لای (فنیا)ی کارەکەری گروشنکا تا لێی بپرسێت خانمی لە کوێیە، چونکە فینا نابینێ جارەکی دی لە تاریکی شەودا خۆی بە باخی ماڵەکەی بابیدا دەکاتەوە، بەڵام لە گەڕانەوەدا، گریگۆری کە ناسی بوویەوە، زامدار دەکات. لە ماڵی ماشوقەکەیدا، هەڕەشە لە کارەکەرەکەی دەکات‌و کارەکەرەکە لە ترسا پێی دەڵێ کە گروشنکا چووە بۆ شارەکەی دراوسێیان. دیمیتری بە پەلە بۆ ئەوێندەر دەڕوات. کاتێ پێ دەنێتە هۆڵی میوان تەمەشا دەکات کۆمەڵە میوانێك دەوری ماشوقە دڵرفێنەکەی ئەویان گرتووە، لەوێدا کۆمەڵێك رووداوی ناخۆش روو دەدەن تا سەرەنجام گروشنکا بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوەو ئامادە دەبێت لەگەڵیا وەدەربکەوێ. بەڵام لە ساتێکدا هەموو شتێك دەگۆڕێت. ئەفسەرێك دەگەڵ چەند جەندرمەیەکدا دێنە ژووری‌و دیمیتری کارامازوف بە تۆمەتی تاوانی کوشتنی بابی دەگرن.**

**فیودور پاڤلوڤیچ کارامازوف لە نێو جێگاکەی خۆیدا کوژراوەو پارەکانی دزراون. بکوژ جگە لە دیمیتری کارامازوف، دەشێت کێ بێ، چونکە هەر ئەو هەمیشە هەڕەشەی لە بابی دەکرد کە دەیکوژێت. گەنجێك کە لەو دوا دواییانەدا سەیری کردبوو بابی بووە بە رەقیبی ئەشقی ئەو، کوڕێك کە پارەیەکی زۆری لە باخەڵدا بوو و دیار نەبوو ئەو هەموو پارەیەی لە کوێ هێناوەو لەمانەش گرینگتر ئەوە بوو پەڵەی خوێنی بابی بە جلەکانی ئەودا پرژا بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، تۆمەتبار لێکدا لێکدا سوێندی دەخوارد کە ئەو بابی خۆی نەکوشتووە. کەواتە بکوژ کێیە؟**

**ئەلکسی: ئیڤان، دەزانی من کەسێکی رۆحانیم، ئامادەنیم، هیچ درۆیەك بکەم، پێچەوانەی راستی بڵێم، من ئەمڕۆ لە زینداندا دیمیتری برامم بینی‌و ماوەیەك قسەم دەگەڵی کرد. من دڵنیام کە ئەو**

تاوانی قەتڵی نەکردووە. ئەگەر لە بیرت مابێ ئەو رۆژەی کە مشتێکی لە بابە دا، بە ئاستەم بریندای کرد، برینەکەی زۆر بچووك بوو.

ئیڤان: من بە خۆم دەموچاویم شتو پاشان یارمەتیم دا تا بچێتە سەر جێگاکەی خۆی، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئیسراحەت بکات. نیگەران بوو، و بەردەوام دەیپرسی: "گروشنکا لە کوێیە؟"

ئەلکسی: بەڵێ، من دڵنیام ئەوەی ئەو رۆژە رووی دا، ئەوە نەبوو کە دیمیتری لەسەر حوکم بدرێ. بەڵام تۆ وەرە پێم بڵێ، دەبێ کێ ئەم تاوانەی کردبێت؟

ئیڤان: من ئاگام لێی نیە. ناتوانم هیچ مەزەندەیەك لێ بدەم. من هەمان شەو، لەسەر داوای بابە بۆ شاری (چرماشینا) رۆییشتم. کە گەڕامەوە بەسەر ئەم کارەساتەدا هاتمەوە.

ئەلکسی: بەڵێ، هەمووان ئاگایان لەم بەسەرهاتەیە، لەو ماڵەدا جگە لە گریگۆری پێشخزمەتی وەفادارو جگە لە سەمەردیاکۆف، ئەو گەنجە فێدارەی کە ساڵەهای ساڵە خزمەتی بابم دەکات هیچ کەسێکی دیکە نیە کە مایەی گومانی ماموران بێت: هەموو بەڵگەکان ئەوە دەنوێنن کە دیمیتری بابەی کوشتووە، بەڵام من دڵنیام کە ئەوە کاری ئەو نیە. کەواتە دەبێ کێ کوشتبێتی؟ چ کەسێك؟ سەمەردیاکۆف، ئەو گەنجە فێدارە کە لەمنداڵییەوە لەو ماڵەدا دەژی کێیەو چ پەیوەندییەکی بە کارامازۆڤ پیرەوە هەیە؟

سالانێك لەوەپێش، لەو ماڵەدا شتێك رووی دابوو کە دەشێت جۆرە پەیوەندییەکی بە رووداوی کوشتنی موڵکداری پیر (کارامازوف)ەوە هەبێت، "لیزا" کیژێکی خشکۆك بوو کە ئەقڵی تەواو نەبوو و لە نێو خزمەتگوزارو کارەکەرەکانی کارامازوفدا خەریکی خزمەتگوزاری بوو، یانی یەکێك بوو لە جەمعی کارەکەرەکانی کارامازوف. شەوێك کە هاوسەرەکی گریگۆری، خزمەتکاری ئەمەکداری ئاغا، دەزێ ودەمو دەست منداڵەکەی دەمرێت، هەمان شەو (لیزا)ش کە بە دزییەوە لە ئاغا حامیلە بوو بوو منداڵێکی گۆجی بوو بوو، و ناویان نا سەمەردیاکۆف، گریگۆری ئەو منداڵەی لەجێی منداڵەکەی خۆی کە مرد بوو، هەڵگرتەوەوە کردی بە کوڕی خۆی. کەس بەم نهێنییەی نەدەزانی. بەڵام خودی کارامازوف کە بەشێوەی جۆراو جۆر دڵسۆزیو بەزەیی دەرهەق بەو منداڵە گۆجە نیشان دەدا، زۆر چاك ئەو حەقیقەتەی دەزانی، یانی بەم حسێبە تۆ بڵێی کارامازوف لەلایەن کوڕە گۆجەکەیەوە (سەمەردیاکۆف) کوژرا بوو بێت؟

بەڵێ، ئەمە رازێك بوو کە ئەو گەنجە گۆجە بە خۆی لە لای ئیڤان درکاندبووی، بەڵام چونکە هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نەبوو، ئاگاداری کردبووەوە کە ئەگەر ئەو رازەی لە شوێنێکی دی بدرکێنێ ئەوا گوناحی کوشتنەکە دەخاتە ملی خۆیو ناوی دەکەوێتە ناو ناوان، ئیڤان لە یەکەم ساتدا لێبڕا بوو لەبەر خاتری رزگاری برایەکەی، حەقیقەتی کوشتنی بابی بە دامو دەزگاکانی حکومەت بڵێ، بەڵام دوایی چاوپۆشی لەم کارە کرد، بۆچی؟ چونکە بە خۆی حەزی لە کارترینا کردبوو، ئەو کاترینا جوانو خشیکەی کە قەرار بوو شوو بە دیمیتری بکات، بەڵام بێ سەروبەریو خەمساردیو بێ موبالاتی ئەو، کیژەی وەفاداری لێ دوور کردبووەوە.

بۆ ماوەیەکی کورت ئیڤان کەوتە ژێر گوشاری عەزابی ویژدانەوە، بەڵام ئەنجام بریاری دا کە ئەو رازە لەلای ئەلکسی برای بدرکێنێ. ئێوارانێك کە تووشی براکەی بوو، بەر لەوەی زار

هەڵێنیٚ و رازە سامناکەکەی کوشتنەکەی بابی لەلا بدرکێنیٚ، ئەو پێی گوت کە سەمەردیاکوف خۆی بە پەتێك هەڵواسیوەو کۆتایی بەژیانی سەراپا دەردو مەینەتی خۆی هێناوە.

ئەلکسی: برا، هەرگیزو تا لە ژیانا بم، دیمەنی ئەمڕۆی دادگا لەیاد ناکەم. دادسێن هێندە بە ئەرخایەنی دیمیتری بە تۆمەتی کوشتن تاوانبار دەکرد کە هیچ دەرفەتێکی بۆ هیچ قازیەك نەهێشتەوە، پەیتا پەیتا هاواری دەکرد:

"تۆ هەقی ئەوەت هەبوو نەفرەت لە بابت بکەی بەڵام ماف ئەوەت نەبوو بیکوژیت. ئەو سیٚ هەزار رۆبڵەی، کە لە ژێر سەرینەکەیت دزی، چیت لێکرد؟ ئێمە ئاگامان لەمە هەیە کە بڕێکیت لە کویٚ سەرف کردووە، بەڵام باقیەکەی کوا؟" و دیمیتری بێنەوا، بەردەوام وەڵامی دەدایەوە: "ئەو پارانە هی کاترینای دەزگیرانم بوو."

ئیڤان: قازیەکانیش باوەڕیان پێنە دەکرد؟

ئەلکسی: بە هیچ کلۆجیٚ، ئیڤان ئەگەر دەتزانی چ حەشاماتێك لە خەڵکانی ناوداری روسیا هاتبوونە تەمەشای دادگا، چ جلو بەرگێکی نایابو فاخیر لەویٚ لەبەر خەڵکی دا بەرچاو دەکەوت؟ هەر هەمووان وایان دەزانی دیمیتری هەوەسبازی نمرە یەکی سەرانسەری روسیایەو لەبەر خاتری لەزەت جۆیی خۆی ئەو تاوانەی ئەنجام داوە.

ئیڤان: تۆشیان بۆ کورسی گەواهان بانگ کرد؟

ئەلکسی: بەڵیٚ، من سوێندم خوارد کە باوەڕم وایە بکوژی بابم، دیمیتری برام نیە. دڵنیام لە دانیشتنی دواتردا تۆش بانگ دەگەن....

ئیڤان بۆ دانیشتنی دادگا بانگ کرا، لەو دەمەدا رەنگی پەڕی بوو، و زمانیشی کەوتبووە تەتەڵە. هەر کە پرسیارەکەی دادسێن خوێنرا بووەوە، ئیڤان هاواری کرد بوو،

ئیڤان: قازیانی بەڕێز! تەمەشای ئەم پارانە بکەن تەمەشایەکی ئەم زەرفە پارەیە بکەن. ئەمە هەمان ئەو پارەیەیە کە لە بابم دزراوە. ئێوە دەپرسن بکوژ کێیە؟ من تەنیا دەتوانم سوێند بخۆم کە بکوژ، دیمیتری برام نیە. بکوژ کەسێکی ترە کە ئێستا لە دنیادا نەماوەو بۆ نەگبەتی لە رۆژی یەکەمدا کە مامورانی ئێوە، ماڵەکەی ئەویان پشکنی، چاویان نا بینا بوو و تاوانباری راستەقینەیان نەبینی. ئاغایان! ئەم پیاوە بکوژ نیە. بکوژی راستەقینە لە دنیادا نەماوەو ئێوە ناتوانن لە گۆڕە ساردو سڕەکەی دەری بێننەوە...

دانیشتنی دادگا، بە هۆی نیگەرانیو بێقەراری ئەوەوە ئاڵۆز بوو. هەندێك لە ئامادەبووان بە گومانەوە تێیان روانی، ئایا بکوژی راستەقینە هەمان ئیڤان کارامازوفەو دەورێکی دیکە دەبینیٚ؟ لەم بەینەدا بویەرێکی دی پێشهات کە کۆتایی بە هەموو چەندو چوونێك هێنا، ئەویش نیشاندانی نامەیەك بوو لەلایەن کاتریناوە، ئەو کیژە خشیکەی کە رۆژیٚ لە رۆژان قەرار بوو ببیٚ بە هاوسەری دیمیتری. ئەو نامەیە بەڵگەیەکی زندوو و دوور لە هەر گومانێك بوو کە دیمیتری لەوێدا نووسی بووی:

"من ئەگەر ملی بابی خۆیشم شکاندبیٚ بەو زووانە پارەکەی تو دەدەمەوە. تۆ لە قاپی خوا بپارێوە کە دەستم بە خوێنی ئەو سوور نەبێت".

دوا ڕەئی دادگا دیار بوو. بە کوێ دەنگ دیمیتری مەحکوم کرا، لە کاتێکا ئەو بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:

"ئاغایان! خودا شایەدە من بام نەکوشتووە. ئەمانە هەموو دژی من دەستیان تێکەڵ کردووە. کاترینا، من لەم تاوانەت دەبورمو ئێوەش برایان، دۆستانی من، ڕەحم بەو ژنەی دیدا بکەن کە بە دڵو گیان منی خۆش دەویستو ئێستا دەموچاوی لە روندكو فرمێسکاندا هەڵکشاوە...

ئەو خەمە گیانپروکێنو پڕ ئازارەی کە لە سەرانسەری ڕۆمانی برایانی کارامازوفدا شەپۆل دەدات، دەردو ئازارێکە کە لە ڕاستیدا لە دڵو دەروونی خودی نووسەردا پەنگی خواردووەتەوەو نووسەر بەوپەڕی وەستایەتیو هونەرمەندانە بۆ خوێنەرانی بەرهەمەکەی گواستوەتەوە. دۆستویفسکی لەم قۆناغەدا تەنیا چیرۆکنووس نیەو بەس، بەڵکو دەروونناسو سایکولۆجیستێکی زەبەردەستەو دەچێتە قوڵایی روحو دەرونی خوێنەرەوەو وەکو قارەمانەکانی، وئاوێنەی خودی خۆی دەداتە دەستی.

بێگومان دۆستویفسکی لە کرداری خەڵکی سەردەمی خۆی بێزارو ناڕەحەت بووە، مەحاڵە بتوانین باوەڕ بەوە بکەین کەسێك کە بە خۆی ئازارو دەردو مەینەتیو داماوی نەبینی بێو نەجەڕباندبێ، بتوانێت بەو زەبەردەستیو مەعلانییە، باسی بکات. ئەو ڕەفتارانەی کە هەندێ لە قارەمانەکانی، بە تایبەتی خودی کارامازوف دەیکەن، ئەوەندە ئاساییە کە لە تۆ وایە نووسەر بە خۆی کارامازوف بووە، بەڵام ئەو ئینسانەی کە ئەو لە ڕۆمانەکەیدا خوڵقاندوویەتی، مانای زوڵمو زۆرو ستەمکاری نازانێ، بەڵام نووسەر دەیزانێت. جا لەم حاڵەدا دەبێ ئەوەمان قەبوڵ بێت کە دۆستویفسکی لە هەمان کاتدا، هەم کارامازوف بووەو هەمو دیمیتری-ش بووە.

دۆستویفسکی، لەم ڕۆمانەدا ویستویەتی حەقیقەتێکی دیکەش نیشان بدات. ویستوویەتی بڵێ ڕوسیای سەردەمی تزاری، کە ئەم بە خۆی لەو سەردەمەدا ژیاوە، ڕوکەشو ڕواڵەتی شارستانیەتی پڕ بریقو باقی ڕۆژاوای وەرگرتووە، بەڵام لە ناخی خۆیدا هۆڤیگەریو دڕندەیی خۆی پاراستووە. ڕۆمانی برایانی کارامازوف وێنەو تابلۆیەکی ڕۆشنو زندووی ڕوسیای سەدەی نۆزدەیەمە. وا دێتە بەرچاو ڕۆماننووس ویستبێتی ڕۆمانەکەی درێژتر بێ، چونکە قوتکردنەوەی کەسانێك کە نەخشو ڕۆڵی پێویستیان نیە، و تێهەڵکێشانی دیمەنانێك کە ڕۆڵی گرینگیان لە چیرۆکەکەدا نیە، خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە نەخشەو پلانی نووسەر بۆ کتێبێکی گەورەترو تێرو تەسەلتر بووە. بەڵام ئەوەی واداری کردووە کە پەلە بکاتو زووتر ڕۆمانەکەی تەواو بکات، ئەمە بووە کە دۆستویفسکی بە درێژایی تەمەن لە ژێر گوشاری خاوەن قەرتاندا بووە.

لە چیرۆکی برایانی کارامازوفدا، سیمایەکی دیکەی میر مایشکین-کە یەکێکە لە قارەمانانی چیرۆکی ئەبلە، دەبینین، ئەویش ئەلکسی کوڕە بچووکی کارامازوفە کە بە ئالیوشا بانگ دەکرێت. ئەلکسی کەسێکی دڵپاكو ئابڕومەندو دروستکارە. هەموو کەسێکی خۆش دەوێ، پرش بە مانای وشە مرۆڤدۆستەو ئەوانی دیکەش ئەویان خۆشدەوێ. ئیڤان، برایەکەی تری زیرەكو هۆشمەندە، بەڵام لە ئاستی دڵپیاکیو روح سووکی ئەلکسی دا نیە، ناتوانین بە کەسێکی دڵپیس

و بیٚ ئینساف و بەدکاری لە قەڵەم بدەین، چونکە ئەگەر بەدکردەوەو دڵڕەش بوایە دووچاری عەزابی ویژدان نەدەبوو و سەرەنجام کارێکی نەدەکرد کە بە فەوتان و لە نێو چوونی خۆی بشکێتەوە. لیٚ دیمیتری لە نێو ئەم سیٚ برایەدا سیمایەکی دڵگیری هەیە، کێوییە، کەوی نابێت و جۆش و خرۆشی ژیان لە ناخیا شەپۆل دەدات، بەڵام خوێڕی و تۆڕی نیە. کێشەو ئاریشەو گەنگەشەی هەمیشەیی دەگەڵ باببدا ئەوەیە دەڵێت ئەگەر تۆ ئامادە نیت دەستی باوکایەتیم بۆ درێژ بکەیت و لە سەروەت و سامانی خۆت شتێکم بدەیتیٚ، من هەقی ئەوەم هەیە داوای ئەو بەشە میراتەت لێبکەم کە دایکم بۆی بەجیٚ هێشتووم- کێشەی توندی ئەو دووە لەمەوە دروست دەبێت.

کێشەی نێوان باب و کوڕ، خۆی لە خۆیدا دیمەنێکی جوانی چیرۆکەکەیە، بەڵام لێرەدا کەسێك کە کاری ئەو لە هەمووان هەستیارترە، و بە رواڵەت هیچ جیلوەو ڕەونەقیچکی لە چیرۆکەکەدا نییە، برای چوارەمە کە ناوی سەمەردیاکوفە. ئەم گەنجە نیمچە نەخۆش و سەرکوتکراوە، کە بەرواڵەت خزمەتکاری کارامازۆڤ باوکە، لە راستیدا کوڕیەتی، دەستی دەچێتە خوێنی کارامازوف و دەیکوژێت، بەڵام هیچ کەسێك حیسابی بۆ ناکات، تەنانەت ئەو کارەش نابێتە بایسی ئاسودەیی خەیاڵ و رزگاریی ئەو، چونکە لە ئەنجامدا خۆی هەڵدەواسێت و کۆتایی بە ژیانی سەراپا رەنج و مەینەتی خۆی دێنیٚ..

نابێت بەزێدەڕۆیی گەر بگوتریٚ رۆمانی برایانی کارامازوف یەکێکە لە رۆمانە هەرە بەرزەکانی هەموو سەردەم و رۆژگارەکان. گەلێك لە رەخنەگرانی نێوداری ئەدەبی جیهان، ئەم رۆمانە بە یەکێك لە دە گەورە رۆمانی دنیا دەژمێرن.

پەیامی راستەقینەو دوا پەیامی ئەم نووسەرە مەزنە لەم رۆمانەدا، کە دوا رۆمانی گەورەیەتی، ئەمەیە کە لەم جیهانەدا دەتوانی ئاسوودەو بەختەوەر بژیت، بە مەرجیٚ ئاشتی و ئارامی دەروون و ناخت بپارێزیت و ئەم ئاواتەش ئەگەر تیشکی ئیمان دڵ و دەروونت رۆشن نەکاتەوە، هەرگیز نایەتە دی.

*          *          *

ئەگەر دەرمانی دەردە زۆرو زەوەندەکانی ژیان بە "ئاسودەیی و ئاشتی و ئارامی دەرون" بزانین و پێمان وابیٚ دۆستویفسکی لە رۆمانە دانسقەو بەرزەکەی (برایانی کارامازوف)دا ئەو پەیامەی بۆ خوێنەرانی خۆی پیٚ بووە، ئەوا دەبیٚ ئەوەمان قەبوڵ بیٚ کە ئەویش میناکی تولستوی ئەخلاق و چاکەو فەزیلەت و ئیمانی بە فاکتەرێن دابینکردنی بەختەوەری زانیوەو کەم و زۆر وەکو ئەو بیری کردووەتەوە، لە کاتێکا کە ئەمە وانیە. ڕاستە هەردووکیان لە یەك سەردەمدا ژیاون، هەردووکیان سەر بە یەك کۆمەڵگە بوون، بەڵام جۆری پەروەردەو زانستیان زۆر لە یەکدی جیاواز بووە.

دۆستویفسکی زادەی خێزانێکی ناوەنجی حاڵی شارنشین بوو، بەڵام تولستوی لە خێزانێکی دەوڵەمەندی گوندنشین هاتبووە دنیا. تۆلستۆی بە زۆری دوو چینی جیاوازی لە بەردەم خۆیدا دەبینی و ئەو قسانەشی کە دەیکردن دەربارەی ئەم دوو چینە بوون، یەکێکیان چینی ئەشراف و

ئاغا بوو و ئەویتریان چینی وەرزێران ومسکێنانی هەژار بوو. بەڵام دۆستویفسکی سەروکاری دەگەڵ چینی بورژوای شاریدا بوو، سەرو سەختو مامەڵەی دەگەڵ پیشەوەراندا بوو. بۆیەرو رووداوی زۆربەی چیرۆکەکانی تولستوی لە دەشتو بانەکانی روسیادانو رووداوی چیرۆکەکانی دۆستویفسکی لە جەرگەی گەڕەکە قەرەباڵغەکانی شاردا روویان داوە. کە باسی دێ یان گوندێك دەکات، ئەم دێو گوندە لە هینەکانی تولستۆی ناچن.
بۆیە پێویستە لە جۆری ژیان ئەو دوو نووسەرەدا بۆ جیاوازی سەلیقەو هزرینیان بگەڕێی. دۆستویفسکی کوڕی دکتۆرێکی جەڕاحی ئەسڵزاردە بوو کە لە ئاخرو ئۆخری ژیاندا لێکەوتبوو و لە ناچاریدا، لە خەستەخانەیەکدا کاری دەکرد کە تایبەت بوو بە چینی رەشو رووتو هەژارانەوە. بابی پیاوێکی یەجگار عەبوسو جدیو سەختگیر بوو، وفیودۆری کوڕی لە ماڵێکدا پەروەردەو گەورە بوو کە توندو تیژیو توڕەیی بەسەریا زاڵ بوو. هیچ دیار نیە کە بۆچی فیدور تووشی نەخۆشی فێداری بوو، بەڵام هەرچییەك هەبێ، ئەم منداڵە نەخۆشە لەم ماڵە پڕ کێشماکێشو ئاژاوەیەدا زۆر ناڕەحەت بوو و لە ئەنجامدا بە چاوانی خۆی بینی کە چۆن مسکێنو رەنجبەرەکانی خۆیان، لە بابی هاتنە دەست، بریندا‌ریان کردو کوشتیان. هەندێ لە رەخنەگران پێیان وایە کە لە چیرۆکی برایانی کارامازوفدا، سەمەردیاکوف خودی ئەوە. سەمەردیاکوف، منداڵێکی سەرکوتکراوی بێدەنگی ماتو خەمینو خەمبار بوو کە تووشی نەخۆشی فیداری هاتبوو، جا لە ژیانی واقیعیدا خودی فیدور وابوو. جا ئەگەر لەم چیرۆکەدا ئەوە دەخوێنینەوە کە سەمەردیاکۆف بە دزییەوە بابی خۆی کوشتووەو پاشان خۆی هەڵواسیوەو خۆی لە سێدارەداوە، هیچ سەیر نییە ئەگەر تەسەوری ئەوە بکەین کە فیدوریش لە ناخو دڵی خۆیدا ئەو ئارەزووەی هەبووبێت، بەڵام ئیدی دەرفەتی جێبەجێکردنی ئەو ئاواتو ئارەزووەی بۆ نەڕەخساوە. جا بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە بەڵگەیەکی دیکەش لە ئارادا هەیە. فیدۆر، وەکو دەڵێن، دایکی خۆی بەڕادەی عەشق خۆش وستووە، جا مەیلی فیودور بەلای دایکی داو ژیانی زۆر سنووورداری ئەوو تەمەشای لەزەتخوازییەکانی بابی لە دایکی کە خۆشەویستی ئەو بووە، دەشێت هۆکارێك بوو بن بۆ دروستکردنو پەروەردەکردنی هزرێن نەخۆشانە لەلای.
فیودور هەر لە منداڵیەوە بابایەکی خەیاڵاوی بووە. لە ساڵی ١٨٣٧دا، لە تەمەنی شانزە ساڵیدا چووە قوتابخانەی ئەندازەی سوپایی، و لە مۆسکۆی زێدی خۆیەوە بۆ سانپترسبۆرگ رۆیی، هەموو دەیانزانی کە فیودور لەم فێرگەیەدا هەڵناکاتو بەردەوام نابێت. هەرواش دەرچووو. دوای چەند ساڵێك ئەوێندەری بەجێ هێشتو چوو بە سۆراخی نووسەرییەوە. یەکەمین بەرهەمی خۆی لە ژێر سەر ناڤی (هەژاران)دا لە ساڵی ١٨٤٦دا، کە تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو، نووسی. کاتێ هەژاران بڵاوبووەوە، لە روسیادا نووسەرێکی بە توانا بە نێوی گوگوڵ پەیدا بوو بوو کە پسپۆڕانو شارەزایان بە دامەزرێنەری قوتابخانەی ریالیستیان دەزانی، ئەوانەی کە چیرۆکەکەی دۆستویفسکی-یان خوێندبووەوە گوتبوویان کە لەم چیرۆکەدا بایەخێکی فرەی بە (مرۆڤدۆستی) داوەو ئەمە هەمان شێوەو شێوازە کە گوگوڵ لە چیرۆکەکانی خۆیدا بەکاری هێناوە. هەژاران، لە راستیدا سەرگوزشتەو واریقاتی فەرمانبەرێکی هەژاری دەستکورتی

حکومەتی بوو کە دڵبەندو شەیدای کیژێکی لە خۆی نەگبەت تر بوو بوو ئەنجامی ئەو جۆرە ڤیانەش دیارو خویا بوو. گوگوڵ حەزی لە مجۆرە قارەمانانە دەکردو هەوڵی دەدا کاراکتەرێن بەرهەمەکانی خۆی لە نێو ئەمجۆرە چینە هەژارو بەش مەینەت-و لە هەمان کاتدا چینی زاڵو باوی رۆژ-ەدا هەڵبژێرێت.

دۆستویفسکی لەوە بوو هەمان رێچکەو رێبازی گوگوڵ بگرێتە بەر ئەگەر بە حەپسی ئیجباری حوکم نەدراباو بۆ سیبریا دوور نەخراباوە. دۆستویفسکی لەو دواییانەدا پەیوەندی بە گروپێن نهێنی ئازادیخوازانەوە کردبوو و کاتێ کە ساغ بووەوە ئەندامی کۆمەڵەی ڕادیکالی پتروسوفسکییە، یەکسەر حوکمی خەنەقاندنی بەسەرا دراو بڕیاردرا بە جۆقەی ئیعدام بسپێردرێت، بەڵام لە دوا دەمدا، رێکەوتێکی بچووك لە مەرگ رزگاری کردو حوکمەکەی بۆ سووك کراو بە حەپسی ئەبەدی لە تاراوگەی سیبریا.

رۆژگاری ئاوارەیی و دەربەدەری و رۆژ رەشی فیدور، لە هەشت ساڵ پتری نەخایاند کە چوار ساڵی لە حەپسخانەو تاراوگەی سیبریا بەسەر بردو چوار ساڵی دیکەشی بە ناوی قەراوڵو پاسەوانی سەربازگەی ئەسیایی بەسەر برد کە مووچەیەکی یەجگار کەمی وەردەگرت.

تەمەنی سی و شەش ساڵان بوو کە جارێکی دی مۆسکۆو سانپترسبۆرگی دیتەوەو مۆڵەتی وەرگرت کە جارێکی دیکە درێژە بە نووسین بدات. بەسەرهات و سەربهوردی ساڵانی خەمناکی مەحکومیەتەکەی دەبێ لە کتێبی (یادگارەکانی خانەی مردووان)دا بخوێنرێتەوە. لە ساڵانی ١٨٦١- ١٨٦٢دا رۆمانی (المزلون و المهانون)ی بڵاوبووەوەو ئەوانەی کە ئاشنایەتیان دەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووتریدا هەبوو، هەموو شایەتیان بۆ دا کە دۆستویفسکی بەرەو پێگەییشتن چووەو بیرکردنەوەو هزرینی قوڵترو بەرینتر بووە. (یاداشتە نهێنییەکان) بەرهەمێکی دیکەی دۆستویفسکی بوو کە دوا بە دوای (المزلون و المهانون) بڵاوبووەوەو بەرە بەرە بەرەو ئەوە دەچوو کە لە کۆڕو ئەنجوومەنە ئەدەبیەکانی روسیادا بیناسن کە لە پڕ (تاوان و سزا) کە شاکارێکی بێ چەندو چوونی دۆستویفسکییە بڵاوبووەوەو بەم کتێبە سەرانسەری مۆسکۆو سانپترسبۆرگی کۆنترۆل کرد.

(تاوان و سزا) بەرهەمێکی ریزپەڕ بوو. نووسەر بە توانایەکی یەجگار سەیرەوە چوو بووە قوڵایی دڵو دەروونی قارەمانەکانیەوەو نهێنییەکانی ناخی خستبوونە سەر کاغەز، ئەم رۆمانە لە ئەدەبی روسیادا هاوشێوەی نەبوو، بۆیە شارەزاو پسپۆڕان پێشبینی سەر هەڵدانی بلیمەتێکی دنیای چیرۆکنووسیان کرد. هەرواش دەرچوو. ئیدی زوو بە زوو قوماربازو پاشان ئەبلەو ئەوجا هەرزەکار بڵاوبوونەوەو ئەنجام لە ساڵانی ١٨٧٩- ١٨٨٠دا برایانی کارامازوف، باشترین بەرهەمی دۆستویفسکی و یەکێك لە دە گەورە رۆمانی دنیا، لە دایك بوو. دۆستویفسکی بەم رۆمانە بوو بە یەکێك لە بلیمەتانی بێ چەندو چوونی روسیا.

هیچ سەیر نیە گەر بگوترێ کە دۆستویفسکی نەك هەر کاری کردە سەر چەند نەسلێکی نووسەرانی روس، بەڵکو کاری کردە سەر چیرۆکنووسانی دیکەی وڵاتانی ئەوروپاییش. کارەکانی ئەو ئەوەندە گەورەو نایاب و ناوازەو نوێ و بێ وێنە بوون کە بۆ ماوەیەکی تا رادەیەك

درێژ، كتێبخوێنانی ئەوروپایی شانازیان بەوەوە دەكرد كە لە نزیكەوە سەرو سەختیان دەگەڵ بەرهەمەكانیدا هەیەو ئەو و قارەمانانی بەرهەمەكانی چاك دەناسن، دۆستویفسكی سیمایەك بوو كە لە پێش دەستپێكی سەدەی بیستەمەوە لە سەرانسەری گێتی دا ناسرابوو و بەرهەمەكانی بۆ زۆربەی زمانە زندووەكانی دنیا پاچڤە كرابوو. تەنیا شەست ساڵ ژیا، دەنا چاوەڕوانی ئەوەی لێدەكرا كە بەرهەمی بەهاداری دیكەش بخاتە سەر گەنجینەی ئەدەبی روسی.

***سەرچاوە:***

***تصويرى از ادبيات كلاسيك جهان /٥. معرفى برادران كارامازوف/ اپر فيودور داستايوسكى.***
***شركت سهامى كتابهاى جيبى / وابسته به موسسەى انتشارات امير كبير/ اسفند*** ١٣٨٨

## ٦- بێنەوایان

ڤیکتۆر هۆگۆ (١٨٠٢- ١٨٨٥) شاعیرو چیرۆکنووسی فەرەنسی ڤیکتۆر هۆگۆ گەورەترین سیماو کەسایەتی ئەدەبی فەرەنسی سەدەی نۆزدەیەمە. هۆگۆ لە هەموو تەمەنیا لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە بە ئاراستەی ئامانج و کەڵکەڵەی رەمەکی مەردم، بە تایبەتی هەژاران، بۆ وەدەستهێنانی دادپەروەری و ئازادی، کار بکات و بەرهەمەکانی بخاتە خزمەت ئەو ئارمانجانەوە، هۆگۆ تا کۆتایی تەمەنی، خۆشەویستی جەماوەری خەڵك بووەو لە پانتیوندا بە خاك سپێردراوە.

***

هیچ نابێ بە زێدەبێژی و درۆ ئەگەر بگوترێ کە بێنەوایان، ئەم بەرهەمە گەورەیەی کە یەکەمجار لە دە بەرگ دا، لە ساڵی ١٨٦٢دا بڵاوبووەوە، یەکێکە لە دە کتێبی گەورەی هەڵبژاردەی جیهان، و شاکارێکی بێ چەندو چوونی هزرو بیری بەشەریەتە کە وێنەی لە ئەدەبیاتی میللەتاندا یەجگار کەمە. کتێبێکە کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی جیلوەو دیاردەکانی ژیانی خەڵکی سەدەی نۆزدەی فەرەنسای لە ساڵی ١٨١٥- ١٨٣٣دا بە باڵاترین و روونترین شێوە وێنەگرتووەو نەخشاندووە.

هۆگۆ بە خوڵقاندنی چەند قارەمانێك کە جوانترینیان (جان ڤالجان)ە، وەکو ئافەرێنەرو داهێنەرێك، خەڵکانێکی هێناوەتە دنیاوە کە هەرگیز نامرن و تا دنیا دنیایە ناویان لە بیری خەڵکی منەوەردا دەمێنێ.

کاتێ کە ئەم شاکارە بڵاوبووەوە، شاعیرو هۆزانڤان و چیرۆکنووسی پایەبەرزو گرانقەدری فەرەنسی، لە شاری گزنری لە تاراوگەدا دەژیاو بە خۆی لەنێو جەماوەری خەڵکی وڵاتی خۆیدا نەبوو تا بە چاوی خۆی تەمەشا بکات کە رۆڵەکانی میللەتی فەرەنسا بە چ ستایش و رێزو مەحەبەتێکەوە تەمەشای دەکەن. سەرانسەری فەسڵ و بەشەکانی بێنەوایان بە ڕادەیەك بە بەشەر دۆستی و مرۆڤپەروەری بارگاوییە کە خوێنەر لە هەموو شوێن و لە هەموو حاڵێکا دەخاتە گریان. تەماشای ئەم گوتەیەی قەشەکە بکەن کە لەکاتی دەستگیری جان ڤالجان بە تۆمەتی دزی، دەیکات، و هەر ئەم قسانەو جۆری داوەرییەکانە کە کاراکتەرانی بێنەوایان، لە هەزاران کاراکتەرێن دیکەی دەستکردی خەیاڵ و ئەندێشەی بەشەر، جیا دەکاتەوە:

***برایان... ئێوە ئەم مرۆڤە شەریف و ئابڕومەندە شرپۆشەتان بە خۆڕایی. بەبێ بەڵگە بەتۆمەتی دزی دەستیگر کردووە... ئەم ئامانە زیوانە هی خۆیەتی، من داومەتێ... تۆ مام پیاو... وەرە نزیکترەوە... پێم بڵێ بۆچی ئەم شەمدانانەت نەبردووە؟ من بە خۆم ئەم شەمدانە زیوانەشم بە دیاری بە تۆدا تا بیانفرۆشێت و شتێکی لێ پاشەکەوت بکەیت و ببی بە مرۆڤێکی ئابڕومەند. تۆ بۆ خەتاکاری نەخوڵقاوی، تۆ بۆ تاوانکاری نەهاتوویتە دنیا، من دەمەوێ بەم دیاریانە روحی تۆ بکڕمەوە، رێگەی راست و دروستت پێ نیشان بدەم... دەی ئەوانە هەڵگرەو برۆ... بەڵام سۆزم بدەیە کە پارەکەیان لە رێگەی چاکەدا بەکار بەری، و ببی بە بنیادەمێکی دروستکار...***

جان ڤالجان، ئەو پیاوە ناڤساڵە روح ماندووە کە چاکەتێکی کۆنەو پانتۆڵێکی پڕ پینەی لەبەر بوو، بۆ چەند ساتێك ئەبڵەق و حەپەساو روانیە قەشەکە. چەند جەندرمەیەك لە هەردوو دەستییەوە وەستا بوون. ئەوانیش مات و حەیران دەیانڕوانیە ئەو دیمەنە. جان هەرگیز باوەڕی نەدەکرد لەم جیهانەدا مرۆڤێك هەبێ کە دڵی لەم هەموو دلۆڤانی و خێرخوازی و مرۆڤدۆستیە سەررێژ بێت. بیری کەوتەوە کە دوێ شەو کاتێ شەکەت و نیوە گیان لە دەرگای ماڵی قەشەکەی دابوو، و داوای یارمەتی لێکردبوو، و بەمجۆرە خۆی پێ ناساند بوو: برادەر، من نێوم جان ڤالجانە. من بابایەکی زیندانی مەحکوم بە کاری سەختم. نۆزدە دانە ساڵی رەبەقم لە زینداندا بەسەر بردو کاری سەختی تاقەت پروکێنم کرد، ئەوە چوار رۆژە لە زیندان هاتوومەتە دەرێ،و لە ماوەی ئەم چوار رۆژەدا رووم کردووەتە هەر کوێیەك دەرکراوم. پەنام وەبەر هەر ئوتێلێك بردووە هەرکە چاویان پێ کەوتووم و زانیویانە پێشینەی زیندانیم هەیە، دەریان کردووم. تەنانەت لە بێچارەیی دا جارێکی دی رووم کردەوە زیندان و کابرای زیندانەوانیش دەری کردم. لە ماندوویەتیدا پەنام بردە بەر کولانە سەگێك، و ئەویش گرتمی — وەکو ئەوەی ئەویش بنیادەم بێت.

چوومە دەرێی شار تا لەسەر عەردی خوا بخەوم بەڵام بارانی توند مەودای نەدا. ژنێکی دلۆڤان ناونیشانی ماڵەکەی تۆی بۆ هەڵدام، تەماشا، من سەدو نۆ فرانك و پازدە سەنتم پارە پێیە. ئەم پارەیەم لە ماوەی نۆزدە ساڵدا کۆ کردووەتەوە. تەنیا بۆ ئەمشەو لێرە جێم بکەرەوە. برسێتی و شەکەتی بڕستی لەبەر بڕیووم...

ئەم قەشە دڵپاك و مەردو رەندە بوو کە باوەشی پر مەحەبەتی خۆی بۆ ئەم بنیادەمە رەهەندەو ماڵ بە کۆڵە کردەوەو لە باشترین ژووری ماڵەکەی خۆیدا جێگەی دایەو شیڤێکی بەتام و لەزەتی بۆ داناو –سەرەنجام وەکو دیتمان، رێبواری نەگریس، لە نیوە شەودا هەرچی ئامانی زیوی ماڵی قەشەکە هەبوو، کۆ کردەوەو لەوێندەر هەڵات–و دوای سەعاتێك بەر دەستی جەندرمەو حەسحەس کەوت.

***

جان ڤالجان کێ بوو، بۆچی بە نۆزدە ساڵ زندانی و کاری سەخت حوکمدرابوو؟ ژان دێهاتیەکی دڵساڤ زەحمەتکێشی خەڵکی بری بوو کە بە گوێرەی نێوەڕۆکی فایل و کاغەزان لە ساڵی ١٧٩٦دا لەسەر دزینی تاقە یەك نان، ئەویش نەك بۆ خۆی بەڵکو بۆ منداڵێکی برسی خوشکەزای، بە پێنج ساڵ زیندانی و کاری سەخت حوکمدرا بوو،و چونکە جان کە لەو زەمانەدا پیاوێکی بیست و شەش ساڵان و لاوێکی بەهێز بوو، ئەم سزا قورسەی بە بێدادییەکی ناڕەوا دەزانی، لێبڕا لە زیندان هەڵێت و، ئەم کارەی ئەوەندە دووبارە کردەوە تا سەرەنجام ماوەی حوکمەکەی گەییە نۆزدە ساڵ،و ئەو رۆژەی کە جان لەودیو دیوارە بەرزەکانی زیندانەوە پێی نایە جیهانی ئازادو بەرینەوە، پیاوێکی چل ساڵان بوو کە نزیکەی نیوەی تەمەنی لە زوڵم و نامورادی و ئازاردا بەسەر بردبوو، ئیدی ئەم زوڵم و زۆرە گڕی نەفرەت و تۆڵەو بوغزی لە ناخیا هەڵایساند بوو...

بەڵام سەیر ئەمە بوو کە رەفتارو گەورەیی و پیاوەتی قەشەی دلۆڤان، گۆڕانکارییەکی سەیرو کوت و پڕی لە ناخی ژاندا دروستکرد. جان بۆ یەکەمین جار لە عەمراتی خۆیدا تامی چاکەکاری و مەحەبەت و دلۆڤانی چەشت، و ئەم ڕێزو حورمەتەی کابرای رۆحانی، ڕێڕەوی ژیانی گۆڕی: چەند ساڵێك لەوەدوا وەکو کەسێکی خاوەن دەسەڵاتی دەستڕۆی دەوڵەمەندو خودان پیشەو سەنعەتان لە شاری (مونتروی)دا دەی بینینەوە، چۆن ئەو پیاوە، -واتە جان ڤالجان-ی کۆنە زیندانی دەربەدەرو ماڵ بە کۆڵ، کە هەر هەموو سەرمایەیەکی تەنیا سەد فرانك و تۆزێ زیوو بوو- گۆڕاو بوو بە کەسایەتیەکی شایستەی ڕێك و پێك و دروستکارو چاکەکار بە نێوی "بابا مادلن"، ئەمە بۆ خۆی چیرۆکێکی پڕ سەربوورو پڕ پەندو عیبرەتی هەیە.

کورتەی چیرۆکەکە ئەمەیە، ئەو رۆژەی کە ئەو (جان) دەگاتە ئەم شارە، ئاگرێکی یەجگار گەورەو ترسناك لەوێ دەکەوێتەوە، ماڵی سەرۆکی پۆلیسی ئەو دەڤەرە دەکەوێتە خەتەرەوەو ژن و منداڵەکانی سەرۆکی پۆلیس دەکەونە ئابلوقەو گەمارۆی ئاگرەکەوە، ئەو کەسەی کە ئازیزەکانی وی بەوپەڕی گیانبازی و فیداکارییەوە، بەوەی گیان و ژیانی خۆی دەخاتە خەتەرەوە، رزگار دەکات، هەمان کۆنە زیندانی دەربەدەرو ئاوارە (جان) بوو. بە هۆی ئەو فیداکارییەوە مانەوەی خۆی لەوێندەر مسۆگەر دەکات و هیچ کەسێك داوای ناسنامەو بەڵگەنامەی لێناکات.

(مونتروی) لە کۆنەوە مەڵبەندی پیشەسازی جوانی بوو کە کەرەستە خاوەکەیان لە دەرێ را دێناو لەبەر گرانی کەرەستەی خاو کەسادییەك کەوتبووە کاری بەرهەمهێنانەوە.

جان وڤالجان لە رێگەی داهێنان و دەست پێشکەرییەکەوە گۆڕانێکی تازەی لەم سەنعەتەدا چێکرد، بە رادەیەك کە مونتروی بوو بە گەورەترین مەڵبەندی بەرهەمهێنانی کارەباو کەرەستەی کارەبایی و کرێکارێکی زۆر لەوێندەر کەوتنە کار.

ژنێکی خشیکی گەنج بە نێوی فانتین لە نێو ئەو کرێکارانەدا بوو، فانتین کیژێکی هەبوو بە نێوی کوزت کە بە ماڵێکی سپارد بوو بە نێوی تناردیە، ئەم ژن و مێردە تەماعکارە، هەر مانگەو بیانویەکیان لە فانتین-ی هەژاری دەستکورت دەگرت و داوای پارەی زیاتریان لێدەکرد،و غەدری دنیاشیان لە کیژۆڵە منداڵەکەی دەکرد. فانتین، بەبێ ئاگاداری خاوەنی کارخانەکە دەردەکەن و ژنەی گەنج کە هیچ ڕێگەیەك بۆ دابینکردنی ژیانی کیژەکەی نادۆزێتەوە، لە شەقامەکانی پاریسدا وێڵ و سەرگەردان بە ناچاری دەبێت بە سۆزانی و دەست بە ژیانێکی پڕ سەریەشەو ئازار دەکات. جاڤیری موفەتیشی پۆلیس شەوێك بە تاوانی سوکایەتی کردن بە کابرایەکی ئەشراف زادە دەیگرێت و بە شەش مانگ زندانی حوکمی دەدات. فانتین دەستەودامێنی دەکەوێ کە بەزەیی بەکیژە بێکەسەکەیدا، کوزت بێتەوە، چونکە ئەگەر سەد فرانك مانگانە بە خانەوادەی تنادیە نەدات منداڵە ئازیزەکەی دەردەکەنە کوڵان، لێ فرمێسك و گریانی ژنەی تاین هیچ کارێکی لە دڵەی ساردو سڕو بێ سۆزی کابرا نەکردو رێك لەم کاتەدا یەکێك دێتە مەیدان و دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکات.

ئەم کەسە، ئەم فریارەسە جان ڤالجان-ی دوێنێ و بابا مادلن-ی ئەمڕۆیە کە سەرباری ئەوەی دەوڵەمەندو خۆشەویست و دەستڕۆیە، عینوانی شارداری شاری مونتروی-شی هەیە.

بەڵام جاڤێری موفەتیشی پۆلیس لێی بە گومانە. ژاور چونکە خۆی لە زینداندا هاتبووە دنیاو شارەزاییەکی تەواوی لەمەڕ وەزعو حاڵو هەویەتی زندانیان هەبوو. لە مێژ بوو بە چاوی گومانەوە دەیڕوانیە ژیانی پڕ رازو نهێنی بابا مادلن،و وەختێ ئەم گومانە رەوییەوەو بوو بە حەقیقەتو یەقین کە بابا مادلن رۆژێك گالیسکەیەکی گەورەی، کە لە قوڕ چەقی بوو، بە گوشاری شانی خۆی دەرهێنا بووەوە، و ژاور دڵنیا بوو کە ئەم کارە جگە لە جان ڤالجان لە توانای کەسی تردا نیە.

بابا مادلن، زەمانەتی فانتین دەکاتو چونکە تووشی نەخۆشی سیل بووە بۆ نەخۆشخانەی دەنێرێتو بەڵێن دەدات کە (کوزت)ی کیژیشی بە خێو بکاتو بیخاتە ژێربالی خۆی، لەم سەروبەندەدا بویەرێکی تازە روو دەدات. لە شاری ئارادا تاوانبارێك بە تۆمەتی دزیو ئازاردانی ئەشرافو ئەربابێك-یان خستبووە زندانەوەو هەموو شایەتیان دابوو کە جگە لە جان ڤالجان-ی کۆنە زیندانی کە ساڵانێکی دوورو درێژ دادگاو دادوەرانی هێنا بووە گیروگاز، کەسی دی نیە. لەو دەمەدا کە دادگا خەریکی راگەیاندنو خوێندنەوەی دوا بڕیاری مەحکومیەتی زیندانییەکە دەبن، لە پڕ دەنگێك لە هۆڵی دادگاکەدا دەنگ دەداتەوەو سەرنجی هەموو ئامادە بووان بۆ لای خۆی رادەکێشێت:

بەڕێزانی دەستەی دادڤانی، ئەم تۆمەتبارە بێ گوناهە ئازاد بکەن. ئەو پیاوەی کە ئێوە بۆی دەگەڕێن، ئەو نیە... بەڵکو منم... شارداری مونترۆی... بابا مادلن... جان ڤالجان-ی راستی منم نەك ئەو... پێتان وانەبێ من شێت بووم... ئەرخایەن بن کە هۆشو گۆشم بە دروستی کار دەکاتو ئەوەی دەیڵێم حەقیقەتە. بەڕاستی رەوا نییە کەسێکی بێ تاوان بە نێوی منەوە حوکم بدەن، پێویست ناکات من لێرەدا سەربوری خەمناکی خۆم بگێڕمەوە، بە کورتی من رۆژێ لە رۆژان دێهاتیەکی سادەو ساکار بووم... زندانو دەردو ئازاری زندان گۆڕیانم... کردمی بە پیاوێکی شەڕاشۆی جینگزو سەرکێشو بوغزنی دڵڕەشی تۆڵە ئەستێن، بەڵام خوا نەیویست من لە نەزانیو نەفامیو بێ ئاگاییدا بمرم... کەشیشێك بە میهرو دروستکاریو بەردەباریو لێبوردەیی خۆی گۆڕیمی. ئیدی رێگەی ژیانێکی ئابڕومەندانەم گرتە بەرو بەرە بەرە دەوڵەمەند بووم... بووم بە شاردارو فەرمانداری شارو بە درێژایی هەموو ئەو ماوەیە ناوی راستەقینەی خۆم لێشاردنەوە. بەڵێ من هەمان ئەو پیاوە مەحکومە بەدبەختەم کە ئێوە لە دووی دەگەڕێن...
جا ئەگەر ئەم داوایەتان پێ خۆشەو عەدالەتتان دەوێ، ئەو ئازاد بکەنو من بخەنە زیندانەوە...

جان ڤالجان جارێکی دی کەوتەوە زیندان، لێ جارێکی دی لە ناو سالولە تەنگو تاریکەکەیەوە هەڵات. ئەو سەبرو حەوسەڵەو توانایەی نەبوو کە هەموو تەمەنی خۆی لە ئەسارەتو یەخسیریو زەبوونیو ئازاردا بەسەر بەرێت، بە تایبەتی کە ژیانی ژنێك بە نێوی فانتینو کوزت-ی کیژی لە ئارادا بوو، لێ هەڵاتنو ئازادی ئەویش دادی ژنەی کلۆڵو رۆژ رەشی نەخۆشی نەداو فانتین مردو تەنیا کەسێك لە سەرانسەری جیهاندا کە دەیتوانی ببێ بە پشتو پەناو داڵدەی کیژێکی منداڵ، هەر ئەو بوو.

***

کوزت گەورە دەبێت. ئێستا کیژێکە جوانو شەنگوڵ کە فێرگەی کڵێسای تەواو کردووەو دەگەڵ بابی خۆیدا لە پاریس دەژی. دراوسێکان، هەموویان ئەم بابو کیژە دەناسن، سەرباری هەوڵو گەڕانی مامۆران، جان ڤالجان–ی هەڵاتوو هێشتا دەستگیر نەکراوە.

لەم ماوەیەدا، پیاوێکی گەنجی لێ پەیدا دەبێت. ناوی (ماریوس)ـە، بیروبۆچوونێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە، بەڵام گەنجێکی پاك سروشتە. کوڕەو کیژەی گەنج دڵ دەنەن بە یەکەوە. بابی، کە جان ڤالجانە، بە تاسەوەیە کە جیازی بۆ کوزت بکات. بەڵام بویەرو کارەساتان بەبێ پرسو کوتو پڕ روو دەدەن. ماریوس لە ماوەیەکدا گومان لە بابەکە پەیدا دەکات، بەڵام ناتوانێ چاوپۆشی لە کیژەکەی بکات. جان ڤالجان دوا پیاوەتیو چاکەی خۆی دەنوێنێ. جیازیو ئەسبابی زەماوەندی ئەو دووانە ئامادە دەکاتو بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆیەوە کە دڵی پێوە بووە تا دوادەمی ژیان دەگەڵ کوزتدا بمێنێ، دەستبەرداری هەردووکیان دەبێت.
سەرەنجام ماریوس رۆژێك پەی بە هەڵەی خۆی دەباتو دەگەڕێتەوە بۆ لای باوکەی رەنجاو، بەڵام درەنگ بوو، کار لە کار ترازا بوو، چونکە جان ڤالجان، ئەم قارەمانە جوانو خۆشەویستە لەسەر جێگای مەرگ کەوتبوو، دوا ساتەکانی تەمەنی خۆی بەسەر دەبرد:
کوزت: باوکە، تۆ نابێ بمریت... تۆ دەبێ بژی... چاوانت بکەوە، چاوان هەڵێنە... چۆن دڵت دێ، چاوپۆشی لە کچە دڵبەندەکەت، لە کوزت بکەیت؟
جان ڤالجان: کوزت... ئەگەر دەتوانی رێ لە مردنی من بگریت، بیگرە... داوا لە خودا بکە کە من نەمرم...من تۆزێك لەمە پێش مردبووم... لێ هەنووکە کە تۆ هاتی.... زندوو بوومەوە...
کوزت: باوکە، تەمەشای ماریوس بکە. لە بەردەمتا چۆکی داداوە تا پۆزشت بۆ بێنێتەوە.. داوات لێ بکات کە بیبوری...
جان ڤالجان: من هەمیشە خۆشم ویستووە... دەگەڵ یەکدا میهرەبان بن...
کوزت: بابە. مەڕۆ... بە تەنیا بە جێمان مەهێڵە... ئێمە بەبێ تۆ ناتوانین بژین... گالیسکەمان لە دەرەوە راگرتووە... لەگەڵ ئێمەدا وەرە... لە ماڵی ئێمەو دەگەڵ ئێمەدا بژی... ئێمە تۆمان خۆشدەوێ.... من بەبێ تۆ ناژیم، هەڵناکەم... تۆ هەموو شتێکی منی... هەموو دنیای منی... بابە، عەمری من بە تۆوە بەندە... لێم جیامەبەوە...

پەژارەو گریەی کوزت بێهودەیەو کاتی مەرگی قارەمانی مەزن هاتووە. جان ڤالجان لە حاڵێکا کە کوزتو ماریوسی مێردی لە بەردەمیا چۆکیان دادابوو دەستەکانیان ماچ باران دەکرد، بە یەکجاری چاوی لێکناو ماڵاوایی لە ژیان کرد...

***

جان ڤالجان لەم بەرهەمە نەمرەی هۆگۆدا (بێنەوایان) دەمرێت، بەڵام لە راستیا جان ڤالجان هەرگیز نەمردووەو تا دنیا دنیایە لە نێو کۆمەڵگەی ئەدەبدۆستانی دنیادا بە نەمریو زندوویەتی دەمێنێ. یەکێکە لە جوانترینو خۆشەویست ترین ئینسانانی ئافەریدەی زەوقو سەلیقەو بلیمەتیو بەهرەی بەشەران،و هەرچەندە پتر لە سەدو بیستو شەش ساڵ بەسەر تەمەنیا

تێپەڕیوە، بەڵام رۆژێك نەبووە كە یادی ئەو پیاوە مەحبوب و خۆشەویستە لە دڵی هەستیاری خاوەن دڵاندا، زندوو نەبێتەوە.

رۆمانی بێنەوایان، شاكاری نەمری هۆگۆ تاقە كتێبە لە جۆری خۆیدا كە لە رۆژی بڵاوبوونەوەیدا بە نۆ زمانی زندووی دنیا لە شارانی پاریس، لەندەن، بروكسل، نیویورك، مەدرید، بەرلین، سانپترسبورگ و رۆما بڵاو بووەوەو دوای ماوەیەكی كەم بۆ سەر دوانزە زمانی دیكە پاچڤەكراو بە سەرانسەری دنیادا بڵاو بووەوە.

داهێنەری بە توانای بێنەوایان، وەكو دەڵێن، ماوەی چوارده ساڵی رەبەق كاری لەسەر كردووەو بەرهەمێكی داهێناوە كە دەتوانرێ بێ هیچ دوو دڵییەك بە یەكێك لە هەڵبژاردەترین و نایابترین شاكاری هزری بەشەر بژمێردرێت. ئەم رۆمانە ئاوێنەیەكی بێگەردو روناكی ژیانی خەڵكی هەژارو دەستكورتی فەرەنسای نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەیەمە. و سەرانسەری رۆمانەكە بە رووداوێن مێژوویی و بۆچوونی فەلسەفی بارگاوییە. ئەو كاراكتەرو مرۆڤانەی كە نووسەر لەم رۆمانەدا خوڵقاندوونی هەر هەموویان لە جۆری خۆیاندا جوان و مایەی سەرنجن: قەشەیەكی میهرەبان و چاكەكار كە بە رەندی و هەڵوێستی مرۆڤانەی رێڕەوی ژیانی تاوانبارێك دەگۆڕێت، مەحكومێك كە عومرێكی درێژ رەنج و ئازارو ناكامی كێشا هەر لەبەر ئەوەی خەتایەكی بچووكی كردبوو كە قابیلی چاوپۆشی لێكردن بوو، دایكێكی نەخۆش و دەغەزارو سیلاوی سەرگەردان كە لەبەر خاتری میهری منداڵێك دیقی مەرگی كرد، موفەتیشێكی پۆلیس كە جگە لە یاسا هیچ شتێكی دی نازانێت و ناناسێت و دلۆڤانی و دۆستایەتی و خۆشەویستی و چاوپۆشی و بەزەیی و ئینساف لە هەنبەر یاسادا بە هیچ نازانێت، و كاراكتەرانێكی دیكە كە هەر یەكێكیان نوێنەرێكی چین و كۆمەڵگەی سەردەمی خۆیانن.

بێنەوایان، بە گوتەی رەخنەگرانی ئەدەب، بەرهەمێكە سەرڕێژ لەشیكردنەوەو لێكدانەوەو راڤەو شرۆڤەو هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی. چاكە یان خراپەی بەشەر زۆر بە وردی لەم بەرهەمەدا دەخرێتە بەر وردەبینی لێكۆڵینەوەوە– بەڵام ئەوەی گومانی تیا نیە ئەمەیە كە نووسەر لایەنگری ئەخلاقەو هەمیشە تاكی تەرازووی ئەم داوەریەی بەلای چاكەدا قورسە. رووداوو بویەرەكانی ئەم رۆمانە بەشێوەیەكی یەجگار سەیر دوا بە دوای یەك و بەپێی زنجیرەی كات و شوێن دێن. چارەنووسی قارەمانەكان بیانەوێ و نەیانەوێ بە یەكەوە بەستراون، جان ڤالجان دەگەڵ جاڤێردا بەرخورد دەكات و ئەم بەرخوردەش ناچاری و حەتمیە. تناردیە، فانتین، ماریوس و ئەوانی دی بە حیساب لە هەنبەر یەكدا قوت دەكرینەوەو دادەنرێن، و ئەمە گەمەی نەگۆڕی چارەنوس و قەدەرە. راستە ڤیان و ئەڤیندارى خەیاڵئەنگێزی سەدەی رۆمانتیك لە هەر فەسڵ و بەشێكی رۆمانەكەدا شەپۆل دەدا، بەڵام لە هەمان كاتیشدا جیلوەو پرشنگ و دیمەن و دیاردەی ریالیستی ژیانی خەڵكی ئەو سەردەمەش بەرچاو دەكەوێت. بێنەوایان هەندێجار دەگۆڕێ و دەبێ بە مێژوو، بۆ نموونە لە یەكێك لە فەسڵەكانیدا جەنگی واترلو بە قەڵەمێكی واقیعبینانە نەخشێنراوە–و هەندێجاریش شێوەی نامەو پەیامێكی فەلسەفی لە خۆ دەگرێت و لەوێدا خوێنەر ئەنجامگیری هزرین و رامانی فەیلەسوفێكی بەشەر دۆست دەخوێنێتەوە. سەرباری ئەم هەڤدژیانەش،

بێنەوایان شاکارێکی بێ چەندو چوونی دنیای ئەدەبەو دەتوانرێت بە یەکێك لە دە کتێبی مەزنی جیهان بژمێردرێت.

لە نێو ئەو قارەمانانەدا کە زادەو بەرهەمی بلیمەتی هۆگۆن، دوانیان لە هەموویان دیارترو جوانترن: یەکەمیان جان ڤالجانەو دووەمیان کازی مودوی قەمورەکەی نوتردامە. هۆگۆ رۆمانی قەمورەکەی نوتردام-ی سی و یەك ساڵ بەر لە بێنەوایان نووسیوەو ئەم بەرهەمە شۆڕەتێکی تەواوی بە نووسەرەکەی بەخشی بوو. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەمەیە کە هۆگۆ بە درێژایی تەمەنی هەشتاو سێ ساڵەی خۆی خوێندنێکی رێك و پێکی زانکۆیی نەکردو لە راستیا دەتوانین بڵێین ئەم نووسەرە گەورەیە تەنیا سێ ساڵ بەرێکوپێکی چووەتە فێرگە.

ڤیکتۆر هۆگۆ کوڕی ئەفسەرێکی پلە بەرزی فەرەنسی بوو کە لە سوپای ناپلیوندا خزمەتی دەکرد، و لەبەر ئەوەی بابی بەبەردەوامی لە ماموریەتدا بوو، هەمیشە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەچوو، هەر بە منداڵی چوو بۆ ئیتاڵیا و پاشان بۆ ئەسپانیا و هێشتا هەر لە تەمەنی نۆلاویدا بوو کە کەوتە شیعر گوتن و چیرۆکنووسین، لە تەمەنی بیست ساڵیدا یەکەم کۆ شیعری بڵاوبووەوەو بەر لە تەمەنی چل ساڵی، لە سەردەمی کۆماریی دووەمدا وەکو گەورەترین شاعیری لیریکی رۆمانتیکی لە ئەدەبیاتی فەرەنسی دا ناسرا بوو. کە ناپلیۆنی سێیەم بوو بە ئیمپراتۆری فەرەنسا، چونکە دەگەڵ بیروبۆچوونی هۆگۆدا زۆر ناکۆك بوو، هۆگۆ بە ناچاری رێگای ئاوارەیی گرتەبەرو ماوەی نۆزدە ساڵی لە تاراوگەدا بەسەر برد. لەو ماوەیەدا بوو کە بێنەوایان، خەندەلێو،و رەنجبەرانی دەریا-ی بڵاوکردەوە.

لە شوباتی ١٨٧١دا کە تەمەنی نزیکەی هەفتا ساڵ بوو، بە ئەندامی ئەنجوومەن هەڵبژێردراو زۆری نەبرد بوو بە یەکێك لە ئەندامانی کۆڕی زانیاری فەرەنسا، (لوکرس بورژیا، ری بلاس، و پاشا خۆی مژول دەکات و چیرۆکی نەوەدو سێ) هەندێکی ترن لەو بەرهەمانەی هۆگۆ کە لە تەمەنی پیریدا نووسیونی.

و خەڵکی جیهان هەرگیز ئەم پێنج رستەیەی وەسێتنامەکەی لە بیر ناکەن:

* پەنجا هەزار فرانك لە دارایی خۆم بە هەژاران دەبەخشم.

* حەز دەکەم جەنازەکەم بە تابوتی هەژاران بە گۆڕ بسپێرن.

* لە دوعاو پاڕانەوەی کڵێسا بێزارم.

* حەز دەکەم کە خەڵکی دوعای خێرم بۆ بکەن.

* باوەڕم بە یەزدانی مەزن هەیە.

***

بێنەوایان یەکێکە لە گەورەترین رۆمانانی مێژوو و نموونەیەکی بەرجەستەی بزووتنەوەی رۆمانتیزمە لە فەرەنسای سەدەی نۆزدەیەم. ڤیکتۆر هۆگۆ بە قەڵەمی ئەفسونکاری خۆی و بە تێکەڵ کردنی هەژاری و بێدادی و جیاوازی چینایەتی و شۆڕشی ١٨٤٨ فەرەنسا، دەگەڵ ڤیان و سۆزو بەشەر دۆستیدا، داستانێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە میلیونان خەڵکی سەر بە کەلتورو شارستانیەتی جیاواز لە سەرانسەری جیهاندا لە ماوەی سەدو پەنجا ساڵی رابردوودا بە جۆرێ

مامەڵەیان لە تەکدا کردووە، وەکو ئەوەی دەگەڵ قارەمانەکانیا ژیابن و دەگەڵ ئەواندا رەنجیان کێشا بێ.

***سەرچاوە:***

***تصویری از ادبیات کلاسیك جهان/٦ شرکت سهامی کتابهای جیبیوابسته به موسسەی انتشارات امیر کبیر/اسفند ١٣٨٨***

## ٧- پرومیتیوس

**ئاشیل** (٥٢٥- ٤٥٦ **پ.ز**) ئاشیل یان ئاسخیلوس، درامانووسی یۆنانی و دامەزرێنەری تراژیدیایە. شانۆنامە لە پێش ئەودا بریتی بوو لە یەك ئەکتەرو کۆرسێکی گۆرانی، بەڵام ئەسخیلوس هات بە زیادکردنی ئەکتەرانی دی وەرچەرخانێکی دراماتیکی دروستکرد.

***

ئەم تراجیدیا خەمناکە، بریتییە لە کێشماکێشی نێوان مرۆڤ و یەکێك لە خواوەندەکان. خواوەندێکی یەجگار بە زەبرو دەسەڵات بە نێوی زیوس و بەندەیەکی سەرکێش و ملنەدەر بەنێوی پرومیتیوس. سەرەنجام خواوەندەکە سەر دەکەوێ، کوشتنی بەندە یاخییەکە، بڵێسەی توڕەیی و قاری ئەو دانامرکێنێتەوە، دەبێ کارێك بکات کە ئەم خەڵقەندە گومڕاو بێ باکە تا کۆتایی دنیا لە ڕەنج و عەزابدا بێت. بۆیە فەرمان دەدات کە بیبەن بۆ دەڤەرێکی چۆڵ و هۆڵ و دوور لە خەڵك و ئاوەدانی، ئەوسا بەزنجیر لەسەر ترۆپکی تیشە شاخێکی ببەستنەوەو پاشان بۆ ئەوەی لە ئازارو عەزابی هەتا هەتایی دا بێ، هیچ کاتێك نەمرێت و هەموو ڕۆژێك هەڵۆیەکی چنگ تیژی دەنووك سەخت سینگی هەڵبدڕێ و جەرگی پارچە پارچە بکات، جەرگی سەر لە نوێ بڕوێتەوەو هەڵۆیەکە سەر لە نوێ پارچە پارچەی بکاتەوەو ئەم کارە تا کۆتایی دنیا بەردەوام بێت، تا ئەم بوونەوەرە کە سەر پێچی لە فەرمانی ئەو کردووەو خەتاکاری کردووە بە پیشە، ئازاربکێشێت و هاوار بکات و هیچ فریادرەسێ بە هانایەوە نەچێت، بۆ خەڵکانی دی ببێت بە پەندو عیبرەت...

خەمی تەنیایی و بێکەسی، پتر لە گەرمی بەتینی هەتاوو ڕێژنەی باران و تێپەڕ بوونی شەوو ڕۆژو تەنانەت پتر لە ئازاری دەنووکی تیژی هەڵۆیەکەش ئازاری دەدا. چونکە لەو دەڤەرو دیارە چۆڵ و هۆڵەدا، هاوزوبانی دەویست، هاو دڵی دەویست، خەمخۆرو دڵسۆزو هاودەمی دەویست، بۆ دەستێك دەگەڕا کە بە مەبەستی یارمەتی بۆی درێژ بکرێت، ئەگەر ئەو دەستە نەشتوانێ تۆزی دڵتەنگی و مەلولی لە تەوێڵ و لە دڵی بسڕێت و بڕەوێنێتەوە،و لەم سەر زەمینەدا تاقە یارو ئاشنایەکی نەبوو.

پرومیتیوس چی کردبوو؟ چ پڕ کێشی و بێباکییەکی لەبەر دەرگای ئەم خواوەندە بێ ئینسافەدا کردبوو؟ پرومیتیوس دوو گوناهی گەورە، دوو گوناهی لە بەخشین نەهاتووی کردبوو کە سزای هەر یەکێکیان لە ڕوانگەی خودای خواوەندانەوە زۆر لەو دەردو عەزابانە زیاتر بوو کە بۆ بەندەی یاخی و لە خوا عاسی دانا بوو، یانی هێشتا خاتری گرتبوو: گوناهی یەکەم ئەوە بوو کە پرومیتیوس ڕازێکی دەزانی کە شاردنەوەو نەدرکانی لەوە بوو زیان بە قودرەت و عەزەمەتی خوداری ئەو بگەیەنێ و ئەم بەندە بێباك و عاسی و یاخی و سەر سەختە نەیدەدرکان و نەیدەدرکان، گوناهی دووەم ئەوە بوو کە یارمەتی ئینسانی دابوو: ئەو ئینسانەی کە زیوس لێی بێزار بوو، مایەی نەفرەتی زیوس بوو، ئەو خواوەندەی هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو کە تۆوی ئەم

خەڵقەندەیە لە گەردون دا ببڕێتەوەو لە جیاتی ئەو، خەڵقەندەیەکی دیکە، بە کەیفی دڵی خۆی، دروست بکات.

پرومیتیوس ئاگری بە ئینسان دابوو و ئەم ئاگرە فەرامۆشخانە ساردو تاریکەکەی بەشەرانی کە هەموو دلاوەرەکانی داماوو نابینا خزی بوونە گۆشەیەکەوە گەرم‌و روناك کردەوە. ئاساییە ئەم بەشەرە کە هێزی وزەی زیرەکی تێدایە ئەگەر گیانی وەبەر بێتەوەو دەلیڤەی دەست بکەوێ، شەڕی پەروەردگاری خۆسەر بکات‌و لەوەشە لە عەرشی فەرمانڕەوایی بیهێنێتە خوارەوە. ئەم دوو خەتایە زیوسیان بە ڕادەیەك دەهری کردبوو کە توندترین سزای دەرهەق بەم بەندە یاخییە دەرکردبوو.

و ئیدی پرومیتیوس بەو سزا قورسەوە مایەوە،و شاعیرێکی پایەبەرزو درامانووسێکی ناودار ئەم تراجیدیایەی لە ژێر سەر ناڤی (پرۆمیتیوسی دەست‌و پێ بە کۆت‌و زنجیر) پێشکەش بە هونەر دۆستانی جیهان کرد. ئەمڕۆکە نزیکەی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵێك بەسەر ئەفراندنی ئەم بەرهەمەدا تێدەپەڕێ، بەڵام تێپەڕ بوونی رۆژگار، نە ناوی ئەسخیلوسی داهێنەری بەرهەمی ناڤبری لە یاد بردووەتەوەو نە ناوی (پرۆمیتیوس) کە یارمەتی ئینسانی دابوو....

ئەسخیلوس، ئەم قارەمانە نەتەوەییەی ئاتین کە لە ساڵانی نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی پێش زایندا، کاتێ کە سینگی دەردەپەڕاندو بە شەقامەکانی شاردا تێدەپەڕی هەمووان بەڕێزەوە لە بەری هەڵدەستان، بۆ خۆی سەربهوردێکی جوان‌و سەیری هەیە، بە گوتەی مێژوونووسان، لە نەجیمزادانی ئاتین‌و لە پاشماوەکانی کودروسی دوا میرو پاشای ئەو وڵاتە بووە، کە تارادەیەك شەیدایی وڵات‌و زاگەی خۆی خۆشدەویست، لەبەر ئەمە، وێڕای ئەوەی کە ئاشقی هونەر بوو، کاتێ مەسەلەی بەرگری لە نیشتمان هاتە ئاراوە، وەکو هەر شەڕڤان‌و جەنگاوەرێکی دی بەرگی شەڕی لەبەر کردو چوو بۆ شەڕگە.

بە درێژایی تەمەنی خۆی شانازی بەوەوە دەکرد کە لە دوو جەنگی گەورەدا دژی ئێرانیان بەشداری کردووەو لە هەردوو شەڕەکەدا گیانبازی کردووەو ئازایەتی نواندووە. ئەم دوو جەنگە یەکێکیان شەڕی ماراتون دەگەڵ سوپای داریوش دا بوو،و ئەویتریان شەڕی سالامیس بوو دەگەڵ هێزی گەورەی خەشایار شادا. ئەسخیلوس (ئاشیل) بە ڕادەیەك شانازی بەم شەڕانەوە دەکرد کە وەختێ کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسێتی خۆی لە ژێر پەیکەرە گەورە بەردینەکەیدا کە لە مەیدانی گەورەی شاردا دایانبەست نووسیان: ***"ئەمە ئەو جەنگاوەرە نیشتمانپەروەرەیە کە لە دوو شەڕا دژی سوپای ئێران، شەڕی تەن بە تەنی کردووە."*** بەڵام ئازایەتی‌و شەڕڤانی ئەو هەرچەندە درەخشان‌و بەرچاو بوو، لە چاو پایەی هونەریی ئەودا نەیدەکردە هیچ، چونکە ئەسخیلوس بە گوێرەی نووسینی رەخنەگرانی هونەر گەورەترین تراجیدیانووسی جیهان‌و یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی یونانی کۆن. دەڵێن پتر لە نەوەد تراجیدیای نووسیوە. بەڵام تەنیا حەوت دانەی ماوەتەوە.

رەخنەگران تا چەند سەدەیەکیش دوای مەرگی ئەسخیلوس، سوفوکل-یان بە گەورەترین درامانووسی یونان دەزانی، بەڵام بەرە بەرە ئەم راستییە خویا بوو کە بیلمەتی ئەسخیلوس لە

باری تیمەو نێوەڕۆکی دراما نووسییەوە، بە تایبەتی لە بواری خەیاڵو بەرزە خەیاڵی دا لە سوفوکل زیاترە. خەڵکی ئاتین تا ماوەیەکی زۆر خۆشیان نەدەویست چونکە بە گوێرەی بابەتو ناوەڕۆکی تراجیدیاکانی ئەویان بە کافرێ دەزانی کە ڕێزی خواوەندانی نەگرتووەو حورمەتی پێشێل کردوون، لە کاتێکا حەقیقەتی مەسەلەکان بە پێچەوانەوە بووە: ئەسخیلوس جگە لەوەی شاعیرو ئەدیبێکی بەڕێز بووە، لە واری زانستێن خواناسیش دا زانا بووە، بۆیە گاڵتەی بە هێزو توانای خوداوەندانی ئەفسانەیی هاتووە. ئەوەی مایەی سەرنجە شەڕە یەك لە دوای یەکەکانی یونانیان دەگەڵ ئێرانیاندا، خەڵکی ئەم وڵاتەی پتر بەرەو پەرستگەکان بردبوو، بۆ رزگاری وڵاتی خۆ پێویستیان بە یارمەتیو کۆمەکی خواوەندان بوو، و کاتێ شاعیرێکی درامانووسی میناکی ئەسخیلوس بە شێوەیەکی بڕێك تەمو مژاوی باسی هێزی بێ پایانی خواوەندانی دەکرد، دڵیان لێی دەڕەنجا. ئەسخیلوس لە بەرهەمەکانی خۆیدا زیاتر دەمی لە قودرەتو توانای چارەنووس دەکوتاو هێزو توانای چارەنووسی تەنانەت لە قودرەتو توانای خواوەندانیش بە بەرزترو باڵاتر دەژمارد، وەکو لە هەندێ بەرهەمیدا دیارە، زیوس، خودای خوداوەندان، لە هەنبەر سێ خواوەندەکەی قەدەردا، واتا کلوتو، لاکەسیس،و ئاتروپوس، بێ دەسەڵاتەو ملکەچی بڕیاری ئەوان دەبێت.

***

تراجیدیای (پرومیتیوس-ی دەستو پێ بە کۆتو زنجیر) کە بابەتی ئەم باسەیە، یەکێکە لە سێ تراجیدیای ئەسخیلوس بە هەمان ناوەوە، کە تا ئەمڕۆ ماوە. دوو تراجیدیاکەی دیکە بە تێپەڕ بوونی رۆژگار فەوتاون. پرومیتیوس لە ئەفسانانی کۆنی یونانیدا یەکێك بووە لەو زەبەلاحە دێوئاسایانەی کە رۆژێك لە رۆژان لە یارانی نزیکی زیوسی خودای خوداوەندان بووەو هەر ئەویش بوو کە بە یارمەتی دێوانی دیکە، زیوسی گەیاندە سەر عەرشی فەرمانڕەوایی.

گوتمان پرومیتیوس بۆیە بەر غەزەبو قاری خودای خوداوەندان کەوت چونکە ئاگری دایە ئینسان. ئەو ئینسانەی کە هەمیشە بێزراوی خوداوەندان بووە، چونکە ئینسان کە رەمزو نیشانەی تەبیعەتە دەتوانێ لە رێگەی بەکارهێنانی هۆشو ئەقڵی خۆیەوە سەنگەر لە خواوەندان بگرێو دژیان بوەستێ.

لە سەرەتای شانۆنامەکەدا، پرومیتیوس دەبینین کە لەسەر ترۆپکی تیشە شاخێك بە زنجیرێکی قورس بەستراوەتەوە، هەموو بەیانییەك هەڵۆیەکی چنگ تیژ هێرش دێنێتە سەر سینگی رووتی ئەوو بە دەنووكو چنگ تێی بەردەبێ، سینگی هەڵدەدڕێتو جگەری دەخوات. دەردو عەزابی ئەو کۆتایی نییە، جگەری دەڕوێتەوە، چێدەبێتەوەو جارێکی دی ئامادە دەبێت تا هەڵۆی باڵ تیژ بێتەوە. سەرەنجام گوێمان لە هاواری پرۆمیتیوس دەبێت کە لە تەنیاییو بێکەسیدا هەراسان بووە:

***ئەی ئاسمانی کەوە... ئەی شنەی خۆش مرور..***

***ئەی روباران، و ئەی شەپۆلو پێلێن خرۆشاوی دەریا...***

*ئەی زەوی، ئەی دایکی هەموو شتان...*

*و ئەی هەتاوی جیهانگەڕ...*

*هەمووتان بەشایەت بن،*

*لەگەڵ ئێوەمەو گوێتان لێ بێ:*

*ببینن چۆن خواوەندێك لە بەندی خواوەندێکی دیدا،*

*عەزاب دەکێشێت،*

*تەماشاکەن کە ژیانی من،*

*چۆن دەگەڵ دەردو ئازاری چەرخی رۆژگارا، بەمجۆرە دەپوکێتەوە،*

*ئەم زنجیرە گرانە*

*ئەو فەرمانڕەوا بەختەوەرەی خودایان، لە دەستو پێی منی کردووە*

*حەیفو مخابن... بێهودە*

*داخ هەڵدەکێشمو دەپرسم:*

*کەنگێ ئەم عەزابە کوشندەیە تەواو دەبێ؟*

*ئایا ئەمە چارەنووسە، ئەو قەدەرەیە کە قودرەتی لە سەرووی قودرەتەکانی ترەوەیە؟*

*ئایا دەبێ دەگەڵ گەمەی قەدەرا بسازمو زار هەڵنەیەنم؟*

*چونکە دیاری خواوەندانم پێشکەش بە بەشەران کرد،*

*بۆیە بەمجۆرەیان کۆتو زنجیر کردووم.*

*من تۆوی ئاگرم کە لە ساقەتەو لاسکە گیایەکەدا پەنهان بوو،*

*و سەرچاوەی هەموو هونەرەکانە ڕفاند...و بەوانم دا.*

*و ئەمەیە سزای قورسی خزمەتو چاکەکەی من...*

بانگو هاواری پرژانو ئازاری ئەو سەرەنجام دەگاتە گوێی کیژانی ئەکیانوسی خواوەندی دەریایانو ئەوانیش بۆ دڵدانەوەی ئەو دەکەونە گەڕانو، خواوەندی ئوقیانوسان لەبەر دەرگای زیوسدا سەر دادەنەوێنێ تا لە خەتای پرومیتیوس ببورێ، بەڵام بێهودە.

دەردو ئازاری یارۆی مەحکوم کۆتایی نییە، ئەمجارەیان هاوارو ناڵەی خەمباری ئەو دەگاتە گوێی یو.

یو، کچۆڵەیەکی پەری روخسارەو بۆ خۆی بووە بە قوربانی پشمو غەزەبی زیوسو بە فەرمانی ئەو بووە بە گوێرەکەیەکی مێچکە. ئەم حەیوانە مەزلومەش کە رۆژێ لە رۆژان کیژێکی بەختەوەرو شادمان بووە، بەدەم عەزابێکی پڕ ئازارەوە دەتلێتەوە. هیرای، خوشكو هاوسەری زیوس کە چاوی بە جوانی ئەودا هەڵنایەت رقی لێ هەڵدەگرێ، نەك هەر فەرمانی داوە کە ببێت بە گوێرەکەیەکی مێچکە، بەڵکو خەرەنگێزێکیشی راسپاردووە کە بەردەوام پێوەی بداتو ئازاری بدات، بۆیە بە هیچ جۆرێ ئارامی نیە. پرۆمیتیوس دەگەڵی دەکەوێتە قسانو کە چاوی بە گریانو بێ ئۆقرەیی ئەو دەکەوێت، مژدەی دەداتێ کە چارەنووسێکی باشی لە پێشە، پێی دەڵێت کە دنیای تۆ بێ کۆتایی نیە، وێڕای ئەم ئاوارەییو دەردو ئازارە، رۆژێ دێت کە میری

خواوەندان، دەیگەڕێنێتەوە سەر دۆخەکەی جارانی، هەنگێ دەگەڵ زیوسدا جووت دەبێت و لە ئەنجامی ئەم جووت بوونەدا منداڵێکی دەبێت بە نێوی هەرکول و ئەم هەرکولە ئەو لەم بەندە گرانە دەردێنێ و کۆتایی بە عەزابە سەرمەدییەکەی دێنێ.

پرۆمیتیوس لە کۆتایی قسەکانی خۆیدا، ئەو رازە نهێنییەش دەدرکێنێ کە زیوس درەنگ یان زوو کوڕێکی دەبێت، کە ئەو کوڕە بابی خۆی لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دێنێتە خوارێ و بەخۆی لە شوێنەکەی ئەو دادەنیشێت.

پرۆمیتیوس لە کاتی درکاندنی ئەم رازەدا لەوە عافڵ بوو کە دەنگی گەییوەتە گوێی خودای خودایان. دوای کەمێك هیرمیسی پەیکی میری خودایان دەگاتە لای پرۆمیتیوس و داوای لێدەکات کە هەموو شتێك بگێڕێتەوەو ئاشکرا بکات،و بە ئاشکراتر ئەو نهێنییە ترسناکە بگێڕێتەوە کە سەرەکەی درکاند، بەکورتیەکەی خودانی خوداوەندان ئاگادار بکات کەچی بەسەر دێت...

بەڵام دیلی مەغروورو سەرکێش، مل نادات. پرۆمیتیوس بەوپەڕی گۆساخی وەڵامی پەیکەکەی زیوس دەداتەوەو بە بەکرێگیراوێکی سووك و کمی ناو دەبات.

شەڕە دەمی نێوان پەیکی خواوەندو پرۆمیتیوس ماوەیەك دەخایەنێ، سەرەنجام پەیکی توڕە ئاگاداری دەکاتەوە کە ئەگەر رازەکە نەدرکێنێ و بەسەر سەختی و نەژنەوی خۆی لەوەی پتر خودای خودایان ئازار بدات، بە فەرمانی ئەو لە کەفلەکونێکا ئەرزو ئاسمان ژێرو ژوور دەکات و بوومەلەرزەو تۆفان هەموو شتێك لە ناو دەبات و ئەویش دەکەوێتە ژێر داروپەردووان و لەناو دەچێت.

بەڵام دیلی مەغروور باکی بەم هەڕەشانە نیەو سەرەنجام ئەوەی نابێ ببێ، دەبێت... لە کەفلەکونێکا... لە یەك دەم و لە یەك هەناسەدا...

قیامەتێکی ترسناك و مەرگناك ڕادەبێت، شاخ و داخ و کۆساران دەکەونە لەرزەو زار بۆ قووتدانی ئەو دەکەنەوەو دەنگ و سەدایانی ترسناك بە جۆرێ هەموو شوێنێ دەگرنەوە کە ئیدی نەعرەتە و هاواری دادخوازی ئەو ناگاتە گوێی هیچ کەسێك. لە کوت و پڕێکا هەموو شتێك ژێرو ژوور دەبێ، بەسەر یەکا دەکەوێ و سینەی خاك و بەردان پەیکەری پرۆمیتیوس بۆ هەتا هەتایە قووت دەدات و، بەمجۆرە تراجیدیای پرۆمیتیوس کۆتایی دێت.

لە شەڕی پرۆمیتیوس دەگەڵ زیوس دا، سەرەنجام زیوس سەردەکەوێ، بەڵام بەشەریش بەو فیداکارییەی پرۆمیتیوس لە ئەسارەتی خواوەندان رزگار دەبێت. لە رێگەی بە دەستهێنانی ئاگرەوە، دنیای ساردوسڕو تاریك و نوتەکی بەشەر، گەرم و روناك دەبێتەوە، و لە ئەنجامداو بە تێپەڕ بوونی رۆژگار خواوەندان لەسەر تەختی دەسەڵات دێنێتە خوارێ.

رەخنەگرانی ئەدەب و هونەر، ڕاڤەو شرۆڤەی زۆریان دەربارەی تراجیدیای پرۆمیتیوس نووسیوە..

بێگومان ئەم تراجیدیایە یەکەمین بەرهەمی بایەخداری هزرو خەیاڵی ئینسانە کە هەموو مەرجەکانی شانۆنامەیەکی بەهێزو سەرکەوتووی تێدایە.

***

ئەسخیلوس بیستو پێنج ساڵان بووە کە یەکەمین شانۆنامەی نووسیوەو ڕێك دوای چارەکە سەدەیەك لەو تەمەنە، خەڵاتی یەکەمی تراجیدیانووسی لە یۆناندا وەرگرتووە. هەڵبەتە ئەمە تاقە خەڵات نەبووە کە وەریگرتووە، ئەسخیلوس لە تەمەنی هەفتا ساڵەی خۆیدا (٥٢٥– ٤٥٦ پ.ز) دوانزە خەڵاتی لە ئەدەبیاتو هونەردا وەرگرتووە.هەرچەندە ئەسخیلوس هەموو ژیانی بە سەربەرزیو عیزەت بەسەر بردووە، بەڵام سەردەمانێك هێندە بێزار بووە کە دوورە وڵاتی هەڵبژاردووە، چووە بۆ وڵاتی سیراکیوزو بووە بە هاونشینو هاودەمی (هیرو)ی فەرمانڕەوای ستەمکاری ئەو دیار و دەڤەرە. تەنانەت دوا ساڵەکانی تەمەنی خۆیشی لە ئاتین نەقەتاند، بەڵکو لەدوڕگەی سیسیل ئاکنجی بوو و لە هەمان شوێن کۆچی دوایی کرد.

ئاشقانی بەرهەمێن ئەسخیلوس بە درێژایی رۆژگارو سەردەمان، هەوڵی زۆریان داوە کە بەهەر شێوەیەك بووە بەرهەمە گوم بووەکانی بدۆزنەوە، بەڵام کارەکەیان بێهودە بووە. ئەم تراجیدیانووسە بەناوبانگە تەنیا حەوت بەرهەمی لە پاش بە جێماوە کە بریتین لە: (پرۆمیتیوس–ی دەستو پێ بە کۆتو زنجیر، ئاگامەمنون، حەوت نەیارەکەی تیبە، کویفوری، پاڕانەوەکاران،و تراجیدیای ئومنید).

هەرچەندە تراجیدیاکانی دیکەی ئەسخیلوس هەر هەموویان ئاوێنەی توانای بەرزە خەیاڵیو وزەی شیعریو زاڵی ئەون بەسەر زماندا، وێڕای ئەوەش شارەزایان، تراجیدیای (پرۆمیتیوسی دەستو پێ بە کۆتو زنجیر)یان کە لە ڕاستیدا تەجەلی زرگاریی مرۆڤە لە ئەسارەتی خواوەندان، بەسەر بەرهەمەکانی دیکەیدا پەسند داوە.

کاریگەریی ئەم تراجیدیایە بەڕادەیەك بووە کە شاعیرێکی پایە بەرزی ئینگلیزی سەدەی نۆزدەیەمی وەکو شیللی لە ساڵی ١٨١٨دا شانۆنامەیەکی شیعری لە ژێر سەر ناڤی (پرۆمیتیوسی لە بەند خەلەسیو)ی نووسی کە لە ڕاستیدا وێنایەکی شاعیرانەیە دەربارەی رزگاریی پرۆمیتیوسو کۆتایی هێنان بەعەزابی هەتا هەتایی ئەو. لەم بەرهەمەدا، پرۆمیتیوس، خواوەندی ستەمکار واتە زیوس لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دێنێتە خواریو بە هزرو بیری ئینسانێکەوە دەچێتە شەڕی گەندەڵییانو دزێوکاریو سەرەنجام سەردەکەوێت.

جگە لە شیللی، لۆرد بایرونی شاعیری بەنێوبانگی ئینگلیزیش چامەیەکی هەیە بە نێوی سروودێك بۆ پرۆمیتیوس کە ئاوێنەی هاوخەمییەکی قووڵی ئەوە دەگەڵ ئەم قارەمانە ئەفسانەییەی یۆنانی کۆندا.

***سەرچاوە:***

***تصویری از ادبیات کلاسیك جهان/٧ /شرکت سهامی کتابهای جیبی/وابسته به موسسەی انتشارات امیر کبیر/اسفند ١٣٨٨***

## ٨- تائیس

**ئانــاتول فــرانس** ( ١٨٤٤- ١٩٢٤ ) نـاوی خـوازراوی نووسـەری فەرەنسـایی "جـاك ئانـاتول تیبو"یە. شێوازی بەرهەمەکانی سەرەتای جوان و سەرەنجڕاکێش و تەنزئامێزە، بەڵام لە دوای دۆزی دریفوس، ئەفسەری جولەکەی سوپای فەرەنسای تۆمەتبار بە جاسووسی بۆ ئەڵمان، کەوتە رەخنەی سیاسی. لەساڵی ١٩٢١دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت.

***

***ئەی تائیسی من... لەگەڵ تۆمەو گوێت لە من بێ... چاوان هەڵێنە... من پافنوس-م... ئەو رەبەن و تەرکە دنیایەی کە دین و ئیمانی خۆی لەسەر ئەشق و ڤیانی تۆ دانا... تەمەشای من بکە... تۆ نابێ بمریت... من تۆم خۆش دەوێ... تۆ لەوە بەنرختریت کە ماڵاوایی لە ژیان بکەی... رابە... هەلو... هەلو... دەستی من بگرە... دەگەڵ منا بەرەو وڵاتی شادمانی وەرە... زوهدو پارێزان وەلابنە... من تۆم فریودا... فریو... و بەخۆت دەبینی کە من خۆم ئەم تەقواو عیبادەتە درۆینەیەم تووڕ داوە... لەم دنیای بوونەدا جگە لە لەزەت و رابواردن هیچ شتێکی دیکە نیە... بە هەشت و دۆزەخ ئەفسانەی رووتن... دەگەڵ من وەرە تائیسی من... نازدارەکەم... ئاشوبگەرەکەی من... وەرە... وەرە...***

و رەبەنی زورهان و فەرتوس، کە نێوی پافنوس بوو، بەو شێوەیە بەدیار ژنەی خشیك و نازدارەوە چۆکی دادا بوو و دەگریا. ئەوانەی کە کڕوکپ و خامۆش بە چاوانی رونـدکبارەوە بەدیار ژنەی لە حاڵی مەرگا وەستا بوون و نزاو وێردیان بۆ دوا ساتەکانی تەمەنی دەخوێند، حایرو سەرسام دەیان ڕوانیە ئەم پیرەئاشق و دڵ و دین دۆڕاوە،و مودەتێك بەسەرسامی نیگای یەکیان دەکرد. پافنوس کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دابوو. رازی دەروونی خۆی پێ نەدەشاردرایەوە. ئاخر چۆن دەکرا باوەڕ بکرێت کە ئەو، پیاوێك کە سەرانسەری تەمەنی لە عیبادەت و خواناسیدا بەسەر بردبێ رێگەی قەدوسانی گرتبێتەبەر، رۆژێ لە رۆژان، بەخۆی، بەزەبری قسان، تائیسی جوان و خشکۆکی لە ماڵ و ژیان و بوونی خۆی دابڕی بێ و هێنابێتیە ریزی قەلەندەران و تەرکەدنیایانەوە، ئێستا لە بەردەمیا چۆکی دادابێت و داوای لێبکات دەگەڵ ئەودا بۆ دەڤەرو دیاری عوشرەت و لەزەت و کامڕانی و شەهوەتڕانی هەڵێت؟ ئەدی ئەو هەموو عیبادەت و پارێزکارییە کێوە چوو؟

ئەمە ئەو پەیامە گەورەیەیە کە چیرۆکنووسی ناڤداری فەرەنسایی ئاناتول فرانس دەیەوێ لەرۆمانی زندووی (تائیس)دا پیشانی بدات و بەرجەستەی بکات، ئەو رۆمانەی کە بێ هیچ گومانێك یەکێکە لە بەرهەمە کەم وێنەکانی ئەدەبی فەرەنسی، بە زەبری زمان و داڕشتنە جوانەکەی، بە حوکمی نێوەڕۆکە دەوڵەمەندەکەی و گێڕانەوە دڵگیرەکەی پتر لە هەفتا ساڵە ئەدەبدۆستانی جیهانی بە خۆیەوە مژوڵ و سەرقاڵ کردووە.

جا بەر لە دەستپێکی چیرۆکەکە با بزانین ئاناتول فرانس کە رۆژگارێك بە سوڵتانی پەخشانی فەرەنسی دەژمێردراو لە ساڵی ۱۹۲۱دا خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبیاتدا وەرگرت کێیە و بە درێژایی تەمەنی هەشتا ساڵەی خۆی چ خزمەتێکی میللەتی فەرەنسای کردووە.

***

ئاناتول فرانس، ناوی خوازراوی شاعیرو چیرۆکنووسێکە کە ناوی راستەقینەی (جاك ئاناتول تیبۆ)یە. لە ۱٦/٤/۱۸٤٤دا لە پاریس لە دایك بووەو دوای هەشتا ساڵ لە ۱۳/۱۰/۱۹۲٤ لە هەمان شاردا ماڵاوایی لە ژیان کرد.بابی لە یەکێك لە گەڕەکەکانی باشووری پاریسدا کتێبفرۆشییەکی چکۆڵەی هەبوو، و لە قاتی سەرەوەی هەمان بینادا دەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانیا دەژیا. ئاناتولی چکۆلە لە راستیدا لە ماڵێکی بە سەلیقەو ئەدەبدۆستو رۆشنبیردا گەورە بوو، لە هەمان ماڵدا ئاشنایەتی دەگەڵ گەلێك لە گەورە ئەدیبانی فەرەنسادا پەیدا کردو گوێی بە باسو بۆچوونو رەخنەکانی وان کرایەوەو سەرەنجام هەر لە هەمان ماڵدا دەستی بە شیعر گوتن کردو بەر لەوەی پێ بنێتە بیست ساڵییەوە یەکەم کۆ شیعری خۆی بە چاپگەیاند.

ئاناتول فرانس، هەرچەند لە مەیدانی شاعیریشدا پایەیەکی بەرزی هەیە، بەڵام لە جیهاندا زیاتر وەکو نووسەرێکی هزرڤانو چیرۆکنووسێکی مەزن ناسراوە.

لە ساڵی ۱۸۸۱دا کە تەمەنی سیو حەوت ساڵان بوو رۆمانی (تاوانی سیلوستر بونار)ی بڵاوکردەوەو لەو بەدواوە تا کۆچی دوایی کرد بە بەردەوامی هەموو ساڵێك کتێبێکی نووسیوەو هەر یەکێك لەو کتێبانە بۆ خۆی شاکارێکی بە نرخو پڕ بایەخ بووە. بۆیە ئەو خزمەتەی ئەو بەزمانو ئەدەبی فەرەنسای کردووە شایستەی ئەوە بووە کە گابریل هانوتو، ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسا لە بەردەم تابوتەکەیدا بڵێت: ***"بە مردنی ئاناتول نەسلی نوێی فەرەنسا تاجی شانازی خۆی لەدەست دا."***

ئاناتول فرانس، لە ساڵی ۱۸۹۳دا، لە تەمەنی چلو نۆ ساڵیدا رۆمانی (تائیس)ی نووسی. واتە ئەم بەرهەمە بەرەنجامی قۆناغێکە کە نێروی وێناو خەیاڵکردنی فرانس گەییووەتە رادەی کەماڵو پوختەیی،و هەرچەندە رەخنەگرانی ئەدەب کە لە سەرو بەندی ڤۆڵتێر بەملاوە لە فەرەنسادا باوی بووە، بەڵام وێڕای ئەمەش تائیس رۆمانێکی فرە دڵگیرە، زمانو داڕشتنێکی یەجگار بەرزی هەیە کە لە کەم کتێبدا نموونەی هەیە. جائێستا با گەشتێکی خێرا بە نێو ئەم رۆمانە نەمرەی دنیای ئەدەبی فەرەنسادا بکەین:

سەدەی چوارەمی زایینییە. هەزاران دێرو خەڵوەتگە لەم بەرو لەو بەری روباری نیلدا دەبینرێن کە ڕەبەنو تەرکە دنیایان بە قوڕوخشتو هەژگو گەڵایان دروستیان کردوونو عیبادەتیان تێدا دەکەن، ئەمانە هەزارو یەك عەزابو دەردی بەدەنی بەخۆ ڕەوا دەبینن و تەحەمول دەکەن تا دڵو دەروونو روحی خۆیان پاك بکەنەوە، پەڵاسو خەرقە لە بەردەکەن،و ئەوەندە دەخۆن کە نەمرنو لە دنیای خەونو خەیاڵی خۆدا بەختەوەرن. ئەمانە تێکەڵەیەکن لەو کەسانەی کە دەستبەرداری چێنو ماڵو ژیانو ئومێدو شادمانی خۆ بوونو لەم دەڤەرو دیارەدا ئاکنجی بوونو گیرساونەتەوە. هەندێکیان لەو دەوڵەمەندو بەختەوەرانەن کە نایانەوێ لەکەی سەروەتداریو

ساماندariyan پێوە بێت، هەندێکیان هەژارو دەستکورتن و چونکە بەشیان تەنیا خەم و پەژارەو عەزرەتە، نایانەوێ شادمانی خەڵکی دیکە بدینن، بۆیە ئەم بیابانە گەرم و تاقەت پڕوکێنەیان بە هەموو رەنجێکەوە هەڵبژاردووە.

لە نێو ئەمانەدا پافنوس، کە رۆژێ لە رۆژان ژیانێکی خۆش و ئاسوودەی هەبوو،و هەرچیەکی ئارەزوو کردبا پێی دەگەیی، لە دێرە پەرپوت و بچکوکەی خۆیدا لەبەردەم خاچێکی گەورەی دارینـدا چۆکی داداوەو دەڵێت ئەوان دوو برا بوون کە سەروەت و سامانێکی بێ شوماریان لە باب‌یانەوە بۆ مابووەوە. یەکێك لەو دوو برایە دووی رابواردن و لەزەتخوازی و شەهوەترانی کەوت و دووەمیان، واتا پافنوس وای بە باش زانی روو بکاتە زوهدو پارێزکاری و عیبادەت،و بکەوێتە نەفسکوژی خۆی و خۆی بەکارە شەهوانیەکانی ئەم جیهانە نەلەوتێنێ.

ئێستا لە فکران ڕاچووەو ئەو رۆژانە دێنێتەوە پێش چاو کە لە ئەسکەندەرییە دەژیا. ئەسکەندەریە لەو رۆژگارو سەردەمەدا یەکێك بوو لە ئاوەدانترین و جوانترین بەندەرانی میدیترانە، و لەم دەڤەرو ژینگە خەیاڵئەنگێزەدا ژنێك هەبوو کە ناوی بە سەر زاری هەمووانەوە بوو، ئەویش تائیس بوو.

تائیس کەسێك بوو کە هیچ کەسێك تا ئەو کاتە ژنی ئەوەندە جوان و دڵبەری نەدیبتوو. کاتێ کە لە تیاترۆخانەکانی ئەسکەندەریەدا دەردەکەوت لە هەموو لایەکەوە هەراو زەنا بەرز دەبووەوەو دوا بە دوای ئەوە پارەو پولی بەسەرا هەڵدەدرا. ئەمێستا پافنوس، ئەم ڕەبەن و تەرکە دنیای گۆشەنشینە، ئەو رۆژگارەی وەبیر دێنایەوە:

***ئەی پەروەردگار... ئەی ئەو خودایەی کە دڵی ئیمەمانانت بە نوری ئیمان روناك کردووەتەوە... ئەی ئەو خوایەی کە هەموو سپێدەیەك، دەشت و قەدپاڵان، بە ئاونگ و خوناوان، وەکو بە هەشتی بەرین لێدەکەی... ئەی ئەو خودایەی کە چاوانی جوان بینت پێ بەخشیوین... تۆ ئاگاداریت کە من بۆیە ستایشی تائیس دەکەم چونکە ئافەریدەو خوڵقاوی دەستی تۆیە... بۆچی دەبێ ئەم خەڵقەندە جوان و ڕندە گوناه بکات؟ بۆچی دەبێ پێ بنێتە مەملەکەتی گوناهکاران... ئەو قودرەت و توانایەم وێدە کە بۆ لای ئەو بڕۆم... دەستی بگرم... لە زەلکاوی گوناحکاری دەربێنم و رێگەی دروست و دروستکاری پێ نیشانبدەم... تۆ بە خۆت ئاگاداری من بۆیە ناتوانم بۆ تاقە ساتێکیش کەڵکەڵەی ئەو لە دڵ دەربکەم، چونکە نامەوێ ئەم خەڵقەندە جوان و دڵڕفێنەی تۆ لە گێژاوی گومڕایی دا نقوم بێت.***

و پافنوس، ڕەبەنی گۆشەگیر، سەرەنجام بەرەو ئەسکەندەریە دەڕوات تا بە خەیاڵی خۆی فریا بکەوێ و تائیس رزگاربکات.

نیسیاس، برادەری سەردەمی نۆلاوی یارۆی ڕەبەن، دەستە جلکێکی شایستەو نایابی دەداتێ تا بتوانێ خۆی بگەیەنێتە ماڵە بەشکۆو جەلالەکەی تائیس، پاش زەحمەتێکی فرە پافنوس خۆی لە بەردەم تائیسی دڵڕفێندا دەبینیتەوە:

پافنوس: پەروەردگارا... ئەی پەروەردگاری من... کارێکی وەهام دەگەڵ بکە کە رووی جوان و لەشولاری ئەفسوونکاری ئەو گومڕام نەکات...

تائیس: کەشیش تۆ چت لە من دەوێ؟

پافنوس: تائیس... بە دڵ گوێم لێ بگرە. من ئاکنجی شوێنێکی دوورە دەستم... شۆرەتی جوانی تۆ بۆ ئێرەی بکێش کردووم. دەڵێن گوایە تۆ واسواسە ئەنگێزترین ژنیت. سەروەتی تۆ، وەکو من دەیبینم، بێ شومارەو ئێستا دان بەوەدا دەنێم ئەوەی لەمەڕ تۆم ژنەوت بوو لە راستی بە دوور نەبووە.

تائیس: ئەی نەناس. وا هەستدەکەم تۆ لە دوی ئەشقێك رێت کەوتووەتە ماڵی من... ئاگات لە خۆت بێت، چونکە لەگینە نیگاکانی من تا سەر مۆخ بتسووتێنێ‌و لە دینت دەربکات... ئیدی راست بڵێ... چیت لە من گەرەکە؟

پافنوس: ئەی تائیس من سوێندم بۆ خودای خۆم خواردووە کە جگە لە راستی هیچی ترم بەزاردا نەیات. چاك بزانە کە من ئاشقی تۆم. تۆم لە خۆم خۆشتر دەوێ، بە روح‌و دڵ خۆشم دەوێی. ئەگەر وا نەبا دێرەکەی خۆم بە جێ نەدەهێشت و بۆ ئێرە نەدەهاتم.

تائیس: ئەی ڕەبەنی بەختڕەش. لە کەیەوە ئاشقی منی؟

پافنوس: من بە هەموو تەمەنم شەیدای تۆ بووم‌و ئەگەر لە من بپرسیت بۆچی ژیانی خۆشت رەها کردووەو رووت لەو ساراو بیابانە گەرم‌و ناخۆشە کردووە، ئەوا پێت دەڵێم کە لە بەر تۆ بووە... من پێڵاوی زێڕینم تەرك کردو بە پێی خاوس کەوتمە نێو دڕك‌و دڕکەزی‌و دووپشکی بیابان. جلك‌و بەرکی ئاوریشمینم توڕداو پەڵاس‌و خەرقەم لەبەر کرد. هەر هەموو ئەمانەم لەبەر تۆ کرد. بەڵام چاك بزانە کە ئەشقی من، جیاوازییەکی گەورەی دەگەڵ ئەشقی هەموو ئەم شەیداو هەوادارانەی کە دەوری تۆیان داوە،هەیە.

تائیس: باشە رەبەن. ئەشقی تۆ هەر جۆرێك هەیە، بابێ، لێ پەلە بکە، لەوەی پتر بە قسانی بێ تام‌و ماندووم مەکە.

پافنوس: من ئەشقێکی بێ ناوونیشانم بە دیاری بۆ هێناوی..

تائیس: لێ من ئەم جۆرە دیاریانە لە کەس وەرناگرم...

پافنوس: ئەشقی من سەرچاوەو پەیکی بەختەوەرییە بەڵام ئەو ئەشقانەی کە تۆ لە رابردوودا کردووتن، جگە لە شەرمەزاری‌و ریسوایی هیچ بەرێکی تریان نیە.

تائیس: غەریبۆ، غیرەتێکی دەوێ کە کەسێك وەکو میوان روو بکاتە ماڵی کەسێك‌و جنێوی بداتێ. من هیچ شەرم‌و شەرمەزارییەکم لە رابردوو و لە ئێستای خۆم نیە.

پافنوس: ئەوەی تۆ کردووەتە لەلای خوا، لەبەر قاپی‌و بارەگای خودادا بە شەرم‌و نەنگ‌و زەبوونی‌و سووکی دادەنرێ. تائیس، من داوات لێدەکەم لەمڕۆوە دەستبەرداری تاریکی‌و گومڕایی ببیت‌و بەرەو روناکی‌و دروستکاری هەنگاو بنەیت‌و ئەم ژیانی پڕ شکۆو جەلالە تەرك بکەیت. دەخوازم هەموو شەیدایان‌و ئاشقان‌و یارانی خۆت لە خۆت دوور بخەیتەوە... دەخوازم لەو تەختی شکۆیە بێیتە خواری‌و بە من بڵێی "من لە ئەمڕۆوە لە دایك بووم..."

تائیس: ئەی ڕەبەن، تۆ بە پڕکێشییەکی سەیرەوە قسان دەکەی. راستم پێ بڵێ تۆ کێی؟

پافنوس: من پافنوسی ڕەبەن و قەشەی ئانتونیەم، من لە بیابانی مقەدەسەوە بۆ ئێرە هاتووم. لەلای خاوەن دەستێکەوە هاتووم کە برایمی لەکلدەو لوتی لەسەدوم رزگارکرد. من ئەمرت پێدەکەم تائیس... ڕابە، هەستە سەرپێ و کۆتایی بە ژیانی نەنگین بێنە... کۆتایی پێ بێنە...

یارۆی ڕەبەن بە غرووڕەوە قسەی دەکردو تائیس بەرە بەرە لە فکران ڕادەچوو لە ترس دەنیشت. زۆری پێنەچوو کە وەعزەکەی کابرای رەبەن کاری لە گیانی ژنەی جوان کرد، تائیس خۆی هاویشتە بەر پێی، و لێکدا لێکدا دەیگوت:

تائیس: رەحمم پێدا بکە... چت لە من گەرەکە؟ عەزابم مەدە... من بەرگەی دەردو عەزاب و سزای قورس ناگرم...

وپافنوس بە غرووڕەوە دەیڕوانیە ئەوو دەیگوت:

پافنوس: ئەم ماڵەو هەرچیەك لەم ماڵەدا هەیە بسووتێنە، هەموو شتێك لە نێو بەرە... جلکی ئاوریشمین لەبەر داکەنە... پێلاوی زێڕین لە پێ داکەنە...و پەلاس و خەرقە بپۆشەو بە پێی خاوس بەگەڵ من بکەوەو روو لە مەملەکەتی رزگاری بکە...

تائیس، کیژە ئارتێستەکەی ئەسکەندەریە، ئەو ژنەی کە لە دنیای ئەو ڕۆژو سەردەمەدا، لە جوانی و دلبەریدا وێنەی یەجگار کەم بوو، بە دەم گریەو ناڵینەوەو بەپای پیادە بەگەڵ یارۆی رەبەن کەوت و بەرەو مەملەکەتی رزگاری دەڕۆیی. هەموو شتێکی خۆی بەخشی بوو، خانووە پڕ شکۆیەکەی، گەوهەرەکانی، شتە دەگمەنەکانی، کەنیزەکە گەنجەکانی و خولام و خزمەتکارەکانی، هەر هەمووی بەخشی بوو و ئەمێستا بە جلێکی سادەو بەپێی خاوس دەگەڵ کابرای رەبەندا دەڕۆیی، و یارۆی ڕەبەن بەدەم مەستی سەرکەوتنەوە، لە کاتێکا کە لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن بەم کارەی خۆی، خەڵکی ئەسکەندەرییەی دووچاری حیرەت و نا باوەڕی و توڕە بوون کردووە، دەستی ئەوی گرتبوو و بە دوای خۆیدا پەلکێشی دەکرد.

تائیس: ئەی بابۆ، خەریکە لە ماندوویەتیدا دەمرم... تەمەشای پێیە خوێناویەکانم بکە... هێزی ڕێکردنم نیە... گڕ لە تەوێڵم دەبێتەوە... ئەوەندە شەکەت و ماندووم ئەگەر تۆ بتەوێ لەم دەمەدا، بەختەوەریم بخەیتە بەردەستان، ناتوانم هەڵی بگرم، و ناتوانم هەستمە سەر پێیان...

پافنوس: وەرە، دەگەڵ مندا بێ... من تۆ بۆ مەڵبەندێن باخانی بۆن پرژێن و سەرچاوەو کانیاوانی خەیاڵئەنگێز دەبەم. من تۆ بۆ سەرزەمینی شادمانی... بۆ ماڵی مرۆڤانی بەختەوەرو سەربەست و ئازاد دەبەم، وەرە... وەرە...

ڕێبوارانی دۆڵی نیل ئەنجام گەیینە مەنزڵ. کابرای ڕەبەن، ئەو دیاریە گرانبەهایەی کە دەگەڵ خۆی هێنا بوو بۆ دێڕی بردو بە کۆمەڵە خوشکانێکی تەرکەدنیای سپاردو بە خۆی بۆ دێرەکەی خۆی وەرێکەوت. سەیر ئەمە بوو کە پافنوس بەڕاستی دڵبەندو شەیدای تائیس بوو بوو، و نەیدەتوانی بۆ تاقە ساتێکیش لە خەیاڵی خۆیی دەربکات. هەموو ساتێك لە خەوو بێداریدا، سەروسیماو لەش و لاری واسواسە ئەنگێزی ئەوی وەبیر دێنایەوەو ئەوسا لە خۆی دەخوڕی، سەرزەنشتی خۆی دەکردو دەکەوتە تۆبە.

سەرگەردانی و رەنج و عەزابی هەمیشەیی ڕەبەنی دڵو دین دۆڕیاگ لەم دەمانەدا دەست پێدەکات، بۆ رزگار بوون لە خەیاڵی تائیس هەر جارەی روو لە دێرێك دەکات و هەر ماوەیەك لە پەرستگەیەکدا خۆی بە ئازارو عەزاب دەسپێرێت. بەڵام بە هیچ جۆرێك ناتوانێ خۆی لە واسواسەی خەیاڵی تائیس بدزێتەوە.

پافنوس: ئەی خودای توانا... ئایا بەس نیە...؟ ئایا من دەبێ تا کۆتایی دنیا بە دەست هەوای نەفس و زاڵی ئارەزووی نەفسانیەوە بناڵم و رەنج بکێشم؟ من ئیعتراف دەکەم کە لە هەنبەر ئەشقی بەدەنی تائیسدا لاوازم... و تۆش تاقیت کردوومەتەوە... کەواتە یان بمکوژە یان رزگارم بکە... ئایا دەتەوێ کە من بۆ لای ئەم ژنە بگەڕێمەوەو بەپێچەوانەی قسەکانی خۆمەوە داوای لێبکەم ئارەزووە نەفسانیەکانم جێبەجێ بکات؟ ئاخر من چیبکەم؟ چیبکەم؟

ناچار لێبڕا کە زیاتر خۆی بە ریازەتی بەدەنی بسپێرێت و خۆی لە هەموو دنیا دابڕێت،و لەو بیابانە بەرینەدا پایەیەکی ئەستوور هەبوو، پاشماوەی یەکێك لە پەرستگەکانی سەردەمانی کۆن بوو، پافنوس بە هەر جۆرێ بوو خۆی گەیاندە سەرەوەی پایەکەو لەوێندەر دوور لە هەمووان کەوتە عیبادەت و چلەکێشی، لێ هەوڵەکانی بۆ رزگار بوون لە خەیاڵ و کەڵکەڵەی گەییشتن بە تائیس بێهودە بوو. لەم قۆناغەدا دۆستەکانی و کۆمەڵێکی زۆر لە ڕەبەنان و تەرکە دنیایان کە لە نهێنی دڵو دەروونی بێ ئاگابوون، ئەم هەموو چلەکێشی و رەنج و رۆژوو گرتنەیان بە زێدە عیبادەت و نیازپاکی ئەو دەزانی و لەو سارا بێ سنوورو کەوشەنەدا دەوریان دابوو، بەڵام پافنوس بە خۆی لەعەزابێکی بێ ئاماندا، ساتەکانی تەمەنی بەرەو کۆتایی بەڕێدەکرد.

شەڕی هەمیشەیی یارۆی رەبەن دەگەڵ هزرو خەیاڵێن شەیتانی دا، سەرەنجام بە هەرەس و داروخانی ئەو شکایەوە، بەرگەی نەگرت، شێت ئاسا رێگەی ئەو دێرەی گرتەبەر کە تائیسی پێ سپارد بوو:

پافنوس: ***بەهەشت... دۆزەخ... پاداشتی ئەو دنیا کە یەکپارچە رازو نهێنییە... نا... چیتر ئەم بەڵێن و هەڕەشانە ناتوانن فریوم بدەن... من تائیسم دەوێ... نا... ئەم پاداشتە نادیارانەو... ناتوانن لەوەی پتر فریوم بدەن... تائیس... تائسەکەی من... ڤیانی من... ئومێدی من... ئاوات و ئارەزووەکەی من... ژیان و مانی من...***

بەرەو دێرەکە دەڕۆیی،و لە وەخت و ناوەختدا گوێی لە خرۆشی ویژدان دەبوو کە سەرزەنشتی دەکرد و ئاگاداری دەکردەوەو دەیگوت: "ئەی گوناحکاری گەوج... شەرم لە خۆت بکە... شەرم لە خۆ بکە..." بەڵام ئەو دەڕۆیی کە تائیسی دڵبەندی خۆی لە هەمێز بگرێت...

لێ مخابن ئەم بڕیارە زۆر درەنگ درا بوو، چونك کاتێ یارۆی رەبەن گەییە بەر دەرگای دێرەکە، بۆی دەرکەوت کە کیژەی جوان و خشێك لە گیانەڵڵادایەو بەدەم ئاوزینگەوە دوا ساتەکانی تەمەنی خۆی بەڕێدەکات. وێڕای ئەمەش ئەڤینداری دڵو دین دۆڕیاگ، میناکی دینان (شێتان) خۆی گەیاندە دیار تائیس و بەدەم گریانەوە هاتە قسان:

پافنوس: ***ئەی تائیسی من... لەگەڵ تۆمەو گوێت لە من بێ... چاوان هەڵێنە... تەمەشای من بکە... من پافنوسم... ئەو رەبەنەی کە دین و ئیمانی خۆی لەسەر ئەشق و ڤیانی تۆ دانا... تۆ***

***نابێ بمریت... من تۆم خۆش دەوێ... ڕابە... هەلو... دەستی من بگرە... دەگەڵ مندا بەرەو وڵاتی لەزەتڕانی، وڵاتی شادکامی وەرە... زوهدو پارێزکاریو گۆشەنشینی وەلابنە... من تۆم فریودا.... فریو... و بە خۆت دەبینی کە من بە خۆم جلکی تەقواو عیبادەتم فڕێداوە... دەگەڵ منا وەرە... تائیسی من... دەگەڵ مندا وەرە... وەرە...***

بەڵام تازە درەنگ بوو. تائیس دوا قسانی دەکرد:

***ئاسمان دەبینم کە رێگای خۆی بۆ من کردووەتەوە... فریشتەکان دەبینم کە دەستیان بەرەو من درێژکردووە... لە من دوورکەوە ئەی کەشیشی لەوتاو... لاکەوە... بڕۆ...***

کاتێ تائیس گیانی سپارد، هەموو دیتیان کە سیمای یارۆی ڕەبەن لە ناشیرینی دا بووە بە سیمای ئیبلیس.

***

تائیس، لە مێژووی یۆنانی کۆندا، ناوێکی ناسراوەو نووسەری نێوداری فەرەنسایی ئەم ناوەی لە کەلتوورو فەرهەنگی یۆنانەوە خواستووە. لە دەوروبەری سەدەی چوارەمی پێش زاین دا، ئەسکەندەری مەکدۆنی لەسەر رێگەی خۆیەوە بەرەو رۆژهەڵات، گەییە ئاتین. لەو رۆژگارو سەردەمەدا لە پایتەختی یونان‌دا سۆزانیەکی زۆر جوان‌و بەنێوبانگ هەبووە بە نێوی تائیس کە خۆشەویستی هەموو شەهوەتڕانان و ئەهلی رابواردنی شار بووە. تائیس حەزی لە ئەسکەندەر کردو مۆڵەتی لێوەرگرت کە دەگەڵیا بڕوات بۆ وڵاتانی نەناسراوی رۆژهەڵات. کاتێ کە پرسپولیس‌و کۆشکە بەرزو جوانەکانی داریوش‌و خەشایارشا بە دەستی سوپاییانی سەرداری مەکدونی گیران، دەڵێن تائیس ئەسکەندەری هاندا تا لە تۆڵەی رەفتاری ئێرانیان لە ئاتیندا، ئەوێندەر بسووتێنێ‌و ئەسکەندەریش لەبەر خاتری ئەو، دەستی دایە ئەو تاوانە گەورەیە. لە دوای مەرگی کوتوپڕی ئەسکەندەر، تائیس، دڵی پتولمی لاگوس، سەرداری مەکدونی ڕفاندو بوو بە ماشوقەی ئەو، و بە گوتەی (ئاتنیوس)ی مێژوونووسی یونانی، پاشان شووی پێکردووەو تەواو کۆنتڕۆڵی کردووەو خستوویەتیە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئاشکرایە کە تائیس یەجگار بە مەکرو نازو نازدارو زیرەک‌و قسەزان بووەو داوی دڵبەری بۆ هەر پیاوێك نابێتەوە، دیل‌و ئەسیری خۆیی کردووە.

رۆمانی (تائیس)ی ئاناتول فرانس بەڕادەیەك لە فەرەنساو ئەورووپادا برەوی سەندو دەنگی دایەوە کە دوای بڵاوبوونەوەی بە چەند ساڵێك، لەلایەن جول ماسنی ئاهەنگسازی مەزنی فەرەنساوە ئۆپرایەکی لێ دروستکرا کە بە خۆی ئاوازەکەی داناو دەقی سیناریۆکەی بە شاعیری رۆژ، لویس گالی سپارد.

***

تائیس چیرۆکی سەرگەردانی بنیادەمە لە نێوان ڤیان‌و بەدناوی دا. پافنوس بە خەیاڵی خۆی دەیەوێ تائیس-ی گوناحکار لە داوی بەدناوی دەربێنێ، بەڵام کاتێ ئەو دێنێتە سەر رێگای دروست، تەمەشا دەکا نیهادو ویژدانی خۆی بە ئەشقی مادی تائیس کرمۆڵ بووە.

سەرچاوە :

تصویری از ادبیات کلاسیك جهان/۸/شرکت سهامی کتابهای جیبی /وابسته به موسسه‌انتشارات امیر کبیر/ اسفند ۱۳۸۸

# ٩- شەڕو ئاشتی

**لیڤ تۆلستوی (١٨٢٨- ١٩١٠)ڕۆمااننووس، ئەدیب، فەیلەسوف و ریفۆرمیستی کۆمەڵایەتی رووسیا، لە ناوەندی تەمەنیا، جۆرە جیهانبینییەکی سوفیانەی لەلا پەیدا بوو. کە بریتی بوو لە ئەشق و ڤیانی مەسیحی و پرەنسیپی نەرمکێشی و ئاشتی لە هەنبەر هەر توندوتیژی و شەڕەنگێزییەك. بوونی دەوڵەتی بە شتێکی پێچەوانەو دژی مەسیحیەت دەزانی و باوەڕی وا بوو کە دەبێت تەنیا مەحەبەت حوکمی خەڵکی بکات.**

***

**ئایا مرۆڤ، ئەم گەورەو سەروەری مەخلوقاتە، بۆیە هاتووەتە دنیاوە تا رەنج بدات، هەوڵبدات، باری ماندوویەتی و بەڵاو نسیبەتان بە شانا بدات، لە ژێر گوشاری قورسی نامرادیاندا وردو خاش بێت تا کۆمەڵێکی دیکە، خەڵکێکی دی بە ئاسوودەیی بژین، یان پەروەردگار نیعمەتی ژیانی پێ بەخشیوە تا لەم دنیایەدا هەر کارێکی پێخۆش بێت بیکات، بۆ خۆی شادی بکات، پێ بکەنێ، ئاشقێنی بکات، ئارامو ئاسوودە بژی، لەزەت و بەهرە لە هەموو شتێکی ژیان وەربگرێت و گوێ بە حاڵی خەڵکی تر نەدات؟ ئەم دوو شێوەیەی ژیان، کامەیان دروست ترو نزیکترە لە پرەنسیپی فەلسەفەی ژیانەوە؟**

**لیڤ تولستوی، ئەم گەنجە تەمەن سی و چوار ساڵە کە بە شەوق و زەوق و باوەڕێکی سەیرەوە دەستی دایە قەڵەمو یەکەمین بەرگی کتێبە مەزنەکەی (شەڕو ئاشتی) دەنووسی، لەم دوو ڕیانەدا وەستا بوو، تیا مابوو کامیان هەڵبژێرێ، سەرەنجام قەناعەتێکی لاچێبوو، لەلایەکەوە میر ئاندرێ بولکونسکی هێنایە ئاراوە کە باوەڕی وابوو هەموو شتێکی ئەم جیهانە لە بەرخاتری شادی تاك و بۆ خۆشی تاك هاتووەتە ئاراوە، ئەم میرە بەشێك بوو لە کەسایەتی خودی تولستوی. لەلایەکی ترەوە پییر بژوکوف خوڵقاند کە باوەڕی وابوو شادی لەو ڕێگەیەوە بە دەست دێ کە یارمەتی خەڵکانی دی بدەیت، ئەم (پییر)ەش نیوەکەی دیکەی کەسایەتی تولستوی پێکدێنا. کێشماکێشی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە، لە ڕاستیدا هەمان کێشماکێشی نێوان ئینسانیەت و هۆڤیگەرایيە کە چیرۆکنووسی هزرڤانی روسی لە وێنەی دوو کاراکتەرو کەسایەتی جیاوازو هەڤدژدا بەرجەستەی کردووە، کێشماکێشێکە کە لە دڵ و دەروونی هەر گەورە هزرڤانێکدا پەیدا دەبێت.**

**نووسینی رۆمانی (شەڕو ئاشتی) وەکو خۆی پێشبینی کردبوو، شەش ساڵی بەردەوامی خایاند، (١٨٦٤- ١٨٦٩)، تولستوی بە درێژایی ئەو ساڵانە بۆ تاقە ساتێك ئارامی نەگرتبوو، هەموو لەزەتێکی دنیای تەرك کرد، تەنانەت لە خواردن و خەوتنیشدا دەستی دەگرتەوە تا بەرهەمەکەی تەواوبکات. کاتێ دوا دێڕەکانی رۆمانەکەی نووسی، پیاوێکی چل ساڵان بوو کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی زۆرو خوێندنەوەو موتاڵای بەردەوام، سیمای فەیلەسوفێکی لەخۆ گرتبوو. کاتێ ڕۆمانەکەی بۆ لای وەشانکار نارد دەیزانی مەزنترین و بژاردەترین بەرهەمی خۆی ناردووە، بەڵام**

هەرگیز نەیدەزانی کە ئەم کتێبە دەبێ بە یەکێك لە چەند کتێبی گەورەی دنیای بەشەریەت، کتێبێ کە بە نەمری لە مێژووی ئەدەبیاتی رووسیو جیهانی دا تۆمار دەبێت.

لیڤ نیکولایوفیچ لە گوندی یاسنایا پولیانا هاتبووە دنیا، لە ۱۸۲۸/۹/۹ چاوی بە ژیان هەڵێنا، واتە نزیکەی دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا. بابو داکی لە چینە مامناوەندییەکانی کۆمەڵگە بوون، بەڵام لەو چینانە بوون کە ئەسڵو فەسڵێکیان هەبوو و خوێنەوار بوون. ئەو هێشتا منداڵ بوو کە بابو داکی مردنو لیڤ بە ناچاری کەوتە بەردەستی پیرەژنانی خزم کە لە رووی بەزەییەوە گرتبوویانە خۆو سەرپەرشتیان دەکرد. بەم حاڵەشەوە خوێندنێکی رێكو پێکی کرد تا لە تەمەنی شازدە ساڵیدا توانی بگاتە زانکۆی (قازان) بەڵام دەورەی خوێندنی زانکۆی تەواو نەکرد. دوای چەند ساڵێك بۆ گوندی گەڕایەوە بەو ئومێدەی هەم سەرپەرشتی موڵکەکانیماڵباتەکەیان بکاتو هەم لە رێگەی خوێندنەوەوە خۆی خوێنەوارترو رۆشنبیربکات.

یەکێك لە کارە درەخشانەکانی (لیڤ) ئەوە بوو کە لە نۆزدە ساڵییەوە بڕیاری دا یاداشتی رۆژانە بنووسێتەوەو هەرچی بە سەردا دێت بینووسێتەوە. بۆیە یاداشتو بیرەوەرییەکانی رەنگدانەوەی ئەو هزرینو هەستە هەڤدژانەیە کە لە سەرانسەری تەمەنیدا پێیدا رۆییوە، لەم یاداشتانەدا بەردەوام خۆی محاکەمە کردووەو زۆرجار لە دوو ڕیانەکاندا لە خۆی پرسیوە کام رێگە هەڵبژێرێت، تا بەرەو رزگاری بەرێت؟

گۆشەگیریو ڕامانو تێفکرینو خوێندنەوەو موتاڵا، نەك تولستوی کرد بە چیرۆکنووسێکی مەزن، بەڵکو کردیشی بە فەیلەسوفێکی ئەخلاقو هەر ئەم شێوە هزرینە بوو کە ئەوی خستە ریزی ریفۆرمیستە کۆمەڵایەتیە مەزنەکانی روسیای تزارییەوە.

چ شتێك وایکرد کە بیری ئەفراندنی کتێبێك بە نێوی (شەڕو ئاشتی) بکەوێتە مێشكو خەیاڵی تولستۆیەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کارێکی زۆر ئاسان نیە.

تولستوی لە ساڵی ۱۸۵۱دا، کە تەمەنی ۲۳ ساڵ بوو رۆیی بۆ قوقاز تا بە شێوەی داوخوازو خۆبەخش لە ریزی تۆپخانەی سوپای روسیادا خزمەت بکات. یەکەم پرسیار کە دێتە پێشێ ئەمەیە کە بۆچی تولستوی، ئەم لاوە هێمنو مەنگو بیرمەندو ئاشتیخوازە کە لە خوێنرێژیو کوشتار بێزار بوو، و شانازی بە ئینسانیەتی ئینسانەوە دەکرد، بۆ شەڕو جەنگ بڕوات؟ رەنگە لەبەر ئەمە بووبێ کە ویستویەتی بە خۆی مەیدانی شەڕو شەڕگە بدینێو تاقی بکاتەوەو گوێی لە ڕمبەی تۆپو تەقەی گوللە ببێو تامی سەرکەوتن یان شکست بچێژێت. ئەم ئەزموونە بۆ ئەو بێ ئاکام نەبوو، چونکە نەك هەر لە ئەنجامی ئازایەتیو فیداکاریو هەندێجار شەڕی تەن بە تەن دەگەڵ خەڵکی خێڵەکی یاخی دا، کۆمەڵێك میداڵو نیشانەی ئازایەتی بە دەست هێنا، بەڵکو ئەزموونی ئەم شەڕانەی لە کتێبێك دا بە نێوی (منداڵیەتی) نووسییەوە. دوای سێ ساڵ بۆ سەربازخانەی دانوبو لەوێندەرەوە بۆ سواستوپول نەقڵ بوو. لە شەڕەکانی قرمو ئابلۆقەو گەمارۆدانی ئەم شارەدا رۆڵێکی بەرچاوو هەستیاری گێڕا. کاتێ بۆ سانپترۆسبورگ گەڕایەوە ئیدی لە جەنگو سوپاو میداڵی سەربازیو ئەم زاراوانە بێزار بوو بوو. چونکە بە دووی ئەزموونگەلێکدا کە بەدەستی هێنا بوون، لە ساڵی ۱۸۵۷ کە تەمەنی بیستو نۆ ساڵان بوو، بۆ

زێدی خۆی گەڕایەوەو بە درێژایی تەمەنی، جگە لە دوو سەفەر بۆ هەندەران، ئیدی لە گوندی یاسنایا پولیانا وەدەرنەکەوت. چیرۆکی نووسین، خوێندنەوەی کرد، لەو قوتابخانەیەدا کە بە خۆی لەم گوندەی دروستکرد بوو، کەوتە دەرس گوتنەوە، بیروبۆچوونەکانی خۆی بە دەرس دەگوتنەوە.

باسەکەمان لەسەر ئەنگێزەکانی داهێنانی شاکارێك بوو بە نێوی (شەڕو ئاشتی)، گوتمان تولستوی نزیکەی حەوت دانە ساڵ لە سوپادا مایەوە، ئەم حەوت ساڵە بەس بوو بۆ ئەوەی شێوەی هزرینی سەربازێك بجەڕبێنیٚو بناسێت. خاڵی دووەم ئەمە بوو کە لە ساڵی ١٨٦٢، کاتیٚ تولستوی تەمەنی سی و چوار ساڵان بوو، کیژێکی بە نێوی سۆفیا خواستو بناغەی ژیانێکی هێدیو ئارامی خانەوادەیی داڕشت. ساڵانێکی زۆر دەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەختەوەر بوو و تەنانەت سیازدە منداڵی لێی بوو، بەڵام تولستوی لە ناخی خۆیدا جۆرە ئەوینو مەحەبەتێکی پاکی دەربارەی ژن خوشکەکەی، کە کیژێکی دڵپاکی خشیك بوو هەبوو و دەیویست بە جۆرێك لە جۆرەکان لە بەرهەمەکانی خۆیدا بەرجەستەو جاویدانی بکات. سەرەنجام سیماو کەسایەتی ئەوی لە قاڵبی ناوی خوازراوی (ناتاشا)دا لە ڕۆمانی (شەڕو ئاشتی)دا بەرجەستە کردو نەمری پیٚ بەخشی.

لە هەموو ئەمانەش بترازیٚ، تولستوی لە نووسینی ئەم شاکارە مەزنەدا ئامانجو مەبەستێکی بەرزو ستراتیژی هەبوو: دەیویست بڵێت کە هەڤبەندیو زنجیرەبەندیو بەردەوامی ژیان لە مێژوودا بیٚ کۆتاییو هەتا هەتاییە، ژیانی هەر تاکێك کاریگەری خۆی بەسەر مێژووەوە بە جێدێڵیٚو ئەم مێژووە، لە ڕاستیدا، جگە لە ئاوێنەی ژیانو روحیاتو رەفتارو کرداری مروڤەکان هیچی تر نیە، و چونکە تولستوی بایەخێکی فرەی بە کۆمەڵگەو دۆزو پرسە کۆمەڵایەتیەکان دەداو هەمیشە ریفۆرمو چاکسازی کۆمەڵگەی لە هزرو بیردا بوو و بە ئەرکی بیٚ چەندو چوونی دەژمارد، بۆیە قرێری دا کە یەکەم لەشکرکێشی ناپلیۆن بۆ سەر روسیاو کاریگەری ئەم هێرشو پەلامارە بەسەر ژیانی خەڵکی ئەم مەرزو بۆیەدا بنووسێتەوە، بەڵام نەك بە شێوەی واریقات نووسێك کە تەنیا بریتی بیٚ لە تۆمارکردنی رووداوەکان، و دووەم خەڵکانێکی پڕ بە پێستو قاڵبی ژیانو هزرینی ئەو رۆژگارو سەردەمە بخوڵقێنێتو لە هەمان کاتدا وەکو نیگارکێشێك هەموو تاریكو روونەکانی ژیانی خەڵکی روسیای ئەو سەردەمە بەرجەستە بکاتو شان بە شانی ئەم کارە، لە رێگەی ئەم رۆمانەو پەیامی ئەم رۆمانەوە بکەوێتە چاکسازی کەچبیرانو خەتاکارانی هاوولاتی خۆی.

(شەڕو ئاشتی) ئاوێنەی بالانمای ژیانی روسیای ساڵانی ١٨٠٥- ١٨١٤یە، ئەو ساڵانەی کە پوناپۆرت کەسایەتی یەکەمی ئەوروپا بوو. لەم رۆمانە پێنج ماڵباتی سەرەکی دەور دەربینن،و کەسانی ئەم ماڵباتانە هەر کەسەیان بە خولقو خوو و مەشرەبو شێوەی هزرینی خۆیان دەربڕو ئاوێنەی ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمەن. لە رۆمانی (شەڕو ئاشتی)دا دەوری وەرزێرو مسکێن بە قەدەر رۆڵی موڵکدارو فیودالو ئەشرافزادە گرینگە، دەوری سەرباز بە هەمان ئەندازەی دەوری ئەفسەر گرینگە، هەموو ئەو قارەمانانە یەك بە یەك لەسەر شانۆی رووداوەکانی ئەم رۆمانە مەزنە

دەردەکەون و دێن و دەڕۆن، بەڵام هەمیشە سیماو قارەمانی یەکەم ناپلیونەو لە دوای ئەو ئەلکساندەری یەکەم، ئیمپراتۆری روسیاو چەند ئەفسەرێکی پایەبەرز دێن کە نێویان لە مێژوودا هاتووە. لە بەرگی یەکەمدا زاراوەی شەڕو دەرهاویشتەو تەجەلیاتی شەڕ لە هەموو شوێنێکدا بەرچاو دەکەوێ و لە بەرگی دووەمدا زاراوەی ئاشتی و تەجەلیاتی ئاشتی دەبینرێ، و ئێمە لە پەناو پەسێری ئەم رووداوانەوە، تولستوی دەبینین کە خۆی لە بەرگی یەکێك لە قارەمانەکاندا دەرکەوتووەو قسانی خۆی دەکات.

ساڵ، ساڵی ١٨٠٥ـە، ئەوروپا گیرۆدەی ئاوری سەرکێشی و ریسك و دکتاتۆریەتی ناپلیۆن بوو. مۆسکۆو سانپترسبۆرگ لە مەیدانی شەڕو لەشکرکێشی سوپای فەرەنساوە دوورن، بەڵام هەموو ئەوانەی فەرمانڕەوایی روسیایان بە دەستە، چاك دەزانن کە ناپلیۆن چاوپۆشی لە خاکی وڵاتی ئەوان ناکات. پاشەکشەی سوپای نەمساو روسیا لە شەڕی ئاستەرلیتز مایەی نیگەرانیە، بەڵام لە کۆڕی ئەشرافان و لە ئەنجومەن و مەجلیسی جڵەودارانی کەیف و ڕابواردنی روسیادا هیچ جۆرە. ترس و نیگەرانیەك لە ئارادا نیە، باسی ئەڤینداری و بادەنۆشی و قومارو لەزەتخوازی، دیباجەو سەردێڕی هەموو باس و کارو کردەوەکانە. بەو حاڵەشەوە کەسانێك هەن کە تاسەمەندن دڵسۆزی و راستگۆیی و وەفاداری خۆیان بۆ خودی (تزار) بسەلمێنن و سەرباری ژیانی ئاسودەو رەحەتی خۆیان پەیوەندی بە سوپاوە بکەن، یەکێك لەوانە نیکولای روستوف-ی نەجیمزادەیە کە جلکی ئەفسەران لەبەر دەکات و ئامادەیی خۆی بۆ فیداکاری لە ڕای نیشتماندا نیشان دەدات. لە هەمان حاڵدا (ناتاشا)ی خوشکی زۆر جوانی، چاوەکانی لە شادی و تاسەدا پڕ لە فرمێسك دەبن و سونیای ئامۆزای شیفتەو شەیدای ئەو دەبێت.

پییر بژۆکوف، دۆستی دێرینی روستوف، سیمایەکی گەوجانەو گێلانەی لە خۆ گرتووە، هەر چەندە لە پاریس گەڕاوەتەوەو خوێندنی باڵای لە زانکۆکانی فەرەنسا تەواو کردووە، چونکە کارەکەی هاوڕێ و دۆستەکەی (روستوف) بە سەخیف دەزانێ، لەبەر چاوی هەمووان سووك و ترسنۆك دەنوێنێ. قومار باشترین سەرگەرمی ئەوە، بەڵام هەندێجار وا رێکدەکەوێ کە هێمنی و ئارامی خۆی لە دەست دەدات و هاواردەکات و دەکەوێتە جنێودان بە هەر هەموو ئەوانەی کە لایەنگری لە شەڕو جەنگ دەکەن.

زۆری پێناچێت کە بابی کۆچی دوایی دەکات و سەروەت و سامانێکی فرەی بۆ بەجێدێڵێ. پییر بەرەبەرە خۆشەویست دەبێت، رەوش و رێبازێکی ئاقڵانەتر دەگرێتەبەر، موجامەلەی هەموو کەسێك دەکات، رووی خۆش دەداتە خەڵکی. لەو هەلومەرجەدا میر ڤاسیلی کوراگین دۆستایەتی و ئاشنایەتی دەگەڵ پییردا پەیدا دەکات و دەیکات بە یەکێك لە دۆست و برادەرە هەرە باشەکانی خۆی و ئەم دۆستایەتیە، بۆ پییر بژۆکوف زۆر بە سوودە، چونکە میر کیژێکی هەیە بە نێوی (ئالن) کە لە جوانی و سەنگینی دا داستانی سەرزاری خاس و عەوامی خەڵك و خوایە، سەرەنجام میر، ئالن لە پییر مارە دەکات و بناغەی ژیانێکی نوێیان بۆ دادەڕێژێ، بەڵام لە دنیای عەمەلی و واقیعی دا، هەردووکیان، ژنەو مێردە لەو ژیانە هاوبەشە بێزارن.

پییر، له ڕۆمانی (شەڕو ئاشتی)دا سیماو کەسایەتیەکی تابان‌و سەرنج ڕاکێش‌و جوانی هەیە. گەنگەشەو موناقەشە جدی‌و توندەکانی دەگەڵ میر ئاندریێ بولکونسکی دا مایەی سەرنج‌و شایستەی گوێ گرتنن. میر مرۆڤێکی توندو سەختگیرو دکتاتۆرەو پییر خانەدانێکی مرۆڤدۆستە. میر هەموو شتێکی دنیای مەتریالیستی بە ئەوزارو هۆیەك دەزانێ بۆ گەییشتن بە خۆشی‌و لەزەتەکانی خۆی، بەڵام پییر ڕێك پێچەوانەی ئەوە. خوێنەر لە بندێڕی ئەم ڕۆمانەدا ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە تولستوی ئەو کێشماکێشەی کە لە نێوان خێروشەڕدا، لە نێوان چاکەو خراپەدا لە خودی خۆیدا هەبووە، لە گوتارو کرداری ئەم جووتە قارەمانەیدا بەرجەستەی کردووە.

ناپلیون، سوپای پروس دەشکێنێ‌و بەسەرکەوتووی دەچێتە ناو شاری بەرلینەوە. ئیتر نۆرەی ڕوسیایە، ئەنجام شەڕ دەکەوێتە خاکی ڕوسیاو سوپاو لەشکری فەرەنسا لە هەموو بەرەکانی شەڕدا پێشڕەوی دەکات. دلاوەری‌و گیانبازی‌و فیداکاری نیکولای ڕۆستوف شایستەی ستایشە، بەڵام هەوڵەکانی بێهودەو بێ ئاکامە، سوپای ڕوسیا خۆی لە هەنبەر سوپای فەرەنسادا ناگرێت.

* * *

ناتاشا لە ڕۆمانی (شەڕو ئاشتی)دا بوونەوەرێکی خۆشەویست‌و لە بەردڵانە، گومان لەوەدا نیە کە لیڤ تولستوی لە دەمی خوڵقاندن‌و ئەفراندنی ناتاشادا سیمای ژن خوشکەکەی خۆی لە خەیاڵ‌و لەبەرچاو بووە، چونکە وەکو دواتر ڕووداونووسان نووسیویانە، ژیان‌و ڕەفتاری ناتاشا لە هی ژن خوشکەکەی تولستوی چووە. کیژێکی جوان‌و دڵپاك‌و دڵسافە، ئارەزووی بێ سنووری هەیە،و لە دووی مێردێکی دڵخوازی خۆیەتی، ڕۆژێ میر ئاندریێ کە هاوسەرەکەی مردووەو کوڕێکی لە پاش بە جێماوە، دەچێتە خوازبێنی. کەسوکاری ناتاشا هەموویان بەم زەماوەندە ڕازین‌و تەنانەت نیکولای ڕۆستۆڤ براشی ڕازیە، لێ بابی ئاندریێ کە شازادەیەکی بە فیزو دەعیەیە ڕازی نابێت‌و بڕیار دەدرێ کە ئەو جووتە بۆ ماوەی یەك دانە ساڵ سەبرو چاوەڕوان بکەن. ناتاشا بە هێڤی ویساڵی دڵدارو بە نیازی خۆ مژول کردن سەفەری مۆسکۆ دەکات. لە مۆسکۆدا بە براکەی (ئالن) ئاشنا دەبێت. ئاناتول، گەنجێکی بودەڵەو خوێڕییە، ماوەیەك لەوە پێش کیژێکی جوانی بابایەکی مسکێنی فریو دابوو و بۆ ئەوەی ئابڕوی نەچێت، بە نهێنی‌و ژێراو ژێر خواستبووی. کە ناتاشای خشکۆك دەبینێ داوێکی بۆ دەنێتەوەو ئەوەندە دەوروخولی دەدا تا لە ئەنجامدا کیژەی جوانی دڵپاك ڕام دەبێت‌و ئامادە دەبێت مێردی پێبکات. ڕێو ڕەسمێکی زەماوەندی نهێنی‌و ساختە بەرپا دەکات. کەشیشێك کە کرێگرتەی ئاناتولە، دێت خوتبەی مارەکردنەکە دەخوێنێ. هەموو شتێك بە دڵی جەوانی هەرزەو خوێڕی بەڕێوە دەچێت تا ئەم ڕازو نهێنییە کەشف دەبێت. پییر کە زۆر لەم بێ ئابڕوییە توڕەیە ژن براکەی خۆی ناچار دەکات کە شار بە جێ بێڵێ.

جەنگ، وێرانی‌و ڕۆژە ڕەشێکی باوەڕ نەکردەنی بۆ خەڵکی ڕوسیا هێناوە، کوتوزوف، فەرماندەی گشتی سوپای ڕوسیا، بەمەبەستی بەزاندنی ناپلیون‌و تێکشکاندنی لەشکرەکانی فەرەنسا، دەستور دەدات هەر شارێك کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سوپای فەرەنسا، بێتە

سووتاندن- ئیدی کەمی ئازوقە، ویرانی ئاواییان، دوورو درێژی رێگاوبانو سەرمای بەترەڤ روسیا هەموو پێکەوە دەکەنە کارێك کە لوتی پوناپارت بە عاردی بکەوێو غرووری بشکێ. لەلایەکی تریشەوە گیانبازیو فیداکاری جەنگاوەرانی روس زیانێکی قورس لە سوپای فەرەنسا دەدات. دیارە لەم گێروداری بەدبەختیەدا، چارەنووسی مرۆڤەکانیش مەعلومو خویایە. شێرازەی ژیان پچڕاوە، بنەمای خانەوادەکان لە گرێژنە دەرچووە، هێمنو ئارامیو خۆشی لە هەموو شوێنێ هەڵگیراوە. تەنانەت خەڵکی مۆسکۆش لە ترسی پێشڕەوی سەربازانی ناپلیون هەراسان بوون. بەرگریکارانی روسی لە شەڕی خوێناوی بورودینودا ناچاری پاشەکشە دەبن، بەڵام بە دەستووری فەرماندەی سوپا، شار دەسوتێنرێو کاتێ سەربازانی فەرەنسی دەگەنە دەوروبەری شار جگە لە خۆڵەمێشو گڕو ئاگر هیچی دی نابینن. لە شەڕی بورودینودا، خانەوادەی رۆستوف لە مێژە موڵكوماڵی خۆیان بە جێهێشتووەو رۆییون، ومیر ئاندرێی ئازاش بە سەختی بریندار دەبێتو ناتاشا بە هانای کۆنە دەزگیرانەکەی خۆیەوە دەچێتو چونکە حاڵی بەرەو خراپی دەچێت، ماریای خوشکیشی بانگ دەکات کە یارمەتی بدات، بەڵام هەوڵو تەقەلاکەیان بێهودەیە. میر ئاندرێ بە نامرادی کۆچی دوایی دەکاتو هەرگیز دەرفەتی ئەوەی نابێ کە ناتاشای خشیك لە ئامێز بگرێ. ماریا دڵشکاوو خەمین، داوا لە ناتاشاو کوڕە نا شەرعیەکەی، کە بۆ یەك دەمیش لە دایکی جودا نابێتەوە، دەکات کە لەم رۆژگاری مەرگو نەگبەتیەدا بۆ یەك ساتیش لێکدی جیا نەبنەوە، نیکولای روستوڤ برای ناتاشا-ش ئەو پێشنیازەی بە دڵ دەبێت، چونکە نیکۆلای لە سیمای ماریادا جۆرە وەسوەسەیەکی ئاوێتە بە خەونو ڤیانو ئەڤیندارى دەخوێنێتەوە.

*　*　*

رۆمانی (شەڕو ئاشتی)، ئەم بەرهەمە زندووەی تولستوی، بۆ خۆی مێژوویەکی گەورە، رۆمانێکی دڵگیرو بەرهەمێکی بیرمەندانەی بەنرخو شایستەیە، هەر چەندە لە بەشێکیاندا جەنگو لە بەشەکەی دیکەیدا ئاشتی رۆڵی سەرەکی دەبینن، لێ قارەمانانی سەرەکی رۆمانەکە خەڵکانێکن دڵگیرو جوان کە بە ئارەزوو کەڵکەڵەو هزرێن جیاوازی خۆیانەوە لە دیمەنەکاندا دەردەکەونو دەڕۆنو هەریەکەیان بە شێوەیەکی خویاو دیار لە رۆمانەکەدا جێ دەستی خۆی بەجێدێڵێ. پییر بزۆکوف-ی لاو بابایەکی کۆنتە، ناتاشا رۆستوف کیژێکی جوانی ماڵباتێکی ناسراوی مۆسکۆیە، نیکولای رۆستوف، برای ناتاشایە، لاوێکی نیشتمانپەروەرە کە خۆبەخش بە مەبەستی خزمەتی تزار جلکی سوپایی لەبەر دەکات، ئاندرێ بولکونسکی شازادەیەکی دەوڵەمەندی روسییە کە شەیداو دڵبەندی ناتاشایەو هەرگیز بە ئاواتی خۆی ناگات، ئالن کوراگین، کیژی میر ڤاسیلییە کە دەبێت بە هاوسەری پییرو هیچ کاتێك لێی دوور ناکەوێتەوە ئاناتول کوراگین، برای ئالن کە لاوێکی هەرزەو خۆسەرەو ناتاشا فریو دەداتو فەسادی دەکات، دۆتمیر ماریان، خوشکی ئاندرێ کە پاش مردنی برایەکەی، هۆگری ناتاشا دەبێتو هەرگیز لێی دوور ناکەوێتەوە. کوتوزوف، ناپلیونو دەیان کەسایەتیو کاراکتەری دیکە کە هەموویان قارەمانانی ئەم بەرهەمە نەمرو زندووەن، هەر یەکەیان بۆ خۆی مایەی سەرنجەو بە جۆرێك لە

روحی خوێنەر نزیك دەبنەوە. لیڤ تولستوی لە کاتی ئەفراندنی (شەڕو ئاشتی)دا دەیزانی کە شاکارێك بەرهەم دێنێ، بەڵام نەیدەزانی کە یەکێك لە چەند بەرهەمی ناوازەی جیهانی ئەدەب، وەکو شانازی ئەدەبی روسی لە دووی خۆی بە یادگار بە جێدێڵێ.

***سەرچاوە:***

***تصویری از ادبیات کلاسیك جهان /٩معرفی (جنگ و صلح) اپر لیوتولستوی. شرکت سهامی کتابهای جیبی / وابسته به موسسه انتشارات امیر کبیر / اسفند ١٣٨٨***

## ١٠- پیسکە

جان باتیست پوکلن (١٦٢٢- ١٦٧٣)ی درامانووسی فەرەنسی ناسراو بە مولێر، نەك هەر نووسەرێکی گەورە، بەڵکو ئەکتەرێکی بە تواناش بوو. بە نموونە ێن جیاوازو جۆراو جۆری مرۆڤەوە کۆمەڵێك شانۆنامەی زندووی داهێناوە، شێوازی مولێر لە بواری دەرهێنانی شانۆییدا، وێڕای ئەوەی چەند سەدەیەکی بەسەردا ڕۆییوە هێشتاش هەر مایەی ستایشە.

***

تیتوس ماکیوس پلوتوس لە مێژووی هونەرو ئەدەبی ڕۆمادا پاپەیەکی بەرزی هەیە، تیتوس کومیدیانووسێکی بە توانا بوو کە پتر لە دوو سەدەو نیو بەر لە زاین لە یەکێك لە شارەکانی ئیتالیادا بە نێوی سارسینا چاوی بە ژیان هەڵێناوەو دوای هەفتاو دوو ساڵ لە هەڕەتی شۆڕەتو نێوبانگو خۆشەویستیدا ماڵاوایی لە ژیان کردووە. لە ژیانی خۆیدا بیستو یەك شانۆنامەی نووسیوەو هەموویان مایەی پەسندی خەڵکی بوونو تا چەندین سەدە دوای خۆیشی لەسەر شانۆ نمایشو پێشکەش کراون. کە یەکێك لەو شانۆنامانە کۆمیدیای ئالولاریایە، کە لێرەدا چەند قسەیەکی خێرای لە بارەوە دەکەین.

ئالولاریا، بریتییە لەسەر بهوردی پیاوێکی پیسکە بە نێوی ئوکلیون کە شەوێك، لەو کاتەدا کە بە خەیاڵی سەروەتو سامانی بێ حیسابی خۆیەوە خەوێکی خۆشو قوڵی لێکەوتووە، لار-ی خوداوەندی خانەوادە دێتە خەویو پێی دەڵێت کە بە نهێنی ژێر ئاگردانی خانەوادەکەی خۆی هەڵبکەنێتو لەوێدا گەنجینەیەك هەیە کە بابە گەورەی لەوێندەری شاردووەتەوە. ئوکلیون بە قسەی خوداوەندی ناڤبری دەکاتو وەکو چۆن چاوەڕوانی دەکرد، قاپێکی زێڕی خالیسەی ئەوتۆ دەدۆزێتەوە کە نموونەو شێوەی لە جیهانی ئەو ڕۆژگارەدا بەرچاو نەکەوتبوو. دۆزینەوەی ئەم قاپە گرانبەهایە دنیای هێدیو ئارامی ئەو بە تەواوەتی دەگۆڕێت. پیرەمێردی چاوچنۆکی پیسکە لە ترسی ئەوەی کە نەبادا کەسێك پەی بە نهێنییەکەی ببات دەست لە خواردنو خەوتن دەشواتو هەموو تەمەنی خۆی بۆ پاسەوانی ئەو قاپە تەرخان دەکات، بەڕادەیەك کە هەموو پێداویستییەکانی ژیانی لەبیر دەچێتەوەو جگە لە شێوەی قاپێك هیچ شتێکی دیکە لە بیری سلۆکو ترساویدا نامێنێ.

ئوکلیون کە پەی بە بێنەواییو چارەڕەشی خۆی برد بوو، ڕۆژێك لێدەبڕێت کە خۆی لە زندانی تەماعکاریو پیسکەیی رزگار بکات. بە دەستانی لەرزۆکەوە بەرەو ئاگردانەکە دەڕوات، جارێکی دی دەکەوێتە هەڵکەندنی عاردەکەو ئەمجارەیان قاپە زێڕەکە لە قوڵاییەکی زیاتردا دەخاتە ژێر گڵەوە. لەو دەمەدا کە دەیەوێ هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشێتو هەست بکات کە لە سیا چاڵی ترسناکی تەماعکاری هەڵاتووەو رووی کردووەتە دنیای خەڵکانی ئازادی بێ خەمو خەیاڵ، دێوی مەرگ دەگاتە سەریو بە ناکامیو نامرادی چاو لە ژیان دەپۆشێت.

کۆمیدیای ئالولاریا راستتر بڵێین (قاپنامەی پلوتوس) بۆ ماوەیەکی زۆر دۆستدارانی شانۆ لە دنیای ئەو سەردەمەدا مژول دەکات، تا بەرە بەرە لە بیری خەڵکی دەچێتەوەو لە نێو کتێبدا نەبێ

ئیدی هیچ شوێنەوارێکی نامێنێ. تا ساڵی ١٦٦٨ دێتە پێشێ: لەو ساڵەدا پیاوێك بە نێوی جان باپتیست پوکلن کە لە دنیای شانۆی فەرەنسادا بە ناوی خوازراوی مولێرەوە شۆرەتو نێوبانگێکی فرەی پەیدا کرد بوو لەسەر داوای لویسی سیانزەیەم-ی ئیمپراتۆری فەرەنسا دەست بە نووسینی کۆمیدیایەکی دیکە دەکاتو ئەم جارەیان مولێر لە جیاتی ئەوەی بە خۆی بابەتێك دابهێنێ و بە شێوەی بەرهەمەکانی دیکەی شانۆنامەیەکی شیعری بنووسێت، چیرۆکی ئالولاریا دەکات بە ماكو هەوێنی بەرهەمەکەی خۆیو شانۆنامەیەك بە پەخشان ئامادە دەکات لەژێر سەرناڤی پیسکە کە بە شاکارێکی دنیای ئەدەبو هونەر دەزانرێ. نزیکەی هەزارو حەوت سەد ساڵ لە دوای مردنی تیتوس پلوتوس، جارێکی دی کۆمیدیاکەی ئەو زندوو دەکرێتەوەو بە شێوەیەکی نوێ پێشکەش بە هونەردۆستانی جیهان دەکرێت.

جاك: ئەی هارپاگون! تۆ گەورەی منی، سەروەری منی، وەلی نیعمەتی منی، تۆ داوام لێدەکەی خیانەتت لێنەکەمو بە ئاشکراو راشکاوی پێت بڵێم کە خەڵکی لە پاشملە چیت پێ دەڵێن. من لەوە دەترسم کە نەبادا حەقیقەتبێژی من تۆ تورە بکاتو پێما هەڵشاخیتو هاوارم بەسەردا بکەیتو گلەییم لێ بکەیت، بەڵام وێڕای ئەوەش دوو روویيت دەگەڵ ناکەمو راستیت پێ دەڵێم:

خەڵکی تۆ بە کەسێکی لەگام دەزانن، نوکتەو پێکەنینۆکی ناشیرینو قێزەون دەربارەی چاوچنۆکی و پیسکەیی تۆ دەگێڕنەوە. دەڵێن: "تۆ ساڵنامەیەکی تایبەتیت چاپکردووە کە لەوێدا رۆژانی رۆژووگرتن، بووە بە دوو چەنانە،و بە خزمەتگوزارانی ماڵەکەتی نیشان دەدەی تا باوەڕ بە قسەکەت بکەنو لە ماڵی تۆدا دوو ئەوەندەی ماوەی دیاریکراو رۆژوو بگرن. دەڵێن هەموو ساڵێك کاتێ رۆژانی جەژن نزیك دەبێتەوە، تۆ بە هەنجەتو بیانووانی جۆراو جۆرەوە لە ماڵەوە شەڕو فەرتەنە دەنەیتەوەو پەڵپو بیانوو لە خزمەتکارانی بێ تاوان دەگریت تا بەو شێوەیە خۆت بدزیتەوەو جەژنانەو بەخشیشیان نەدەیتێ. دەڵێن تۆ جارێك لەسەر ئەوەی پشیلەیەکی هاوسێکەتان پلە گۆشتێکی لە موبەقەکەتدا ڕفاند بوو سکاڵات لەلای دادسێنی شار لەسەر تۆمار کردووە. هەروەها دەڵێن جارێك بۆ ئەوەی هەندێ کاو وێنجەی ئەسپان لە تەویلە بدزیو تا دوایی بەشە ئالیکێکی کەمتریان بدەیتێ، کەتوویتەتە داوی مەیتەرەکانەوەو تێرو پڕیان دارکاری کردوویت.ئەمانە تەنیا مشتێکن لە خەرواری ئەو قسانەی خەڵکی لە پاشملەی هارپاگون-ی دەوڵەمەندو ناسراوی ئەم دەڤەرەی دەڵێن".

ئەم وێنەیە تەنیا نموونەیەکی بچووکە لەوەی کە مولێر، شانۆنامەنووسی بە توانای فەرەنسا لەمەڕ قارەمانی چیرۆکەکەی گرتوویەتی و لەوەیە رەنگدانەوەی خەسڵەتو خووخدەکانی هەمان ئەو ئوکلیونە بێت کە پلوتوس هەڤدە سەدە بەر لەو، دەربارەی قارەمانەکەی خۆی وێنەی گرتووە.

ڤالیری، پێشکارو خزمەتکاری لاوی هارپاگون، باشتر شارەزای پیسکەیی و لەگامی ئاغاکەی خۆیەتی، چونکە نەك هەر بە زیرەکی خۆی دڵی هارپاگونی بە دەست هێناوە، بەڵکو ئەلیزی روو مانگی ئاغاشی شەیداو بێ قەراری خۆی کردووە. ڤالیری دڵنیایە کە ئاغای بەو تەماعکاریو پیسکەییو بەو هەموو حیسابو کیتابە هەرگیز کیژەکەی خۆی بەو نادات، مەگەر دڵنیابێ

لەوەی کە زاواکەی لە بنەماڵەیەکی گەورەو دەوڵەمەندو ناسراوی شارە، لەبەر ئەمە هەوڵدەدات بەرێگەیەکی دی دڵی بیّ بەزەیی ئەو بەلای خۆیدا راکێشێت. یەکێك لەم دوو رێگەیە مەرایی و دەڵەچەییە کە لە هەنبەر هەندیّ خەڵکی خۆپەرستدا چەکێکی کاریگەرەو ڤالیری بەم رێگەیە دڵی ئاغاکەی خۆی بەدەست هێناوە:

ئەلیز: ڤالیر پێم بڵیّ تۆ چۆن دەتوانی متمانەی بابم بەو رادەیە بە دەست بێنی. من دەزانم و دڵم دەڵێت کە خۆشت دەوێم، بەڵام ئێمە لەم هەلومەرجە نالەبارەدا چۆن دەتوانین بۆ یەك ببین؟

ڤالیری: ئەلیز گیان، بە خۆت دەزانی من لە رای وەدەست هێنانی مەرحەمەتی بابی تۆدا هەموو کارێك دەکەم، هەر بۆ ئەوەی بچمە دڵییەوە شەوو رۆژ سەرقاڵی ئەوەم کە بە دڵی ئەو رەفتار بکەم. هەر ساتەی دەمامکێکی تازە لەسەر دەکەم تا زیاتر بە دڵی ئەو بم. من ئەمەم لەلا بڕاوەتەوە کە پێویستە بۆ رازی کردنی ئەمجۆرە خەڵکە ببین بە شەریکی هەواو هەوەسی ئەوان. پێویستە ستایشی هەر کارو کردەوەیەکیان بکەین و هەزاران باریکەڵایان پیّ بڵێین، با ئەنجامی کارەکانیان بەدڵی ئێمەش نەبیّ. ریابازی و کلکە سووتیّ چەکێکە کە ئەم جۆرە خەڵکە زۆر زوو فریو دەدات. کارو رەفتارت چەند نەنگین و ناشیرینیش بیّ کاتیّ کە ستایش و ئافەرین و هەڵنانت بەگەڵ خست، بە دڵی ئەو جۆرە کەسانە دەبێت، ئەو رێگەیەی من گرتوومەتە بەر، زۆر بە خێرایی لە دڵی ئەوم نزیك دەخاتەوە بەڵام ئەوەی کە بەلای منەوە گرینگە ئەمەیە کە پێویستە بە دروستی و داوێنپاکی ماڵاوایی بکەم و هەڵبەتە هیچ چارەیەك نیە.

***

لە ماڵە گەورەکەی هارپاگوندا، هەر کەسەو دنیایەکی جیاوازو تایبەت بەخۆی هەیە. لە کاتێکا کە پیرەمێری پیسکە لەترسی خەرجیەکانی ماڵەکەو زیادە مەسرەف و خەرجی دیکە خەوی لیّ حەرام بووە، کلیانت-ی کوڕی حەزی لە ماریان-ی کیژە هەژار کردووە کە لە رێزەی ماڵباتەکەی ئەودا نیە،و ئەلیزی کیژی حەزی لەپێشکارو خزمەتکارەکەی خۆیان کردووەو لە هەموو ئەمانەش سەیرتر ئەوەیە کە خودی هارپاگون نەخشەی خواستنی ماریان دادەڕێژێت. هارپاگون لەمێژە لە دڵی خۆدا حەزی لە ماریان کردووەو غافڵە لەوەی کە کوڕەکەشی حەزی لێکردووە، لە بیری ئەوەدایە زەماوەندی دەگەڵ بکات،و تاقە کۆسپ و تەگەرەی سەر رێگای ئەم ئاواتەی، پیسکەیی خۆیەتی کە دەبیّ پارەیەك لەم پێناوەدا خەرج بکات.

چەند بویەرێکی دیکەش لە ئارادان: هارپاگۆن پیاوێکی بۆ کیژەکەی هەڵبژاردووە کە تەمەنی لە پەنجا ساڵ پترە، بەڵام دەوڵەمەندە. زاوا کە ئاگاداری نەفس نزمی خەزوریەتی ئامادەیە کیژەکەی بەبیّ جیازی مارە بکات و پیرەی لەگام بەم پێشنیازە زۆر رازی و خۆشحاڵە، بەڵام لەم بەینەدا ئەکتەرێکی دیکەش هەیە کە مایەی باوەڕو متمانەی هارپاگونە کە ئەویش ڤالیری پێشکارو خزمەتکاری ئاغایە.

هارپاگون: گویّ بگرە ئەلیز. من دەبیّ بیر لە بەختەوەری و خۆشی ئێوەی جگەرگۆشەم بکەمەوە. تۆ دەدەم بە ئانسەلم کە سەرە پیاوێکی دنیادیدەو کارامەیە. بۆ کلیانتی کوڕیشم بێوەژنێکی

دەوڵەمەندم دۆزیوەتەوەو بۆ ئەوەی خۆیشم بە تەنیا نەبم، ماریان، ئەو کیژە بێنەوایەی کە بە تەمای هیچ نیە لە من، مارە دەکەم.

ئەلیز: باوکە گیان، ببورە من شوو ناکەم!

هارپاگون: منیش، بە یارمەتی کیژە ئازیزەکەم، بە شووی دەدەم!

ئەلیز: باوکە گیان، بمبورە دەمەوێ... من...

هارپاگون: کیژەکەم، بمبورە... من...

ئەلیز: مەبەستم ئەمەیە کە بە یارمەتی خۆت، من هەرگیز شوو بەو پیاوە ناکەم!

هارپاگون: مەبەستی منیش ئەمەیە کە بە یارمەتی تۆ، هەر ئەمشەو دەتدەم بەو پیاوە!

ئەلیز: باوکە گیان، مەحاڵە!

هارپاگون: کچە گیانەکەم مەحاڵ نیە!

ئەلیز: نەخێر!

هارپاگون: بەخێر

ئەلیز: عەرزم کردیت نەخێر!

هارپاگون: عەرزم کردیت، با، بەخێر!

ئەلیز: تۆ ناتوانیت ناچار بەم کارەم بکەیت!

هارپاگون: من ناچارت دەکەم!

ئەلیز: خۆم دەکوژم!

هارپاگون: نا، خۆت ناکوژیت!

ئەلیز: کەس تا ئێستا کیژی خۆی بەمجۆرە بەشوو نەداوە.

هارپاگون: زۆر باوك کیژی خۆیان بەمجۆرە بە شوودواوە!

ئەلیز: تۆ لەم مەسەلەیەدا خەڵکانی دیکەش بکە بە حەکەم، شیرەت بە خەڵکانی دیکەش بکە. ئەوە ڤالیری لێرە ئامادەیە.

هارپاگون: تۆ رای ئەوت قەبوڵە؟

ئەلیز: بەڵێ باوکە گیان.

هارپاگون: ڤالیر، تۆ لەمبارەیەوە چ دەڵێی؟

ڤالیری: من دەگەڵ ڕای تۆدام. تۆ هەمیشە لەسەر هەقی!

هارپاگون: ئافەرین!

ڤالیری: بەڵام... لەوەیە ئەلیز خانمیش لەسەر هەق بێ!

هارپاگون: یانی چی؟ پیاوێك لە پیاو ماقولان‌و دەوڵەمەندانی شار بێ، بەحورمەت‌و ئیحتوبارو فاما بێ، لە ژنی یەکەمیشی منداڵی نەبێ، مێردی لەمە باشتر دەست کێ دەکەوێ؟

ڤالیری: مەبەستی خانم ئەمەیە کە جەنابت زۆر پەلە نەکەی. دەیەوێ ماوەیەك بیر بکاتەوە، سێ‌و دوی دڵی خۆی بکات‌و بزانێت ئایا دەتوانێ دەگەڵ پیاوێکی وەهادا هەڵبکات...

هارپاگون: ئاخر ئەم جۆرە دەرفەتە بە ئاسانی دەست ناکەوێ، و ئەمە جگە لەوەی ئەم پیاوە جیازی ناوێت!

ڤالیری: ئەگەر وابێ من هیچ قسەیەکم نیە، هەق بە تۆیە.

هارپاگون: کەواتە بەم پێشنیازە رازیت؟

ڤالیری: لەم هەلومەرجەدا بەڵێ – بەڵام چونکە مەسەلەی بەختەوەری لە ئارادایە پێویستە زیاتر بیری لێبکرێتەوە...

هارپاگون: لە من حاڵی نەبوویت. گوتم جیازی ناوێ.

ڤالیری: هەق بە تۆیە– بەڵام لەم حاڵەتانەدا پێویستە جیاوازی تەمەن لە بەرچاو بگیرێت!

هارپاگون: حاڵی نەبوویت. گوتم بێ جیازی!

ڤالیری: هەق بە تۆیە، بەڵام لەم دنیایەدا باوکانێکیش هەبوونە کە کیژەکانیان بە پارە فرۆشتووەو پاشان کیژەکانیان بەخت رەش بوون.

هارپاگون: حاڵی نەبوویت. گوتم بە بێ جیازی!

ڤالیری: هەڵبەتە ئەم دوو وشەیە (بێ جیازی) هەموو زمانێك دەبەستێ.

هارپاگون: کەواتە رازیت؟

ڤالیری: قوربان. سیمای خانم ئەوە دەنوێنێ کە هێشتا قەناعەتی نەکردووە، رێگەی من بدەن تا دەگەڵ خانمدا دوو بە دوو قسان بکەمو ئامۆژگاری بکەم...

هارپاگون: ئازادی لەوەی هەر کارێکت دەوێ بیکەی..

ڤالیری: گوێ بگرە خانم، پارە لە دنیادا لە هەموو شتێك ئازیزترە. تۆ برۆ مەمنونی خودا بە کە باوکێکی واهیت هەیە. لەبەر پایەی باوکتە کە زاوایەك ئامادەیە بەبێ جیازی بۆ ماڵی خۆیت ببات. لەم جۆرە حاڵەدا پیاو هیچ قسەیەکی نامێنێ!

هارپاگون: ئافەرین لاوکۆ... ئافەرین... لەگەڵ خۆتیا ببەو بە هەر شێوەیەك بووە رازی بکە.

***

چیرۆکی قەرارو پەیمانە نهێنییەکانی نێوان دڵدارە لاوەکانی خانەوادەی هارپاگون چیرۆکێکی دڵگیرو جوانە کە شانۆنامەنووسی فەرەنسی بە وەستایی و دەستڕنگینییەکی بێ وێنە دایڕشتووە.

کلیانتی ئاشق بۆ ئەوەی بگات بە ماریان–ی دڵداریو زەماوەندی دەگەڵ بکات پێویستی بە پارەیەو ناتوانێ ئەم پارەیە لە بابی بسەنێت، یانی بابی ئەو پارەیەی ناداتێ بۆیە ناچار دەبێت لە رێگەی بابایەکی مامەڵەچی سووت خۆرەوە ئەو پارەیە بە سوودێکی زۆر قورسو بە بارمتە دانانی هەندێ شتی زۆر گرانبەها دابینبکات.

ئەو رۆژەی کە کلیانت دەگەڵ خودان پارەکەدا رووبەڕوو دەبێتەوە، دەردەکەوێ کە ئەو خودان پارەیە بابی خۆیەتی کە بە دۆزینەوەی مشتەرییەکی گەوجو ئاتاج زۆر خۆشحاڵ بوو بوو. تورە بوونی باوكو هەڵاتنی کوڕەکەی خۆی لە خۆیدا دیمەنێکی پڕ هەڵچوونو هەیەجانە.

هارپاگون خۆی شەیدای دیداریماریانە. شەوێك لە کاتێکا خزمەتکارانیماڵەکەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە کە ئاگایان لە زیادە مەسرەف و دەستبڵاوی بێت، هاوسەری ئایندەی خۆی کە تا ئەو کاتە نەی دیتبوو بۆ ماڵەوە دەعوەت دەکات. ماریان، بە زۆری دایکی، کە شایستەیە شوو بە پیاوێکی پارەدار بکات، ملی بۆ ئەم شووە داوە. بەڵام هەرکە چاوی بە مێردی ئایندەی دەکەوێت هەست بە بێزاری دەکات و کە کاتێ بۆی دەردەکەوێ ئەم پیاوە هارپاگونی بابی کلیانتی کۆنە دڵداری خۆیەتی، بێزارییەکەی زیاد دەکات و دەبێت بەترس و نائومێدی.

پیرەمێردی پیسکە، لە مێژە لە ماڵەکەی خۆیدا پارەیەکی مۆڵی لە باخەکەدا خستووەتە ژێر گڵ و گوایە شاردوویەتیەوە. لە گەرمەی کێشماکێشی ئاشقێنی خۆی دەگەڵ ماریان و نیگەرانی لە رەفتاری دوو فرزەندەکەی، بۆی دەردەکەوێ کە پارەکەی دزراوە. هاوارو تووك و نەفرینی دەگاتە ئاسمان وگومان لە هەمووان و تەنانەت لە خۆیشی پەیدا دەکات.

پرسکار ناتوانی بڕیار بدات. هارپاگون پێشکارەکەی خۆی بە دزی تۆمەتبار دەکات و پرسکار بەدەم پرس و جۆوە لە ڤالیری، بۆی دەردەکەوێ کە ئەو کوڕە لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی ئیتالییەو بە نیازی زەماوەند دەگەڵ ئەلیزدا، لە شێوەی خزمەتکارو پێشکاردا لەم ماڵەدا خزمەتی کردووە.

کلیانت دان بە دزینی پارەکەدا دەنێت، هارپاگون ئامادەیە لە بری وەرگرتنەوەی پارەکەی دەستبەرداری زەماوەند دەگەڵ ماریاندا ببێت. کە ڤالیری دان بەوەدا دەنێت کە کوڕی بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتییە، ماریانیش لە پڕ بۆی دەردەکەوێ کە برا گوم بووەکەی خۆی دۆزیوەتەوەو ئاوێزانی براکەی دەبێت. لەم کاتەدا (ئانەسەلم)ی زاوای هەڵبژاردەو دەسکە گوڵی هارپاگون پەیدا دەبێت و دەردەکەوێت کە ئەویش دۆکی ئالبورچییەو بابی راستەقینەی ڤالیرو ماریانە کە کاتێ کەشتییەکەیان بەر تۆفانی دەریا کەوت و هەر یەکەیان بەرێیەکدا رۆییشتن و سەرەنجام بە سەلامەتی دەرباز بوون.

کۆمیدیای پیسکە سەرەنجام بەوە دەشکێتەوە کە هەردوو فرزەندەکەی پیرەمێری پیسکە بە ئاوات دەگەن و زەماوەند دەگەڵ دڵدارو ئەڤیندارانی خۆدا دەکەن و پیرەمێردی پیسکەش بە ویساڵی مەحبوبە جاویدانەکەی خۆی، یانی بە گەنجینە دزراوەکەی، شادو شوکر دەبێتەوە.

***

مولێر، بێگومان یەکێکە لە شانۆنامەنووسە هەرە بە تواناو نەمرەکانی جیهان، رەنگە یەکێك لە هۆکارە گەورەکانی سەرکەوتنی ئەو لە جیهانی هونەردا ئەمە بوو بێ کە بەژن و باڵایەکی رێك و پێك و سەرو سیمایەکی جوانی هەبوو، و لە کاتی لاویدا لەبەر ئەو ئیمتیازانە بوو بە ئەکتەر، بەڵام ئەم فاکتەرە بە تەنیا نەیدەتوانی ببێ بە مایەی شۆرەت و خۆشەویستی و شانازی ئەو.

لە ساڵی ١٦٥٨دا، لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا شانۆنامەیەکی نووسی بە ناوی (ژنانی فەزڵفرۆشی تامسار) کە لە پڕێکا لەسەرانسەری شاری پاریس دا ناوی مولێری خستە سەر زاران. هەڵبەتە زمانی تەنزئامێزو چزی رەخنەگرانەی قەڵەمەکەی مولێر کە روو لە خەڵکانی بودەڵەو هیچ و پووچ بوو، شێوازە نووسینێك بوو کە خەڵکی فەرەنسا حەزیان لێدەکرد. بەرهەمی

دواتری بە ناوی (تەرتوف)ەوە بڵاوکردەوە کە لە راستیدا پەردە هەڵماڵین بوو لە رووی رووبینیو ریابازی فریوکارانی مەزەبی، پایەی مەعنەوی مولیێری پتر چەسپاند،و هەرچەندە شۆرەتی روو لە زیادی ئەو بووە مایەی کینو کەربو حەسوودی بەدکارانو لەلای پاشا بۆیان تێچاند، بەڵام لویسی چواردەیەم پشتی بەرنەداو رابەرایەتی گروپێك لە هونەرمەندانی دەرباری بەو سپارد.

(نەخۆشی خەیاڵیو پزیشکی ناچاری)، دوو بەرهەمی درەخشانی دیکەی ئەم شانۆنامەنووسە بە توانایەن. ئەوەی پتر لە هەر شتێکی دی لە بەرهەمەکانیا دەدرەوشێتەوە توانای دەرونبینی نووسەرە. مولیێر بۆ قوڵایی ناخو دەروونی قارەمانەکانی خۆی شۆڕ دەبووەوە. (دۆن جوانو دووره پەرێز) دوو بەرهەمی بوون کە وەکو گشت بەرهەمەکانی تری خەڵکیان دێنایە پێکەنین، بەڵام لەم دوو بەرهەمەدا، چاوانی گەلەك لە تەمەشاڤانو بینەرانی زەین روون-ی تەژی روندکی خەمو پەژارە دەکرد،و ئەمە یەکێك بوو لە تایبەتمەندییە گەورەکانی مولیێر کە دەیتوانی لە هەڕەتی شادیدا بینەرانی خۆی بێنێتە گریان.

ئەوەی مایەی سەرنجە جان باپتیست پوکلن - ئەو پیاوەی کە لە جیهاندا بە ناوی مولیێر ناسراوە- بۆ خۆی ژیانێکی خەمناکی هەبوو، و ژیانی پڕ بوو لە دەردو رەنجو ناکامیو نامرادی. هاوسەرەکانی نموونەی بێ وەفاییو ستەمکاری بوون.

راسین کە شاعیرێکی گەورەو شانۆنامەنووسێکی بە توانا بوو، و هەڤدە ساڵ لە مولیێر بچووکتر بوو، خیانەتی لێکردو کەوتە دژمنایەتی کردنیو بەم کارە جەزرەبەیەکی کوشندەی لە روحی پاکی مولیێر کە خۆی بە دۆستو پشتو پشتیوانو خۆشەویستی ئەو دەزانی، دا.

مولیێر، لە کاتێکا لەسەر شانۆ بوو،و لە نمایشی شانۆنامە بەناوبانگەکەی خۆیدا، (نەخۆشی خەیاڵی) رۆڵی نەخۆشەکەی دەبینی، مەرگ بەرۆکی گرت، لە ناوەندی نمایشەکەدا تووشی سەرەگێژکەیەکی توند بوو، بەڵام درێژەی بە رۆڵەکەی خۆی دا، کاتێ کە نمایشەکە تەواو بوو، ئیدی مەرگ بە تەواوەتی تەنگی پێ هەڵچنی، لە ئەنجامی کۆکەیەکی توندەوە یەکێك لە شادەمارەکانی تەقیو مولیێر، گەورە هونەرمەندی فەرەنسی، ئیدی رووی ژیانی نەبینییەوە. کەشیشان نەهاتنە دیاریو رێگەیان نەدا جەنازەکەی لە گۆڕستانی مەسیحیان بە خاك بسپێردرێ چونکە بە (ئاین شکێن)یان دەزانی. لە رۆژی ١٦٧٣/٢/١٢دا بێ هیچ جۆرە رێوڕەسمو تەشریفاتێك لە گۆڕستانی سن جوزیف-ی پاریس لە گۆڕیان نا، بێئەوەی بزانن کە یەکێك لە گەورەترین شانازیەکانی جیهانی هونەری فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە.

***

مولیێر لە شانۆنامەی پیسکەدا، کاریگەریی پیسکەیی لە داڕوخانی دەروونی تاك، خێزانو کۆمەڵگەدا بە باشترین شێوە بەرجەستە کردووە. شا قارەمانی شانۆنامەکە پیاوێکی دەوڵەمەندە کە بە هۆی پیسکەییو تەماعکاریو کەڵکەڵەی سەروەتو سامان کۆکردنەوە، هەر هەموو هەستو سۆزەکانی خۆی لە دەست داوە.

***سەرچاوە:***

تصویری از ادبیات کلاسیک جهان/۱۰/شرکت سهامی کتابهای جیبی/وابسته به موسسه‌ی انتشارات امیر کبیر/ اسفند ۱۳۸۸

## ١١- دیکامیرون

جوفانی بوکاچوو (١٣١٣- ١٣٧٥) شاعیرو چیرۆکنووسێکی ئیتاڵیاییە، لە پاریس لە دایک بووە. چیرۆکەکانی پێچەوانەی داب‌و نەریتی باوو زاڵی سەدەکانی ناڤین بوو، و بە جۆرێک لە قاڵب شکێنی دژی دیدی فەرمی کڵێسا دادەنران.

*　　*　　*

بزوتنەوەو ڕێنیسانسی ڕۆشنبیری‌و زانستی‌و هونەری لە ئیتاڵیادا، لەسەر دەستی سێ گەورە بلیمەت دەستی پێکرد: دانتی، پترارک‌و بوکاچو، و لەگەڵ پەیدا بوونی ئەم کەسایەتی و سیما پرشنگدارانەی ئەدەب‌و زەوق‌و سەلیقەی هونەریدا، سەردەمی درێژخایەنی جەهل‌و جەهالەتی سەدەکانی ناڤین بەرە بەرە کۆتایی هات.

دانتی بەرهەمێکی داهێنا کە بووە مایەی شانازی میللەتی ئیتاڵیا، بەیتی داستانی (کۆمیدیای خوایی) بە یەکێك لە شاکارە بێ چەندو چوونەکانی هزری بەشەری هاتە ژماردن.

پترارك، شاعیری حەماسی سەدەی چواردەیەم کە چەند ساڵێك لە دوای دانتی هاتووەتە دنیا، (ئیل گونزونی یر)ی هۆنیەوەو ئەم بەرهەمە بە یەکێك لە غەزەلنامە دەگمەنەکانی زمانی لاتینی و میللەتی ئیتاڵیا دانرا.

بوکاچو کە هەشت ساڵ پێش مردنی دانتی هاتە دنیاوەو تەنیا نۆ ساڵ لە پترارك بچووکتر بوو، ڕێگەیەکی جیاوازی لەو دوو شاعیرەی دیکەی ئیتاڵیا گرتەبەر. خووی دایە چیرۆکنووسی‌و دوای چەند ساڵێك لە خۆ تاقیکردنەوە، کتێبێکی نووسی کە لە هەموو دنیادا دەنگی دایەوەو ناوبانگێکی ئیقلیمگیری پەیدا کردو تا چەندین ساڵ لەوە دواتریش چیرۆکنووسان‌و ئەهلی چیرۆك چاویان لەو دەکردو لاساییان دەکردەوە. ئەم بەرهەمە نەمرە نێوی (دیکامیرون) بوو تا ئەمڕۆکەش کە پتر لە شەش سەد ساڵ بەسەر نووسینیدا تێدەپەڕێت، هێشتا حیکایەتە ڕۆمانسییەکانی بابەتی کۆڕو مەجلیسی ئاشقانی ئەدەب‌و هونەرە.

جوڤانی بوکاچو، ئەم چیرۆکڤانە وردبین‌و حەنەکچی‌و قسە خۆشە کێ بوو، و (دیکامیرون) ئەم کتێبە بە نێوبانگە کە شەش سەدە پترە خەڵکی دنیا دەیخوێننەوەو هەر ساڵەی یەکێك لە چیرۆکەکانی بە شێوەیەکی تازە دەخەنە روو باسی چی دەکات؟ جا با بۆ دەمێك پێ بنەینە دنیای ئەم هزرڤانە ئاشق پیشەیەو گەشتێك بە کتێبەکەیدا بکەین...

چارتالدو، باژێروکێکە کەوتووەتە هەژدە میلی باشوری ڕۆژاوای فلورانساوەو لە کۆنەوە بە ڕەزو باخی مێو مەنشور بووە. نزیکەی هەشت سەد ساڵ لەمە پێش، لە ڕۆژی ١٧/مارس/ ١٣١٣ز لە خێزانێك کە سەر گەورەکەیان نێوی بوکاچینودی چلینو بووە، منداڵێك هاتووەتە دنیاوە کە ناویان ناوە جوفانی. بابی بازرگانێکی دەوڵەمەند بووەو گەلە کەشتیەکانی لە بەندەری فلورانسەوە بۆ شوێنانی دیکەی ئیتالیاو ئەوروپا کالایان دەگواستەوە. دیارە بابی حەزیدەکرد کوڕە تاقانەکەی فێری پیشەکەی ئەو بێت، لێ جوفانی ئەوەی حەزی لێنەدەکرد ئەو ئیشە بوو.

ماوەیەك پێكەوە دانیشتن و قسانیان كرد، سەرەنجام ڕێككەوتن كوڕەی جوانكە بڕوات بۆ ناپولی و لەوێندەر لە بەشی یاسای كلێسا بخوێنێ. چوو بۆ ناپۆلی بەلام لە جیاتی دێر و پەرستگە وكلێسا لە دەرباری میرنشینانەوە سەری دەرهێنا،و بابی پەشێو حالێ، كە پارەیەكی زۆری بۆ خوێندنی كوڕەكەی دەنارد، بەوەی زانی كە كوڕەكەی بووە بە هاوپیالەی شازادان و خەریكی ئاشقێنی و ڕاوە ژنانی خشیك و جوانە. تووڕە بوون و خەم و سەرزەنشت بێهودە بوو، جوفانی ڕێگەیەكی گرتبووە بەر گەڕانەوەی نەبوو.

* * *

ئەم نەوجەوانە فلورانسییە چۆن ڕێی بردە نێو دەربارو كۆشكی حوكمڕانی ناپۆلی؟ هۆكەی ئەمە بوو كە جوفانی چەند سوخەت و خەسڵەتێكی هەبوو: سیمایەكی جوان و مەحبوب و بەژن و بالاو هەیئەتێكی ڕێك و پێكی هەبوو، زیرەك و زیتەڵ و خۆش مەشرەب و حەنەكچی بوو، لەوانەش گرینگتر، زۆر بە چاكی دەیزانی دلان بە دەست بێنێ و خۆی لە دلاندا شیرین بكات. كەسێكی دلاوا دەست كراوە بوو و فێری ئەوە بوو بوو چۆن پارە بە قایدەو بەجێ خەرج بكات.

بەلام تێكەڵبوونی ئەو دەگەڵ دەربارییاندا سوودێكی دیكەشی هەبوو، لەو ڕێگەیەوە تێكەلاوی وئاشنایەتی دەگەڵ كۆمەڵێك لە هزرڤانان و ئەدیبان و هونەرمەندانی پەیدا كردو ئەم تێكەلاوی و دۆستایەتیە، بە ڕێگەیەكیدا برد كە پاشان نەك هەر بووە مایەی شانازی بابە نیگەرانەكەی، بەڵكو هەموو میللەتی ئیتالیاش سەری ڕێزو حورمەت و ستایشیان لە بەردەمیا دانەواند.

لە تەمەنی بیست و هەشت سالیدا بویەرێكی گرینگ لە ژیانیا روویداو ئەم بویەرە رۆڵێكی كاراو كاریگەری لە ژیانیا بینی. لەو سالانەدا خانمۆڵەیەك لە نابولی دا دەژیا، كە جوانی و نازداری و كەسایەتی ئەو خانمە بوو بووە داستانی سەرزاری خاس و عامی خەڵكی. ماریا داكوینو كە لە ئەنجامی تاقیب و سۆراغ دا كیژی ناشەرعی روبەری یەكەم پاشای فەرەنسا دەرچوو كە پاشان بە كۆنت دانژو ناسراو ناوی دەركرد. بە دەستوری بابی، چاودێران و سەرپەرشتان، ماریایان لە ناپولی بەدێر سپارد، لێ ئەم كیژە كە پەی بە جوانی خۆی برد بوو لە دێرا بەند نەبوو، شوویەكی مەسڵەحەتی كرد و دڵبەندانێكی فرەی كە هەر هەموویان لە كەسایەتیانی هەڵبژاردەی ناپولی بوون لە دەوری خۆی خڕكردەوە. بوكاچو ڕۆژێك لە كلێسای گەورەی شاردا بینی و بە جۆرێ شەیداو بێ قەراری بوو كە لێرا بەر هەر نرخێ بووە پەیوەندی دڵداری دەگەڵ دا بگرێت.

جوڤانی لەو كارەدا كارامەو فرە ئەزموون بوو،و هێندە پەیجۆری نەخشەكەی خۆی كرد تا لە ئەنجامدا لێی نزیك بووەوە. حیكایەتی ڤیانی بوكاچو دەگەڵ شازادە خانمی خشكۆك دا لە هەموو شوێنێ دەنگی دایەوەو ماریا ناچار بوو بەروالەت بوكاچو لە خۆی دوور بخاتەوەو ڕای بگەیەنێت كە بوكاچو شایستەی ڤیان و خۆشەویستی ئەو نیە. بوكاچو ئەمەی لەبەر گران بوو. دەستی دایە قەڵەم و چیرۆكێكی نووسی. ئەم چیرۆكەی ناو نا (ڤیانی فیامتا) و هەرچەندە لەم چیرۆكەدا هەوڵی داوە ماشوقەكەی بچووك و خۆی گەورە نیشان بدات و بانگەشەی ئەوە بكات كە ئەم وازی لە فیامتا هێناوە نەك بە پێچەوانەوە فیامتا دەستبەرداری ئەو بوو بێت. بەلام بەو

حاڵەشــەوە هــەموو ئەوانــەی کــە ئــەویان دەناســی، دەیــانزانی حەقیقــەتی مەســەلەکە وانیــەو پێچەوانەیە.

کاتێ بەهرەو سەلیقەی چیرۆکنووسی بوکاچو ئاشکرا بوو، ماریای ناسك ونازدار کە شەیداو ئاشقی ئەدەبو هونەریش بوو داوای لێکرد کە چیرۆکێکی درێـژ بنووسێت، و بوکاچو کە هیچ کاتێ تا کۆتایی تەمەن ڤیانی ئەوی لە دڵ دەرنەچوو بوو، چیرۆکێکی درێـژی نووسی لە ژێر سەرناڤی (فیلوکولو) وێڕای ئەوەی کە ئەم چیرۆکانە لە رووی دەربڕینی جۆشی دڵو هەستی دەرونی قارەمانو کاراکتەرەکانیانەوە تازەییان پێوە دیار بوو، کەچی شۆرەتو ناوبانگێکیان بۆ نووسەر پەیدا نەکرد.

لە ساڵی ١٣٤٠دا، کە بوکاچو لە تەمەنی بیستو حەوت ساڵیدا بوو، بابی تێشکاو نابوت بوو، و ئیدی پارەیەك لە ئارادا نەما کە ئەو گەنجە بتوانێت لە ناپولی دا درێژە بە خۆشگوزەرانیو رابواردنی خۆی بدات، ناچار بۆ فلورانس گەڕایەوەو دەبوایە بە هەر جۆرێك بووە کارێك پەیدا بکاتو بکەوێتە کارکردن، زۆر بەجدی رووی کردە چیرۆکنووسی. ئەمجارەیان چیرۆکێکی شیعری لە ژێر سەرناڤی (فیلوستراتو)دا نووسیو پێشکەش بە مەحبوبە تاقانەکەی خۆی، ماریای کرد. چیرۆکێکی دیکەشی لە ژێر سەرناڤی (تسیدا) نووسی، ئەمەش هەنگاوێکی دیکە بوو بەرەو شۆرەتو مەحبوبیەت، و ئەم دوو چیرۆکە هەرچەند لە سەردەمی ژیانی داهێنەرەکەیاندا هیچ بایەخو بەهایەکیان پەیدا نەکرد، بەڵام دوای چەند سەدەیەك بوونە سەرچاوەو جیفری چەوسەرو ویلیام شەکسپیر شتیان لێوە هەڵێنجاو وەرگرت.

*        *        *

چاولێکەریو لاسایی کردنەوەو پەیڕەویکردنی شێوەی ئەدەبی کۆنی یونانو روم، قوتابخانەیەکی هێنایە ئاراوە کە ناو نرا هیومانیزم. لەم شێوەیەدا، کە تا سەرەتای سەدەی هەژدەیەمیش پەیڕەوی دەکرا، گەلێك لە شاعیرو شانۆنامەنووسو چیروکنووسانی نێودار قەڵەمیان جەڕباندووەو بەرهەمیان ئەفراندووە کە دەکرێ شەکسپیرو راسین بە نموونە بهێنرێنەوە. (بوکاچو)ش لەسەردەمی خۆیدا، خۆی لەو بوارە داوەو بە چاولێکەری فرجیل رووی کردە داستاننووسی، بەڵام زوو بۆی دەرکەوت کە توانای ئەو تەنیا لە بواری نووسینی چیرۆکانی رۆمانتیکی دایە.

ئەو توێژەرانەی کە لە ژیانی بوکاچو کۆڵیونەتەوە تا ئێستا بە تەواوەتی بۆیان ساغ نەبووەتەوە کە ئەم نووسەرە لە چ ساڵێکدا دەستی بە کاری نووسینی (دیکامیرون) کردووە. دیکامیرون بریتییە لە سەد چیرۆك، بۆیە دوور نیە کە بە درێژاو لە ماوەی چەندین ساڵدا ئەم شاکارەی ئەدەبیاتی ئیتاڵیای ئەفراندبێت. لە پێشەکی کتێبی (دیکامیرون)دا باسی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی تاعونی لە نێو خەڵکیدا کردووە، ئەم نەخۆشیە، وەکو توێژەران ساغیان کردووەتەوە، لە ساڵی ١٣٤٨دا لە فلورانس دا سەری هەڵداوە کە نووسەری ناڤیری لەو سەردەمەدا سیو پێنج ساڵان بووە. دۆزینەوەو پەیداکردنی هەندێ دەستنووسان ئەم راستییەی بۆ بیوگرافی نووسان

سـەلماندووە کـە بوکاچـو چـەند جارێـك دەسـکاری چـیرۆکەکانی خـۆی کـردووەو سـووکەی گۆڕانیشی لە هەندێکیاندا کردووە.

(دیکامیرون) ڕەنگدانـەوەی پێگەیشـتنی هزریـی نووسـەرە، و ئـەوە دەنوێنـێ کـە داهێنـەری ئـەو چیرۆکانە، لەو سەروبەندەدا کە ئەم چیرۆکانەی نووسیوە نەك هەر ئەدیب و هزرڤان و کۆمەڵناسێك بووە، بەڵکو مرۆڤێك بووە ئازادو ڕەها لە کۆت و بەندی زەمانە. خۆی لە زنجیری وابەستەگی زەمانە ڕزگار کرد بووو هیچ کاتێك ترسی لە گوتنی حەقیقەت و پەردە هەڵماڵین لە ڕووی ڕووبینی و ڕیاکاری فریبۆکان نەبووە. لە سەردەمی جەهالەتدا، لەو سەردەمە دوورو درێژەدا کە لە مێژوودا بە ناوی (سەدەکانی ناڤین) ناوی ڕۆیشتووەو گوایە تۆوی بەهرەو سەلیقەو هونەر لە هەناودانی خەڵکی ئەورووپادا وشکی کردبوو، دەرکەوتنی چیرۆکنووسێکی هرزمەندی میناکی بوکاچو، ئەوەندە دەگمەن و سەیرە، بەقەد پەیدا بوون و دەرکەوتنی داستاننووسێکی میناکی دانتی و غەزەلخوانێکی وەکو پترارك.

با بێینە سەر باسی دیکامیرون، ئەم بەرهەمە ناوازەو دەگمەنەی سەدەی چواردەیەمی ئەدەبی ئیتاڵیا.

(دیکامیرون) بریتییە لە کۆی سەد چیرۆك. کاتێ کە نەخۆشی کوشندەی تاعون وەکو چەخماخەو بروسکە بەسەر خەڵکی فلورانسدا دادەبارێ، دە مرۆڤی قۆچاغ و چەلەنگ، بۆ ڕزگار کردنی گیانی خۆ لە مەترسی و هەڕەشەی نەخۆشی، هەڵدێن و پەنادەبەنە بەر کۆشکێکی دەرێی شار. ئەم دە کەسە کە هەر هەموویان لە تافی لاویدا بوون، حەوتیان ژن و سیانیان پیاو بوون. ئەمانە بۆ ئەوەی بێزارو بێتاقەت نەبن، بریار دەدەن کە چیرۆك بگێڕنەوەو هەر چیرۆکە ماوەی دە ڕۆژ درێژە بکێشێت. هەر جارێ کە چیرۆکبێژەکە دەگۆڕێت، دەبێ ئەمانە لە بەینی خۆیاندا (شا)و (شابانۆ)یەك هەڵبژێرن و ئەم شاو شابانۆیە تا ئەو کاتەی چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت، فەرمانیان ڕەوایەو لە عاردی نادرێت. ئەمە جگە لەوەی، دەبوایە هەموو ڕۆژێك، چیرۆکێکی ئاشقانەی ڕۆمانسی بگێردرێتەوە، چیرۆکێك کە ئەگەر سەرەتاکەی خەمناك و ناخۆش بێت، دەبێ کۆتاییەکەی بە خۆشی و شادی بڕێتەوە. لە حاڵێکا ئەگەر یەکێك لەو جۆرە چیرۆکانەی پێ نەبێت یان نەزانێ دەتوانێ چیرۆك و حیکایەتان لەمەر خیانەتی ژن لە مێرد بگێڕێتەوە، و قەراریشیان دا هەرکاتێ چیرۆکێك تەواو بوو، بە کۆمەڵ بکەونە ڕەقسین و هەڵپەڕکێ. ئەم قەرارە سەد شەوی خایاندو هەمووان چیرۆکی خۆیان گێڕایەوە. بەرەنجامی ئەم چیرۆکبێژی و حیکایەتخوانییە، تۆمار کردنی کۆ چیرۆکێکی لێکەوتەوە کە لە جۆری خۆیدا لە دنیادا بێ وێنەیە. ئەم چیرۆکانە ئاوێنەی شێوەی ژیان و هزرینی خەڵکانێکە کە لە سەردەمانی سەدەکانی ناڤین دا دەژیان. هەر یەکێك لە چیرۆکەکان، جگە لەوەی ڕەنگدانەوەی جۆری ژیانی چینە جیاوازەکانی خەڵکن، یان دەربرینی ئەفسانان، یا بیرخەرەوەی مێژووو بویەرێن مێژوویین، شانۆ نامەیەکە کۆمیدی یان تراجیدی کە بۆ ماوەیەك خوێنەر دێنێتە پێکەنین یا دەخاتە گریان. نێوەرۆك و داڕشتن و ئینشای ئەو چیرۆکانە بە جۆرێکە کە تاچەندین سەدە نووسەرانی

ئەوروپایی هەوڵیان دەدا لاسایی بکەنەوە. حیکایەتەکانی کانتەربوری، جیفری چەوسەر، کە بریتییە لە کۆمەڵێك ژن‌و پیاو کە پێکەوە دەچنە زیارەت‌و هەریەکەیان بەسەرهاتێکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، نموونەیەکە لەو لاسایی کردنەوەیە.

ئایا جوفانی بوکاچو چوارچێوەی تیمەو نێوەڕۆکی کتێبەکەی خۆی لە حیکایەتی هەزارو یەك شەوەی ڕۆژهەڵاتەوە وەرگرتووە؟ لە کتێبی هەزارو یەکشەوەدا، شەهرەزادی کیژی فامیدەی وەزیر کە گەرەکیەتی بە شێوەیەك لە شێوەکان سوڵتان سەرقاڵ بکات‌و کارێك بکات کە دەستی بە خوێنی هاوسەرە بێ تاوانەکانی کە لە تۆڵەی خیانەتی ژنی یەکەمیدا، دەیکوشتن، سوور نەبێت، لە ماوەی هەزارو یەك شەودا حیکایەتێك دەگێڕێتەوە کە هەموو جارێك ئەم حیکایەتە لە خاڵێکی زۆر هەستیاردا رادەگرێت‌و هەمیشە سوڵتان بەدەم چاوەڕوانییەوە رادەگرێت.

زۆر دوورە کە بوکاچو پێکهاتەو چوارچێوەی چیرۆکەکەی خۆی لە هەزارو یەکشەوەوە وەرگرتبێ، چونکە پێدەچێ چیرۆکی هەزارو یەکشەوە لە قۆناغێکی تایبەتی داو بە قەڵەمی یەك نووسەر نووسرابێ. وەکو دیارە هەزارو یەکشەوە لە سەدەی هەشتەیەم‌و نۆیەمی زاینی بە دواوە نووسراوە، لێ تا سەرەتای سەدەی هەژدەیەم هیچ جۆرە پاچڤەیەکی بۆ زمانانی ئەوروپایی بڵاونەبووەتەوە، بۆیە سەیرە ئەگەر بگوترێ کە بوکاچو ئاگای لەم چیرۆکە هەبووە. ئەوەی گومانی لەسەر نیە ئەوەیە کە نووسەرانی ناوداری دیکە، میناکی چەوسەر، شەکسپیر، لسینگ ئالفرید تینسون، هنری لونگ فلو و هەندێ ناوداری دیکە، شتیان لە کتێبەکەی ئەوەوە وەرگرتووەو هەڵێنجاوە، بایەخ‌و بەهای کارەکانی بوکاچوو بەڕادەیەکە زۆر نازناوی وەك: (باوکی پەخشانی ئیتاڵیا، دامەزرێنەری شێوەی چیرۆکنووسی ئیتاڵیایی، و گەورەترین چیرۆکڤانی ئەدەبی ئیتاڵیا)یان پێ داوە.

* * *

یەکێك لە چیرۆکە دڵگیرو جوانەکانی دیکامیرون، بریتییە لە چیرۆکی (فیدریگوو بازەکەی).

فیدریگۆ نەجیمزادەیەك بوو کە لە فلورانسدا زۆر بە ناوبانگ بوو. لە ئەتەکێت زانی‌و شمشێربازی دا سەرامەدو پێشەنگ بوو، و خەڵکی زۆریان ڕێزو حورمەت دەگرت. ڕێکەوتی ڕۆژگار وای هانی کە فیدریگو حەز لە موناجیوفانا بکات کە کیژێکی خۆویست‌و خۆ پەرست بوو. فیدریگو کە هەرگیز لە ئەڤینداری دا تووشی شکست نەبوو بوو لە هەنبەر مونادا بە جارێ نەترەی بەردا بوو، کەچی مونا هەر لوتیشی پێی نەدەسڕی. فیدریگو لەبەر خاتری گەییشتن بەو، هەموو بوونی خۆی فیدا کرد بەڵام سوودی نەبوو و کیژەی سەرکێش‌و بێ موبالات هەر گوێشی پێ نەدا.

مونا شووی کرد، فیدریگو لە داخی ڤیان‌و عەشقی ناکامی خۆی تووشی نا ئومێدی بوو بوو، دەستکورت‌و داماو کونجی گۆشەگیری گرت. و ڕۆژگارێك هات کە لە دارای دنیادا جگە لە بازێك هیچی تری نەبوو، ئەو بازە جوان‌و بەرزەفڕە یارو یاوەرو خەمخۆرو مایەی سەرگەرمی ئەو بوو. ڕۆژگار بوری‌و شووەکەی موناجیوفانا بە دەستی گژەبای ئەجەل، نەو نەمامی عومری کەوتە سەر زەوی. ژنە، لە مێردەکەی تاقە کوڕێکی هەبوو کە دڵی پێی خۆش بوو، و لەلایەکی تریشەوە

کاتی خۆی بۆ پاراستنو سەرپەرشتی موڵكو سەروەتو سامانی مێردەكەی تەرخان دەكرد. بە ڕێكەوت كوڕەكەی مونا تووشی فیدریگۆو بازەكەی بوو، و بە جۆرێ شەیدای بازەكە بوو كە نەخۆش كەوتو لە جێدا كەوت.
ڕۆژێ كە دایكی هەموو حەكیمانو لوقمانانی هێنا بووە دیاریو لە حاڵی پرسی بوو، كوڕە هاتبووە قسانو گوتبووی لە دنیادا هیچ دەرمانێك چاری ناكات جگە لە بازەكەی فیدریگۆ.
دایكی تووشی گرفتێكی گەورە بوو. سەرەنجام پاش یەك دوو ڕۆژ بیركردنەوە لێبرا كە لەبەر خاتری ڕزگاری كوڕەكەی ڕوو لە كۆنە دڵدارەكەی بنێو ئاواتو ئارەزووی كوڕەكەی پێ بڵێت. جواب بۆ فیدریگۆ دەنێرێت كە حەز دەكات شەوێ بۆ شێوی شەوێ بۆ كوختە چكۆلەكەی ئەو، بڕوات.
ئەم هەواڵە بۆ فیدریگۆ مژدەیەك بوو كە تەسەور نەدەكرا. لە فكران ڕاچوو كە چۆن بەو دەستكورتیەی خۆی شێوێك بۆ دڵدارەكەی ئامادە بكات، هاتە ئەو قەناعەتەی كە بازە خۆشەویستەكەی بكوژێتەوەو خواردنێكی خۆشو بەلەزەت بۆ دڵدار ئامادە بكات.
دوای نان خواردن، ژنەی جوان، بەوپەڕی سەلاریو دڵگیریی، داواكەی خۆی بە كۆنە دڵدارەكەی ڕاگەیاند، بەڵام بەوپەڕی سەرسامیو خەمباری گوێی لێ بوو كە باڵندە تاقانەكە، وەكو نشانەی خۆشەویستی خاوەنەكەی بۆ ئەو، كراوە بە خواردنی ئەو ئێوارەیە.
هەوڵو تەقەللای دایك بۆ ڕزگاری كوڕەكەی بێ ئاكام بوو، و كوڕەی نەخۆش مرد، موناجیوفانا بۆ ماوەیەكی كورت لە تەنیاییو خەمباریدا ژیا، بەڵام كە برایەكانی سووربوون لەسەر ئەوەی دەبێ بۆ خۆی شوو بكات، هەستی كرد كەس لە فیدریگۆ وەفادارترو پیاوانەترو شایستەتر نیە. ئیدی چوو بە سۆراخی كۆنە دڵدارەكەیەوەو هەردووكیان پێكەوە ژیانێكی تازەیان دەست پێكرد.

* * *

ئەو ڕۆژگارەی كە جوفانی بوكاچو (دیكامیرون)ی دەنووسی پێی وابوو، چیرۆكو حیكایەتو ڕۆمانانێك دەنووسێت كە تەنیا بۆ ژنانی تەنیاو بێ حەوسەڵەو بێتاقەت باشن ، و ئەم چیرۆكانە دەشیا بۆ ماوەیەك ئەو جۆرە ژنانە سەرگەرمو مژوڵ بكات، هەرگیز باوەڕی نەدەكرد كە ئەم بەرهەمە دەبێت بەشاكارێكی پڕ بایەخو بەهاداروو بەقەدر. دوور نیە كاتێ كە ئەم چیرۆكانەی نووسیوە ویستبێتی لەو ڕێگەیەوە بەگژ كڵێساو وەعزە گومڕاكەرەكانی كەشیشاندا بچێت چونكە لەم چیرۆكانەدا بەشێوەی جۆراو جۆر دژایەتی كڵێساو ئەهلی كڵێسا كراوە.
ئەگەر بەیتە نەمرەكەی دانتی، كومیدیای خوایی جیهانێكی تازەی لە بەرچاوی خەڵكی خورافات زەدەی سەدەی چواردەیەم كردوەتەوە، ئەوا (دیكامیرون)ەكەی بوكاچوش بە شێوەیەكی دیكە بیرو زەینی ئەو خەڵكەی سەبارەت بە تەنگژەو ئاستەنگو جەمەدی فیكری زەمانە ڕۆشن كردووەتەوە. جیاوازی سەرەكی كارەكەی دانتی دەگەڵ بوكاچودا، جگە لە نێوەڕۆكی بەرهەمەكانیان، جیاوازی ئەو زمانەیە كە لەو دوو بەرهەمەدا بەكار هاتووە، دانتی بۆ یەكەمین جار زمانی (توسكانی) كە زمانی ئەسڵی ئیتاڵیاییە، لە ئافەراندنی كۆمیدی خوایی دا

بەکار بردووە، بەڵام بوکاچو، (دیکامیرون)ی بە لاتینی نووسیوە کە زمانی ئەدەبی ئەو سەردەمەیە.

بوکاچو لەگەڵ پترارك-ی گەورە شاعیری رۆژدا دۆستایەتی نزیکی هەبووە. ئەم دۆستایەتی و برادەریە لە ساڵی ۱۳۵۰ـەوە دەستی پێکرد کە ئەو کاتە پترارکی شاعیر تەمەنی چل و شەش ساڵ و بوکاچو سی و حەوت ساڵان بوو، و پترارك نازناوی میری شاعیرانی وەرگرت و سەفەرێکی فلورانسی کرد. لەوێدا دەگەڵ بوکاچودا یەکتریان بینی، ئەم شاعیرە نێودارە، کە بە شانازی میللەتی ئیتاڵیا دێتە ژماردن، رێزێکی زۆری بوکاچوی دەگرت و بە دامەزرێنەری پەخشانی چیرۆکنووسی لە زمانی لاتینیدا دەزانی.

لە ساڵی ۱۳۷٤دا، بوکاچو لە تەمەنی شەست و یەك ساڵیدا، بۆ چارتالدو-ی زاگەی خۆی زڤڕییەوەو خانەنشین بوو. پیروشەکەت و بێتاقەت و نەخۆش بوو بوو. لێ دەوڵەتی فلورانس کە رێزێکی فرەی پایەی بەرزی ئەوی دەگرت، داوای لێکرد تا زنجیرە موحازەرەیەك لەمەڕ کومیدی خوایی دانتی بڵێتەوە، لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا (۱۳۷٤) دەستی بە موحازەرەکانی خۆی کرد بەڵام زۆری نەبرد، نەخۆشی و دەردەداری بەسەریا زاڵ بوو و سەرەنجام لە ۱۳۷۵/۱۲/۲۱دا لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا ماڵاوایی لەژیان کرد. رێك لە یەکەمین ساڵیادی مەرگی دۆستی شاعیری، پتراركدا، کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە:

***تصویری از ادبیات کلاسیك جهان /۱۱ / معرفی دکامرون/ ایر جووانی بوکاچو .***

***شرکت سهامی کتابهای جیبی / وابسته به مؤسسه انتشارات امیر کبیر/ اسفند ۱۳۸۸***

## ١٢- دۆنكیشۆت

**میگل دو سرڤانتس ساڤدرا ( ١٥٤٧-١٦١٦) رۆمانووس و شاعیرێكی ئەسپانییە.لە شەردا یەخسیر بوو ولە جەزایردا وەكو كۆیلە فرۆشرا و بە دانی سەربەها ئازادی خۆی كڕییەوە.چەندین شانۆنامەی نووسیوە كە چەند دانەیەكی كەمیان ماوە.**

***

**ئەم شاكارە، شیننامەی مرۆڤێكی زەلیلو زەبوونو لاوازو بێ توانایە كە لە جیاتی هێزی بازو، سەوداو كەڵكەڵەی شاسواری (شوالیە) لەسەردایە،و بە هەموو بێ جورمیو لەڕو لاوازییەكی خۆیەوە، جلو بەرگی پۆڵاینی سەلاحشورانو جەنگاوەران لەبەر دەكات، سواری پیرە بارگیرێكی قۆتڕ دەبێتو بە مەبەستی داكۆكیو بەرگری لە شەرافەتو ئابڕووی مرۆڤانی دەچێتە شەڕی دژمنانی خەیاڵیو سەرەنجام كۆمیدینامەیەك دێتە ئاراوە كە هەرچەندە بە شێوەو بە رواڵەت پێكەنیناویو پێكەنین ئامێزە، بەڵام لە جەوهەرو ناوەڕۆكدا خەڵكانی هەستیارو واقیعبین دێنێتە گریان، چیرۆكێكی (كۆمیدی- تراژیدی)یە كە بەشێوەو رواڵەت پێكەنین ئەنگێزە،و بە جەوهەرو نێوەڕۆك گریان ئەنگێزەو لە هەندێ شوێندا ئەوەندە خەمناكە كە دڵتان دێنێتە ژان-و ئەم بەرهەمە نەمرە كە بە گوتەی رەخنەوانانی ئەدەب یەكێكە لە شاكارە هەرە بەرزو هەڵبژاردەكانی شاكارێن ئەدەبیاتی جیهان، دۆنكیشۆتی ناوە.**

**دۆنكیشۆت، كە لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەیەمەوە تا ئەمڕۆ، بە نموونەی مرۆڤی بێ ئاوەزو فیشاڵبازو گەوج رەفتار دانراوە، لە راستیدا مرۆڤێكی گەوجو كەللەپوت نیە، چونكە ئەگەر نەزانو كەللەپوت بوایە، هەرگیز ئەم ئامانجە گەورە مرۆڤدۆستانانەی نەدەبوو، كە لە رای بەرگری لە چاكیو چاكەكاری دژی خەراپەو خەراپەكاری نەدەوەستا، بەڵكو مرۆڤێكی بە ئاوەزە، گەرەكیەتی خۆی لە رێگەی پشتیوانی لە هەژارانو مەزڵوماندا فیدا بكات، بەڵام چونكە مەرجەكانی سەلاحشورانو جەنگاوەرانو شاسوارانی تێدا نیە، بۆیە وەكو شێتێكی پەتەڕی دێتە بەرچاوان، و دەبێتە مایەی گاڵتەو پێكەنینی خەڵكو خوا.**

**لۆرد بایرونی شاعیری ئینگلیزی دەربارەی ئەم قارەمانە سەیرە دەڵێت: "دۆنكیشۆت پیاوێكی دروستكارو لایەنگری هەقو عەدالەتە، سەربهوردو بەسەرهاتەكانی، بە پێچەوانەی رواڵەتیەوە نەك پێكەنین ئەنگێز نین، بەڵكو مایەی داخو كەسەرن".**

**و تورگینیف، چیرۆكنووسی روسی دەربارەی دەڵێت:**

**"بەلای دۆنكیشۆتی مرۆڤدۆستەوە، شەرمو نەنگە كە مرۆڤ هەر بۆ خۆی بژیو تەنیا لە خەمی خۆیدا بێت، دۆنكیشۆت قارەمانێكە لە دەرێی خۆیداو بۆ خەڵكی دی دەژی، بۆیە مرۆڤێكی یەجگار بەركەتیو شایەنی رێزو حورمەتە".**

**بە هەرحاڵ دۆنكیشۆت گوراوو خەڵقەندەیەكی نەمری خاكی ئەسپانیایە كە لە سەرەتاكانی سەدەی هەڤدەو تا ئەمڕۆكە لە نێو خەڵكانی شارەزاو ئەدەبناسو ئەدەبزاندا دەژیو هەر جارەی**

بە شێوەیەکی تازە لەسەر تەختەی شانۆ یا پەردەو شاشەی سینەما یا ئۆپرا یان لە بەینی بەرپەڕێن کتێباندا دەردەکەویٚ و شەیدایان و ئاشقانی هونەر یان دێنێتە پێکەنین یان دەخاتە گریان. ئەم نەجیمزادە سالوکەی سەدەکانی ناڤین،کە زیاد لە چوار سەد ساڵ لەمەوپێش هاتووەتە دنیاوەو لەم ماوە دوورو درێژەدا هەمیشە دۆستو یارو یاوەری خەڵکی باش و مرۆڤدۆست بووە، و ئەگەر رواڵەتی عەیاران و شاسواران و پاڵەوانانیشی نەبوو بیٚ و چووبێتە هەر شەڕێکەوە هەر بەشی شکستو دۆڕان بووبیٚ، ئەوا دڵێکی سەر رێژ لەمیهرو وەفاو روحێکی بارگاوی بە خۆشی هەبووە– خۆشەویستی هەمووان بووەو تا دنیا دنیایە هەر بە خۆشەویستی دەمێنێتەوە.

جا ئێستا با بزانین، خالق و داهێنەری ئەم مرۆڤە سەیرو جوانە کێیە، و ئەم داهێنەرە بەرکەتییە لە چ هەلومەرجێکدا ئەم بەسەرهات و سەربورە قوڵ و پڕ خەون و خەیاڵەی هێناوەتە ئاراوە؟ گەر تەمەشایەکی ژیانی ئەو بکەین، و هەڵوەستەیەك لە ئاستی ئەو رووداوو بویەرانە بکەین کە لە ماوەی تەمەنی شەست و نۆ ساڵەیدا بەسەری هاتوون، ئەوەمان بۆ دەردەکەویٚ کە پیاوێك بووە زۆر لە دۆنکیشۆت سەیرترو ئەفسانە ئامێزتر، و بەسەرهاتێکی سخ و چڕتری هەبووە.

میگەل دوسرڤانتس ساڤدرا (١٥٤٧– ١٦١٦) کە تا پەنجا ساڵی جگە لە دەربەدەری و شمشێربازی و سەرەڕۆیی و سەرکێشی و ریسکبازی هیچ هونەرێکی دیکەی نەبووەو ئەمڕۆ لە ریزی نێودارترین چیرۆکنووسانی جیهاندایە، لە ١٥٤٧/١٠/٩دا لە شاری ئالکا ئەسپانیا هاتووەتە دنیاو شەست و نۆ ساڵ دوای ئەوە لە ١٦١٦/٤/٢٣دا لە مەدریدی پایتەختی ئەو وڵاتە ماڵاوایی لە ژیان کرد. بابی لە ئەشراف و نەجیبانی کاستیل بوو و ئاواتی ئەوە بوو کوڕەکەی ببیٚ بە شاسوار (جەنگاوەر)ێکی ناسراوو نێوداری ئەسپانیا، بەڵام میگل هەرچەندە شارەزایی تەواوی لە دوو هونەری شاسواری و جەنگاوەریدا پەیدا کردبوو، لە هەر شتێك زیاتر خولیای دوو کار بوو: شیعردانان و تۆلازی و چاو لەوەڕێنی.

ئەم ئارەزووانە کێشەو گرفتاری زۆریان بۆ دروستکرد، و ناچار لە تەمەنی هەڤدە ساڵیدا، تەرکی یارودیاری کردو بۆ ئیتاڵیا رەڤی و هەڵات، چونکە سەری لە سەرکێشی و ریسکان دەخورا، پەیوەندی بە سوپای ئیتالیاوە کردو دژی هێزی عوسمانلی لە شەڕی ( لپانتو)دا بەشداری کرد. لەم شەڕەدا بازووی چەپی بە خەستی بریندار بوو، و بە یەکجارەکی سەقەت بوو. زێدەباری ئەمەش دانە سەکنا، دوای چوار ساڵ خزمەت لە سوپای ئیتالیادا، پەیوەندی بە فەوجی جەنگاوەرانی ئەسپانیاوە کردو لەلایەن پاشاوە میداڵی ئازایەتی پیٚ بەخشرا، بەڵام زۆری نەبرد کە لە کاتی سەفەرێکی دەریاییدا لەلایەن رێگرانی دەرياييەوە بە دیلی گیراو لە جەزایردا بە کۆیلەیی فرۆشتیان، پێنج دانە ساڵی تەواو بە یەخسیری و کۆیلایەتی لە جەم عەرەبان مایەوەو تا لە ئەنجامدا کەسوکارەکەی بە شوێنەکەیان زانی و میراتییەکەی بابیان فرۆشت،و لە کۆیلەفرۆشانی عەرەبیان کڕییەوەو ئازادیان کرد.

لە ئەسپانیادا، بەو نیازەی بە هەر شێوەیەك بووە ژیان و بژێوی خۆی دابین بکات، دەستی دایە نووسینی چیرۆکێك بە نێوی (گالاتیو) بەڵام هیچ کەسێك نەیکڕی، چەند شانۆنامەیەکی نووسی

لێ نە سوودی مادی لێ وەرگرتن‌و نە شۆرەت‌و ئیحتوباری پێ پەیدا کردن. ناچار بۆ شاری سیوبل رۆیی‌و لەوێندەر کارێکی چکۆلەی بە دەست هێناو بوو بە فەرمانبەری دەولەت. بە هۆی نا بەڵەدی لە کاری فەرمی‌و دەوڵەتی، یان بە هەر هۆیەکی دیکەوە بوو، کە تا ئێستا بۆ لێکۆڵەران خویا نیە، بڕە پارەیەکی زۆری بە ملدا هات‌و کەوتە زیندان. ئەم بویەرە ناخۆشە بووە مایەی ئەوەی کە سەرچاوەی بەهرە پەنهانیەکەی بتەقێتەوەو دەربکەوێ.

سیرڤانتس لە زینداندا دەستی بە نووسینی کتێبێك کرد کە لە ناو بزرترین کەسی ئەسپانیاوە کردی بە نێودارترین مرۆڤی سەرانسەری هەموو گێتی. رۆمانی دۆنکیشۆتی نووسی کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٦٠٥دا بڵاوبووەوەو سەیر ئەوە بوو کە لە ماوەیەکی یەجگار کورتدا بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەلایەن خەڵکی ئەسپانیاو پرتوگالەوە پێشوازی کرا کە لەپڕ لە هەموو شوێنێکدا ناوی کەوتە سەرزاران.

رەخنەگران هۆی ئەم سەرکەوتنە لەزو خێرایە دەگێڕنەوە بۆ ئەمەی کە سیرڤانتس لە چیرۆکی دۆنکیشۆت دا، زۆر بە توندی دەسەڵاتدارانی وەخت‌و داب‌و نەریتی گەوجانەی سەردەمی خۆی بەر شەلاقی رەخنە داوەو لە قاڵبی قارەمانێکی گێلۆکەدا کارو کردەوەی ئەوانی بەر تانەو تەشەران داوە. بە هەرحاڵ بەرگی یەکەمی ئەو کتێبە کلاورۆژنەیەکی ئومێدو شادی لە تاریکی هەژاری‌و ناوبزری دا بە رووی ئەودا کردەوەو پاش پتر لە دە ساڵ ئەوسا بەرگی دووەمی هەمان کتێب بە دەستی خوێنەران گەیی، هەرچەندە ئەم کتێبە زۆر بەلەز پاچڤەی زمانانی دیکە کراو هەرچەندە مایەی ستایشی هەمووان بوو، بەڵام خاوەنەکەی لە هەژاری‌و دەسکورتیدا دەژیا.

با ئێستا بزانین سێرڤانتس، ئەو پیاوەی کە هەڤدە ساڵ بەر لە شەکسپیر هاتە دنیاو رێك لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کرد کە شەکسپیریان بە خاك سپارد، بە ئەفراندنی دۆنکیشۆت چ خزمەتێکی بە دنیای ئەدەبیاتی ئەسپانیا کردووە.

نەجیمزادەیەکی هەژاری گۆشەگیری دووره پەرێز بە ناوی ئالونزوکیشانو، لە گوندێکی ستانی مانس-ی ئەسپانیادا هەبوو. ئەم گوندییە لە ژووره پەرپوتە وێرانەکەی خۆیدا هیچ کارێکی نەبوو جگە لە خوێندنەوەی کتێبان، و لە کتێبدا تەنیا حەزی لە ئەفسانانی قارەمانان‌و شاسوارانی جەنگاوەر بوو. ئالۆنزو بە درێژایی هەیڤان‌و ساڵان بە جۆرێ چووە قوڵایی ئەو رۆمانە خەیاڵئەنگێزانەوە کە بەرەبەرە بە خەیاڵ خۆی لێ بوو بە سەلاحشورو شاسوارێکی بە توانای لە شکست نەهاتوو. رۆژێ کۆنە زرێیە رزیوەکەی باپیرەی لەبەر کرد، سواری یابویەکی مردەڵەی نیوەگیان بوو، نێوی خۆی نا دۆنکیشۆت‌و بە نیازی هاوکاری‌و پشتیوانی هەژاران‌و شەڕ دژی ستەمکاران، دەستی بە سەفەرکرد.

بە گوێرەی داب‌و نەریتی رۆژ، بابایەکی شاسواری جەنگاوەرو دلێر دەبێ ماشوقەیەکی هەبێت، دۆنکیشۆت کیژە گوندییەکی قەڵەوی، کە کاری ئەوە بوو گۆشتی بەرازی دەکرد بە قاورمە، وەکو ماشوقەو دڵداری خۆی هەڵبژاردو ناوی ناسکی دول چینیا- دل توبوزور-ی لێنا، لەلایەکی ترەوە چونکە نەیدەتوانی بە تەنیا ئەم سەفەرە ترسناکە بکات،و دەبوا هاوڕێیەکی دەگەڵ بێت، کابرایەکی دێهاتی بە هێزو باهۆی بە نێوی سانچوپانزا بۆ یارمەتی خۆی هەڵبژارد. ئەم پیاوە لە

نێو ئاشنایانی خۆیدا بە گەوجیەتیو بێ ئاوەزی بە نێوبانگ بوو. ئیدی دەستوری دایە کە سواری گوێدرێژەکەی خۆی بێتو دوای ئەو بکەوێت. بەمجۆرە خەمخۆرانی مافی مەزلۆمانو خەباتکارانی دژ بە ستەمکاران دەستیان بە سەفەرە پڕ بویەرو بەسەرهاتەکەی خۆیان کرد.

لە یەکەم قۆناغی ئەم سەفەرە پڕ بویەرەدا، دلاوەرانی خەیاڵی تووشیان بوو بە تووشی دژمنێکی دێوئاسای یەکجار بە هێزەوە، ئەویش ئەوە بوو دۆنکیشۆت پاش ئەوەی ماوەیەک رۆیی، گەییە ئاشێکی با، کە پەڕە گەورەکانی پانکەکانی ئاشەکە زۆر بە خێرایی بەدەم تەوژمی بایەکەوە دەخولایەوە. دلاوەرو شاسواری دالگۆشتی مردەڵە کە بەسەر بارگینە قۆتڕەکەیەوە بوو، و نێزەیەکی بە دەستەوە بوو، دەنگی یاریدەدەرەکەی خۆی دا کە لەسەر کەرەکەی دانیشتبوو بەیداخی تایبەتی ئەوی هەڵگرتبوو، بەڵێ دەنگی دا کە ئاگای لەو بێت،و ئەوسا بێ ئەوەی بزانێت چیدەکات، بەرەو پەڕەی پانکەکانی ئاشەکە هێرشی برد. ئاشی بێ هەست، هیچ رەحمی بە گێلیو نەزانی ئەودا نەکرد، پەڕە پۆلاینەکان، دۆنکیشۆتو بارگینە قۆتڕەکەیان هەڵدایە حەواو لە نیوەی ئاسمانەوە کەوتنە سەر زەوی. ناڵە لە دڵی دلاوەرو شاسواری پیرەوە هەستاو لە هۆش خۆی چوو.

پدروپرز–ی کەشیشی دلۆڤانی گوندەکە کە دڵی بە حاڵی سووتا بوو دەگەڵ نیکولاس–ی ردێن تاشی گوندا کە پیاوێکی دڵاوا باش بوو، قارەمانی گێلو بێ ئەقڵیان لە جێگەدا خەواندو کەوتنە پەرستاری. کەشیشەکە دەیویست بە دڵسۆزیو قسەی خۆشو زمانی شیرینو لۆژیکی، ئەم دلاوەرو شاسوارە شێتو شورە تێبگەیەنێ کە ئەم کارانە کاری ئەو نیە، بەڵام دۆنکیشۆت پەیتا پەیتا دەیگوت کە جادووگەران هەر بۆ ئەزیەتدانی ئەو، دژمنە ناڕەسەنو نەگریسەکەی ئەویان گۆڕیوەو کردویانە بە ئاشی باو رۆژی ئەویان بەو رۆژە رەشە گەیاندووە. سەرەنجام دۆنکیشۆت چاک بووەوە، جارێکی دی دەگەڵ یاریدەدەرەکەی خۆیدا، سانچۆی دلاوەرو شاسواردا بەرەو شوێنێکی نادیار کەوتەڕێ، بەو حاڵەوە لە بن لێوانەوە، ئەم شیعرانەی دەربارەی هیجرانی یارو ماشوقەکەی دەگوتەوە:

"دولچینیای جوانی من...

بۆچی تەمەشایەکی ئەڤینو ئەشقی دۆنکیشۆتی دڵدارت ناکەی؟ ئەی دارو درەختان.. ئەی گیاو سەوزەزاران.. ئەی گوڵانی قەشەنگ، کە بەسەر ئەم چیا سەرکەشانەوە جیلوەی جوانی دەفرۆشن، ئەگەر راستە بە سیارۆژی من شادنینو نابن، گوێ لە سکاڵاکانی من بگرن. ئێوە هەمووتان بە شایەد بن کە دۆنکیشۆت، سەلاحشوری بێ نەزیرو نەبەز، لێرەدا، لەم شوێنەدا، لە هیجرانی دولچینیای دڵداری خۆیدا گریاو فرمێسکی ئاگرینی ڕشت.

دۆنکیشۆت بە دەم ڕێگاوە ئەو جۆرە شیعرە دڵداریانەی ڕێک دەخستو لەبەر خۆوە دەیوتنەوەو دەڕۆیی، تا دیسانەوە دژمنانی خەیاڵی تازەی لێ پەیدا بوون. ئەو ستەمکارانەی ئەمجارە کە دەبوایە بە دەستی دۆنکیشۆت سزا بدرێن، دوو ڕەبەنی لات بوون کە شان بە شانی گالیسکەیەک ڕێیان دەکردو خانمێک لە نێو گالیسکەکەدا دانیشتبوو.

دۆنکیشۆت یەکسەر بە سانچۆی ڕاگەیاند کە ئەمجارە دژمنانی خوێنڕێژ، شازادە خانمێکیان بە دیلی گرتووەو دەیبەن،و ئەو کە سەلاحشورو شاسوارو جەنگاوەرێکی دلێرە، دەبێ ئەو شازادە خانمە ڕزگار بکات، ئەنجامی ئەم شەڕە دیار بوو سانچۆ لە ترسی کوتەك خواردن بەلایەکدا هەڵات و دۆنکیشۆت-ش بەدەم ناڵە ناڵەوە بە ڕێی خۆیدا ڕۆیی.

سانچۆپانزا هەرچەندە مرۆڤێکی هێمن و بێوەی بوو، ئەمجارەیان لە سۆنگەی هەڵەی ئاغایەوە تووشی نسیبەتێکی گەورە بوو. دۆنکیشۆت دەگەڵ ئەودا چوو بۆ کاروانسەراو میوانخانەیەك و لەوێندەر فەرتەنەو ئاژاوەیەکی شێتانەی نایەوەو زەرەرو زیانێکی فرە بە خاوەن میوانخانەکە گەیی. خاوەن میوانخانەکە داوای قەرەبووی کردو چونکە سەلاحشوری دلاوەر ڕۆیی، ئەوان یاریدەدەرەکەی ئەویان، واتە سانچۆیان بە بارمتەگرت و لە پەتۆیەکیانەوە پێچاو لە سوچێکدا حەپسیان کرد. واریقاتی ئازادی ئەوو پاشان شەڕی ئەو جووتە دەگەڵ ڕانە پەزێکدا خۆی لە خۆیدا حیکایەتێکی خۆش و بەلەزەتە. دۆنکیشۆت مێگەلەکە بە دژمن دەزانێ و بە نێزەوە بەرەو مێگەلەکە هێرش دەبات و پەلامار دەدات، کۆتایی و ئەنجامی ئەم شەڕەش کوتەك خواردنی خۆی و یاریدەدەرە دلاوەرەکەی بوو...

لە چیرۆکی دۆنکیشۆت دا، دیمەنی کۆمیدی تر لەوانەی باس کران هەن. لە سوچی لەوەرگەیەکدا کە دۆنکیشۆت شەوێ ئیسراحەت دەکات، سانچۆ کۆمەڵێك شوان دەبینێ و لە برسانا داوای شیریان لێدەکات. شوانەکان هەندێ ماستی بۆ لە کلاوخودەکەی دۆنکیشۆت دەکەن و دەڕۆن. دۆنکیشۆت لە دەنگێك خەبەری دەبێتەوەو یەکسەر کلاوخودەکەی لەسەر دەنێت تا سواری بارگیرە قۆترەکەی ببێ، بەڵام لە پڕ ماست بەسەرو پۆتەڵاکیا دێتە خوارێ. قارەمانی گێل و نەزان یەکسەر وا دەزانێ مێشکی تواوەتەوەو دەڕژێ، لەگەڵ ئەمەشدا، خۆی شێلونەکردو خۆی تێك نەدا. لەم کاتەدا چەند ڕێبوارێك، شێرێکیان لە قەفەزێك نابوو،و خستبوویانە سەر گالیسکەیەك و بەجادەیەکی خاکی گوندێکدا دەهاتن، دۆنکیشۆت کە گەییە ئاستیان فەرمانی دا کە دەرکی قەفەزەکە لە شێرەکە بکەنەوەو ئەو گیانلەبەرە دڕندەیە بۆ لای ئەو بنێرن. شێرەوانەکان لە ترسی گیانی خۆیان بە گوێیان کرد، بەڵام بە ڕێکەوت شێرەکە کە دیار بوو شەکەت و خەواڵو بوو، باوێشکێکی داو لە قەفەزەکە نەهاتە دەرێ. دۆنکیشۆت رووی تێکردن و گوتی: "دەبینن کە شێری دڕندەش لە من دەترسێت!"

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، دۆنکیشۆت لە شاری بەرشەلۆنەدا دەبینینەوە. خۆی و سانچۆی یاریدەدەری بەو سەرو سیما عەنتیکەو پێکەنیناویەوە بە نێو خەڵکیدا دەگەڕێن. بە جووتە، و بە واق وڕماوی و نە باوەڕییەوە دەڕواننە، کۆشك و تەلاران، لەنگەرگەو بەندەران، پاپۆڕانی لەنگەرگرتوو، و هەموو دیمەنێکی شار. دۆنکیشۆت لە بەرشەلونەدا شەڕێك دەکات و لەو شەڕەدا سەرکەوتوو دەبێت. و باوەڕی تەواو بەخۆی دەکات کە سەلاحشورو شاسوارێکی بێ وێنەو بێ ڕەقیب و هەڤڕکە.

بەسەرهات و واریقاتی سووتاندنی کتێبەکانی لەلایەن کەشیشی گوندەکەوە، بە بۆنەی ڕزگاربوون و منەتباری زۆری ئەوەوە، خۆی لە خۆیدا فەسڵێکی جوان و سەرنجڕاکێشی کتێبی

دۆنکیشۆت پێکدێنێ. ئەو کاتەی کە دۆنکیشۆت بۆ گوندەکەی خۆی دەگەڕێتەوەو پیرو شەکەتو پەك کەوتوو لە جێگای مەرگدا دەکەوێ، بێگومان روندکی خەم لە چاوی خوێنەر دێنێ، چونکە خوێنەر هەرچەندە زۆر بە نەزانی و گێلی و بێ ئاوەزی ئەو پێکەنیوە، بەڵام لە ناخی خۆیدا هەمیشە خۆشی ویستووەو هاوسۆزی دەگەڵدا کردووە، چونکە ئەم سەلاحشورە لاتە، رەمزو نیشانەی خۆشی و خۆشەویستی و دلۆڤانی و مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی بووە.

* *

رەخنەگران و شارەزایان پێیان وایە کە سیرڤانتسی داهێنەری دۆنکیشۆت هەرچەندە زۆر بە توندی دابەزیوەتە سەر کاری گەوجانەی سەلاحشوران و شاسوارن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێزی بۆ ئایدیاو ئارمانجێن سەلاحشوران داناوەو نەی بوغزاندووە. سێرڤانتس بە نووسینی ئەم کتێبە، گەلێك لە داب و نەریت و خوو خدەو باوەڕێن خەڵکی لە رۆژگارو سەردەمی نەزانین دا تۆمار کردووەو پاراستووەو هەر کەسێك ئەم کتێبە لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەخوێنێ دەتوانێ زۆر بە ئاسانی و روونی خەڵکی سەدەی شازدەیەمی ئەسپانیا بە هەموو ئەتوارو کردارو بیرو بیرکردنەوەیەکیەوە لەبەر چاوی خۆی بەرجەستە بکات.

لە رووی شێوەی نووسینەوە، کتێبی دۆنکیشۆت پەخشانێکی ڕەوان و عال نیەو لە زمانی سیرڤانتسدا هەڵەو پەڵەی زۆر دەبینرێ، بەڵام وێڕای ئەمەش نووسەر مەبەستەکانی خۆی ئەوەندە جوان و لەبەردڵان داڕشتووەو کارە گەوجانەکانی قارەمانەکانی بە ڕادەیەکی ئەوەندە جوان و وێنەگرتووە کە خوێنەر هەرگیز بیر لەو هەڵانە ناکاتەوە.

میللەتی ئەسپانیا و هەموو ئەو کۆمەڵگانەی کە لە سەرانسەری دنیادا شارەزاییان لە زمانی ئەسپانیدا هەیەو ئەو زمانە دەزانن، هەمیشە شانازیان بە خۆوە کردووە کە پتر لە چوار سەد ساڵێك لەمەو پێش نووسەرو هزرڤان و هونەرمەندێکی میناکی سیرڤانتس، کەسایەتیەکی ئەوەندە بەدیمەن و سەرنجڕاکێشی ئەفراندووە کە هەندێ لە وەشانکارەکان گوتویانە، دۆنکیشۆت لە دوای کتێبی ئینجیلی موبارەك، لە سەرانسەری رۆژاوادا پڕ فرۆشترین کتێب بووەو زۆرترین چاپ کراوەتەوە.ئەوەی بەڵگە نەویستە ئەمەیە کە سێرڤانتس بە نووسینی ئەم بەرهەمە، خۆی گەیاندووەتە ریزی هەڵکەوتووە بلیمەت و نەمرەکانی جیهان و شانازیەکی گەورەی بە زمان و میللەتی ئەسپانی بەخشیوە.

***سەرچاوە:***

***(تصویری از ادبیات کلاسیك جهان) /۱۲/ معرفی دن کیشوت/اپر میگل دو سروانتس ساودرا / شرکت سهامی کتابهای جیبی/وابسته به موسسه انتشارات امیر کبیر/اسفند۱۳۸۸***

## ١٣- سەفەرەکانی گولیڤەر

**جوناتان سویفت** ( ١٦٦٧- ١٨٤٥ ) نووسەرێکی ئینگلیزەو لە دوبلن لە دایك بووە. سویفت لە نووسەرە هەرە گەورەکانی بواری پەخشانی ئینگلیزییەو لە ساتیرنووسە ناودارەکانە. ماوەیەك کەشیش بوو، پەیوەندییەکی تایبەتی دەگەڵ چینی رەش و رووت و هەژاراندا هەبوو. (سەفەرەکانی گولیڤەر) شاکاری سویفتە.

***

نابێت بە زێدەبێژی گەر بگوترێ کە لە مێژووی ئەدەبی ئینگلیزیدا، هێشتا نووسەرێکی ساتیرنووس و عەیبگرو بەتانەو تەشەری میناکی جوناتان سویفت هەڵنەکەوتووە. بۆیە ئەگەر نەیارانی وی، بە کەسێکی بەد سروشت و بەدخوو، ونیهاد رەش و دڵ رەشیان ناو بردبێ، خەتاو گوناحێکی گەورەیان نەکردووە. سویفت رەحمی بە دۆست و بێگانە نەدەکردو هەموویانی بە تیغی بێ درێغی قەڵەمەکەی خۆی سەر دەبڕی. بەڵام نەك کەسانی مرۆڤ پەروەرو مرۆڤدۆست، بەڵکو ئەو کەسانەی کە لە هەر پۆست و پایەیەکدا بوون، خۆیان گران دەگرت، ستەمیان دەکرد، بە فەندو فێڵان گەلیان دەخاپاند.

سویفت دەیگوت: ***"ئەوانەی کە کۆمەڵگە دەچەوسێننەوەو داروندداری بێنەوایان دەدزن، چ جیاوازییەکیان دەگەڵ بەشەر خۆرانی ناوچە مۆڤییەکانی ئەفریقادا هەیە؟ ئەو بەناو رۆحانیە بێ ئیمانانەی کە مەزەب و ئاینیان کردووە بە چەکێك بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و سەروەت و سامان، ئایا جگە لەوەی مەسیحیەت بەرەو هەڵدێری نەمان بەرن، هیچ ئەرکێکی تریان هەیە؟ ئاخر بۆ دەبێ رەحم بەم جۆرە خۆپەرستە گێلانەدا بکرێ؟"*** سویفت رەحمی نەکرد. مەبەستیشی لەم هێرش و پەلامارانە وەدەستهێنانی شۆرەت نەبوو، چونکە هەرچییەکی دەنووسی، و زۆر جاریش کۆتایی بە کاری خۆپەرستانەی ئەو کەسانە دێنا، بە ناوی عەجیب و غەریبی خوازراوەوە دەینووسی، بەڵام کاریگەری قەڵەمەکەی بە جۆرێ بوو کە خەڵکانی کونجکاوو لاپرەسەن یان کاربەدەستانی سانسۆر دەیانزانی کە نووسینی ئەو گوتارو نامەو کتێبانە هەر لە قەڵەمی جوناتان سویفت دەوەشێتەوە.

لەساڵی ١٧١٤دا، لە شاری لەندەن ئەنجوومەنێکی دامەزراند بە نێوی (سکریب لورس کلەب)، و مانای ئەم زاراوە دەستکردو دروستکراوە شتێکە لە بابەتی "یانەی قەڵەمڕانانی دەستمایە کەم و پڕکار". بە پێچەوانەی ناوەکەیەوە ئەندامانی ئەم یانە و ئەنجوومەنە لە کەسایەتیە ناودارەکانی ئەدەبی ئینگلیستان پێك هاتبوون. ئەم یانەیە جگە لە خۆی خەڵکانی وەکو ئەلکساندەر پۆپ (١٦٨٨- ١٧٤٤) شاعیرو تەنزنووس، دکتۆر جون ئاربوت نوت (١٦٦٧- ١٧٣٥)ی پزیشك و زانای ماتماتیك و نووسەر، جۆن گی (١٦٨٥- ١٧٣٢)ی شاعیرو ئەدیب، هنری بولینگ بروك (١٦٧٨- ١٧٥١)ی سیاسەتوان و هزرڤان ئەندام بوون تیایدا. مەبەست و

ئامانجی ئەوان ئەمە بوو کە هەر بودەڵەیەکی فریوکار کە دەیویست لە ڕێگەی قسە یان قەڵەمەکەیەوە گەل فریو بدات و دوکانێك بۆ پەیدا کردنی شۆرەت و پارە بکاتەوە، ڕێگەی لێ بگرن و ریسوای ناو خاس و عامی خەڵکیان بکەن.

سویفت باوەڕی بەمجۆرە کارانە هەبوو، و بە خزمەتی هاووڵاتیانی خۆیی دەزانی. یەکێك لە نموونە دیارەکانی ئەم خەباتە کە لایەنی کومیدیشی هەبوو، ئەو بەڵایە بوو کە بەسەر کابرایەکی تەڵەکەبازی خۆ بەزانا کردووی بە نێوی جون پارتریج، هێنا. پارتریج ساڵنامەنووسێکی ئینگلیزی بوو کە ساڵگارێك بوو خۆی وەکو گەورەترین تالحبین و تالحناسی وەخت و ڕۆژ دەرخستبوو، لە ڕێگەی ئەو شارەزاییە کەم و سنوردارەوە کە لە زمانانی لاتینی و یۆنانی و عیبرانیەوە هەی بوو. لە ساڵی ١٦٨٠دا ساڵنامەیەکی بڵاوکردەوە کە بە لاتینی ناوی نامرلینوس لیبراتوس–ی لێنا و ئەم ساڵنامەیە لەبەر ئەو پێشگۆییانەی کە دەربارەی سەعاتانی بەختەوەری و نەگبەتی ڕۆژانی هەفتە کردبووی، لە نێو خەڵکی دا ڕەواجێکی زۆری پەیدا کردبوو.

سویفت کە پێی وابوو پارتریج دوکانی عەوامخەڵەتێنی کردووەتەوەو لەم ڕێگەیەوە سەروەتێکی مۆڵی پەیدا کردووە، نەخشەیەکی زیرەکانەی بۆ لە ناوبردنی کێشا. لە ساڵی ١٧٠٨دا کاتێ وەشانکار ئاهەنگی بیست و هەشتەمین ساڵیادی ساڵنامەی ناڤبری دەگێڕا، سویفت بە ناوێکی نەناسراوەوە لە هەمان ساڵنامەدا هەواڵێکی بەم نێوەڕۆکە بڵاوکردەوە کە: ***"جەنابی ئیساك بیکەرستاف–ی نجومگەرو ئەستێرەناسی هزرڤان و زانا پێشبینی کردووە کە زۆر بە داخەوە لەبەرواری ٣/٢٩دا، جۆن پارتریج، بەڕێوەبەرو خاوەن ئیمتیازی ساڵنامەو خزمەتگوزاری دێرینی بلاڤۆکان دەچێتە بەر دلۆڤانی یەزدان."*** پارتریج و کۆمەڵێکی دیکە هێشتا بە دروستی سەریان لەم شۆخی و سوعبەتە دەرنەکردبوو کە لە ڕۆژی سییەمی مارسدا، هەواڵێك لە سەرانسەری ئینگلیستاندا بڵاوبووەوە کە پێشگۆییەکەی ئیساك بیکەرستاف، ئەستێرەناسی نێودار هاتووەتە دی و ئاغای جۆن پارتریج، لە بەرەبەیاندا ماڵاوایی لە ژیان کردووە.

هەواڵ و بانگەشەکە بە جۆرێ لە لەندەن و شوێنەکانی تری ئینگلیستاندا بڵاوبووەوە کە هەموو خەڵکی باوەڕیان کردو بگرە هەندێ کەس پرسەیان بۆ دانا. پارتریج چەند هەوڵی دا قەناعەت بە خەڵکی بێنێ کە زندووەو نەمردووە باوەڕیان نەکردو نەکرد، بە تایبەتی کە چەند ڕۆژێك دواتر، سویفت کە تا ئێستا لە پشتەوەی شانۆدا ئەکتەرێکی پەنهان بوو، خۆی دەرخست و لە وتارێکی دوورو درێژدا کە لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی وەخت دا نووسی وەکو شایەدحاڵ بڵاوی کردەوە کە پارتریجی لە دوا ساتەکانی ژیاندا دیتووەو قسەی دەگەڵ کردووەو پاشان لە ڕێوڕەسمی کفن و دفنەکەشیا بەشداری کردووە،و بە پەژارەیەکی فرەوە بەخەڵکی ڕاگەیاند کە پارتریج، لە دەمی ئاوزینگ و ئاویلکەدا، ئیعتراف کردووەو بەوی گوتووە کە لە سەرانسەری تەمەنی خۆیدا جگە لە ریاکاری و دەغەڵبازی و فێڵ و تەڵەکە هیچ کارێکی تری نەکردووەو ئێستاش بە کۆڵێك گوناحەوە ژیان بە جێ دێڵێ.

سویفت کێ بوو، و بۆچی خۆی بە بەرگریکاری سەرسەختی خەڵکی هەژارو بێ ئاگای ئینگلیز دەزانی؟ جوناتان سویفت لە خێزانێکی ئاینی ئینگلیزی بوو کە بابی پاش جەنگە ناوخۆییەکان و

گەڕانەوەی شارلی دووەمی پاشای ئینگلیز لە ساڵی ١٦٦٠ دا چوو بۆ دەڤەری ئیرلەنداو لە شاری بەرلیندا، وەکو بەڕێوەبەری دارایی لە ئوتێلی کینگزاین دا دەست بەکار بوو. جوناتان لە ١٦٦٧/١١/٣٠دا لەم شارەدا چاوی بە ژیان هەڵێنا. هێشتا ئەو لە دایك نەبوو بوو کە بابی مرد، هەرچەندە بە گوێرەی توانا بایەخ بە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی ئەو دراو تەنانەت گەیشتە زانکۆش، بەڵام هەمیشە لە سەردەمی منداڵیەتی و قوتابیەتی خۆی بە گلەیی بووەو لە بیرەوەریەکانی خۆیدا، گلەیی و گازاندە لە خزمان و ئاشنایانی نزیك دەکات کە هێندەیان رەنجاندووە، تەنیایی و گۆشەگیری پێ خۆشتر بووە لەوەی تێکەڵاوی ئەوان ببێت.

پاش وەرگرتنی بەکالۆریۆس لە کۆلیجی ترینتی لە دوبلین، زۆری حەز دەکرد کە درێژە بە خوێندن بدات و دکتۆرا وەربگرێت، لێ جارەکی دی جەنگ و ئاژاوەو پەشێویان دەستی پێکردەوەو رۆیی بۆ لسترشایر لە ئینگلیستان تا لەلای دایکی بژی. دایکی، ئەبیگل ئەریك، ژنێکی رۆشنبیرو چالاك بوو، یەکسەر کوڕەکەی خۆی بە سێر ویلیام تمپل-ی ئەدیب و دپلۆماتکاری ئینگلیزی کە خزمایەتی دەگەڵیدا هەبوو، ناساند. ئەم ناساندنە سەرەتاو دەستپێکی وەرچەرخانێك بوو لە ژیانی جوناتانی گەنجدا کە یازدە ساڵی خایاند. لە ساڵی ١٦٨٨دا شۆڕش لە ئیرلەندەدا رووی داو لەو سەروبەندەدا سویفت بیست و یەك ساڵان بوو. لەم ساڵەدا هات بۆ ئینگلیستان و لە خزمەتی تمپڵی سیاسەتوانی ئینگلیزیدا، کاری سکرتێری لە ئەستۆ گرت و لە ماوەی یانزە ساڵدا، دووجار سەفەری دەبلینی کرد ، بەڵام کاتێ ئەم ماڵباتەی بە یەکجارەکی بەجێ هێشت کە سێر ویلیام لە ناو جێگەی مەرگدا کەوتبوو وساڵ ساڵی ١٦٩٩ بوو.

ئاشنا بوون دەگەڵ سێر ویلیام تمپڵ دا رێڕەوی ژیانی سویفتی گۆڕی. لەم ماڵەدا ئەرکی ئەو نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دپلۆماتکاری ئینگلیزی بوو، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیویست و ئەمە دەرفەتێك بوو بۆ سویفتی لاو کە بە پیشەی نووسەری ئاشنا ببێ. ئەمە جگە لەوەی لە کۆشکەکەی سێر ویلیامدا کتێبخانەیەکی یەجگار گەورە هەبوو، و دەیتوانی بە سەعاتان لەوێندەر دانیشێت و بەرهەمی گەورە نووسەران بخوێنێتەوە. لەو قۆناغەدا بوو کە لێرا دەست بە نووسین بکات و دوو بەرهەمی تەنزئامێزو ساتیری لە ژێر سەرناڤی: (جەنگی کتێبان)و (چیرۆکی تەشتێك) نووسی.

(جەنگی کتێبان) کاردانەوەیەکی نوێخوازانە بوو (جۆرە ململانێیەکی نێوان تازەو کۆن بوو کە سێر ویلیام-ش بەشداری تێدا کرد) کە سویفت سەبارەت بە مەشرەبی کۆنەپەرستانەی سێر ویلیام تمپڵ نیشانی دەداو سەیر ئەوە بوو کە لە ئەنجامدا دانی بە سەرکەوتنی ئەو و شکستی خۆیدا نا. (چیرۆکی تەشتێك) لە راستیدا هێرشێکی پڕ تەنزو تەوس بوو بۆ سەر توندڕەوانی ئاینی کە کڵێسایان کردبوو بە دوکانێك بۆ مەبەست و مەرامە ناڕەواکانی خۆیان. هەردوو بەرهەمی ناڤبری لە ساڵی ١٧٠٤دا چاپ کران و یەکەم خێروبێری ئەم کتێبانە بۆ ئەو، دژمنایەتی دام و دەزگا باڵاکانی کڵێسا بوو کە تا کۆتایی تەمەنی سویفت هەر بەردەوام بوو. لەو سەروبەندەدا کە جوناتان سویفت لە ماڵی سێر ویلیام تمپڵ دا دەژیا، چاوی بە کیژێك کەوت کە

نێوی (ئەستێر) بوو. ئەستێر جونسون، هەشت سالان بوو، گوایە کیژی نا شەرعی تمپڵ بووە. سویفت ناوی ئەستیلای لێناو رۆژانە بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك دەیبینی و دەرسی پێدەگوتەوە. ئەم رۆژانە دیدارانە بەرە بەرە بوو بە ڤیانی راستەقینە. و پاشان کە سویفت چەند ئەڵقەیەکی لە یاداشتە شەخسییەکانی خۆی لە ژێر سەر ناڤی (چەند نامەیەك بۆ ئەستیلا) بڵاوکردەوە، کۆمەڵێك نامەی لە خۆی گرتبوو کە سویفت بۆ ئەوی نووسی بوون.

ئەدیبان و نووسەرانی ئینگلیستان لە سالانی سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا بەسەر دوو گروپی سیاسی (توری و ویگ)دا دابەش بوو بوون و هەر کەسەو بە شێوەیەك کاری بۆ پێشڤەبردنی مەرامێن سیاسی وان دەکرد. تورییەکان لایەنگری توندڕەوی تەخت و تاجی ئینگلیستان بوون. (ویگەکان) ئەندامی حیزبی لیبڕاڵ و نەیاری ئەوان بوون. سویفت تا کاتی مردنی (کونین ئان) کە رێکەوتی سالی ١٧١٤ بوو، لە ریزی (توری)یەکاندا لە ڕای مانەوەی پاشایەتی شابانۆدا خزمەتی دەکردو وتارانی بەو ئاراستەیەدا دەنووسی، لەدوای مردنی ئەو بۆ دوبلین رۆیی و بە پۆستی سەرۆکی زانکۆی ئاینی سنت پاتریك دەست بە کار بوو. لەوێندەر بەرە بەرە شارەزایی لەمەڕ ئارمانج و داواکانی گەلی ئیرلەنداو گوێنەدانی حکومەتی ئینگلیز بە داواکانی ئەم گەلە پەیدا کردو لەوە بە دواوە خۆی بە ئیرلەندی زانی و تا دوا هەناسە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بە هەموو رێگەیەکی شیاو بەرگری و بەرەڤانی لە مافێن وان بکات.

بەم پێودانگە پێویستە ژیانی سویفت بکرێ بە سێ قۆناغەوە: قۆناغی یەکەم- سەردەمی خوێندن و ئەو چەند ساڵە لە خۆی دەگرێ کە لە سایەی سێر ویلیام تمپل دا دەژیاو ئەم قۆناغە نزیکەی سی و دوو سالی خایاند. قۆناغای دووەم- کە لەم قۆناغەدا کاری سیاسی دەکردو هەروەها وتارو نووسینی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیشی بڵاودەکردەوە، نزیکەی پانزە سالی خایاند. قۆناغی سێیەم- لەم قۆناغەدا لە شاری دوبلینی ئیرلەندەدا ئاکنجی بوو تا کۆتایی تەمەنی هەفتاو هەشت ساڵەی خۆی کە لە سالی ١٧٤٥دا بڕایەوە، لەو شارەدا دەژیا، و ئەو قۆناغەش نزیکەی سی ویەك سالٚ درێژە کێشا.

بەلام بۆچی سویفت خۆی بە ئەوقات و داکۆکیکاری هەژاران و چەوساوان دەزانی و حەزیدەکرد بە نووسینی گوتارانی توندو چیرۆکانی تەوسامێزو حیکایەتێن رەخنەیی نەیارانیان مەحکوم و سەرکەنە بکات، پێویستە لە جۆری بیرکردنەوەو قەزاوەت و داوەریەکانیا لەمەڕ تیرەی بەشەر بۆ هۆکاری ئەوە بگەڕێین. سویفت بە شێوەیەکی گشتی لە تیرەی بەشەر پەست و بێزار بوو، و بە بوونەوەرانی موزیری دەزانین.

لە نامەیەکی رێکەوتی ١٧٢٥/٩/٢٩دا بۆ ئەلکساندەر پوپی هاوڕێی، دەڵێت:

***" .... پاش ئەو هەموو پەشێوی و پەرێشانی و ئاوارەییە، بەو دیدارەی تۆ خۆشحالم و دوای ئەوەی قەرارمان دەربارەی یانەکە دا هەست بە شادی دەکەم. من هەمیشە لە دوای ئەمجۆرە هەوڵ و کۆششانە لە خۆ دەپرسم کە مەبەستم لەم کارانە چیە، وەلامی خۆ دەدەمەوە کە من مکوڕم لەسەر ئەوەی دنیا ئازار بدەم تا لە دنیادا رۆڵی پێشەنگێك بگێڕم. راستت دەوێ من رقم لە هەموو میللەتان، و کۆمەڵگەیەکە. بەلام تاکم خۆش دەوێن و رێزیان دەگرم. بەلێ، وەکو***

***سەرەتا، نەفرەت لەو حەیوانە دەکەم کە ناوی ئینسانی لە خۆگرتووە. ئەگەرچی ستایشی تاکێن میناکی یوحەنا، پوترس، تۆماس و کەسانی لەو بابەتە دەکەم..." .***

جا لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە ئایا جوناتان سویفت بە نووسینەکانی کۆمەڵگەی رەنجاندووە تا تاك خۆشحاڵ بکات یان بە پێچەوانەوە چەند تاکێکی رەنجاندووە تا کۆمەڵگە شادو خۆشحاڵ بکات؟ بێگومان ژمارەیەکی کەمی لە پێناوی خۆشحاڵی کۆمەڵگە رەنجاندووە. ئەمەش نموونەیەکە لەو کارانەی.

لە ساڵی ١٧٢٢دا. دەوڵەتی ئینگلیستان قەراردادێك دەگەڵ کەسێکدا بە نێوی ویلیام وود کە خاوەنی کارگەیەکی سکەلێدان بوو، دەبەستێ تا بڕی ١٠٨ هەزار لیرەی سکەی وردو درشت بۆ خەڵکی ئیرلەندا لێبدات. سویفت زانیاری دەست دەکەوێ کە ئەم قەراردادە لەسەر داوای خودی پاشا بەستراوەو هۆیەکەشی ئەمەیە کە یەکێك لە ماشوقەکانی خۆی لەم کارەدا شەریکی ویلیام وودە. سەرباری ئەوەی کە سویفت لە دەستوەردانی ناڕەواو نابەجێی دەوڵەتی ئینگلیستان لە کاروباری خەڵکی ئیرلەندا ناڕازی بوو، ئەم قەراردادەشی بە جۆرە سوکایەتیەك بۆ خەڵکی ئیرلەندا لە قەڵەم داو لێبڕا کە رێگە لەم کارە بگرێت، دەستی دایە نووسینی زنجیرە وتارێکی نامەئاسا لە ژێر سەرناڤی (نامەکانی ئاغای دریپیر) و بە ناوی (م.ب. دریپیر)ەوە بڵاوی دەکردنەوەو هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئیرلەندای ئاگادار دەکردەوە کە قەبوڵکردن و بەکارهێنانی ئەم سکەو دراوانە جۆرە شەرمەزاری و خیانەتێکەو میللەت دەبێ بڕیاری خۆی بدات و رێگە لە بەکارهێنانی ئەم سکەو دراوانە بگرێت.

لەولاشەوە هەر بۆ پاکانەو سەلماندنی قسەکانی خۆی، کۆمەڵێك نامەی دەستکردی بە ناوی دەوڵەتی ئینگلیستانەوە بۆ جەماوەری خەڵك نووسی کە ئەمە ماف بێ چەندو چوونی دەوڵەتی ئینگلیزە کە ئەم کارە بکات چونکە ئینگلیز داگیرکەرەو ئیرلەندا داگیرکراوە. لە کۆتایی ئەم قەرقەشەو کێشانەدا نامەیەکی دیکەشی لە ژێر سەرناڤی (پێشنیازێکی متەوازیعانە بۆ بارەگای نوێنەرانی هەردوو ئەنجوومەنی ئینگلیستان) نووسی کە لەوێدا پێشنیازی دەکرد کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بکەونە دڵدانەوەی خەڵکی ئیرلەنداو کۆتایی بەم ناڕەزاییە بێنن.

نامەکان کاری خۆیان کردو جم و جوڵ و جۆش و خرۆشێکی ژێراوژێری لە نێو خەڵکیدا چێکرد. کاتێ دراوەکان بە مەبەستی خەرجکردن دابەشکران، خەڵکی وەریان نەگرت، دەوڵەتی ئینگلیستان بە جۆرێ لەم پیلانە توڕە بوو کە فرمانی دا نووسەری نامەکان یەکسەر بێتە گرتن و ئەو چاپخانەیەی کە ئەم نامانەی بە چاپ گەیاندووە دەستی بەسەرا بگیرێت. گەڕان و تاقیب لە هەموو قوڵێکەوە دەستی پێکردو تەنانەت چاپخانەکەش کەشف بوو، بەڵام هیچکەسێك زانیاری لەمەڕ نووسەری نامەکان نەبوو. دوای ماوەیەك ئەنجامی مەسەلەکە بەمە شکایەوە کە نەك هەر سکەو دراوەکان کۆکرانەوە، بەڵکو قەراردادێکی دیکەی دەوڵەتی ئینگلیستان دەگەڵ ئاغای ویلیام وودا، کە بۆ ئامادەکردنی دراو بۆ کۆلۆنیە ئەمریکاییەکانی ئینگلیستان لە مۆرکردنا بوو، هەڵوەشێنرایەوە. ئەمجۆرە خەباتە هۆشیارانەو بوێرانەی جوناتان سویفت، ئەوی لە دڵی هەموو جەماوەری خەڵکی ئیرلەندا شیرین و خۆشەویست کردبوو. لە ساڵی ١٧٢٠ەوە، کە بوو بە

بەڕێوەبەری زانکۆی کڵێسای سنت پاتریک، تا ماوەی نزیکەی بیست دانە ساڵ دەستی لە خەبات و چالاکی هەڵنەگرت و هەموو ساڵێك ژمارەیەك وتارو نووسین و چیرۆکی بڵاودەکردەوە. نووسینەکانی دەشێت بکرێن بە سێ بەشەوە. نووسین و نامەێن ئاینی کە زیاتر لە پێناوی ریفۆرمی ئاینی و رێنوێنی کارگوزارانی کڵێسادا بوون. نووسین و وتارێن سیاسی کە زیاتر بۆ بێدارکردنەوەو هوشیارکردنەوەی گەل و ئاشناکردنی سیاسەتوانان بە پرەنسیپەکانی حکومەتداری نووسراون. نووسینانی ساتیرو تەنزئامێزو رەخنەیی کە سەرلەوحەی کارە ئەدەبیەکانی ئەون و هەر ئەو بەرهەمانەش ناویان خستە ریزی شانازیەکانی ئینگلیستان و کردیان بە یەکێك لە گەورەترین چیرۆکنووسانی تەنزنووسی سەرانسەری گێتی.

ناوازەترین بەرهەمی ساتیری سویفت، رۆمانی (سەفەرەکانی گولیڤەر)ـە کە لە ساڵی ١٧٢٥دا بڵاوبووەوەو ئەم تاقە کتێبە لە جیهانی ئەدەبدا نەمری و زندوویەتی پێبەخشی. کتێبی (سەفەرەکانی گولیڤەر) کە یەکەمجار لە ژێر سەرناڤی (زنجیرە سەفەرێك بۆ ناو قەومانی دوورە دەست) و بە ناوی لموئیل گولیڤەرەوە بڵاوبووەوە، بەری رەنجی چەندین ساڵەی هزرین و لێکدانەوەی سویفت بوو.

پێدەچێت سویفت لەو سەرو بەندەدا کە دەگەڵ هزرڤانانی دیکەی ئینگلیزیدا (یانەی سکریب لەروس)ی دامەزراند بوو، کەوتبێتە سەر کەڵکەڵەی نووسینی ئەم چیرۆکە، دامەزراندنی یانەی ناڤبریش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧١٤. واتە بەم پێودانگە نووسینی (سەفەرەکانی گولیڤەر) ماوەی نزیکەی دە ساڵێکی خایاندووە.

رۆمانی (سەفەرەکانی گولیڤەر) زۆر بە خێرایی شۆرەتی پەیدا کردو پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. سویفت کاتێ لە ١٧٢٦/١٠/٢٨دا لە لەندەنەوە بۆ دوبلین دەگەڕایەوە نوسخەی چاپکراوی کتێبی ناڤبری پێ بوو، لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا ئەم کتێبە لە سەرانسەری ئینگلیستان و ئیرلەندەدا بوو بوو بە وێردی سەر زمانی خەڵکی.

چیرۆکی (سەفەرەکانی گولیڤەر) شاکاری جوناتان سویفت، بە بۆچوونی رەخنەگرانی جیهان، یەکێکە لە بەرهەمە کلاسیکەکانی ئەدەبی ئینگلیستان و یەکێکە لە شاکارە زندووەکانی ئەدەبیاتی جیهان. بۆچی؟ هۆی ئەم شۆرەتە چیە، نووسەر مەبەستی لە ئەفراندنی ئەم چیرۆکە بە رواڵەت منداڵانەیە چی بووە؟

(تەنزنووسی) یان ئەوەی لە ئەدەبی رۆژاوادا بە نێوی رێبازو قوتابخانەی (ساتیر) ناسراوە، مێژوویەکی کۆنی هەیە. دەڵێن رۆمیان ئەم شێوەو رێبازەیان کردووە بە مۆدو باو، و ئەمە تاقە قوتابخانەو رێبازی ئەدەبیە کە لە رێگەی شاعیران و چیرۆکنووسان و شانۆنامەنووسانی رۆمییەوە کراوە بە باو. هونەرمەندان و فلیڤانانی لاتین نووسی ئیتالیای کۆن زۆریان حەز لە م قوتابخانەیە بووەو گەر یەکێك بیەوێ دەتوانێ نموونەی قوتابخانەی ناڤبری لە بەرهەمەکانی گایوس لوسیلیوسی تەنزنووسی سەدەی دووەمی پ.ز و هوراسی شاعیری سەدەی یەکەمی پ.زدا بدۆزێتەوە. هەروەها هزرڤان و رۆشنبیرانی میناکی (سنەکاو پترونیوس)ش کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی نیرۆنی قەڕاڵی ستەمکاری روم دا، دەژیان، کاریان تەنیا کینایەگۆیی و

تەنزنووسیو ساتیرو ئیرادگرتن لە خەڵکی بووە. لەوەیە زیاتر لەبەر ئەوە بووبێ کە ئیمپراتۆری ڕۆم لەزەتی لە کارەکانیان وەرگرتووە.

گەورە نووسەرانی ئەورووپا چ ئەوانەی سەردەمی ڕێنیسانس کە ڕاپەڕینو بزاڤێکی زانستیو ئەدەبی لەم کیشوەرەدا بەرپا بوو بوو، و چ ئەوانەی دوای ڕێنیسانس–ش، کۆمەڵێك بەرهەمی یەجگار بایەخداریان لە شێوەی ساتیرێك دا خوڵقاندووەو داهێناوە کە ڕەنگە بەناوبانگترینیان ڕۆمانە پێنج بەرگییەکەی گارگانتواو پانتا گروئیل–ی فرانسوا رابلیە بێ. یان ڕۆمانە دوو بەرگییەکەی دونکیشۆتی سیرڤانتس بێ. رابلیە ئەم ڕۆمانە بەنێوبانگەی بە نزیکەی دوو سەدەیەك پێش سویفت نووسیوەو تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش ئەم ڕۆمانە لە ریزی بەرهەمێن کلاسیکی ئەدەبی فەرەنسی دادەنرێت.

جوناتان سویفت لە سەردەمێکدا دەژیا کە پێویست بوو لەم ڕێگەیەوە بچێتە دڵی خەڵکییەوەو کە دەیبینی کەسانی ناشایستەو خۆپەرستو فیشاڵبازو قۆرە دەماخ جڵەوداری گەلو کۆمەڵگەن ناچار بوو بیانکات بە نیشانەی تیری تەوسو توانجو بیانکات بە قەشمەریو گەپجاڕی خەڵکی،و ئەمە هەمان ڕێگا بوو کە (عوبەیدی زاکانی) شاعیری سەدەی هەشتەمی زمانی فارسی گرتیەبەرو بە تەنزو تەوسو توانجو قەشمەری، دەگەڵ چیرۆکانی سەر گەرمکەری میناکی چیرۆکی مشكو پشیلەدا پەردەی ریاکاریو دڵڕەشیو بێ ئینساف دەسەڵاتدارانی ڕۆژی هەڵماڵی.

سەفەرەکانی گولیڤەر، بە گوتەی شارەزایان بە هێزترین بەڵگەنامەی مەحکومیەتی بەشەرەو، ئەم دادخوازیە توندە، دژی ئەو خەڵکانەیە کە جگە لە ئاسوودەییو خۆشی خۆیان هیچی تریان ناویو خەڵکانی دیکە بە ئەوزارو ئامێری جێبەجێکردنو دابینکردنی پێویستییەکانی خۆیان دەزانن.

تەنزنووسان بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆیان شێوازی جۆراوجۆر هەڵدەبژێرن، سویفت شێوازی سەفەرنامەنووسی هەڵبژارد، هۆیەکەشی ئەمە بوو کە لە ڕۆژگاری ئەودا، خەڵکی تامەزرۆی هەواڵی دیارو دەڤەرانی دوورە دەستو نەناسراو بوون. هەموو تاسەمەندی ئەوە بوون کە بزانن لە شوێنانی دیکەی گێتیدا چ باسەو چ خەڵکانێك لەو قەڵەمڕەوە دوورو نەناسراوانەدا دەژین. نزیکەی دوو سەدەیەك پێش ئەو، سێرتۆماس مۆری چیرۆکنووسی ئینگلیزی سوودی لە هەمان کەڵکەڵەو خولیای خەڵکی بۆ کەشفکردنی دەڤەرێن نهێنی ئامێز، وەرگرتبوو، ئومێدو ئاواتی خۆی بۆ دروستکردنی دنیایەك کە دادپەروەریو یەکسانیو ئاشتی تیادا بەرقەرار بێ لە چیرۆکی یوتوبیادا نیشاندابوو.

ساموئیل جونس، کە فەرهەنگنووسو ئەدیبێکی دیکەی ئینگلیزی بوو،و هاوچەرخی سویفت بوو، چیرۆکی (راسلاس)ی نووسی کە ئەلهەقی سەفەرنامەیەکی دڵگیرو شیرین بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ریشخەن بوو بە چینی فەرمانڕەوای ئینگلیز.

سەفەرنامەی گولیڤەر چەند شا قارەمانێکی تێدایە کە بە کۆڵەکەو ستوونی ئەم کتێبە جوانو دڵگیرە دەژمێردرێن، یەکەمیان خودی لموئیل گولیڤەرە کە ئەمە بابایەکی جەڕاحی نەشتەرگەری کەم ئەزموونی ساویلکەو دڵپاکی ئینگلیزیەو بەڕادەیەك ئاشقو شەیدای جیهانگەڕییە کە

دەستبەرداری هەموو شتێك دەبێت و لە رێگای دەریاوە بەرەو ئاسۆ نادیارو، دیارو دەڤەرە نامەعلومەکان دەکەوێتە رێ. دووەمیان ئیمپراتۆری قەڵەمرەوی (لی لی پوت)ـە. ئەم ئیمپراتۆرە بەژن و بالای هەر پازدە سانتی میترێك دەبێت و خۆشەویستی میللەتی خۆیەتی. رەعیەت و دەست و پێوەندەکەی ناویان ناوە "رەمزی شادی و ترسی جیهانی بوون".

سێیەمیان (فیلامناپ)ـە ئەمە وەزیری دارایی قەڵەمرەوی لیلی پوتەکانە، پیاوێکی دڵڕەش و بێ ویژدانەو لە دەرباری ئیمپراتۆردا، بە دژمنی ژمارە یەکی گولیڤەر دەژمێردرێ، چوارمیان ئاغای (رلدرسال)ە کە وەزیری کاروباری تایبەتیەو لایەنگری گولیڤەرە. پێنجەمیان، (گلوم دول گلیچ)ـە کە کیژی جوتیارە زەبەلاحەکەی بروبدیناگ–ـەو ئەوەندە گولیڤەری خۆش دەوێ کە وەکو بووکەڵەکانی خۆی گەمەی پێدەکات. شەشەمیان پاشای بروبدیناگە کە زەبەلاحێکی دلۆڤان و ئاشتیخوازەو هەوڵدەدا وەکو نەوەیەکی بچووکی خۆی رەفتار دەگەڵ گولیڤەردا بکات.

جگە لەم دەستەیە، قارەمانانی دیکەش هەن کە لە چیرۆکی سەفەرنامەی گولیڤەردا هەر یەکەیان رۆڵێکی هەستیار دەبینێ. چیرۆکەکە بەمجۆرە دەست پێدەکات کە ئاغای لموئیل گولیڤەر، پزیشکی لاو دەبینێ کارەکەی هیچ رەونەق و رەواجێکی نیە، و چونکە پیاوێکی ئابڕومەندەو نایەوێ بە فێڵ و تەڵەکەبازی دەرامەتی خۆی زیاد بکات، وەکو پزیشك لە کەشتی ئانتلوپدا کارێك وەردەگرێت و لە رۆژی ١٦٩٩/٥/٤دا، لە بەندەری بریستولەوە، لە ئینگلیستان، بەرەو ولاتانی دوورە دەست دەڕوات. لە باکووری رۆژاوای خاکی ڤاندایمەن دا، کەشتییەکەیان بەر لافاوو تۆفانێکی بەترەف دەکەوێ و پزیشکی لاو کە مەلەیەکی باش دەزانێ، دوای زەحمەت و هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر خۆی دەگەیەنێتە دەڤەرێکی نەناسراوو لە ماندوویەتیدا دەبورێتەوەو لە هۆش دەچێ.

دەریاوانی تۆفان زەدە کاتێ چاو دەکاتەوە خۆی لە بارودۆخێکی سەیردا دەبینێ، دەڵێی خەڵکانێك بە هەزاران داوی باریك و ناسك بە عەردیانەوە بەستووە. ئیدی لێرە بە دواوە دیل و ئەسیری لی لی پوتە کوڵەبالاکانە، ئەمانە بالایان لە شەش ئینج، یانی نزیکەی پازدە سانتی میتر، زیاتر نیە، ئیدی هەموو کارو کردەوەیەکی تریان وەکو بەشەرانی دیکەیە.

گشت بەسەرهات و سەربهوردەکانی ئەم ئینسانە زەبەلاح و دێوئاسایە لە قەڵەمرەوی نهێنی ئامێزی لی لی پوتەکاندا، سەیرو نا ئاساییە. بەدیلی بۆ میلندۆی پایتەختی ولاتی دەبەن و ناوی کوینبوس فلسترین–ی لێدەنەن، واتە (کێو زادی مەزن)، ئەوسا زمانی فێر دەکەن و سەرەنجام بۆ لای ئیمپراتۆری دەبەن. ئیمپراتۆرو میللەتەکەی نەك هەر سەریان لە گەورەیی لەش و لاری دیلەکەیان سوڕدەمێنێ، بەڵکو سەریان لە تەمەشای شان وشەوکەت یا دەمانچەکەی یا خێراییەکەی سوڕدەمێنێ و لە فکران ڕادەچن.

لەلایەکی ترەوە ژیان لە قەڵەمرەوی (لی لی پوت)ەکان بۆ گولیڤەر دەبێت بە جۆرە سەرگەرمی و خۆشییەك. هەڵسوکەوتی دەگەڵیاندا زۆر دۆستانەیە. هەوڵدەدا نەك هەر زمانەکەیان بە باشی فێر بێت بەڵکو شارەزای داب و نەریت و خووخدەشیان ببێت، گولیڤەر زوو بەزوو بۆی دەردەکەوێ کە لی لی پوتەکان دەگەڵ قەومێکی دیکەی میناکی خۆیاندا لە شەڕدان و ئەم شەڕە ماڵوێران و

کۆڵەواری کردوون. لەو وڵاتەدا دوو حیزبی سیاسی بە هێز هەن، یەکێکیان حیزبی (پاژنە درێژان)ەو ئەویتریان حیزبی (پاژنە کورتان)ە، هەروەها دوو تیرەی مەزەبیش لەوێن کە هەمیشە لە ململانێو شەڕو قەرقەشەدان. ناکۆکی دوو تیرە مەزەبیەکە لەسەر ئەمەیە کە کام سەری هێلکە مریشك ئاسانتر دەشکێت، ئەندامانی هەردوو تیرەکە گەرەکیانە لەسەر ئەم مەسەلەیە خوێنی یەکتر بڕێژن.

لموئیل گولیڤەر، لە وڵاتی لی لی پوتەکاندا دژمنێکی سەر سەختو ملهوڕی لێ پەیدا بووە. ئەم دژمنە (فیلامناپ)ی وەزیری داراییە کە قەناعەتی وایە راگرتنو هێشتنەوەی ئەم کابرایە زۆر گران لەسەر قەومی لی لی پوت دەکەوێ، چونکە هەر ژەمە خواردنێکی ئەم میوانی ناوەختە بەرانبەر بە ١٧٢٨ ژەمە خۆراکی هەر ئەندامێکی میللەتی خۆیانە. واتە وەکو ئەوە وایە کە دەربار رۆژی ١٧٢٨ میوانی هەبێت. لە هەنبەر ئەوەدا گولیڤەر دۆستانی دەستڕۆو دەسەڵاتداریشی پەیدا کردووە. وەزیری کاروباری تایبەتی لە هەر رووداوو دەنگوباسێکی دەرباری ئاگادار دەکاتەوەو، گوێ قوڵاغە نەبا دژمنان لە غیابی ئەودا ئیمپراتۆری لێ ڕپبکەنو داوێکی بۆ بنەنەوەو ژیانی بخەنە مەترسییەوە.

بە هەرحاڵ رۆژێك خەبەری دەداتێ کە رەوشەکە لەبار نیەو دژمنە سەرسەختەکەی، واتە وەزیری دارایی، بە بیانووی ئەمە کە راگرتنی ئەو لەم سەردەمی جەنگو قەیرانەدا بۆ میللەت زۆر گران دەکەوێو لەلایەکی دیکەشەوە گوتوویەتی کە پەیوەندی دەگەڵ هاوسەرە گەنجو جوانەکەیدا گرتووە، ئیمپراتۆری رازی کردووە کە فەرمانی مەرگی دەربکات. رووداوێکی نەخوازراوی دیکەش هێندەی دی ئیمپراتۆر لەسەر فەرمانەکەی سوورو رژد دەکات، ئەویش ئەوەیە کە کاتێ کۆشکی شابانۆ ئاگر دەگرێ، گولیڤەر بێ رەچاوکردنی هەندێ تەشریفاتی دەرباری، لێدەبڕێ ئاگرەکە بکوژێنێتەوەو لەم رێگەیەوە ئاسیو بە شابانۆ دەگەیەنێ. بەڵام لە هەنبەر ئەمەشا گولیڤەر خزمەتێکی گەورەی ئەوانی لە دەست دێ، ئەویش ئەوەیە کە لە جەنگدا یارمەتی لی لی پوتەکان بداتو لە کاتی هێرشی دەریایی دژمندا گەلە کەشتییەکەیان لە نێو بەرێت. میوانی زەبەلاح ئەم پێشنیازەی خانەخوێیە کورتە باڵاکانی قەبوڵ دەکاتو مەودای هەشت سەد مەتری نێوان هەردوو دوڕگەکە دەبڕێتو، لەو کاتەدا کە تیری دژمن وەکو باران بەسەر سەریا دەبارێ، گەلە کەشتییەکەیان نقوم دەکات. لی لی پوتەکان بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە ئاهەنگ دەگێڕنو جارێکی دی دەستی دۆستایەتی بۆ گولیڤەر درێژ دەکەن، لێ ئیمپراتۆر هێشتا نارازییەو باوەڕی وایە کە گولیڤەر دەتوانێ خاکی دژمن بە تورەکە ببێژێتو هەر هەموویان بە دیلی بۆ ئەم دوڕگەیە بێنێو بیانکات بە کۆیلەی ئەوان.

رۆژێك تروسکەی روناکیەك لە ئاسمانی تاریکی ژیانی گولیڤەرەوە شەوق دەداتەوە. پێڵو شەپۆلانی دەریا، بەلەمێکی بێ سەرنشین دەگەیەنێتە کەنار،و کابرای گەنج کە لە دووری ماڵباتەکەی ژاکاوە، سواری پیرە بەلەم دەبێتو جارێکی دی خۆی بە دەستی شەپۆلان دەسپێرێت. گەشتییەکی ئینگلیزی تووشی دەبێو بۆ زێدو زاگەی خۆی دەیگێڕێتەوە. گولیڤەر وێڕای ئەوەی کە تا ماوەیەك دەگەڵ یارانو ئاشنایاندا خۆشو شاد دەبێت، بەڵام بەو حاڵەشەوە

دڵی کەڵکەڵەی سەفەر دەکات، ئەمجارەیان بە نیازی چوونە هیند سواری کەشتی چارۆکەدار ئەدونچەر دەبێت، کەشتییەکە بەدەم بڕینی دەریاوە، لە ڕێگەی خۆی دەردەچێت و ئیدی سەرگەردانی دەست پێدەکات. کەشتیوانەکان، کەشتییەکە دەگەیەننە دورگەیەک تا لەوێندەر ئازووقەو ئاو پەیدا بکەن، گولیڤەر لە هاوڕێکانی دادەبڕێت و دوور دەکەوێتەوە، سەرەنجام پاش هەوڵ و تەقەلایەکی فرە خۆی لە مەزراو مێرگوزارێکی سەیرا دەبینێتەوە. هەموو شتێك لەوێندەرا زۆر گەورە بوو، بۆ نموونە لاسك و ساقەتەی گەنم دەگەییە چل پێیان. هێشتا سەرسامی و حیرەتی گولیڤەر نەڕەوی بووەوە کە فەلاحێکی زەبەلاح دەی بینێ. کە تەمەشای دەکات دەی حوبێنێ و دەچێتە دڵییەوە،و لێدەبڕێ بیخاتە گیرفانی و وەکو دیارییەك بۆ کیژەکەی خۆی (گلوم دول کلیچ) بیباتەوە. گولیڤەر تازە بە حاڵی خۆی زانیوە. ئەمجارەیان دەستی بویەرو ڕووداوان بۆ قەڵەمڕەوێکیان هێناوە کە سەر لەبەری خەڵکەکەی، ڕێك بە پێچەوانەی خەڵکی قەڵەمڕەوی لی لی پوتەوە، زەبەلاح و کەتەو زەلامن، ئێرە قەڵەمڕەوی (بروبدیناگ)ە.

فەلاحی هەژاری دەستکورت. بەم نێچیرە خۆشحاڵ دەبێت، گولیڤەر لە قەفەزێك دەنێت و دەگەڵ خۆیدا دەیگێڕێت و پیشانی خەڵکی دەدات و پارەی پێ وەردەگرێت.گولیڤەر بەرگەی ئەم هەموو شەڕەشەق و ئازارە ناگرێت و نەخۆش دەکەوێت، بەڵام بەر لەوەی ماڵاوایی لە ژیان بکات شابانۆ خۆشی پێدا دەچێت و وەکو گەمەیەك بۆ خۆیی دەکڕێت. ئیدی لێرەوە قۆناغێکی تازە لە ژیانی دەست پێدەکات.

ڕۆژانە هزرڤانان و فەیلەسوفان لە دەوری قەفەزەکەی خڕدەبنەوەو بەم گیاندارە بچووکە پێدەکەنن و بە سەرسامی لێکدی دەپرسن: "چۆن دەشێت لەم دنیایەدا ئینسانێکی ئەوەندە بچووك هەبێت؟"و بە هیچ جۆرێ وەڵامی پرسیارەکەی خۆیان نادۆزنەوە. ڕۆژێ کە پاشا هەمان پرسیار دووبارە دەکاتەوە، گولیڤەر کە زمانی وان فێر بووە، باسی ئەسڵ و فەسڵی خۆی بۆ دەکات و بەرە بەرە باسەکەیان دێتە سەر بەریتانیاو شکۆو عەزەمەتی هێزی سوپایی ئینگلیستان. پاشا بە تەوس و نەباوەڕیەوە گوێ لە قسەکانی دەگرێت و سەرەنجام دەپرسێت: "باشە خەڵکانێك بەم بچووکیەوە زاتی شەڕکردنشیان هەیە؟"

بەردەوامی ژیان لەم دیاری غوربەتەدا بۆ میوانی ناوادە یەجگار ناڕەحەت دەبێ. لەبەر بچکۆلەیی و وردیلەیی خۆی دەبێ هەمیشە ئاگادار بێ کە لە ژێر دەست و پێیاندا نەپلیشێتەوە. لێرە، لەم قەڵەمڕەوە هەموو شتێك هەر زەبەلاح و زەلامە. ڕۆژێ کە لە لەم وڵاتەدا هەورە تریشقە دەستی پێکردبوو، و تەرزە دەستی بە بارین کردبوو. ئەگەر گولیڤەر ئاگای لە خۆی نەبا لەوە بوو دەنگە تەرزەی درشت کە هەر یەکەیان بە ئەندازەی تۆپێکی تەنس دەبوو، یەکسەر بیکوژێت. یان مشکی زەبەلاحی خوێنمژ کە هیچ ترسێکیان لێی نەبوو.

مانەوەی گولیڤەر لە مەڵبەندی زەبەلاحاندا پتر لە دوو ساڵ دەخایەنێ. ڕۆژێك بەختی یار دەبێت و باڵندەیەك پڕی پێدا دەکات و بە قەفەزەکەوە هەڵیدەگرێ و دەیبات و لەسەر دەریایەك بەری دەداتەوە.کەشتیوانانی کەشتییەکی ئینگلیزی کە چاویان لێی بوو بوو، بە پەلە خۆیانی دەگەیەننێ و لە مەرگی دەربازدەکەن. خولیاو هەوەسی جیهانگەڕی گولیڤەر لە کۆتایی نایەت. بۆ

جاری سێیەم لە رێگای سەفەر بەرەو ژاپۆن بەر هێرش‌و پەلاماری رێگرانی دەریایی دەکەوێ، گولیڤەر کە توانی بووی خۆی لە ناو بەلەمێکدا بشارێتەوەو بەر دەست نەکەوێ، دوای چەندین شەوو رۆژ، خۆی لە دورگەی (بالنی باربی)ی رۆژهەلاتی ژاپۆندا دەبینێتەوە. (بالنی باربی) کۆلۆنیەکە کە لەلایەن خەڵکی دورگەیەکی ئاسمانیەوە بە نێوی لاپوتا، بەڕێوە دەبرێ. دانیشتوانی ئەم دوڕگەیە لە لەش‌و لاردا وەکو ئینسانانی دیکەن. بەڵام ئەم خەڵکە لە ژیاندا تەنیا حەزیان لە دوو شتە. یەکێکیان مۆسیقایەو ئەویتریان ماتماتیکە. هەر هەموویان لە دنیای خەون‌و خەیاڵدا دەژین. خەڵکی بالنی باربی هەرگاڤێ بیانەوێ دژی داگیرکارانی خۆ ڕاپەڕن، دانیشتووانی دوڕگە ئاسمانیەکە بە فرمانی پاشای خۆیان، بەرد بارانیان دەکەن.

گولیڤەر، هەندێ نهێنی تازە لە دوڕگەی (لاپوتا)دا کەشف دەکات. بۆی دەردەکەوێ کە غرووروو شانازی ئەم خەڵکە تەنیا بە مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی زانستی پایتەختەوەیە کە بە (ئەکادیمی نەخشەدانان) ناسراوە. زانایان لەم مەڵبەندی لێکۆڵینەوەیەدا بە هەندێ کارەوە مژولن کە مایەی پێکەنینی گولیڤەرە. بۆ نموونە ساڵەهای ساڵ زەحمەت دەکێشن تا تیشکی خۆر لە خەیار دەربێنن.

پزیشکی گەنجی ئینگلیزی کە خووی بە سەفەرەوە گرتووە، دوای زنجیرە واریقات‌و بەسەر هاتێکی دی، سەرەنجام دەروی لێ دەبێتەوەو لەرێگەی ژاپۆنەوە بۆ زاگەی خۆی، ئینگلیستان دەگەڕێتەوە، بەڵام هەستدەکات ناتوانێ لە ولاتی خۆیدا درێژە بە ژیانی یەك نەواو تاقەتبەر بدات. لە ١٧١٠/٨ز، دەبێ بە کەشتیوانی کەشتییەکی دەریاپەیماو بەرەو دەریاکانی باشوور دەڕوات. لەرێگەدا دەریاوانەکان دژی رادەبن‌و دەیخەنە سەر بەلەمێك‌و بە دەستی پێل‌و شەپۆلانی دەسپێرن. بەڵام گولیڤەر هەمدیس لە مەرگ دەخەلەسێت. لە کەناری قەڵەمڕەوێکدا دەگیرسێتەوە کە خەڵکەکەی زۆر رەزا قورس‌و مەیمون ئاسان. ئەم مەیمون ئاسایانە لە دەوری گولیڤەر خڕ دەبنەوەو سەراپای دەلەوتێنن. کاتێ ئەم میوانی ناوادەیە لە دەستی وان رزگار دەبێت کە رەوە ئەسپێك-ی خورت‌و چەڵەنگ، بەدەم حیلاندنەوە، لە دوورەوە دەردەکەون. مەیمون ئاساکان کە چاویان بە ئەسپەکان دەکەوێ، پێ وەغارەوە دەنێن‌و هەڵدێن. پاشای گولیڤەر بۆی دەردەکەوێ کە فەرمانڕەوای دوڕگەکە ئەو ئەسپانەن نەك ئینسانە مەیموون ئاساکان.

گولیڤەر، لەم قەڵەمڕەوە تازەیەدا پەی بە کۆمەڵە نهێنییەکی سەیر دەبات. بۆیە دەردەکەوێ کە ئەسپەکان لە مەیموونانی ئینسان ئاسا شارستانی ترن. ئیدی پەیوەندی دۆستایەتی دەگەڵ ئەسپەکاندا دەبەستێ‌و لەوانەوە هەزاران دەرس‌و پەندی ئەوتۆ فێر دەبێت کە بنیادەمان لێی بێ خەبەرو بێ ئاگا بوون. کاتێ لەوێ‌و لە مانەوە لەوێندەر، لەو قەڵەمڕەوە سەیرو سەمەرەیە بێتاقەت دەبێ، بەلەمێك چێدەکات‌و بەناو دەریایان دەکەوێ، تووشی کەشتییەکی چارۆکەداری پرتوگالی دەبێت کە سەرەنجام دەیگەیەننەوە ماڵێ.

گولیڤەر دوای ئەم سەفەرانەو ناسینی ئەم گیاندارە عەجیب‌و غەریبانەی سەر زەوی، لە هەموو تیرەی بەشەر بێزار دەبێت‌و لە ماڵەوە دەرگا لەسەرخۆی دادەخات‌و تا ماوەیەکی زۆر ئاسوودەیی خۆی لە هاوڕێیاتی ئەسپاندا دەبینێتەوە.

جوناتان سویفت، لەم بەرهەمە درێژە چوار بەرگییەدا دەیویست چی بڵێ؟

سویفت، لە بەرگی یەکەمدا بە نیشاندانی کاروکردەوەو رەفتاری (لی لی پەتەکان) کە لاسایی کردنەوەیەکی نەزانانەی کردارێن بنیادەمانی گەورەیە، خوێنەر دێنێتە پێکەنین، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە قارەمانەکە بۆ دەرباری ئیمپراتۆر دەبات و بە چۆنیەتی ژیان و هزرینی دەرباریانی ئاشنا دەکات. لێرەدا مەبەستی سویفت گاڵتەکردنە بە فەرمانڕەوایانی وەخت کە لە حەقیقەتدا هەمان لی لی پوتەکانن و بەرواڵەت کاری بنیادەمانی گەورە ئەنجام دەدەن.

لە بەرگی دووەمدا کارەکە پێچەوانە دەبێتەوە. زەبەلاحان لە کارەکانی ئەم ئینسانە بچووکانە دێنە پێکەنین. کاتێ گولیڤەر بارودۆخ و رەوشی وڵاتەکەی خۆی بە کەش و فش و غرووورەوە بۆ پاشا باسدەکات، پاشا هیچ کاردانەوەیەکی نابێت تەنیا ئەمە نەبێ کە گاڵتەی پێبکات و ئیرادی توند لە کارو کردەوەکانی وان بگرێت.

سویفت، لە بەرگی سێیەمدا کاری ئەو ئینسانانەی کە پێیان وایە خەریکن کاری زۆر گەورەو حیرەت ئەنگێز ئەنجام دەدەن، بەر تەوس و توانجان دەدات.

و لە بەرگی چوارەمدا، ئەم ئەنجامگیرییە بە دەستەوە دەدات کە ئینسان، چ بە جەستە گەورەبیبێ و چ بچووک، چ ئاقڵ بێ و چ داهێنەر، گیانداریکی موزێرەو جگە لە تێرکردنی غەریزەو ئارەزووە حەیوانیەکانی خۆی هیچ ئامانجێکی تری نیە. خوێنەر بە باشی بۆی بە دیاردەکەوێ کە لە دیدی ئەوەوە ئینسان بوونەوەرێکی پیسەو ئەم بوونەوەرە کرێت و دزێوو نا موبارەك و بەدخوایانە کاتێ یەك بگرن و قسە بکەن بە یەك دۆزەخێکی سەر رێژ لە دەردو ئازارو مەینەت و بێنەوایی دێننە ئاراوە.

رەنگە هۆی ئەمەی کە نووسەر لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا تووشی شێتی بوو بوو، ئەم بێزاریەی بووبێ لە تیرەی بەشەر. سویفت لە نێوان ساڵانی ١٧٣٨- ١٧٣٩دا نەخۆشکەوت و لە جێگادا کەوت و بەدەم دەردو ئازارێکی نا دیارەوە دەیناڵاندو هاواری دەکرد. لە ساڵی ١٧٤٢دا، واتا سێ ساڵ بەر لە مردنی شێت بوو، و بە تەواوەتی هۆش و گۆشی لە دەست دا. بەوحاڵەوە سێ دانە ساڵی دی بەرەنگاری مەرگ بووەوە تا ئەنجام لە ١٩/١٠/١٧٤٥دا ماڵاوایی لە ژیان کرد. تا ماوەیەك وا باو بوو کە لە هەمان تابووتی ئەستیلادا بە خاکیان سپاردووە. نزیکەی یەك سەدە لەوەدوا، لە کڵێسای سنت پاتریکدا گوڕێکیان دۆزییەوە کە کۆمەڵێك دەیانگوت گۆڕی سویفتە، و ئەم گۆڕە زۆر لە گۆڕەکەی ئەستیلاوە دوور بوو. ئاقیبەت لە ساڵی ١٨٨٢دا، ئەم راستیە ساغ بووەوە کە ئێسك و پروسکی سویفت لە پاڵ ئێسك و پروسکی، دلبەرە هەمیشەییەکەیدا، لە پاڵ ئەستیلادا بە خاك سپێردراوە.

***

سەفەرنامەی گولیڤەر یەکێکە لە تەنزنامە ساتیریك و رەخنەییەکانی ئەم چەند سەدەیەی دوایی. سویفت لە قاڵبی ئەم رۆمانەدا دەرباری ئەو سەردەمەی ئینگلیستانی داوەتە بەر شەلاقی رەخنەو حیزبەکانی لە قاوداوە. لە هەر بەشێکی ئەم رۆمانەدا بەرۆکی چینێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی

وابەستە بە دەربارو ئەشراف دەگرێت و لەو ڕێگەیەوە زۆر بە توندی رەخنە لە بەناو گەورە دەسەڵاتداران دەگرێت.

***سەرچاوە :***

***تصویری از ادبیات کلاسیك جهان/١٣/شرکت سهامی کتابهای جیبی/وابسته به موسسەانتشارات امیر کبیر/ اسفند ١٣٨٨***

## ١٤- تراجیدیایەکی ئەمریکایی

**تیودور درایزر** ( ١٨٧١- ١٩٤٥) یەکێکە لە چیرۆکنووسە ئەمریکاییەکان کە یەکەم بەرهەمی بە بیانووی ئەوەی کە دەگەڵ داب و نەریت و ئەخلاقیاتی باودا تێك ناکاتەوە قەدەغە کرا. ژیان بەلای ئەوەوە بریتی بوو لە خەبات دژی هەژاری و جیاوازی نەژادی و بەرهەمەکانی بەم دیدو بۆچوونانە بارگاوین. لە ئاخرو ئۆخری ژیانیا باوەڕی بە سوسیالیزم هێنا.

***

سەرەتای سەدەی بیستەم، دەستپێکی وەرچەرخانێکی تازە بوو لە ئەدەبی ئەمریکادا. بەرهەمێن شاعیران و چیرۆکنووسان و گوتارنووسان تا ئەو زەمانە پتر شەقڵ و مۆرکی ئەدەبیاتی ئینگلیستانی لە خۆگرتبوو، بەڵام لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەدا داهێنەرانی ئەدەبی کیشوەری نوێ، بۆیان دەرکەوت کە پێویستە دەستبەرداری لاسایی کردنەوە ببنەوەو ئەدەبێکی رەسەنی هاوڕەنگ و هاوشێوەی ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژین، بێننە ئاراوە. یەکێك لە پێشەنگانی ئەم بۆچوونە پیاوێك بوو کە دووبەرەکیەکی سەیری لە نێو ئەدەبدۆستانی ئەمریکادا نایەوەو لە رێگەی بەرهەمەکانی خۆیەوە کردیە کارێك کە هەردوو گرووپی رەخنەگری محافەزەکارو رێفورمخواز سەنگەر لە یەکتری بگرن، پیاوێك بوو بە نێوی (تیودور درایزەر) کە پەیتا پەیتا چیرۆکی دەنووسی و دەگەڵ هەر چیرۆکێکدا کۆمەڵگەی ئەمریکای دەدایە بەر شەلاخی رەخنە. وەکو بالزاك دەکەوتە وەسفی دیمەنێن چیرۆکەکانی و پاکانە بۆ هەڵسوکەوت و رەفتاری قارەمانەکانی و میناکی (ئەمیل زولا) قەڵەمی ئەفسونکاری خۆی زیاتر بە دەوری کرداری حەیوانیانەی خەڵکی کۆمەڵگەکەیدا تاو دەداو دەخستە گەڕ.

درایزەر رەحمی بە هیچ کەسێکی کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا نەدەکرد، دروشمی ئەمە بوو کە تا رەخنە نەگری خەڵکی خۆ چاك ناکەن و ئەم چزی رەخنەیەی تەنیا ئاراستەی خەڵکی نەدەکرد بەڵکو ئاراستەی ئەو رابەرانەشی دەکرد کە بە بونیاتنان و رۆنانی بوونی خەڵکی ئەمریکا لەسەر بناغەی ئابووری، فەزیلەتیان فیدای مادیات کردبوو.

لە ساڵی ١٩٢٥دا، یان لە کۆتایی یەکەم چارەکی سەدەی بیستەم، کاتێ درایزەر رۆمانی (تراجیدیایەکی ئەمریکایی) بڵاوکردەوە، ئیدی هەراو هەنگامەو ئاشوبێك کەوتە بەینی شارەزایانی ئەدەبی ئەمریکاوە: درایزەر لەم کتێبەدا پەیامێکی راگەیاند بوو کە شێوەی ناتورالیزمی هەبوو، کۆمەڵگەی ئەمریکایی بە دیل و ئەسیری حەتمی مادیات لە قەڵەم دابوو و دەیگوت مرۆڤەکان لە ژێر گوشاری ئابووریدا بوون بە داشی دامەو چەند کەسێکی دەوڵەمەندی چەوسێنەرو ستەمکار لەسەر تەختەی بوون هەڵیان دەسوڕێنن. ئەمانە خراپە دەکەن و بە خراپیەکەی خۆیان نازانن، چونکە مەنجەنیقی مادیات لە هەموو لایەکەوە ئابلوقەی داون و خستوونیەتە ژێر گوشارەوە. (تراجیدیایەکی ئەمریکایی) کە رۆمانێکی مەزن و نایابی پتر لە هەزار لاپەڕە بوو، زۆر بە گەرمی لەلایەن خەڵکیەوە پێشوازی کراو کاریگەریی ئەم رۆمانە بەسەر

هزرو بیری خەڵکییەوە گەییە ڕادەیەك کە لە هەندێ ویلایەتدا فرۆشتنیان قەدەغەکرد، بەڵام هەوڵی نەیارانی بێهودە بوو، ناوی کلاید گریفیت-ی قارەمانی ڕۆمانەکە، لە هەموو شوێنێ کەوتە سەر زاران و خەڵکی هەوڵیاندەدا چارەنووسی خەمناکی ئەو لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە بخەنە بەر باس و گەنگەشە.

***

درایزەر، لەم ڕۆمانەدا(تراجیدیایەکی ئەمریکایی) چ پەیامێکی رادەگەیاند؟

ڕۆمانەکە بریتییە لە باسی سەربهوردی لاوێك بەناوی کلاید گریفیت کە قەتڵێکی لە دەست قەوما بوو. کوژراوەکە ژنێك بوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆشەویستی خۆی بووەو پاشان لە پرس و جۆی پرسکاران و تەحقیقکاراندا ئەوە دەرکەوتووە کە ئەم ڕۆمانە لەسەربهوردو سەرگورشتەیەکی راستەقینەوە کە فایلەکەی لە دادگای ویلاتەی شاری نیویورکدا هەبووە، وەرگیرا بوو. لە ماوەی دادگاییەکەدا کە چەند فەسڵێکی ڕۆمانە مەزنەکەی درایزەری لەخۆ گرتبوو، لە زمانی ئەوقاتی بەرگریکارەوە زۆر بە توندی هێرشی کردبووە سەر کۆمەڵگە بە گشتی و سەرچینی دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانی ئەمریکایی کە بیر لە هیچ شتێك ناکەنەوە جگە لە کۆکردنەوەی پارەو سامان. کاریگەریی ئەم ڕۆمانە بەڕادەیەك بوو کە گروپێك لە لایەنگرانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی، ئەم کتێبەیان بە گەورەترین و نایابترین چیرۆکی ئەدەبی ئەمریکا لە قەڵەم دا بوو و باوەڕیان وابوو تا ئەو سەردەمە هەرگیز بەرهەمێکی دیکەی وا مەزن لە کیشوەری ئەمریکادا نەنووسراوە. وێڕای ئەمەش خەڵکانێکی موحافەزەکار هەبوون کە دژی ئەم بۆچوونە بوون و باوەڕیان وابوو، کە دیدوبۆچوونی درایزەر دروست نیەو کۆمەڵگەی ئەمریکایی هەرگیز بەو رادەیە داڕوخاوو گەندەڵ نەبووە. هەر ئەمانە بوون کە لە شاری بۆستن و هەندێ شوێنی نیوئینگلاندا، فرۆشتنی ئەم کتێبەیان قەدەغە کردبوو، و دەیانگوت کە خوێندنەوەی ئەم کتێبە لاوان لە ڕێی دەردەکات و بەرەو گومڕاییان دەبات.

جا با ئێستا بزانین درایزەر کێ بوو، و کتێبەکەی چ پەیامێکی پێ بوو؟ درایزەر لە شاری تیرهانی ویلایەتی ئیندیانادا، لە ١٨٧١/٨/٢٧دا، یانی نزیکەی سەدوچل ساڵ بەر ئێستا هاتووەتە دنیا، دایك و بابی خەڵکێکی هەژار بوون و لە ماڵێکی پەرپوتا دەژیان. و هەردووکیان زۆر پابەندی ئاین بوون،و تیودور لەم ماڵەدا ڕۆژگارێکی فرەتاڵی بەسەر برد. بە زەحمەتێکی زۆر خوێندنی سەرەتایی تەواو کردو بە دەم کاری جۆراوجۆرەوە کەوتە خوێندنی زانکۆیی بەڵام بۆی تەواو نەکرا. باوك و دایکی حەزیان دەکرد دەگەڵ منداڵەکەی خۆیاندا بژین، بۆیە کاتێ کە بۆ شاری شیکاگۆ باریان کرد، تیودور-شیان دەگەڵ خۆدا برد،و ئەویش بە مەبەستی ئەوەی کارێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، هەموو ڕۆژێ لەم دایەرەوە بۆ ئەو دایەرە، لەم دەزگاوە بۆ دەزگایەکی دی دەڕۆیی تا سەرەنجام لە نووسینگەی ڕۆژنامەی دەیلی گلوپدا کارێکی پێ سپێردرا.

ئەم ساڵە، ساڵی ١٨٩٢ بوو. درایزەر تازە پێی نابووە بیست و یەکەمین ساڵی ژیانەوە. کارەکەی ئەو ئەمە بوو کە هەواڵێن گەرماو گەرمی دەستی یەك بۆ ڕۆژنامەکەی بە دەست بێنێ، و چونکە

لەم کارەی دا جۆش‌و خرۆش‌و دڵسۆزییەکی زۆری نواندو کۆمەڵێك سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە بە فەرمی بە عینوانی پەیامنێر دایمەزراند.

تا چەند ساڵێك لەوەدواش، درایزەر وەکو پەیامنێرێك لە شارە گەورەکانی ئەمریکادا دەبینین، و ئیدی لەم سەروبەندەدا بوو کە کەوتە بیری ڕۆماننووسی، چیرۆکێکی نووسی. بە ناوی ( خوشکە کاری) بەڵام هیچ یەکێك لە وەشانکاران ئامادە نەبوون بۆی چاپ‌و بڵاوبکەنەوە.

بیانووی زۆربەی وەشانکاران لە بڵاونەکردنەوەی ئەم چیرۆکەدا هەمان بیانوو بوو، دەیانگوت نووسەر دژمنایەتی دەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا هەیەو ئێمە ئامادەنین بەرهەمێك بە چاپ بگەیەنین کە زۆربەی خەڵکی قەبوڵیان نیە.

بەڵام حەقیقەتی مەسەلەکە شتێکی دیکە بوو، درایزەر لە چیرۆکی (کاری)دا کە ناونیشانی یەکەمی (خوشکە کاری) بوو، بە زەبری قەڵەمە بە تواناو ڕیالیستییەکەی خۆی دەیسەلماند کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا سەرکەوتن دەگەڵ ئەخلاق‌و داب‌و نەریتی باودا تێك ناکاتەوە. یانی ئەگەر کەسێك بخوازێ بناسرێ‌و سەرکەوتن‌و بەختەوەری بە دەست بێنێ، دەبێ بەو ڕچەڕێ‌و گوزەرانەدا تێ بپەڕی کە هەتاوی فەزیلەت‌و ئەخلاقیان تیا هەڵنایەت.

سەرەنجام وەختێ کتێبی ناڤبری بە چاپ گەیی، هەرچەندە ناوی نووسەرەکەی لەلای خەڵکی مەنشوور نەبوو، بەڵام فرۆشی کتێبەکە لە ڕادەبەدەر بوو، و لە هەموو لایەکی ئەمریکاوە هەراو هەنگامەیەکی فراوان دژی نووسەرەکەی بەرپا بوو. کتێبی دووەمی ئەو (جینی گرهارت)، هێندەی دی ئەمریکاییانی کۆنەپەرست‌و مەغرووری هاڕوژاند،و چونکە قارەمانی چیرۆکەکە جوان‌و خشیك بوو، دەبێتە قوربانی شەهوەترانی سیناتۆرێکی دەوڵەمەندو پاشان دەبێتە قوربانی کوڕێکی دەوڵەمەند،و هەرچەندە ئەم کیژە هەموو شتێکی خۆی‌و تەنانەت منداڵە نا شەرعیەکەی خۆیشی لە دەست دەدا، بەڵام وێڕای ئەوەش بە دروستی پەی بەوە نابات کە بەدکاران‌و چەوسێنەران‌و خۆپەرستان چیان بەسەر گیان‌و بوونی ئەودا هێناوە.

کاتێ هەردووکیان ڕۆمانی (خوشکە کاری)و (جینی گرهارت) چاپ بوون‌و لە جامخانانی کتێبفرۆشیەکاندا بۆ فرۆشتن نمایشکران، ڕەخنەگران بە دەنگی بەرز هاواریان کرد کە ئەم پیاوە ئەنتی ئەمریکاییە لە ئەمریکا وەدەربنەن، گرووپێك ئیرادیان لە شێوازی نووسینەکەی گرت‌و گوتیان: "بابایەکی بێکارەی بەرەڵلایە کە هەموو مەبەستێکی جنێودانە بە کۆمەڵگەی ئەمریکا".

لەگەڵ ئەمەشا کتێبەکانی فرۆشران، تا لە ساڵی ١٩١٥دا سێیەمین بەرهەمی خۆی لە ژێر سەرناڤی (بلیمەت)دا بڵاوکردەوە، ئەم (بلیمەت)ەش هیچی لە ڕۆمانەکانی تری نەگەڕابووەوە، درایزەر لە (بلیمەت)دا سەربهوردی هونەرمەندێك دەگێڕێتەوە کە لە تاو جەوری ستەمی کۆمەڵگەی خۆپەرست‌و چەوسێنەری ئەمریکایی، هونەرەکەی خۆی دەخاتە ژێر پێ‌و پایەماڵی دەکات.

چەند ڕەخنەگران پتر لێیان دەخوێند، ناوی درایزەر زیاتر لە زەینی خەڵکی ریفۆرمخوازی ئەمریکادا دەچەسپی، پایەی ئەو بەرەبەرە گەیی بووە ئاستێك کە نووسەرانی لاو چاویان لە شێوازی ریالیستی ئەو دەکردو لاساییان دەکردەوەو دەیانویست شوێن پێی ئەو هەڵگرن. چەند

بەرهەمێکی دیکەی درایزەر، میناکی (سەرمایەدار، وتیتان) بڵاوبوونەوە تا سەرەنجام لەساڵی ١٩٢٥دا، لە تەمەنی چل و شەش ساڵیدا، شاکارەکەی لە ژێر سەرناڤی (تراجیدیایەکی ئەمریکایی)دا گەییە دەست، هەوادارانی بەرهەمەکانی.

جا هەنووکە با بزانین کلاید گریفیت-ی قارەمانی رۆمانی (تراجیدیایەکی ئەمریکایی) کێیەو درایزەر چ مەبەست و ئامانجێکی لە گێڕانەوەو نیشاندانی بەسەرهاتی ئەودا هەبووە.

کلاید گریفیت گەنجێکی دەستکورتە بەڵام ئاوات و ئارەزوویەکی فرەی هەیە. دەخوازێ دەوڵەمەند و کامەران بێت بەڵام بە تەواوەتی و دروستی نازانێ چ رێگەیەك بۆ گەییشتن بە ئاواتەکانی هەڵبژێرێت. کلاید گریفیت مامێکی هەیە بە نێوی ساموئیل گریفیت کە کارخانەدارێکی بە ناوونیشانە، خۆی لەو نزیك دەکاتەوەو بە هۆی ئەوەوە کارێك لە کارخانەکەدا وەردەگرێت. لە کارخانەکەدا ئاشنایەتی دەگەڵ کیژێکی کرێکاردا کە سەروسیمایەکی جوانی هەیە،و ناوی (روبرتا)یە پەیدا دەکات، و ئەم ئاشنایەتیە ئاشقێنی و پەیوەندی نهێنی لێدەکەوێتەوەو سکی روبرتا پڕ دەبێت.روبرتا میناکی هەر کیژێکی دیکە، تاسەمەندە کە شوو بە کلاید بکات، لێ کلاید بەبی ئەوەی بخوازێت گەمە بە روح و دەروون و ئارەزووی مەحبوبەکەی خۆی بکات، هیچ مەیل و ئارەزوویەك بۆ ئەم کارە نانوێنێ، چونکە مودەتێکە دڵی داوە بە (سوندرا) ناوێك کە کیژێکی دەوڵەمەندەو هەموو هۆش و گۆشی لای ئەوە. روبرتا جارێکیش کلاید بکێشی کڵێسا دەکات تا لەبەردەم کەشیشدا مارەی بکات، بەڵام بۆ بەدبەختی ئەو، بەرێکەوت ئەو رۆژە کەشیش لەوێندەر نەبوو بوو و ئەم ئاواتەی کیژەی داماو نایەتەدی. ئەشقی سوندرا رۆژ بە رۆژ تۆختر دەبێت و کار دەگاتە ئەوەی کیژەی خشکۆکی روو مانگی تابان، قایل دەبێت کە شوو بە کلاید بکات و بابی سوندرا-ش کە لە دەوڵەمەندە ناودارەکانە لەبەر خاتری خۆشەویستی کیژەکەی قاییل دەبێت کە سەروەت و سامان و ماڵ و عینوان و هەموو شتێك بخاتە ئختیاری کلایدەوە، لی بویەرێك، بۆیەرێکی بچووك هەر هەموو ئەو ئاوات و ئارەزووانە بە بایا دەدات.

روبرتا حەز دەکات دەگەڵ کلایدا بە بەلەم گەشتێکی نێو دەریاچە بکات، لە کاتی گەشتا، بەلەمەکە بەلانسی خۆی لە دەست دەدات و روبرتا دەکەوێتە دەریاچەکەوە.کلاید کە بە خۆی مەلەوانێکی لەزەبرە دەتوانێ روبرتا رزگار بکات، بەڵام ئەم کارە ناکات و روبرتا دەبێ بە قوربانی شەپۆڵێن خرۆشاوی دەریاچەکەو دەخنکێ.

ئەم رازە زوو ئاشکرا دەبێت و کلاید بە تۆمەتی کوشتنی کیژەی بێ گوناح دەگیرێت.

***

بەشی هەرە زۆری رۆمانی (تراجیدیایەکی ئەمریکایی) تەرخانە بۆ دادگایی کردنی کلاید. کلاید بە بۆچوونی دادسێن بکوژە بەڵام ئەوقاتی داکۆکیکار بەبێ تاوانی دەزانێ. بە گوتەی دادسێن کلاید بکوژە چونکە دەیتوانی روبرتا رزگار بکات بەڵام بە ئانقەست رزگاری نەکردووە، و بۆچوونی ئەوقاتی داکۆکیکاریش ئەمەیە کە بکوژ کەسێکە کە بە گوێرەی نەخشەیەکی پێشوەختە تاوانەکەی کردبێت و کلاید بەگوێرەی نەخشەیەکی پێشوەختە روبرتای بەرەو

دەریاچەکە نەبردووە،و روبرتا بە هۆی ڕێکەوتێکی کوتوپڕەوە کەوتووەتە دەریاچەکەوە. دادسێن بە بکوژی دادەنێت. لەملاشەوە ئەوقاتی داکۆکیکار بەشی هەرە زۆری گوناحەکەی کلاید دەخاتە ئەستۆی کۆمەڵگەو ملی دەوڵەمەندانی تەماعکارو خۆپەرستو بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا دادپەروەریو یەکسانی بەرقەرار بێت، کلایدەکان تووشی کێشەو هەڵە نابنو ڕێگەی چەوت ناگرن.

مخابن هەوڵو تەقەلای ئەوقاتی داکۆکیکار، بۆ ڕزگاری تۆمەتبار بە هیچ کوێ ڕاناگاتو کلاید حوکمی خەنەقاندن دەدرێت.

***

ئیدی ڕۆمانی (تراجیدیایەکی ئەمریکایی) بوو بە کتێبی ڕۆژو ملیونان نوسخەی لە سەرانسەری ئەمریکاو هەروەها ملیونان نوسخەی تەرجەمەکراوی بۆ زمانانی زندووی دنیا، لێ هاتە فرۆشتن، ئەمجارەیان ژمارەی لایەنگرانی درایزەر زۆر زیاتر بوو لە ژمارەی نەیارانی،و درایزەر بوو بە بتی خۆشەویستی کۆمەڵگەی ئەمریکایی، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان تا ڕادەیەك دژمنایەتی خۆیان سەبارەت بە نووسەری ناڤبری کەم کردەوەو هەندێ لە ڕەخنەگران بە گەورەترین نووسەری ئەمریکایان لە قەڵەم داو، بەرهەمەکەیان بە بالاترینو بەرزترین بەرهەمی هزری کۆمەڵگەی ئەمریکایی دانا.

زۆر کۆمپانیای گەورەی فیلمسازی کەوتنە ئەوەی بیکەن بە فیلم، هەروەها ئەهلی شانۆش لێڕان بیکەن بە سیناریۆو وەکو شانۆنامە نمایشی بکەن... بە هەرحاڵ درایزەر لە بندێڕی ڕۆمانەکەیەوە قسەی خۆی کردبوو، و بەو شێوە ریالیستییەی خۆی سەلماندبووی کە کۆمەڵگەی ئەمریکایی بە ڕێگایەکی هەڵەدا دەڕوات تا مادیات پەرستی بەسەر چارەنووسی ئەم کۆمەڵگەیەدا زاڵ بێت، ئەخلاقو فەزیڵەتو ئینسانیەت ناتوانێ فەرمانڕەوای سەرەکیو بنەڕەتی جەماوەری خەڵك بێت.

درایزەر، لەسەر چیرۆکنووسی خۆی بەردەوام بوو، بەڵام هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەگەییە ئاستی ئەم کتێبەی دوایی (تراجیدیایەکی ئەمریکایی). لە ساڵی ١٩٢٧دا لەسەر بانگهێشتی دەوڵەتی روسیا سەفەرێکی ئەوێندەری کردو کاتێ کە گەڕایەوە زنجیرەیەك وتاری دەربارەی روسیا نووسی کە پاشان لە ژێر سەرناڤی (روسیا لە گۆشەنیگای درایزەر)ەوە بڵاوی کردەوە. لە ساڵی ١٩٤٤دا، کۆڕی هونەرو ئەدەبی ئەمریکا گەورەترین میداڵی ڕێزلێنانیان دایەو مێژوونووسان ناویان لە ریزی چیرۆکنووسانی گەورەی وڵاتدا تۆمار کرد. سەرۆکی کۆڕ لە کاتی پێدانی خەڵاتەکەدا گوتی:

***"تیودور درایزەر" نووسەرێکە کە بە قەڵەمەکەی یارمەتیەکی شایستەی چاککردنی کۆمەڵگەی ئەمریکایی داوەو بە وردبینی خۆی خەوشەکانی کۆمەڵگای بەنووسین سپاردووە. مەبەستو ئامانجی ئەو ئەمە بووە کە ئاستی فەزیڵەتو ئینسانیەت لەم کۆمەڵگەیەدا بەرز بکاتەوە، و ئەمە ئەرکی نووسەرو چیرۆکنووسێکی گرانقەدرە کە خەڵکی لەو شتانە ئاگادار بکاتەوە کە لە کۆمەڵگەکەیدا دەگوزەرێ، بە تایبەتی لەو شتانەی کە میللەت بەرەو هەڵدێری نەهامەتی دەبەن."***

و تیودور درایزەر، بە باوەڕی ڕەخنەگرانی ئەدەب، ئەو پەیامەی کە لە ئەستۆی بوو، ئەنجام دابوو.

درایزەر، لە ساڵی ١٩٢٢دا کتێبێکی نووسی لە ژێر سەرناڤی چیرۆکێك دەربارەی خۆم کە ئەم بەرهەمە لە راستیدا جۆرە ئوتوبیوگرافیایەك بوو. ئیدی بەرهەمەکانی لە ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی جیهاندا هەوادارانی فرەی پەیدا کردو تا چەندین ساڵ لە دوای مردنیشی کۆمەڵێك لە چیرۆکنووسانی لاو هەوڵیانداوە پەیڕەوی شێوازی ئەو لە نووسینەکانی خۆیاندا بکەن.

تیودور درایزەر لە ١٩٤٥/١٢/٢٨دا، لە تەمەنی هەفتاو چوار ساڵیدا، لە هولیوودا ماڵاوایی لە ژیان کرد. دوای مردنی، ڕەخنەگرانی ئەدەب دەربارەیان نووسی:

***درایزەر وەکو هەر نووسەرێکی لەزەبر، لە رێگەی چیرۆکەکانییەوە، خزمەتی میللەتی خۆی کرد، درایزەر نموونەیەکی بەرزو دیاری چیرۆکنووسی ئەمریکایی بوو کە لاسیایی هیچ رێچکەو رێبازو قوتابخانەیەکی نەکردەوەو بە بەرهەمەکانی سەلماندی کە ئەمریکاییش دەتوانێت هونەری لە سەدا سەدی رەسەنی ئەمریکایی دابهێنێ و بێنێتە ئاراوە...***

***

تراجیدیایەکی ئەمریکایی: بریتییە لە رەخنەو گلەییەکی توند دژ بە کۆمەڵگەی مادیگەرای ئەمریکاو رۆڵی نا مرۆڤانی چینە باڵاو دەوڵەمەندو خۆشگوزارەکان لە چەوساندنەوەی توێژە هەژارو دەستکورتەکانی کۆمەڵگە. زوڵم، بێدادی، نەبوونی دادگایێن سەربەخۆ، کەناڵی راگەیاندنی لایەندارو وابەستە، پێویستی ئابووری و زۆر فاکتەری دیکە لە گۆشەنیگاو نۆڕینی درایزەرەوە کۆمەڵگەی ئەمریکایان کردووە بە سیستەمێکی کۆیلەداری مۆدێرن.

***سەرچاوە :***
***تصویری از ادبیات کلاسیک جهان/١٤/شرکت سهامی کتابهای جیبی/***
***وابسته به موسسەی انتشارات امیر کبیر/ اسفند ١٣٨٨***

## ١٥- غروورو تەعەسوب

**جـێن ئۆسـتن** ( ١٧٧٥- ١٨١٧ ) نووسـەرێکی ئینگلیـزە. ژیانێکی ئاسوودەو سنووورداری هـەبوو، دیمـەن و رووداوە کۆمەڵایەتیـەکانی نـاو چیرۆکەکانی سـنووردارن، بـەڵام لـە رادەبـەدەر وردبین و لێهـاتوو و کارامـە بـووە لـە بەرجەسـتە کردنـی خەسـڵەت و سـیفەت و ئاکـاری قارەمانـانی نـاو چیرۆکەکانیا. لە دوای مردنی شۆرەت و ناوبانگی دەرکردووە.

***

تـەنیاترین کیـژی تـەنیای رۆژگـاری خـۆی بـوو. شـەش بـراو یـەك خوشـکی هـەبوو دەگـەڵ دایك و بابیدا کە ئـەو قیبلـەی ئومێدو ئاواتیـان بـوو، بـەم حاڵـەوە لـە خـەڵوەتی تەنیاییدا دەگـەڵ خـەون و خەیاڵـەکانیا خـۆش دەژیـا. کاسـاندرا کـە خوشـکە گـەورەی بـوو مێـردی نـەکردبوو — تـا کۆتـایی تەمـەن هـەر شـووی نـەکرد- ئـەو بـە خۆیشـی کـە نیـوی جـەین بـوو مینـاکی خوشـکەکەی لـە گۆشەگیریدا ژیاو، تەنانەت ئەو دەمەش کە لە باوەشی ئەودا ماڵاوایی لە ژیان کرد تاقە ئاشقێکی نەبوو کە جەنازەکەی تـا گۆڕسـتان بـەڕێ بکـات. کـاتێ مـردو وەختێ کـە یـادو یادگاریشـی وەکـو جەستەی بە خاکی فەرامۆشی و عەدەم سپێردرا هـەنگێ دنیـا زانـی کـە ئـەو کـێ بـوو، و ئـەو کاتـە چاوەکان بۆی هاتنە گریان،و ڕوندکان بۆ نامرادی ئەو لە چاڤان هاتنە خوارێ.

لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا، دەستنووسی کتێبێکی، کە پاشان بوو بە یەکێك لە شاکارە بێ چـەندو چوونـەکانی ئـەدەبی جیهـان، بـۆ وەشـانکارێکی لەنـدەن نـارد تـا چـاپ و بـڵاوی بکاتـەوە. یـارۆی وەشـانکار نەچـووە ژێـر بـار. هەڤـدە دانـە سـاڵی خشـت هەوڵیـدا تـا کتێبەکـەی بـە چـاپ بگەیەنـێ، لـێ ئومێـدو ئاواتەکـەی بـە بـا رۆیـی. سـەرەنجام کـاتێ وەشـانکارێك لـە رووی بەزەیییـەوە کتـێبی نـاڤبری بـە چـاپ گـەیاند قاییـل نـەبوو نـاوی نووسـەرەکەی لەسـەر دابنـێ، بـەڵکو نووسـی: "نووسینی خـانمێك" و بەو زەبوونی و داماویە، پـێ نـەزانی کۆمەڵگەکـەی خـۆی تەحـەمول کـرد تـا ئاقیبەت توانی ئەو پێگەو پایە بەرزەی کە چاوەڕوانی بوو لە دنیای ئەدەبدا بە دەست بینێ.

لە سەرانسەری تەمەنی چل و دوو ساڵەی خۆیدا تەنیا یەك جار، بەدڵ و گیان ئاشق بوو. دڵدارو خۆشەویستەکەی گەنجێکی دڵپاکی پارێزکارو خواناس بوو بە نێوی تۆم لفروی کە لـە خزمـەتی کڵێسادا بوو، لێبڕان پێکڤە زەماوەند بکەن، بەڵام کوڕە لـە ناکاودا مرد،و بە مردنی نـاوادەی ئـەو ،یـارە دڵبەندەکەشـی (جـەین) مـرد. دەتگـوت دەسـتی قـەدەر هـەمان شـتی لـە چـارەی ئـەو و کاساندرای خوشکی نووسیوە. کاساندراش تاقە یەکجار بە دڵ و بەگیان حەزی لە پیاوێك کرد، بەڵام بەر لەوەی بتوانێ کەرەستەی زەماوەند فەراهەم بکات بۆ هند رۆیی و لەوێندەر بە نەخۆشی زەردوویی مرد. هەردوو خوشك لە خەڵوەتی بێکەسیدا ژیان و لە خەڵوەتی تەنیاییدا مردن.

سەدەی هەژدەیەم سەدەی قوتابخانەو رێبازی رۆمانتیزم بوو: نووسەران، قارەمانانی خۆیان لە خەرمانەی خەیاڵ دەگرت،و ئەدەبدۆستان ئەم شێوازەیان پەسند دەکرد، (جەین) بە پێچەوانەی پـەیڕەوکارانی ئـەم رێبـازو شـێوازە، لـە خوڵقانـدنی قارەمانـان و وەسـفی بویـەرو رووداوێـن چیرۆکەکانیا رێگەیەکی نوێی بۆ خۆی هەڵبژارد کە پاشان ناویان نا قوتابخانەی (ناتورالیزم) و

لەم ڕێبازەدا واقیعی ژیان یان سروشتو تەبیعەتی ژیان بەسەر خەونو خەیاڵاندا زاڵ بوو. ئەلیزابت بنت، ئەو کیژە خشیكو جوانەی کە جین ئوستن لە ڕۆمانە بەنێوبانگەکەی خۆیدا هێناویەتی، قارەمانێکی خەیاڵیو ئەفسانەیی نیە بەڵکو کیژێکە وەکو هەزاران کیژی دیکە کە کارو کردەوەو گوتارو ئەتواری وەکو کیژانی ترە، بەڵام نووسەر بە هونەرمەندییەکی کەم وێنەوە، باری دەروونیو ڕوحی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەندامەکانی تری خێزانەکەشی وەکو ئێمەمانانو هیچ کاروکردەوەیەکی دەگمەنو نا ئاساییان نیە، و ئەوەی هەیەو مایەی سەرنجە تەنیا لە شێوەی دەربڕینو داڕشتنو توانای وەسفو بەردەوامی لۆژیکی چیرۆکەکەدایە... ئەگەر وانەبوایە، ڕەخنەگرانی ئەدەب ئەم بەرهەمەیان بە شاکارێکی دەگمەنو کەم وێنەی ئەدەبیاتی ئینگلیز نەدەژماردو ناوی داهێنەرەکەیان لە ڕیزی ئەدگار و سیما پرشنگدارو نەمرەکانی ئەدەبی جیهاندا نەدەهێنا...

***

چیرۆکی ژیانی ئەم کیژە ناوبزرە کە میناکی گوڵاڵەیەك لە ناوجەرگەی کۆساراندا، دوور لە چاوی جیهانیان شکۆفەی کردو ژاکاو چەرمسی و هەڵوەری، میناکی چیرۆکەکەی کە زادەی فیکرو خەیاڵی خۆی بوو، سادەو کورتو بێ بویەرو جەنجاڵە. ئەو بە خۆی لە ١٧٧٥/١٢/١٦ – واتا پێش پتر لە دوو سەدە– لە گوندی ستیوتن–ی دەڤەری هامپشایری ئینگلیستان لە ماڵباتێکی ڕۆحانیدا چاوی بە ژیان هەڵێنا. نەك هەر بابی کەشیش بوو، بەڵکو بابی دایکیشی لە خزمەتی کلێسادا کاری دەکردو هەموو ئەندامانی ماڵباتەکەیان دوورو نزیك سەروکاریان دەگەڵ کلێسادا هەبوو. لەبەر ئەمە تەقواو عیبادەتو دینداری بناغەی ژیانی ئەو بوو.

لە چیرۆکەکەی خەڵقی هزرو خەیاڵی ئەویشدا وەزع هەمان وەزعە. ئاغای بنت کەشیشێکی ڕوو خۆشی خۆش تەبیعەتە کە ژیانی خۆش گەرەکەو لەو گوندەدا کە تیای دەژی، مرۆڤێکی خۆشەویستە. لە نێو کچەکانیا زیاتر ئەلیزابتی خۆش دەوێو ئەو بە زیرەکترینو جوانترین کیژی خۆی دەزانێت. ئاغای بنتو هاوسەرەکەی هەموو ئاواتێکیان ئەمەیە کە مێردێن دڵخوازو پەسند بۆ کێژەکانیان بدۆزنەوەو ئەوی ڕاستی بێ سەرانسەری چیرۆکەکە بریتییە لە هەوڵی ئەم کیژانە بۆ پەیدا کردنو دۆزینەوەی مێردی دڵخوازی خۆیان.

لە ژیانی خودی چیرۆکنووسەکەدا هیچ ڕووداوێکی سەیرو چاوەڕوان نەکراو ڕوو نادات و هەموو شتێك بە شێوەیەکی هێمنو ئاسایی ڕێڕەوی خۆی دەبڕێت. بۆیە لە چیرکەکەشدا کە زادەی بیرو خەیاڵی ئەوە، وەزع هەمان وەزعەو هیچ ڕووداوێکی کوتوپڕو چاوەڕوان نەکراو ڕوو نادات و قارەمانانی چیرۆکەکە هەر یەکەو بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەوڵی دۆزینەوەو پەیدا کردنی دڵخوازی خۆدان.

لەم هەوڵو تەقەلایانەدا، هەندێکیان بە ئاواتی خۆ دەگەنو هەندێکی دی ڕووبەڕووی ناکامی پەژارە دەبنەوە. بۆیە ئەو خوێنەرەی کە تاقیبو سۆراخی بۆیەرو ڕووداوێن نا ئاسایی دەکات و کەڵکەڵەی ڤیانی ئاگرینو هیجرانی پڕ سۆزو گودازی لەسەرو لە دڵدایە، ناتوانێ ڕوحی تینووی خۆی لە ڕووداوە هێدیو ئاساییەکانی ڕۆمانەکە پاراو بکات. جا لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە

كە چ فاكتەرێك بووەتە مایەی ئەوەی كە ئەم ڕۆمانە بخرێتە ڕیزی بەرهەمە بەهادارەكانی جیهان‌و بە یەكێك لە هەڵبژاردەترین بەرهەمی ئەدەبی ئینگلیز بژمێردرێت؟

ئەوانەی كە ڕۆمانی (غروورو تەعەسووب) جەین ئوستن-یان خوێندووەتەوە دەتوانن بەرسڤی ئەو پرسیارە بدەنەوە: (غروورو تەعەسووب) مێژووی ژیانی دوو كەسە: یەكێكیان دیل‌و ئەسیری غروورو لە خۆبایی بوونی خۆیەتی‌و ئەوی تریان قوربانی تەعەسووب‌و ركونی‌و خۆپەرستیەكانی خۆیەتی. كاتێ كە بەرخوردو پێكدادانی ئەم دوو هێزە دەست پێدەكات، ئیدی ویساڵ‌و لەزەت‌و كامرانی لە بەین دەچن.

قەڵەمی نووسەر تەنزئامێزە، پڕ تەشەرە، بەڵام لە ناسكی‌و نەوازشت بەدەر نیە. میس ئوستین لە تەمەنی بیست‌و یەك ساڵیدا ئەم ڕۆمانەی نووسیوە، باشە چۆن كیژێكی بیست‌و یەك ساڵان، ئەم نۆڕینە قووڵ‌و خەیاڵە دەوڵەمەندو بەهێزەی هەبووە كە بتوانێ بچێتە قوڵایی ناخ‌و دەروونی قارەمانەكانی خۆیەوە؟ بەرسڤ ئەمەیە كە ئەم كیژە لە پێنج ساڵییەوە دەستی بە خوێندنەوەی كتیبان كردووەو لەو تەمەنەوە بەشداری كۆڕو مەجلیسی گەنگەشەو باس‌و خواسی باوك‌و دایك‌و ئەندامانی دیكەی ماڵباتەكەیانی كردووە. لە تەمەنی دە ساڵیدا چیرۆكی دەنووسی‌و هەموو چیرۆكەكانی سەرڕێژ بوون لە تەنزی ناسك‌و تەشەرو ساتیری هزرڤانانە.

هەر خوێنەرێك كە چیرۆكی (غروورو تەعەسووب) دەخوێنێتەوە یەكسەر هەستدەكات كە داهێنەری ڕۆمانەكە لە نێو هەموو قارەمانەكانی خۆیدا پتر بایەخی بە یەكێكیان داوەو لەوانی دی خۆشتری ویستووە. ئەم قارەمانە كیژێكە بە نێوی ئەلیزابت. ئەلیزابت جوانترین كیژی ماڵباتەكە نیە. جەینی خوشكی لەو جوانترە، بەڵام ئەو هەندێ سیفەت‌و خەسڵەتانی هەیە كە خۆشەویستی دەكەن. ئایا جەین ئوستن، نووسەری ڕۆمانەكە، بە مەبەست یان بێ مەبەست، ئاگایانە یان نا ئاگایانە ئەلیزابتی لە بری خۆی بە خوێنەرانی نە ناساندووە؟

مستەر دارسی لاوێكی دەوڵەمەندو قوزو جوانە لێ مخابن كە ئەسیرو دیل‌و زەبوونی خۆپەرستی‌و تەعەسوبی خۆیەتی. لە دیدی خۆیەوە دەڕوانێتە هەموو شتێك‌و هەموو شتێكی هەر بۆ خۆی دەوێ...و جالێرەدا ڕۆڵ‌و هەڵوێستی ئەلیزابت یەجگار زەحمەتە، چونكە ئەوی خۆش دەوێ‌و دەخوازێ دڵ‌و ڕوحی ئەو بە دەست بێنێ -بەڵام چۆن؟ ئەویش كەسێكی مەغروورەو ئامادە نیە بە ئاسانی دەستبەرداری غرووری خۆی بێت.

دارسی: بەمجۆرە بەسەر سامی تەمەشای من مەكەن، ئێوە هەردووكتان بە دروستی لە مەبەستی من حاڵی نەبوون، گوتم هەرچەندە ژوورەكە بچووكە، هەستن‌و كەمێك بە ژوورەكەدا پیاسە بكەن. ئەم كارە چەند باشییەكی هەیە: یەكەم هەردووكتان لەوەی لە یەك شوێن دانیشن‌و قسان بكەن ماندوو نابن‌و دووەم من دەتوانم باشتر تەماشای دوو گەنج بكەم كە بەلەنجە ڕێدەكەن.

ئەلیزابت: ڕاستت دەوێ. دیسان لە مەبەستت حاڵی نەبوم..

دارسی: ئەلیزابت خانم، هەموو ژنێك حەز دەكات كە جوانی لەش‌ولاری خۆی بنوێنێ، ئێوە بۆچی خۆ لەمە دەدزنەوە؟

كارولین: ڕەنگە مەبەستت لەم پێشنیازە ئەمە بێ كە بە تۆ پێبكەنین...

ئەلیزابت: کارولین! ئاغای دارسی لەو جۆرە پیاوانە نییە کە تەحەمولی پێکەنینی خەڵکی بکات. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەوو هیوادارم هەروا بمێنێتەوە. من بەش بە حاڵی خۆم ئاشقی پێکەنینمو لە هەموو شوێنێ لەناخی دڵەوە، لە کانگای روحەوە پێدەکەنم. ئەگەر قەرار بێت من تەنیا یەك دۆستی وەکو ئاغای دارسی-م هەبێ، دەبێ بۆ هەتا هەتایە مالاوایی لە خۆشیو پێکەنین بکەم.

دارسی: خاڵێکی جوانت خستەڕوو. من پێموایە کەسێك کە یەکەم ئامانجی لە ژیاندا پێکەنینو سوعبەتکردن بێ، دەتوانێ گاڵتە بەئاقڵترینو باشترین کەس بکاتو تەشەری لێبدات، گاڵتە بەبەرزترین کاران بکات...

ئەلیزابت: هەڵبەتە خەڵکانێك هەن کە بە ئاقڵترین کەسو باشترین کاران پێدەکەنن، لێ هیڤیدارم من لەو جۆرە کەسانە نەبمو گاڵتە بە کەسانی باشو کارێن ئابڕومەندانە نەکەم. جا با ئەوەشت پێ بڵێم کە تۆ لەو کەسانە نیتو کارەکانت لەو جۆرە کارانە نییە...

دارسی: من هیچ کەسێك لەم دنیایەدا شك نابەم کە بێ عەیب بێ، بەندەی بێ عەیب نیە. لەبەر ئەمە هەر کەسێك تووشی ئێوە بێت، مەترسی ئەوە هەیە کە ئێوە پێی بخەنن. هەموو هەوڵێکی من لە تەمەنما ئەمە بووە کە ئەو سیفەتو خەسڵەتانەی کە دەبنە مایەی پێکەنینو تەوسی خەڵکی، لە خۆ دوور بخەمەوە.

کارولین: مەبەست غروورو خۆ بەزلزانیە؟...

ئەلیزابت: ئافەرین کارولین! باشی بۆ چووی... غروورو خۆ بەزلزانین..

دارسی: گومان لەمەدا نیە کە خۆبەزلزانی لاوازییەکی ئەخلاقیە.بەلام دەربارەی غروور... دەبێ بڵێم کە ئەم دووە فەرقیان هەیە... لە هەر روویەکەوە بالا دەستی هزری هەبێت. غروور خۆی نانوێنێ... خانم ئەلیزابت تۆ تەمەشا... ئایا من قسەیەکم کرد کە بووبێتە مایەی پێکەنینی ئێوە، چونکە بینیم کە ئێوە ناتوانن خۆ لە زەردەخەنە دوور بگرن؟

ئەلیزابت: من دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە تۆ هیچ تەخسیرێکت نیە...

دارسی: هیوادارم ئەگەر تەخسیرو کەمو کوڕیەکیشم هەبێت، ئەم کەموکوڕییە پەیوەندی بە فامو تێگەیشتنی منەوە نەبێت، من تەبیعەتم وایە کە درەنگ لە هەنبەر تەبیعەتو خووی خەڵکیدا تەسلیم دەبم، من دەزانم کە ئەم رەفتارەی من بە دڵی خەڵکی دی نیە. من ناتوانم بە ئاسانی پشتیوانی لە کارێن بێ بنجو بناوانی خەڵکی بکەم یان ئەگەر لە کەسێك رەنجام چاوپۆشی لێبکەم.

ئەلیزابت: باشە پێت وانیە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کیماسییەك بێ کە مرۆۋ نەتوانێ چاو لە هەڵەی خەڵکانی دی بپۆشێت؟

دارسی: هەر مرۆڤە پەروەردەیەکی تایبەتی هەیە، پەروەردەی من وایە.

ئەلیزابت: پەروەردەی تۆ ئەمەیە کە عەیبی خەڵکانی دی ببینیو هەرگیز خاوەنی ئەو عەیبە نەبەخشیت؟ ئەگەر وابێ تۆش لە هەموو ژیانتا هەر بە تەنێ دەبیت... لە هەموو ژیانتا...

***

جەین ئوستن کاتێ ئەم رۆمانەی دەنووسی دەیزانی ئەو خەڵکەی کە ماوەیەکی زۆرە ئاشقی ئەدەبیاتی رۆمانتکین و خوویان پێوە گرتووە، قەڵەمەکەی ئەویان خۆشناوێ، بەڵام بەو حاڵەشەوە دەستبەرداری باوەڕو قەناعەتی خۆی نە بوو.

لەوەیە هۆی ئەمەی کە رۆمانەکەی ئەو بۆ ماوەی هەڤدە ساڵ هەر لەماڵەوە مایەوەو هیچ وەشانکارێك ئامادە نەبوو بە چاپی بگەیەنێ، هەر ئەمە بووبێ. بەڵام رۆژگارێك هات کە خەڵکی لە خوێندنەوەی بویەرێن ئەفسانە ئامێز بێتاقەت بوون، روویان لەو ئاشقانە وەرگێڕا کە سەروگیانی خۆیان قارەمانانە فیدای دڵدارانی خۆ دەکرد، لە جیاتی خەون و خەیاڵان روویان کردە ژیانی واقیعی و بیروبۆچوونیان بەسەر دەرونڕوانیدا پەسندندا. لەو سەرو بەندەدا بوو کە خەڵکی ئاشقی ئینسانە ئاساییەکانی نێو رۆمانەکەی جەین ئوستن بوون و هەموو بە یەك دەنگ گوتیان: ***"ئوستن لە سیما هەرە پرشنگدارەکانی ئەدەبی ئینگلیزی سەدەی نۆزدەیەم بوو."***

سێر ولترسکوت-ی چیرۆکنووسی ناوداری ئینگلیزی دەربارەی جەین ئوستن و رۆمانی (غروورو تەعەسووب)ی ئەو ئەمەی نووسیوە:

***"بەهرەو هونەری ئەم خانمە گەنجە مایەی سەرسامیە. بە جۆرێ هەست و سۆزو سیفەت و خەسڵەتە ئاساییەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکی وەسف کردووەو دەربڕیوە کە پیاو سەرسام دەکات. هەموو نووسەرێك دەتوانێ قسەی زل بکات و بنووسێت، بەڵام ئەمەی نووسەرێك بتوانێ خەڵکی ئاسایی و رەمەکی لە رێگەی واقیعیەتەوە بەم هونەرمەندی و کارامەیی و وەستاییەو شرۆڤەو راڤەو وەسف بکات کارێکە کە تەنانەت منیش لە عۆیەی نایەم...."***

***

رۆمانی (غروورو تەعەسووب) زیاتر بە دەوری دوو قارەماندا دەسووڕێتەوە: یەکێکیان دارسییەو ئەویتریان ئەلیزابتە. ئەم دوو قارەمانە، هەر یەکەیان سیفەتێکی نا پەسندیان هەیە، هەر یەکەیان سیفەتێکی ئاشتی نا پەزێریان هەیە: هی ئەویان غرورەو هی ئەمیان تەعەسوبە. کێشەو کێشماکێشی نێوان هەردوو بەرەکە لە هەوەڵی رۆمانەکەوە تا کۆتایی بەردەوام دەبێ، بەڵام لە ئەنجاما هێزی ئەشق و ڤیان بەسەر هەردووکیاندا سەر دەکەوێ. غرووری یەکەمیان (دارسی) دەگۆڕێ بۆ تەواوزوع و بێ فیزی و ،تەعەسوب و خۆپەرستی دووەمیان (ئەلیزابت) لە بۆتەی مەحەبەتی یاردا دەگۆڕێ بۆ سازش و نەرمکێشی.

کاتێ ئەلیزابت و دارسی دەبن بە دەزگیران، خوێنەرانی رۆمانەکە دەگەنە ئەو حەقیقەت و قەناعەتە بێ چەندو چوونەی کە شادمانی یان نەگبەتی هەردووکیان زادەو بەرەنجامی سیفەت و مەیل و ئارەزوو و شێوەی بیرکردنەوەو هزرینی خۆمانن.

ئەوەی مایەی سەرنجە کاتێ کە ئەم دوو سیفەتە نەمێنن و هێزی ڤیان و مەحەبەت بێتە ئاراوە، هەنگێ خۆ بەزلزانی و بەخۆفشین و جیاوازی چینایەتیش دەڕەوێتەوەو نامێنێ، ماڵباتی ئەلیزابت لە ئاستێکدا نیە کە بتوانێ دەگەڵ ئەشرافزادەیەکی میناکی دارسی دا هاوتایی بکات. لە کۆمەڵگەی مەغرووری سەدەی هەژدەو نۆزدەدا جیاوازییەکی قووڵ لە نێوان چینی باڵای کۆمەڵگەو چینەکانی دیکەدا هەبووە. بابایەکی لۆرد یان بارۆن بە سووکایەتی و نەنگی دەزانی کە

پێ بخاته گەڕەکی چینه مامناوەندی یان هەژارەکانەوە چ جای ئەوەی دەگەڵ کەسێکی ئاسایی کۆمەڵگەدا قسەبکات. ئەلیزابت بە زیرەکی خۆی نەك هەر توانی بابایەکی ئەشرافزادەی مەغروورو لە خۆبایی بکات بە هاوتای خۆی و لەسەر تەختی غرووری بێنێتە خوارێ، بەڵکو توانی خەسڵەتێکی زۆر بە رەگو ریشەیشی پێ تەرك بکات، کە خەسڵەتی مل نەدان بوو بۆ رەئی بەرانبەر، یانی خەسڵەتی بەهەند نەگرتنی رەئی بەرانبەر. جەین ئوستن لە مانگی ١١/١٨١٥دا، یانی دوو ساڵ بەر لە مردنی، نامەیەکی لە (کلارك)ی بەرپرسی کتێبخانەی پاشایەتییەوە پێ گەیی کە تیایا نووسرابوو:

***"خاوەنشکۆ وەلیعادی ئینگلیستان بە خوێندنەوەی کتێبەکەی تۆ خۆشحاڵ بووەو فەرموویانە زۆر خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر تۆ کتێبێك دەربارەی ماڵباتەکەیان و شانازیەکانی ژیانی ئەو بنووسیت."*** جەین ئوستن هەنگێ چل ساڵان بوو، و هەرگیز پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە دوای دوو ساڵی دی بە نەخۆشی دەردە باریکە دەمرێت. بە هەرحاڵ لە بەرسڤی کلارك دا نووسی:

***"مەمنونی لوتفی ئێوەم کە من بۆ ئەم کارە گەورەیە دەست نیشان دەکەن. وەکو چۆن ناتوانم شیعری داستانی بنووسم بەو ئاوایەش ناتوانم لە بواری ئەو جۆرە کتێبانەدا، کە ئێوە داواتان لێکردوم، قەڵەمڕانی بکەم. من تەبیعەتم وایە بە چاوانی ریشخەن و تەوسەوە بڕوانمە دنیاو ئاکنجیانی ئەم دنیایەو هەموو شتێك بە قەڵەمی تەنز بڕازێنمەوە، بۆیە باوەڕ بکەن کە نووسینی ئەو جۆرە کتێبە لە توانای مندا نیە."***

راستی دەکرد، چونکە ئەگەر وا نەبوایە چیرۆك و رۆمانانی میناکی: غروورو تەعەسوب- هەست و هەستیاری- و مەنسفیلد پارك-ی نەدەکرد بە مەیدانی قەڵەمڕانی تا لە رێگەی تەنزو تەوسەوە بنیادەمانی زەبوون و کەساس وەسف بکات، و خەڵکانی خۆپەرست و خۆپەسند بکات بە گەپجاڕو گاڵتەچی خەڵکی.

***سەرچاوە:***
***تصویری از ادبیات کلاسیك جهان/١٥/شرکت سهامی کتابهای جیبی***
***وابسته به موسسەی انتشارات امیرکبیر/ اسفند ١٣٨٨***

## ١٦- فاوست

**یۆهان ڤۆلفگنگ فۆن گوتـە** ( ١٧٤٩- ١٨٣٢ ) شاعیرو شانۆنامەنووس و رەخنەگرو هزرڤانێکی ئەڵمانیـە. لەلاویـدا مـاف، نیگارکێشـی، ئەستێرەناسـی و فەلـەکیاتی خوێنـدووە. پاشـان رووی کردووەتە ئـەدەبیاتی فەرەنسی و ئەڵمانی و یونـانی. زۆر لـە ژێر کاریگـەری شیلرەدا بووە، کۆی بەرهەمەکانی بە زمانی ئەڵمانی ١٣٣ بەرگە.

***

***سەد حەیف و مخابن بۆ من...***

***تەمەنێکم لە جیهانی بێ کۆتایی فەلسەفە، حیکمەت و پزیشکی دا بەسەر برد. لە قوڵایی زانستی لاهوتا قووڵبوومەوەو کەوتمە هزرین و تێفکرین... بە جۆش و خرۆشـەوە، بە شـەوق و زەوقـەوە،و بێوچان کەوتمە خوێندنی زانستان...و ئێستاش کە دەڕوانمە خۆم...***

***گەوجێکی نەزان و داماوم کە هیچم لەو هەموو رەنج و هەوڵ و ماندووبوونەم نـە دووریوەتـەوە...و گڕی رەنجبێوەری و نامرادی و ناکامی بوونی دەسووتێنێ...***

دکتـۆر یوهـانس فاوسـت-ی حـەکیم و فەیلەسـوف و کیمیاگـەرو جادووگـەری پـیرو زورهـان، لـەو ئێوارەیـەی جـەژنی پاکدا کـە خـەڵکی لـە هـەموو شـوێنێکدا لەشادی جەژنـدا نقـووم بـوو بـوون و شـەویان بـە خۆشـی دەگەیانـدە رۆژ، ئـەو لـە نێـو ژێرزەمینـە نیمچـە تاریکەکـەی خۆیـدا و لـە نێـو سـەدان کتێـب و ئـامێری فیزیکـی و ئالـەتی نجومگـەری و ئـەوزارو کەرەسـتەی کیمیاگـەری خۆیـدا، قسـەی دەگـەڵ خـودی خۆیدا دەکرد. سێبەری خـەمێکی کوشـندەو سـەخت کـەتبووە سـەر دڵـی و تاڵی شکست و بەباچوونی تەمەنی بێ بەر، دەمی تـاڵ کردبوو... نیو سـەدە بـوو لـە نێـو ئـەو ژێـر زەمینەدا لە هـەوڵ و تەقـەلای ئـەوەدا بـوو تـا بـەڵکو نهێنی و ڕازی بەختـەوەری لـە نـاخی بەرپـەڕێن کتێبـان و لـە میانـەی هـەزاران ئـەزموونی زانسـتییەوە هـەڵبێنێ و بدۆزێتـەوە، بـەڵام هـەرگیز هیچـی نەدۆزی بووەوەو بە هیچ ئەنجامێك نەگەیی بوو. لەم قۆناغەدا (ژیان) بۆ ئەو هیچ مانایەکی نەبوو. وەکو خەڵکی دیکە نەژیا بوو. پێکـەنین، ئەشق و ڤیـان، ئاسـوودەیی و هـەموو ئـەو لەزەتانـەی کـە خـەڵکانی دی هـەیان بـوو، لـە دنیـای ئـەودا بوونیـان نـەبوو و بـە کورتیەکـەی تەمـەنی خـۆی بـە خۆڕایی و بە نەزۆکی بڕانبووەوە.

***

پیاوێکی دڵتـەنگ و رەشـبین لـە نێـو بەرپـەڕێن کتێبانـدا دەگـەڕێ، جسـوجۆ دەکـات، لاپـەڕەکانی کتێبی نوستراداموس هەڵدەداتەوە. ئەوسا دەچێ بە سۆراخی کتێب-ی روحانەوەو دەکۆشێت لـە رێگەی خوێندنی وێردانەوە (روحی زەوی) لەبەردەم خۆیدا ئامادە بکات. ئیـدی جیهـانی وێنـاو تەسەوراتی ئەو، قەوغاو ئاژاوەیەکە نەبێتەوە. لە لاپەڕەیەکەوە بۆ لاپەڕەیـەکی دی، لـە کتێبێکـەوە بۆ کتێبێکی دیکە دەڕوات و تەمەشا دەکات و چاو دەگێڕێ. چونکە سـەرەنجام بێهودەیی تەمـەنی لە بەردەمدا روناکتر دەبێتەوە، نیگای دەبڕێتـە جامێك، جامێکی کۆنـە کـە لەسـەر مێزێکـی کـۆن و سواو دانراوەو شەرابێکی تێدایە، شەرابێك کە شیفای ئازارو دەردێن بێ دەرمانە:

***فاوست:*** تۆ لە نێو هەردووك دەستمدا دەگرم،
ئەی دۆستی پایەدارو یاری ئەمەکدارم...
لەم دەمەدا، هەست بەو هەوڵو تەقەلایە دەکەم کە
بە مەبەستی تالانکاری
هێرشی بۆ سەر هێزی ژیانم بردووە...
و دەبینم چۆن ئەو ئاشوبانە نیشتوونەتەوە..
ئێستا دەبینم کە چۆن،
ئەو شەپۆلە سەرکێشەی کە سەرچاوەی روونی
روحی رەنجاوم پێکا دەدا
هێور بووەتەوە...
ژیانو گوزەشتی تەمەن، وەکو دەریایەك.
لە بەرانبەرم دا وەستاوەو بەدرەوشانەوەی
خێرهانین، بەرەو خۆی
گازم دەکات...

جامەکە لە لێوی نزیك دەکاتەوە.. نیگای بڕیوەتە شەرابەکەی ناوی. لەم دەمەدا سەدای زەنگی کڵێساو سروودی کۆڕی لاوانی دێتە گویٚ. دڵی دەکەوێتە جۆشو خورپە. بیری دەکەوێتەوە کە بە خۆیشی رۆژێك لە رۆژان لاو بووەو دەگەڵ لاوانی بیٚ خەمو خەیاڵدا تێکەڵ دەبوو. دوو دڵۆپە رونداك لە چاوانی دێنە خواریٚو دەڕژێنە ناو شەرابی ناو جامەکەی دەستی.

بیری پەشێوو پەرێشانەو دەستی لەرزۆك. بیری دەکەوێتەوە کە ئەو رۆژە، دەگەڵ قوتابیە خۆشەویستەکەی خۆیدا، ڤاگنەر لە شەقامەکانی شاردا پیاسەی دەکرد. ئەو هەمیشە گەنجێتییەکی لە دەستچووی لە سیمای هۆشمەندو زیتەڵی ڤاگنەردا دەبینی. لە نێو ئاپۆڕای خەڵکیدا فاوست ئارەزووی دەکرد گەنج بوایەو بە خۆشیو شادییەوە پەیوەندی بە کۆڕی ئەوانەوە بکات، و قوتابییەکەی لێکدا لێکدا باسی وەدەستهێنانی زانستو مەعریفەتی دەکرد. ئەم گۆڕانە فاوستی لە دنیای خۆی بردە دەریٚ، سەری هەڵبڕیو بە خوێندنی ویٚردان، هاواری بۆ روحانی بەد بردو داوای یارمەتی کرد. زۆری پێنەچوو کە سەگێکی زەلامی رەش پەیدا بوو و فاوست بۆ ماڵەوەو ناو سەردابەکەی برد.و ئەمێستا سەگە زەلامەکە لە بەرانبەریا هەڵتووتاوە. جاریٚ دەمرێنیٚو تاویٚ چاو دەبڕێتە ئەو، لەو دەمەدا کە لێوە لەرزۆکەکانی لە دڵۆپی ژەهراوەکە نزیکە دەبێتەوە، لە پڕ شێوەی سەگەکە دەگۆڕێت، رێك دەچێتە پێستی مرۆڤێکەوە کە جلی بابایەکی هزرڤانی گەڕیدەی لەبەردایە:

***مفیستوفیل:*** من لەگەڵ تۆمەو تۆ گوێت لێم بیٚ فاوست...
هیوادارم جامەکەت لە عاردی دابنەیتو پەیمانێك دەگەڵ مندا ببەستی، خەیاڵی ترسناك لە خۆت دوور بخەیتەوە، وەکو من جلکێکی سووری ئەرخەوانی ئاڵدۆزی لەبەر بکەیت، شادو روو خۆش، و دوور لە رەنجبێوەریو ناکامیانی رابردوو، بەرەو لەزەتەکانی ئاینده بکەویتە ڕیٚ....

دکتۆر یوهانس فاوست تەمەنێکی بە بێهودە بەبادا داوەو هیچ سوودێکی لەم جیهانە نەبردووە. هەرچەندە توانای ئەوەی نیە بە ئاسانی پێشنیازی ئەو کابرایەی کە بەخۆی دەڵێ مفیستوفیل رەت بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دوو دڵە کە چۆن جامە ژەهرەکە دابنێ‌و بەرەو نادیارەکانی ئاینده هەنگاو بنێ.

***فاوست:*** من لەوە پیرترو زورهانترم کە خۆم ڕادەستی هەواو هەوسان بکەم، لە هەمان کاتدا لەوە جەوانترم تا بۆ هەتا هەتایە مالاوایی لە لەزەتەکانی جەوانی بکەم، ئێستا ئەم دنیایە دەتوانێ چ شتێك بە من بدات؟ "گەڕانەوە... گەڕانەوە..." ئایا ئەمەیە ئەو سرو‌ودەی کە بەردەوام لە گوێی رووحمدا دەزرینگێتەوە؟

مفیستوفیل بەردەوام قسان دەکات‌و دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکان دەکات: باسی لەزەت و لەزەتخوازی، باسی هەوەسڕانی، باسی گەنجایەتی و کوڕێنی و جۆش‌و خرۆشی سەرکەوتن، باسی ئاشقێنی و لەزەتی دڵداری، باسی مەینۆشی‌و مەستی‌و گەییشتن بەو ئاوات و ئارەزووانەی کە رۆژێ لە رۆژان خەون و خەیاڵ‌و مەحاڵ بوون دەکات، تا سەرەنجام حەکیمی کیمیاگەری پیرو زورهان کە عومرێکی لە ناکامیدا بەفیڕۆ داوە، لە مەرگ یاخی دەبێت‌و پەیمانێك دەگەڵ ئەودا دەبەستێت. مەرجی پەیمانەکە زۆر سادەیە: لەم دنیایەدا مفیستوفیل خزمەتی فاوست دەکات‌و لەو دنیا فاوست خزمەتی مفیستوفیل دەکات.

و پیری پشتکۆم دەچێتە ژوورێکی دیکە تا خۆی بۆ سەفەری پڕ رووداوی ئەم جیهانە سازو ئامادە بکات:

***مفیستوفیل:*** ئەی قوربانییە نەگبەتەکەی من... کە لە هەنبەر لەزەت‌و خۆشیانی ناپایەدارو زوو گوزەری ئەم دنیایە خۆت شپرزە کردووە...

هەرچەندە تا ئەم دەمە تۆم بە ئیبلیس نەفرۆشتووە، بەڵام ئەگەر سەد روحیشت هەبێ ناتوانی لە چنگی شەیتان دەرباز ببی...

بە دوو قۆڵی دەکەنە ڕێ، دەچنە موبەقێکەوە کە چەند پیرەژنێکی مەیمون ئاسا، ناوەڕۆکی مەنجەڵێن گەورە تێك هەڵدەدەن، ئەم مەنجەڵانە جۆشانەی ئیبلیسیان تێدایە. فاوست لەسەر داوای مفیستوفیل، قەترەیەك لە یەکێك لە جۆشانەکان دەنۆشێت‌و یەکسەر گەنج دەبێتەوە.

***مفیستوفیل:*** تۆ ئەی فاوست بەم قەترەیەی کە خواردتەوە، و بەم گەنجی‌و قۆزییە ئەفسوناویەتیەوە...

لە هەر کوچە و کۆڵانێکدا، جوانێ شەیدای خۆت دەکەی.

پەیماننامەکە بە خوێنی فاوست ئیمزا کراوەو هەردووکیان بەم مامەڵەیە شادمانن. مفیستوفیل بەوەی کە دیارییەکی شایستەو بەنرخی بۆ ئیبلیس ئامادە کردووەو فاوست بەوەی کە بەلای کەمەوە بەر لە مردن رۆژگارێك بە عەیش‌و نۆش‌و ڕابواردن دەگوزەرێنێ.

دنیا رەنگ‌و رەونەقێکی تازەی گرتووە. شار شکۆو سیحرێکی نوێی لە خۆ گرتووە. شەقام‌و گەڕەکان پڕن لە جم‌و جۆڵ‌و شەوق‌و زەوقان، و فاوست لە نێو ئەوانەدا، مەستی بادەی لاوی‌و لێوان لێو لە ئاوات‌و ئارەزووێن نەهاتگەدی ڕێ دەکات. لە پڕ چاوانی جوانپەرستی ئەو بە کیژێك

دەکەویٚ. کیژێك تا حەز بکەی جوان‌و خشیك. ئەم کیژە مارگرێتی بێگەردو پاکیزەیە کە لە نوێژخانە گەڕاوەتەوەو بیٚ خەم‌و خەیالٚ بەرەو مالٚی خۆی دەڕوات.

***فاوست:*** ئەی خانمی خاوەن جوانی... ئەمە منم... ستایشکەری جوانی تۆ... دەمکەیتە ڕێنوێنی مالٚەکەی خۆت؟

***مارگرێت:*** ئەی ڕێبوار... من خانم نیم‌و هیچ جوانیەکیشم نیە،

و پێویستم بەوەش نیە هیچ کەسێك

بۆ مالٚەکەی خۆم ڕێنوێنم بیٚ...

***فاوست:*** گویٚت لیٚ بوو چی گوت ئاغای من؟

بیگەیەنە من... تا زووە بیگەنە من...

***مفیستوفیل:*** چی؟ تۆ باسی ئەم فریشتەیە دەکەی؟

من ئیٚستا دیتم کە لەبەردەم قوربانگەی کلیٚسادا چۆکی دادابوو،

و سوپاس‌و ستایشی مەسیحی دەکرد،

یەکپارچە بێگەردی و پاکیزەییە...

وخواپەرستی ئەو حەساریٚکی بە دەوریا کیٚشاوە، کە وەسوەسەو وازوازی نایگاتیٚ.

نا، فاوست، من ناتوانم ئەم مندالٚە بیٚ گوناهە لە خشتە بەرم...

***فاوست:*** بەلاٚم تەمەنی لە چواردە تێپەڕیوە،

لەسەر قەول‌و پەیمانی خۆت بە دۆستی من...

***مفیستوفیل:*** زۆر چاکە فاوست،

کە ئیٚستا پیٚ دادەگریت‌و مکوڕی لەسەر ئەوە،

پەنا وەبەر فەندەلٚ فیٚلاٚن دەبەم...

***فاوست:*** دیاری شایستەو بەنرخم بۆ ئامادە بکە تا هەلٚی ڕیٚژمە بەر پێیانی...

***مفیستوفیل:*** تۆ باسی دیاریان دەکەی...

ئەم کیژە مانگ رووانە شەیدای جلکی جوانن،

من ۆزر شوێنی خۆشی پیٚ دەزانم،

ئەگەر بۆ هەر شوێنێك لەو شوێنانەی بەرین،

دلٚی نەرم دەبیٚت...

تۆ کەمۆکەیەك سەبرم لیٚ بکە...

ومفیستوفیل دەست بە زەمینەسازی فریۆکارانەی خۆی دەکات تا بە هەر شێوەیەك بووە ڕیٚگەی دلٚی کیژەی بیٚ گوناه بدۆزیٚتەوە.

***مارگرێت:*** "لە فکران ڕادەچیٚت" حازرم سویٚند بخۆم کە بابایەکی نەجیمزادەی خانەدانە، روالٚەتی شازادان‌و ڕەندی‌و فەخرفرۆشی پاشایانی هەیە، با جاریٚکی دی تەمەشای سیمای ئەو بکەم.

تەماشای ڕەسەنایەتی‌و ئابڕومەندی‌و شایستەیی ئەو بکەم...

و دوای کەمێك دەچێتە ماڵەکەی خۆیەوە، لە کاتێکا فاوست بە نهێنی دووی کەوتووەو چووەتە ژووری نووستنەکەی.

***فاوست:*** ئەی خاتوونی دڵبەندی من... روح و گیانێکی رازی لە سەرانسەری ئەم فەزایەدا شەپۆل دەدا،

جا لەم دەمەدا، میهرەبانانە قسەم دەگەڵ بکە،

لەم بەهەشتە چکۆڵەیەدا، بەدڵ و بە گیان

پێشوازی میوانەکەت بکە...

و لە هەمان کاتا کە فاوست شێت و شەیدا چاوانی بڕیونەتە چاوانی ئەفسونگەری کیژەی خشیك و خشکۆك و بە کاوەخۆ، خۆی لەو نزیك دەخاتەوە مفیستوفیل وەژوور دەکەوێ. سەبەتەیەکی بە دەستەوەیە پڕ لە گەوهەرێن درەخشان. مارگرێت مات و مەدهۆش و حەپەساو دەڕوانێتە ئەو گەوهەرانەو هەنگێ لە کاتێکا کە هەڵدەکاتە ئاوازێکی شادی لە بەردەم ئاوێنەدا سەراپای خۆی بەو گەوهەرانە دەڕازێنێتەوە.

فاوست، بە کۆمەکی مفیستوفیل، لە گۆشەیەکی چۆڵدا، دەگەڵ مارگریتدا رازو نیاز دەکات. لە ژیانی ئەو، لە خۆشی و ناخۆشییەکانی و لە ئاوات و ئارەزووەکانی ئەو ئاگادار دەبێت-و سەیر ئەمەیە کە هەمان ئاشنایی و یەکترناسین کە بە هەواو هەوەسێکی شەیتانی دەستی پێکرد. گڕی ئەشقێکی وەها لە دڵی فاوستدا هەڵدەگیرسێنێ کە یارۆی پیرەمێردی جاران و لاوی پڕ جۆش و خرۆشی ئەمڕۆ، جڵەوی سەبرو سەنگینی خۆی لە دەست دەدات، لە پەنای هێزی شەیتانی مفیستوفیلدا، دیداری نێوان جووتە ئاشق لێکدا لێکدا دووبارە دەبێتەوە، هەرچەندە فاوست لە دڵەوە، بە پاکی شەیدای مارگریت بووە، بەڵام وێڕای ئەمەش لە هەوەسی شەیتانی بە دوور نابێت و هەوەسبازییەکانی و لەزەتخوازیەکانی پەیتا پەیتا دووبارە دەبێتەوە. زۆری پێناچێت کە مارگرێت ئاوس دەبێت و سکی پڕ دەبێت و چونکە دایکی کیژە بێ گوناه لە ترسی ئاقیبەت شەڕی و چارەنووسی تاریکی کیژەکەی دەست بەگریان دەکات، بەهۆی ژەهرێکی کوشندەوە، کە مفیستوفیل بە ناوی دەرمانی خەوەوە دەرخواردی دەدات، ماڵاوایی لە ژیان دەکات. رۆژ رەشی و بەختڕەشی ژیانی مارگریت-ی خشیك تازە دەستی پێکردووە. فالنتین، برای مارگرێت لەو سەروبەندەدا لە مەیدانی شەڕەوە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە تا بۆ ماوەی هەفتەیەك لە نك دایکی و خوشکەکەی بحەسێتەوەو پشوویەك بدات و ئەوسا جارەکی دی بۆ شەڕگە بگەڕێتەوە، بەڵام دەکەوێ بەسەر کۆستی مەرگی دایکی داو بەسەر ریسوایی فریوخواردنی خوشکەکەیداو کە بە حەقیقەتی مەسەلەکە دەزانێ داوای دوئیل لە فاوست دەکات. ژیانی فاوست لە مەترسیدایەو دەبێ مفیستوفیل فریای بکەوێ.. ئەنجامی دوئێلەکە دیارە، ڤالنتین بە سەختی بریندار دەبێت و لە جێی مەرگا دەکەوێ.

دوا ساتەکانی ڤالنتین خەمناك و پڕ عیبرەتە، لەو دەمەدا کە لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ و بە زەحمەت قسەی لە زار دەردەچێت، روو لە خوشکەکەی دەڵێت:

"من –له ئێستاوه– ئەو رۆژە دەبینم کە هەموو خەڵکی شار، وەکو خەڵکانێك چۆن لە کەسێکی تاعون زەدە هەڵدێن، لە تۆ دوور دەکەونەوەو رێژنەی نەفرەتو جنێوت بەسەردا دەبارێنن، تۆ چۆن دەتوانی چاو لەبەر ئەوانە هەڵێنی؟ گوناحی تۆ هێندە گەورەیەو بە رادەیەك گلاوبوویت کە تەنانەت ناتوانی بچیتە کلێساو لەبەردەم قوربانگەدا دان بە گوناحە گەورەکانی خۆتا بنەی."

لە گۆشەیەکی تەریكو پەنهان لە هەموو کەس، ژنەی بەخت رەش نۆبەرەکەی دێنێتە دنیا، بەڵام لە ترسی ریسوایی و ئابڕوچوون، بە دەستانی خۆی ساواکەی دەکوژێتو روندکی پەشیمانی بەسەر جەنازەکەیدا دەبارێنێ.

نهێنی تاوانەکەی مارگریت بە زوویی ئاشکرا دەبێت: دادگاییەکە کورتە، دایکی تاوانبار دەبێ لە سزای کوشتنی منداڵەکەیدا بە دێوی مەرگ بسپێردرێت. فاوست هەرچەندە لەسەر داوای مفیستوفیل دەیەوێ ئارام بێ، بەڵام وێڕای ئەوەش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بێ نەواویی و کڵۆڵی مارگریتەوەو بە دزییەوە بەکۆمەکی ئیبلیس خۆی بەو کۆلیتەدا دەکات کە ژنەی هەش بەسەرو زۆرلێکراو، دەستو پێ بە کۆتو زنجیر لەوێندەر کەوتووە.

***فاوست:*** هێواش!... هێواش! هاوار مەکە، هەڵ مەچۆ!... من بۆ رزگاری تۆ هاتووم...

***مارگریت:*** ئەی دڵڕەقی خوێن مژ... پێم بڵێ... کێ ئەم هێزو توانا شەیتانیەی بە تۆدا ؟

ئەوەی کە بەم رۆژە رەشە گەییوە مارگریت–ی تۆیە...

***فاوست:*** بێدەنگ!... بێدەنگ!... خەمت نەبێ رزگارت دەکەم...

***مارگریت:*** رزگارم دەکەی؟ کەی؟

ئەم بەرەبەیانە دەمکوژن...

ئایا چاوانی تۆ هێشتا ئەو توانایەی هەیە بە دروستی من بدینی؟

تەمەشای من بکە... من هێشتا گەنجم... تازە پێم ناوەتە هەوەڵی لاویم...

وئەوجاش دەبێ لەم بەهاری ژیانەدا بمرم..

گوڵی تەمەنی من پێش ئەوەی بپشکوێت، هەڵوەری..

ئەگەر ئەو مرۆڤەی کە رۆژێك لە رۆژان بە هەموو دڵەوە خۆشی دەویستم...

ئەمڕۆکە چارەنووسی بابردووی منی دیتبا...

دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکردم...

بەڵام تۆ کێی؟... لاکەوە، بڕۆ، هەیدێ گوم بە لە بەرچاوم... من تۆ ناناسم...

***فاوست:*** ئەو ئاشقەی تۆ ئەمێستا لە بەرانبەرتا وەستاوە...

لەبەر دەمتا کڕۆنۆش دەبات، چۆك دادەدات..

و داوای بوردنت لێدەکا...

من بۆیە خۆم بەم زیندانە نیمچە تاریکەدا کردووە تا دەرگاکەیت لێ بکەمەوە...

***مارگریت:*** ئەوە کێیە؟ ئەوە کێیە؟ من لەم لایەوە تاپۆی ئیبلیس دەبینم...

لێم دوور بکەونەوە... دوور بکەونەوە...

ئەی خودای مەزن... ئەی پەروەردگاری بەخشندە... لە گوناهە گەورەکانم خۆش بە...

به فەرمانی مفیستوفیل زنجیرەکانیان لە دەستی کردبووەوەو کۆتەکانیان لە پێی کردبووەوە، بەڵام هەوڵەکەی ئیبلیس بێهودە بوو، چونکە کیژەی بێ گوناه لە پڕ کەوتبووە سەر عاردیو گیانی بە گیان ئافەرین سپارد بوو.

بەڵام لە هەمان کاتدا لە عەرشی باڵاوە پەیامی فریشتەکان دەهاتە گوێ کە لە بارەگای یەزدانی گەورەدا گوناهانی ئەو بەخشراوە.

***

لێرەدا بەشی یەکەمی شانۆنامە شیعریو نەمرەکەی فاوست، کۆتایی دێتو بەشی دووەمی دەست پێدەکات. لەم بەشەدا مفیستوفیل، ئەو (فاوست)، لە لایەکەوە بە دنیای میتافیزیکو دەرێی زانستو هونەرو لەلایەکی ترەوە بە دنیای زانستو هونەرو کاروبارێن پەیوەست بە جوانیناسیو ئەستاتیکا ئاشنا دەکات. فاوست، لە دەرباری ئیمپراتۆردا، بە کۆمەکو یارمەتی مفیستوفیل، روحی هیلینو پاریس، جووتە قارەمانی شەڕی تەروادە ئامادە دەکاتو بەجۆرێ دڵبەندو شەیدای هیلین دەبێت کە جڵەوی خۆی لە دەست دەداتو بەرەو ئەو تەکان دەدا تا لە هەمێزی بگرێت. سەفەری ئەفسوناویو گەشتی حیرەت ئەنگێزی فاوست دەگەڵ مفیستوفیل دا درێژەی هەیەو بەردەوامە. دەچێت بۆ دنیای خواوەندانی ئەفسانەیی رۆمو یۆنانو یەك بەیەکی خواوەندەکان دەناسێت. بەڵام لە هەموو شوێنێکدا هەست دەکات کە ئاشقو شەیداو دڵبەندی هیلینە.

سەرەنجام مفیستوفیل، هیلین لە شێوەی مرۆڤێکدا بۆ ئەم دنیا دێنێو دەیخاتە باوەشی فاوستەوە. زۆری پێناچێت کە ئەو جووتە منداڵێکیان دەبێت بە نێوی (یوفوریون) کە بە فەرمانی ئیبلیس نازناوی (خواوەندی هۆزان) لە خۆ دەگرێتو لە راستیا زادەو بەرەنجامی ئاوێتە بوونی شیعری کلاسیكو رۆمانتیکیە.

لە ماوەی نزیکەی بیستو چوار دانەساڵدا فاوست بە زۆربەی ئارەزوو و ئاواتە بەدی نەهاتووەکانی خۆی دەگات. مفیستوفیل نێوەڕۆکی پەیماننامەکە بە دڵی فاوست ئەنجام دەداتو دەباتە سەر، لە هەموو شوێنێکدا وەکو خوڵامو کۆیلەیەکی گوێڕایەڵو ملکەچ فەرمانەکانی ئەو ئەنجام دەدات تا سەرەنجام رۆژانی کۆتایی پەیمانەکەیان نزیك دەبێتەوە.

فاوست لە دوا ساڵەکانی پیریدا، لەو سەروبەندەدا کە چاوەڕوانی ئەوە بوو بۆ ئەو دنیای پڕ کێشەو چەرمەسەری، بۆ ئەو شوێنەی کە لە بارەگای ئیبلیس دا بۆی دیاری کرابوو کۆچ بکات، رازێکی ترسناکی بۆ کەشف دەبێت، ئەویش ئەوە بوو کە شادیو خۆشیو لەزەتخوازیو بەختەوەری تەنانەت لە هەر هەموو هەوەسخوازیو عەیش و نۆشە شەیتانییەکانیش دا بوونی نەبووەو ئەو لە هەموو شوێنێکدا هەر بەزیوی دەستی تەبیعەتو سروشتی زەحمەتکێشی خۆی بووە.

***

شاکاری فاوست بریتییە لە دوو بەش، ئەم شاکارە بێ هاوتایەی یوهان ڤولفگنگ گوتە، بێ چەند وچوون یەکێکە لە باڵاترین بەرهەمەکانی بلیمەتی هزرو بیری بەشەری کە نەخشەکەی لە

ماوەی سێ ساڵی خشت دا لە ١٧٧٣ـەوە تا ١٧٧٥ز، لەو ساڵانەدا کە شاعیر نۆلاو بوو، داڕێژراوە. بەشی یەکەمی کە بەڕاستی دەشێت ناوی (خەمنامەی فاوست)ی لێبنرێ، لە ساڵی ١٧٩٠دا دەستی پێکردو لەساڵی ١٨٠٨دا کۆتایی هات، یانی گوتە ماوەی هەژدە دانە ساڵ کاری لەسەر کردووە. بەشی دووەم ساڵێك لە دوای تەواو بوونی بەشی یەکەمەوە دەستی پێکردو بە چەند مانگێك بەر لە مردنی شاعیر لە ساڵی ١٨٣٢دا، تەواو بوو.

بناغەو بنەمای ئەفسانەی فاوست، ئەمەی کە مرۆڤێك بوونی خۆی لە هەنبەر لەزەتو هەوەسڕانیانی ئەم دنیایەدا بە ئیبلیس بفرۆشێت، وەکو خودی ئیبلیس یەجگار کۆنە، کۆنێکی بێ کۆتاییە. لە حیکایەتێن مەزەبی گەلێك لە نەتەوەو گەلانی جیهانیدا، کەوتنی مرۆڤ بە دەستی شەیتانو تۆبەو گەڕانەوە بۆ دەرگای خودای دادپەروەر بە مەبەستی بەخشینی گوناحان، دووبارە بووەتەوە، بە تایبەتی لە چیرۆکانی ئاینی مەسیحیەتو یاخی بوونو تاوانکاری کەشیشاندا، زۆر جاران ئەم جۆرە سەواو مامەڵانەی ئینسانو شەیتان هاتووەتە باسکردن.

بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەیەمدا، پێش ئەوەی سەردەمی تا رادەیەك درێژی تاریکی جاهیلیەت لە ئەنجامی پەرەسەندنو بڵاوبوونەوەی تیشکی زانستدا بڕەوێتەوە، بوونی شەیتان، ئەم مەلایە کەتە تڕۆکراوو دەرکراوە لە دەرگای خودا، لە زەینوهزری گەلانی ئەورووپادا شێوەیەکی تازەی لە خۆ گرتو خەڵکانێك قەناعەتیان هێنا کە دەشێت بە شێوەی تایبەتی پەیوەندی دەگەڵ ئیبلیس دا بگیرێتو بە پەیمانێك خۆشیو شادی هەمیشەیی ئەم دنیا لە هەنبەر ئاسوودەییو شادی ئەم دنیادا بفرۆشرێتو بگۆڕدرێتەوە. تەنانەت کیمیاگەرانیش دەکەونە سەر ئەم بیرەی کە لە رێگەی تەماسو پەیوەندی دەگەڵ شەیتاندا دەتوانرێت نهێنی ئامادەکردنی زێڕ بدۆزرێتەوەو بگەیتە سەروەتو سامانی بێ پایان. هەر ئەم بایەخدانو ئاوڕدانەوەیە لە کارو تواناکانی شەیتان، کۆمەڵێك شاعیرو نووسەرو نیگارکێشی وادارکرد کە بکەونە بیری داهێنانی کۆمەڵێك بەرهەمەوە لەم مەیدانەداو لەم رێگەیەوە شۆرەتو ناوبانگێك بەدەستا بێننن. یەکێك لەوانە وەشانکارێکی خەڵکی فرانکفۆرت بوو بە نێوی یوهان ئەشپیس، لە ساڵی ١٥٨٧دا کتێبی نووسەرێکی چاپکرد کە زاتی نەکرد بوو ناوی خۆی ئاشکرا بکاتو ئەم کتێبە کە لە ژێر سەرناڤی مێژووی ژیانی دکتۆر فون یوهان فاوستن دا بوو، شەستو نۆ فەسڵی لە خۆ گرتبوو و لە میانەی ئەم فەسڵانەوە سەربهوردی کیمیاگەرێکی گێڕابووەوە کە تەمەنی خۆی بە بەهای بیستو چوار ساڵ شادیو عەیشو عوشرەت بە ئیبلیس (مفیستوفیل) فرۆشتبوو و ئامادەیی خۆی دەربڕی بوو کە ئامادەیە بۆ هەتا هەتایە لە ژێری ژێرەوەی دۆزەخدا بسووتێ بە مەرجێ لەم دنیایەدا ماوەیەك بە عەیشو نۆش بژیو هەوەسڕانی بکات.

وەشانکار ئەوەی روونکرد بووەوە کە مەبەستی لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، ئاگادار کردنەوەی مەسیحیانە لەوەی کە چیتر دوای کەڵکەڵەو ئەڵها نەفسانیەکان نەکەون، لە کاتێکا ئەم کتێبە بە پراکتیکی خوێنەری بەرەو عوشرەتجۆیی فریو دەدا، بۆیە تا ساڵانێکی دوورو درێژ بەردەوام چاپ دەکرایەوەو بە تیراژی زۆر دەفرۆشرا.

لەوەیە هەمان شۆرەتو خۆشەویستی بوویێتە مایەی ئەوە کە شاعیرو نووسەری ناوداری ئینگلیزی کریستوفەر مالرۆ، لەبەر رۆشنایی ئەو کتێبە، بەرهەمە بەنێوبانگەکەی خۆی (تراجیدیای دکتور فاوستوس)ی نووسیبێ،و هێندەی دی شۆرەتو نێوبانگی بەم ئەفسانە خەیاڵئەنگێزو وەسوەسە ورووژێنە بەخشی.

بە هەرحاڵ بەسەر هاتی کیمیاگەرەکەی خەڵکی ئاڵمانو سەوداو مامەڵەی ئەو دەگەڵ ئیبلیسدا لە سنووری حیکاتێکی فۆلکلۆری تێ نەپەڕی بوو، وەکو چیرۆکێکی فۆلکلۆری ئەڵمانی دەخوێنرایەوە، تا شاعیرو هزرڤانی بە قەدری ئاڵمان، گۆتە پەیدا بوو، و ئەم حیکایەتەی کرد بە ئامیانو بناغەو هێمی داستانە شیعرییە نەمرەکەی خۆی.

فاوست، بە شێوەیەکی گشتی شەست ساڵی لە تەمەنی شاعیر بردووە، و لەم ماوە درێژەدا کە دەکاتە تەمەنی ئاسایی مرۆڤێك، گوتە بەردەوام بیری لە فاوست کردووەتەوە، بە بەند و کۆ پلەکانیا چووەتەوە،و دووبارە خوێندویەتیەوەو دەستکاری کردووەو چاکی کردووتەووە.

ئەفسانەی فاوست هەرچەندە بە بەهرەو قەریحەی داهێنەرانەی گوتە گەییە لوتکەی خۆیو ئیتر هیچ بەرهەمێکی دیکەی لەو بەرزو باڵاتر نەهاتە ئاراوە، بەڵام وێڕای ئەمەش بەسەرهاتی ژیانی ئەو بەم بەرهەمە خەتم نەبوو، بەڵکو هەر سەردەمەو جارێك، باسی لەزەتجۆیی ئەو و ئەو سزایەی کە چاوەڕوانی بوو، سەر لە نوێ لە هزرو بیراندا زندوو دەبووەوەو ئەم تازە بوونەوەیەی یادی فاوست، بە هۆی داهێنانی بەرهەمانی دیکەوە بوو لەو بوارەدا. هاینریش هاینە، شاعیری مەزنی ئاڵمان، لە ساڵی ١٨٥١دا، سیناریۆی (بالیەی فاوست)ی نووسیو هەمان بالیە دوای چەند ساڵێك، لە ساڵی ١٩٤٦دا لە لایەن پول ڤالیرییەوە سەر لەنوێ نووسرایەوە.

شارل گونو، ئاهەنگسازی ناوداری فەرەنسی لە ساڵی ١٨٥٩دا ئۆپەرێتی فاوست-ی لەبەر بەرهەمەکەی گۆتە ئامادەکردو ئەنجامداو پێشوازی خەڵکی لەم بەرهەمە بەرادەیەك بوو کە تەنیا لە ساڵیە یەکەمدا پەنجاو حەوت جار لەسەر شانۆ نمایش کرا.

دواجار کە بیری فاوست بە مێشكو خەیاڵی داهێنەرێکی هزرڤاندا تێپەڕی، ساڵی ١٩٤٧ بوو، کە تۆماس مان، چیرۆکنووسی مەزنی ئەڵمان، کتێبێکی لە ژێر سەرناڤی (دکتۆر فاوستوس) نووسی.

بایەخی داهێنانی فاوست بۆ گۆتە بەو رادەیە بوو کە لە دوای ئەفراندنی ئەم بەرهەمەوە چووە ریزی شەکسپیرو دانتیو هۆگۆوە.

***

فاوستوس یان یوهان فاوست بابایەکی دکتۆری رۆشنبیرو خوێنەواری ئەڵمانی بوو کە دەستی دایە زۆر کاری جادوویی و بە شێوەیەکی تەمومژاویو نادیار کۆچی دوایی کرد. کۆمەڵێك ئەفسانانی زۆر بەناوی ئەوەوە دروستکراوە، لە گێڕانەوەکەی گوتەدا، ئەم چیرۆکە شەقڵو مۆرکێکی فەلسەفی لەخۆ گرتووەو بووە بەسەرچاوەی ئیلهامو سەرۆی گەلێك لە ئاهەنگسازانو دەرهێنەران.

**سەرچاوە :**

**تصویری از ادبیات کلاسیك جهان / ١٦/شرکت سهامی کتابهای جیبی/**

**وابسته به موسسەی انتشارات امیر کبیر/ اسفند ١٣٨٨**

## ١٧- بەهەشتی لە دەست چوو

**جۆن میلتن** ( ١٦٠٨- ١٦٧٤ ) شاعیرێکی ئینگلیز بوو کە لایەنگری ئازادی زیاتری ئاین،و چاپەمەنیو خەڵکیو دژی دەسەڵات بوو، هەر لەبەر ئەو هەڵوێستەی چەندین جار ئەزیەت دراوەو کەوتووەتە زندان. بەرهەمێن میلتن بە ئاوێنەی سەردەمی دەسەڵاتی پیوریتنەکان دادەنرێ.

***

کاتێ تەماشا دەکەم کە چۆن مۆمی ژیانم بەر لەوەی نیوەی تەمەنم لەم دنیای تاریکیو بێ کەوشەنو سنوورەدا بگوزەرێ بەرەو کوژانەوە دەچێت، و ئەو شەوق و زەوقەی کە شاردنەوەی هاوتای مەرگە لە بوونی مندا بێ بەر دەبێ، لەو حاڵەدا کە روحم تاسەمەندە خۆی لەبەر دەرگای پەروەردگارمدا بکات بە خزمەتکار نەبادا گلەیی لە من بکات، بەوپەڕی سادەییو ساکاری لە خۆم دەپرسم:

"ئایا ئەو داهێنەرو ئەفرێنەرە مەزنەی کە سۆماییو بینایی چاوەکانی لێ سەندمەوە هێشتاش هەر دەخوازێ کە من هەموو رۆژێك هەر خزمەتکاری بم؟"

بەڵام بەردەباری من، ئەقڵی من، بەر لەوەی وازوازی بەسەرما زاڵ بێت، وەڵام دەداتەوە کە: "خودای بە توانا نە پێویستی بە خزمەتی تۆیەو نە بەو دیاریانەی کە بە تۆی داوە، ئەوانەی کە تیری کۆیلایەتیو بەندایەتی ئەو باشتر تەحەمول دەکەنو دەیخەنە سەر ملی خۆ، باشتر خزمەتی دەکەن. بارەگای خوایەتی ئەو زۆر بەشکۆیەو هەزاران بەندە لەسەر رووی زەویو لە دەریایاندا، هەڵپەی جێبەجێکردنی فەرمانی ئەون، تەنانەت ئەوانەیش کە وەستاونو چاوەنۆڕن لە خزمەتی ئەودان..

ئەم داستانی سەرگەردانیو ئازارمەندیەی مرۆڤ ئەو هۆنیویەتەوە، پیاوێك کە نێوی (جۆن میلتن) بوو و لە تەمەنی چلو چوارساڵیدا، دوای ئەوەی ساڵانێکی زۆری لە خوێندنو خوێنەواریو بەدەست هێنانی زانستو مەعریفەت بەسەر برد، بە هیوا بوو کارێکی مەزن ئەنجام بدات، کارێك لە ئاستی بلیمەتێکی جیهانی بەشەریەت دابێ،و خزمەتێکی گەورەو نەمر بە کۆمەڵگەی ئینگلیزو زمانو ئەدەبی ئینگلیزی بکات، ئەم پیاوە لە تەمەنی چلو چوار ساڵیدا بینایی لە دەست داو ئیدی دنیای رۆشنی نەبینی، بەڵام لە ئەنجامدا بەم ئاواتە مەزنەی خۆی گەیی، لە دنیای تاریکی نابیناییدا، کە تەنیا چاوانی دڵی رووناکیان دەبینی، دەستی دایە کارێکی مەزن کە نزیکەی بیست دانە ساڵی خایاند.

داستانی نەمری بە هەشتی لە دەست چوو و ئەوسا بە هەشتی دۆزراوەی ئەو بڵاوبوونەوە،و بەبڵاوبوونەوەی ئەم دوو بەرهەمە ناوی ئەو لە تۆماری شانازییەکانی میللەتی ئینگلیزدا تۆمارکرا. رەخنەگرانی ئەدەب ئەویان لە دوای شەکسپیر بە گەورەترین شاعیری هزرڤانی ئینگلیز دانا،*و هەموو بە یەك دەنگو بە یەك زمان نووسیانو گوتیان کە جۆن میلتن تەنیا موڵکی میللەتانی ئەنگلوساکسون نیە، بەڵکو هەتاوێکی درەوشاوەیەو تیشکی مەعریفەتی بەسەر سەرانسەری دنیای هزرو هزرینی تیرەی بەشەردا پەخش کردووەتەوە.*

میلتن کێ بوو، و بەهەشتە لە دەست چوو و گوم بووەکەی ئەو، بۆچی و چۆن ئەو بایەخ و پایەیەی لە دنیای ئەدەبدا پەیدا کرد؟

جۆن میلتن، لە ١٦١٨/١٢/٩، یانی نزیکی چوار سەد ساڵ لەمەپێش، لە شاری لەندەن هاتووەتە دنیا. کاتێ ئەو چاوی بە ژیان هەڵێنا، ویلیام شەکسپیر، شاعیرو درامانووسی مەزنی ئینگلیزی لە هەرەتی شۆرەت و خۆشەویستیدا دەژیا و میلتن تازە پێی نابووە هەشت ساڵانەوە کە شەکسپیر ماڵاوایی لە ژیان کرد.

هەڵبەتە میلتن لە کاتی مردنی شەکسپیردا ئەوەندە ئاگای لە گەورەیی و مەزنایەتی بیرو ئەندێشەی ئەو نەبووە، بەڵام لە هەموو ژیانی خۆیدا بە ئاواتەوە بووە کە بگاتە ئەو پایە بەرزەی کە ئەو هەی بووەو لەوەشە هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە پاشان بەرهەمەکانی شەکسپیری کۆکردەوەو بڵاوی کردنەوە.

بە هەرحاڵ میلتن یەکێکە لەو سێ شاعیرە مەزنەی ئینگلیز کە بناغەی یەکەمین کۆشکی ئەدەب و زمانی ئینگلیزییان داناوە. ئەم سێ شاعیرە بە ریز بریتین لە جفری چۆسەر، ویلیام شەکسپیر،و جۆن میلتن.

***

ئەم منداڵەی کە لە یەکێك لە رۆژە ساردەکانی دەیەی دووەمی سەدەی هەڤدەیەم هاتە دنیاوە، بۆچی بوو بە بلیمەت و بۆچی ناوی کەوتە ریزی پێشەوەی لیستی ناودارانی زمانی ئینگلیزییەوە؟

چیرۆکی ژیانی ئەو ئاوێنەیەکە لە هەوڵی بێ وچانی مرۆڤێکی بەردەبارو کۆڵنەدەرو پشوو درێژ، کە دەخوازێ مەزن و نەمر بێت، و خزمەتی کۆمەڵگەی خۆی بکات.

بابی جۆن میلتن، لە موڵکدارانی دەستی دووەم بوو کە دەیتوانی ببێ بە میراتگری بابی و ساڵانی تەمەنی بە ئاسانی بگوزەرێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی چوو بووە سەر مەزەبی پروتستان و بابە توندڕەوەکەی تووڕە کردبوو، لە ماڵ وەدەرنراو لە ئوکسفوردەوە کە مەڵبەندی باوباپیرانی بوو، هات بوو بۆ لەندەن. زیرەکی و دروستکاری و ئەمانەتداری خۆی کردیانە کارێك لە نووسینگەو مەحزەرێکدا کە کاری نووسینی قەباڵەو سەندانی دە ئەستۆ گرتبوو، بگاتە ئاستێکی ئەوتۆ کە دەوڵەمەندان پارەو پولی خۆیان بەو دەسپاردو ئەو بۆی دەدان بە قەرز، ئەم توانا داراییە دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساند کە (جون)ی کوڕی بۆ قوتابخانانی پاش بنێرێت و بیخاتە بەردەستی مامۆستایانی بە نامێ، لە ساڵی ١٦٤٢دا جۆنی لاو لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا، کە بەتەواوەتی زمانانی ئینگلیزی، فەرەنسی، لاتینی، یونانی و عیبری فێر بوو بوو، خوێندنی لە زانستگەی کەمبریج تەواو کرد. جگە لەمانە شیعری دەگوت و مۆسیقاشی دەزانی.بابی لە ڕای پێشڤەچوونی کوڕەکەیدا درێغی لە هیچ جۆرە یارمەتیدانێکی نەدەکرد، بەرادەیەك کە تا چەند ساڵیش دوای تەواو کردنی خوێندن، چونکە جۆن نەیدەویست کار بکات و حەزیدەکرد لە گۆشەی کتێبخانەدا دانشێت و خەریکی موتاڵاو خوێندنەوە بێ یان تێکەڵاوی خەڵکی ببێ، بابە دلۆڤان و میهرەبانەکەی، کە چونکە بەخۆی جگە لە خۆپەرستی و تووڕەیی و

توندیو بێ سۆزی هیچی تری لە بابی نەدیتبوو، جگە لە مەحەبەتو سۆز ودلۆڤانیو میهرەبانیو لە خۆبوردەیی هیچی تری بەرانبەر بە کوڕەکەی نەدەنواند. سەرەتای خۆ تاقیکردنەوەی جۆنی لاو لە مەیدانی شیعردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە کەشیشێکی زاناو بەڕێز بە نێوی ئیدوارد کینگ لە مانگی ئابی ساڵی ١٦٣٧دا لە سەفەرێکیا لە لەندەنەوە بۆ ئیرلەندا، کەشتیەکەیان بەر لافاوێکی توند دەکەوێتو نقوم دەبێو ئەویش دەمرێت. مردنی کینگ کە مایەی رێزو حورمەتی گەلێك لە دۆستانی بووەو کۆمەڵێکی زۆر وایان دیتووە کە بلیمەتیو توانایەکی ئەوتۆی تیا بووە کە ئەگەر مەرگ مەودای دابا دەیتوانی کۆمەڵێك ریفۆرمی تازە لە ئاینی مەسیحیەتدا بکات، بە ڕادەیەك هەموو لایەکی خەمبار کرد کە گروپێك لە لایەنگرانی، کتێبێکیان لە شینی دا ئەودا لە ژێر سەرناڤی لیسیداس بلاوکردەوە کە سیانزە پارچە شیعری لە خۆ گرتبوو، سیانزەمین شیعری کتێبی ناڤبری لاوانەوەیەکی یەجگار پڕ فەساحەتو بەلاغەت بوو کە بە ئیمزای (ج.م) بلاو بوو بووەوە، ئەوانەی کە جۆن میلتن-ی لاویان دەناسیو شارەزای بوون دەیانزانی کە ئەو شیعرە هی ئەوە.

پاشان رەخنەگرانی شیعرناس حوکمی زۆریان لەسەر ئەم چامەیە دابوو، کە یەکێك لەوانە شاعیری بەنێوبانگی ئینگلیزی لۆرد ئالفرید تینیسون بوو کە لە نامەیەکدا بۆ ئیدوارد فیتز جیراڵدی پاچڤەوانی چوارینەکانی خەیامی نووسی بوو: "ئەم شیعرەی میلتن لە رووی هونەری زمانەوانیو کارامەیی شیعرییەوە ناچێتە هیچ قاڵبێکەوە". بەڵام تێکڕای شارەزایان باوەڕیان وابوو، تەنیا شتێك کە لەم شیعرەدا نیە. هەستو سۆزی شاعیرە، شیعرێکە روونو رەوان بەڵام بێ روحو گیانو دوور لە هەر سۆزو گودازێك- ە.

دیار نیە کە پەیوەندی دەرونیو روحی میلتن دەگەڵ کینگ دا تا چ رادەیەك بووەو رەنگە میلتن، کینگی لە نزیکەوە نەناسی بێت، یان هیچ سۆزێکی دەربارەی نەبوو بێت، بەڵام هەر بۆ خۆ تاقیکردنەوە ویستبێتی، بەهرەو هونەری خۆی بجەرپێنێ. شیعرەکانی دواتریشی، تا ئەو کاتەی کە قەڵەمەکەی بۆ (بەهەشتی لە دەست چوو) نەخستبووە کار، بە هەمان شێوەو رەوتو رێباز بوون.

لەم سەروبە ندەدا رەوشی سیاسی ئینگلیستان پەشێو بوو، و مەترسی جەنگی ناوخۆ هەڕەشەی لە ژیانی خەڵکی دەکرد. میلتن وای بە مەسڵەحەت زانی کە لە وڵات دوور بکەوێتەوە، بۆیە لە تەمەنێکا کە تازە پێی نابووە سەروی سی ساڵانەوە، بەرەو فەرەنساو ئیتاڵیا رۆیی. ئەو رۆشنبیرانەی کە لە نزیکەوە میلتن-یان ناسیوەو هەردوو شاکاری (بەهەشتی لە دەست چوو، و بەهەشتی دۆزراوە) یان خوێندوەتەوە، باوەڕیان وایە کە ئەو سەفەرەی بۆ ئیتاڵیا زەمینەی بۆ داهێنانو ئەفراندنی ئەم دوو بەرهەمە خۆش کردووەو هەوێنی ئەم بیرۆکەیە، لە زاگەی دانتی دا، کەوتووەتە سەری بابایەکی پیوریتانیستو نەشونمای کردووە.

کاتێ کە بۆ وڵات زڤڕییەوە پەشێویو پاشاگەردانی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا بوو. نەیارانی چارلزی یەکەم، پاشای ئینگلیستان، لە ژێر ئالای کەسێکی ئازادیخوازدا بە نێوی کرمول دژی شا هەستا بوونو کوشتبوویان. میلتن کە سۆزی نیشتمانپەروەری بۆ ئینگلیستانی

گەڕاندبووەوە ناچار بوو لەم ساڵانەدا کە ماوەکەی لە حەوت ساڵ کەمتر نەبوو، بۆ بەدەست هێنانی بژێوی شان بداتە بەر کاری مامۆستایی و ئەوقاتی، بەڵام ئامانجە سەرەکیەکەی خۆیشی کە ئەفراندنی بەهەشتی لەدەست چوو بوو فەرامۆش نەکرد، و لە هەمان قوناغدا ژنی هێنا بوو و سێ کچی لێی بوو بوو، و چونکە بابی مردبوو، بە میراتەکەی بابی، ژیانێکی تاڕادەیەك خۆشی گرتبووە بەر. سەرەنجام لە داموو دەزگای حکومەتیدا بە عینوانی کاتب دامەزرا. شاعیری هزرڤانی لاو کە لە هەوەڵی لاوییەوە بە دەم کزی چاوەوە دەی ناڵان لەم تەمەندا کە هێشتا نەگەیی بووە چل ساڵی، هەستی بە نەخۆشی بەردەوامی چاو دەکرد، بەر لە تەمەنی چل و چوار ساڵی مسیبەتی گەورەی کوێری، بەسەر ژیانیا هەرەسی هێناو داڕوخاو تا کۆتایی ژیان لە زیندانی تاریکی کوێریدا حەپسی کرد.

"بە چاوانی بێ روناکی خۆم ئەو بەڵایە دەبینم کە هەمیشە لێی دەترسام، بەسەرمدا دادەڕوخێت. من هەمیشە بە دەردو ئازاری ژانە سەرەوە تلاومەتەوەو پزیشکان هەمیشە پێیان گوتم کە ئەگەر ئیسراحەت و پشوو بە چاوانم بدەم ئەم ژانە سەرە هەمیشەییەم لە کۆڵ دەبێتەوە، بەڵام چ بکەم کە ناتوانم. من قەرزێکی خوای خۆم لەسەرە کە دەبێ ئەو قەرزە بدەمەوە، قەرزەکەش ئەوەیە کە داستانێك لەمەڕ مەزناتی پەروەردەگاری خۆم بهۆنمەوە. چاوێکم نابینێ و چاوەکەی تریشم لە کوێربووندایە،و هێشتاش ئەرکەکەی خۆم ئەنجام نەداوە. دڵنیام بینایيم تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە ئەرکەکەم بگەیەنمە سەرو هەنگێ ئیدی هیچ خەمێکم نیە.

بەڵام بەر لەوەی بە ئاواتەکەی خۆی بگات، ماموریەت و ئەرکێکی پێ سپێردرا، سالماسیوس، زانایەکی گرانقدری فەرەنسی بە گوتارە ئاگرینەکانی خۆی زۆر بە توندی هێرشی کردبووە سەر کۆماری ئینگلیز. میلتن راسپێردرا کە بە کتێبێك بەرگری لە میللەتی ئینگلیز بکات، و ئەم کتێبە بووە هۆی ئەوەی کە کاتێ دوا دێڕی تەواو بوو، ئیدی جۆن میلتن-ی ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی ئەدەبی ئینگلیستان کوێر بوو بوو....

بەڵام میلتن سەرەنجام بە ئاواتە مەزنەکەی خۆی گەیی: پاش ساڵانێك لە وردبوونەوەو قووڵ بوونەوە، لە ساڵی ١٦٦٥دا کاتێ کە تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵان بوو، و نزیکەی سیانزە ساڵ بەسەر کوێربوونەکەیدا تێ دەپەڕی داستانی جاویدانی بەهەشتی لە دەست چووی بە یارمەتی کیژەکەی کە بەیتەکانی بۆ دەنووسییەوە، تەواو کرد. ئەم بەرهەمە بە هەقدەستی، پێنج لیرەی ئینگلیزی لە هەنبەر چاپی یەکەم بە تیراژی هەزارو پێنج سەد دانەو هەشت لیرەی ئینگلیزی لە هەنبەر چاپی دووەم بە تیراژی دوو هەزار دانە بەوەشانکارێکی شاری لەندەن فرۆشراو ئاواتە دێرینەکەی شاعیر، کە خەمبارو دوورەپەرێز لە گۆشەیەکدا دەژیا، هێنرایە دی.

بەهەشتی لە دەست چوو، داستانێکی حەماسییە دەربارەی ئەفراندنی جیهان. کۆمەڵە شیعرێکە لە دوانزە بەرگدا، داستانێکە دەربارەی کەوتنی مرۆڤ، بەرهەمێکە میناکی ئیلیادەو ئۆدیسەی هۆمەر لە زمانی یۆنانیدا، یان ئینیادەی فیرجیل لە زمانی لاتینی دا، بەڵام لە گۆشەنیگاو دیدی لایەنگرێکی پابەندی پیوریتانیزم لە مەزهەبی پروتستاندا.

داستانەکە بە باسی دەرکردنی شەیتان لە ئاسمان و کەوتنی بۆ ناو دەریای ئاگرو دۆزەخ دەست پێ دەکات. ئەم فریشتە نزیکەی خوا وەکو لە کتێبە ئاسمانیەکاندا هاتووە بە هۆی سەرکێشی و نا فەرمانییەوە لە بەهەشت وەدەردەنرێت و دۆزەخ دەم دەکاتەوە تا سزای کردەوەکانی بدات.

میلتن لەم بارەیەوە لە زمانی ئیبلیسەوە دەڵێت:

کەواتە ئێرە ئەو دەڤەرو قەڵەمڕەوەیە کە دەبێ بە ئاسمانی بگۆڕینەوە، و ئەم تاریکییە تازیەبارو خەمناکە لە جیاتی روناکی شادی هێن قەبووڵ بکەین. دەی باوابێ. ئێستا کە فەرمان فەرمانی فەرمانڕەوایەو گوێڕایەڵی لەسەر منە، تا لەو دوورتربم باشتر.

بە دوعا ئەی مەڵبەندی شادی هێن کە هەمیشە خانەی شادمانیان بوویت، و سڵاو لە تۆ ئەی دنیای دۆزەخی، ئەی سەر زەمینی ترس و لەرزان...

ئیبلیس لە قوڵایی دۆزەخدا کۆشکێکی مەزن دروستدەکات و پەیڕەوان و لایەنگرانی خۆی کە ترۆکراوەکانی دیکەی بەهەشتن، لە دەوری خۆی خڕ دەکاتەوە. رۆژێ یاران دەکەونە باسی ئەوەی کە ئایا پێویست دەکات جارێکی دیکە دەگەڵ پەروەردگاری بە تواناادا بکەونە شەڕ، و ئیبلیس پێیان رادەگەیەنێ کە خوای گەورە دوو خەڵقەندەی نوێی بە نێوی ئادەم و حەوا ئەفراندووەو پێویستە بچینە لای ئەو دووانەو تەفرەیان بدەین و لە بەهەشتی بەرینیان وەدەر بنەین.

بیرۆکەکەی ئەو لەلایەن یارانەوە پەسند دەکرێت و ئەویش لە شێوەی نورو روناکییەکدا لە بنەبانی دۆزەخەوە بەرەو عەرشی باڵا دەڕوات. خواوەند لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی پاڵی داوەتەوە. کە تەمەشای نامەی کاری فریشتەی ترۆکراو یانی شەیتان دەکات، بە داخ و کەسەرەوە پێشبینی ئەوە دەکات کە سەرەنجام دەتوانێت ئادەم و حەوا لە ڕێ دەربکات و لە ئەنجامدا ببێتە بایسی کەوتن و ماڵوێرانیان.

ئیبلیس لە شێوەی مارێکی بەڵەکی جواندا خۆی بە بەهەشتدا دەکات و لەسەر رێگای ئادەم و حەوا دەوەستێ، بەدەم قسانەوە دەگەڵ حەوادا کە دڵێکی سادەترو پاکتری هەیە، دەڕوات تا دەگاتە نزیکی درەختی مەعریفەت، ئەو درەختەی کە پەروەردگار خواردنی بەرەکەی لە هەردوو خەڵقەندەکەی خۆی، واتە ئادەم و حەوا حەرام کردووە. ئیبلیس بە جۆرێ حەوا بە وەسوەسە شەیتانییەکانی خۆی فریو دەدات کە سەرەنجام حەوا بەرەو درەختی ناڤبری دڕوات...

ئەی یاری بێ هاوتا و ئەی تاقە شەریکی شادمانیەکانی من، کە تۆ لە هەموو ئەمانە بەرێزترو ئازیزتری، ئەو هێزەی کە ئێمەی ئەفراند و ئەم جیهانە پان و بەرینەی چێکرد دەبێ هەتا هەتایە هەر باش بێ و ئەو بوونە باشە چۆن دەتوانێ ئێمە لە نیعمەتێك مەحروم بکات.

ئەم درەختانەی بەهەشت کە میوەو بەری جۆراو جۆرو دڵگیریان پێوەیە هەر هەمووی هی ئێمەیە، ئیدی ئێمە چۆن خۆمان لە لەزەتی خواردنی میوەی درەختی مەعریفەت کە لە پاڵ درەختی ژیاندا روێنراوە مەحروم بکەین. ئێمە هەتا هەتایە سوپاسی خودا دەکەین و هەمیشە ستایشی دەکەین، بەڵام خۆمان لە خواردنی ئەم میوە بەلەزەت و دڵگیرە مەحروم ناکەین...

ئادەم زۆری هەوڵدا ڕێگەی ئەو کارەی لێبگرێت بەڵام بێفایدە بوو. ئیبلیس بە زمانی لوس و ڕەوان و ناسکی خۆی تەواو فریوی دابوو. سەرەنجام حەوا میوەی درەختەکە دەکاتەوەو دەیخوات،و هەنگێ ئادەم بۆی دەردەکەوێت کە بەو زووانە یارەکەی لە بەهەشت تڕۆ دەکەن، ئەویش میوەیەکی دی دەکاتەوەو دەیخوات و بەمجۆرە تڕۆ بوون و لێکەوتنی ئادەم و حەوا دەست پێدەکات...

داماوی و ڕۆژ ڕەشی بەشەر، مەسیحی کوڕی خوا دێنێتە بەزەیی و لەلای خودا شەفاعەت و پاکانە بۆ ئەو دووانە دەکات. میکاییل بە فەرمانی خودا ئەو دووە بۆ قەراخی بەهەشت دەبات و لە دوورەوە زەویان پێ نیشان دەدات و باسێکی ئەو دەردو ڕەنج و نەگبەتی و کڵۆڵی و گەندەڵی و بێ ڕەحمیانەیان بۆ دەکات کە لە ڕێیانەو ئەنجام دەڵێت کە ڕۆڵەکانی ئێوە دەبێ تا ئەو ڕۆژەی کە جیهانی ئێوە پڕ دەبێت لە زوڵم و زۆرو بێدادی و کوێرەوەری و گەندەڵی چاوەڕوانی گەڕانەوەی مەسیح بن کە بە فەرمانی خودا فریاتان بکەوێ و نەجاتتان بدات..

جون میلتن، داستانی بەهەشتی لە دەست چوو، بەوە کۆتایی دێنێ کە تروسکەیەکی ئومێد دەخاتە دڵی ئادەم و حەواو خوێنەر لەسەر مەرزی ترس و ئومێد بە جێدێڵێ.

ئەوەی لەم داستانە نەمرەدا خراوەتە ڕوو تەنیا خودی چیرۆک و حیکایەتی داستانەکە نیە، بەڵکو ئەو زمانە هەرە بەرزو ناوازەیەی شاعیرە کە لە ڕێگەی بەکار هێنانی لێکچوونی جوان و گوزارشتی دڵگیرو وشەێن بەریتم و زاراوەێن تازە و نۆباوو نێوەڕۆک و تیمەی وەسفی خزمەتێکی گەورەی بە زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی کردووە. میلتن داستانی دووەمی کە لە ژێر سەرناڤی (بەهەشتی دۆزراوە)یە، چوار ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمی یەکەمی، واتە لە ساڵی ١٦٧١دا بڵاوکردەوەو هێشتا سێ ساڵێك بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم داستانەدا تێ نەپەڕی بوو، کە ماڵاوایی لە جیهان کرد.

داستانی بەهەشتی دۆزراوە، بەسەرهاتی حەزرەتی مەسیحە کە لەبەر گوناحکاری و کەچڕەوییەکانی تیرەی بەشەر، خۆی دەکات بە قوربانی، و بەفیداکردنی خۆی دەبێتە مایەی بەخشینی ڕۆڵەکانی تیرەی بەشەر.

***

بەهەشتی لە دەست چوو، یەکێکە لە داستانە هەرە گەورەکانی جیهان کە لە ڕووی سفتی زمانەوە لە نێو ئەدەبیاتی زمانی ئینگلیزیدا بێ هاوتایە. یاخی بوونی شەیتان لە پەروەردگارو سەربهوردی ئادەم و حەوا لە گۆشەنیگاو دیدی مەسیحیەتەوە بە باشترین شێوە لەم بەرهەمە مەزنەندا وێنە کێشراوە.

*سەرچاوە :*

*تصویری از ادبیات کلاسیك جهان / ١٧/شرکت سهامی کتابهای جیبی*

*وابسته به موسسەی انتشارات امیر کبیر/ اسفند ١٣٨٨*

## ١٨- كانديد

**فرانسوا ماری ئارويه دو ڤۆلتير** (١٦٩٤- ١٧٧٨) فەيلەسوفو نووسەرێكی فەرەنسييە، ڤۆلتير ناوی ئەدەبيەتی. لە فەرەنسا ڕاونراو ڕەهەنەی ئينگليستان بوو، و لەوێندەر ئاكنجی بوو. كۆمەڵێك بەرهەمی لە ژێر كاريگەری ديدوبۆچوونو هزرێن نيوتنو لاك دا بڵاوكردەوە، كە بە ڕەمزو نيشانەێن قۆناغی ڕۆشنگەری دەژمێردرێن. بەدرێژايی تەمەنی درێژی كەسێكی يەجگار چالاك بووەو ديدو بۆچوونەكانی ئەو بە يەكێك لە فاكتەرە سەرەكيەكانی شۆڕشی فەرەنسا دەزانن كە چەند ساڵێك دوای مردنی ڤۆلتير بەرپا بوو. كۆی بەرهەمەكانی سەد دانە كتێبە.

***

سەڵتەنەتو پاشايەتی لويسی پانزەيەم، لە دوای قۆناغی پڕشكۆی لويسی چواردەيەم، ميللەتی فەرەنسای بەشێوەيەكی پەنهانیو ناڕاستەوخۆ بەرەو جۆرە سەركێشیو بەرخودانو ئازاديگەراييەك برد، بەڵام سەرباری ئەمەش هيچ كەسێك توانای قسەكردنو ڕادەربڕينو خۆ نواندنی نەبوو. چونكە (باستيل) بە ديوارە سەر بە فەلەكەكانيەوە، جێگەی سەدان كەس بوو لەو هزرڤانانەی كە زاتيان وەبەرخۆ دەدا باسی ژيانی نالەبارو مەينەتباری خەڵكی چەوساوە بكەن،و پياوانی حكومەتو دەسەڵاتی سەركوتكار لە هەموو شوێنێ گوێ قولاغ بوون تا نەوەكو ئەو جۆرە بانگەوازو هاوارانە لەزاری زۆرلێكراوانی منەوەر يان ئازاديخوازانی مرۆڤپەروەر بەرزبێتەوە.

ڕۆژگار، سەرەتای نيوەی دووەمی سەدەی هەژدەيەمە، خەڵكی پاريس لە هەموو شوێنێ بە تاسەوە باسی كتێبێك دەكەن كە سەربورو واريقاتێكی زۆر جوانو چيرۆكێكی فرە دڵگيری لەخۆ گرتووە. نێوی كتێبەكە (كانديد) يان بەختەوەرييە،و نووسەرەكەی وەكو لەسەر بەرگی كتێبەكەدا ديارە بابايەكی ئەڵمانيەو ناوەكەی ناوێكی خوازراوە. ئەم چيرۆكە لەلايەن پاچڤەوانێكی فەرەنسييەوە بە نێوی (دكتۆر ڕۆڵف) كراوە بە فەرەنسیو لە چاپخانەيەكدا كە ناوو شوێنەكەی ناديارە بە چاپ گەيەنراوە. كار بەدەستانی سانسۆر زۆر بە وردی (كانديد) شەنوكەو دەكەن، هەڵی دەسەنگێنن دوای لێكۆڵينەوەيەكی زۆر ورد، بۆيان دەردەكەوێت كە نووسەری ئەم كتێبە بەوپەڕی وەستايی، بەوەستاييەكی كەم وێنەوە ژيانی ئارامو ئاوێتە بە گەشبينی، ميللەتی فەرەنسای داوەتە بەر تەوسو توانجان. بۆيان دەردەكەوێ كە لەو شوێنەدا نووسەر باسی سوپای بولغارستانو بێدادی سوپای بولغارستان دەكات، مەبەستی سەربازانی بەكرێگيراوی فەرەنسيە، بۆيان دەردەكەوێت كە سەرانسەری ڕۆمانەكە جۆرە ڕەخنەيەكی تەنز ئامێزە لە كۆمەڵگەی فەرەنسی.

كتێبەكە قەدەغە دەكەن، بەڵام نووسەرەكەی يان وەرگێڕەكەيان پێ نادۆزرێتەوە. مامۆستايانو شارەزايان دوای لێكۆڵينەوەو تاقيبێكی زۆر. دێنە سەر ئەو باوەڕەی كە نووسەری ڕۆمانی

ناڤبری کەسێکە کە سالانێك لەوەپێش، نەك یەکجار بەڵکو دووجار کەوتووەتە زیندانی باستیل، جاری یەکەم لەسەر نووسینی شانۆنامەیەکی شۆڕشگێڕانەو جاری دووەم لەسەر ئەوەی تەڵفیزی بە ئەرستۆکراتێکی ستەمکار کردووە. ناوەکەی دەدۆزنەوە: جان فرانسوا ئارویە، هەمان شاعیرو چیرۆکنووس و فەیلەسوفی کە ناوی خوازراوی (ڤۆلتیر)ی لە خۆی ناوە.

لێ ڤۆلتیر دوورە دەستەو زۆر لەوە پێشتر، لە خاڵێکی سنووری فەرەنسادا، ئاکنجی بوو بوو، لە رێگەی چیرۆکە جوان و نووسینە فەلسەفیەکانی خۆیەوە، خەڵکی فەرەنسای بۆ یەکسانی و ئازادی و دژایەتی ستەمکاری هاندەدا.

کتێبی ناڤبری کۆ دەکرێتەوە، بەڵام هەوڵێکی بێهودەیە، نوسخەی زۆری کەوتووەتە دەستی خەڵکی، و چاپی تازەی بە خێرایی بڵاودەبێتەوە.

رۆشنبیران لە کۆڕو مەجلیسانی خۆدا، دەربارەی رۆمانی کاندید، باس و گەنگەشەو گفتوگۆ دەکەن. نووسەر چی دەڵێت و چ فاکتەرو هۆکارێك بۆ نووسینی ئەم رۆمانەی هانداوە؟

بێگومان چیرۆکنووس بە تەواوەتی لە دیدوبۆچوون و هزرینی ئەلکساندەر پۆپی شاعیرو فەیلەسوفی ئینگلیزی کە باوەڕی وابوو "هەرچییەك لەم دنیایەدا هەیە دروست و باشە" ئاگادار بووە، هەروەها لە دیدو بۆچوونی گوتفرید لایپنیتزی فەیلەسوفی ناوداری ئەڵمانیش ئاگادار بووە کە دەیگوت: "ئەم جیهانی خیلقەتە باشترین جیهانێکە کە دروستکردنی مومکین بووەو هەرچییەك بوون وەری گرتووەو باشترینی بووە"و لەلایەکی دیکەشەوە بوومەلەرزە ماڵوێرانکەرەکەی لیشپونەی پایتەختی پرتوگال کە چوار ساڵ بەر لە بڵاوبوونەوەی رۆمانی ناڤبری، یانی لە ساڵی ١٧٥٥ز رووی‌دا زۆری کار تێکردو، چونکە لە شەڕی حەوت ساڵەی حکومەتی فەرەنسا بێ تاقەت بوو بوو، بە نووسینی ئەم رۆمانە، کۆمیدیایەکی بۆ شینی میللەتی فەرەنسا نووسی و شەلاخی تەوس و تەنزو رەخنەی گرتە دەست و بە کەیفی دڵی خۆی کەوتە وەشاندنی و کەسی نەبوارد.

دۆستدارانی ئەم رۆمانە بەدەم خوێندنەوەی سەربورو ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە (کاندید) دێتە کردن، ئەنجام دەگەنە دوا فەسڵی رۆمانەکە، کە لەوێدا فەیلەسوفێك روو لە قارەمانی چەوساوەو زۆرلێکراوی رۆمانەکە دەڵێت:

***" ... کوڕەکەم، لەم دنیایەدا کە باشترین دنیایە،و دنیای لەوە باشتر دروست ناکرێت، هەموو شتێك وەکو زنجیر پێکەوە بەستراوە، هەرچییەك روو دەدات هەمووی بە قازانجی بنیادەمە. تۆ تەمەشا کوڕی خۆم، ئەگەر تۆیان لە گەنجیدا، لە سەر ئەوەی حەزت لە کیژی ئاغات دەکرد بە شاپان لە کۆشك وەدەر نە نابوایە، ئەگەر سالانێکی زۆر ئاوارەیی و دەربەدەریت نەکێشا بوایە، ئەگەر ئەو هەموو ئەزاب و ئەشکەنجەیەیان نەدابوایەی، ئەگەر بە پێیان هەموو خاکی ئەمریکا نەگەڕابوایەی، ئەگەر سەدان برینت تێ نەبوایە، ئەگەر لە ناچاریدا دەست نەدابوایە دزی، ئەگەر بە یەخسیری نەیانگرتبوایەیت و بە کۆیلەیی نەیان فرۆشتبای،و ئەگەر بەو هەموو رووداوو بەسەرهاتانەدا تێ نەپەڕی بوایەیت، ئەمڕۆکە لەم کێڵگە جوانەی قەستەنتەنیەدا مرەبای کەبات و***

*ترنج و پستەت دەخوارد؟ کەواتە هەرچیەك لەم دنیایەدا هەیەو هەر چیەکت بەسەر دێت لە قازانجی تۆدایە، تۆ دەبێت رازی و شوکرو شادو بەختیار بیت!"*

باشە ڤۆلتێر چ پەرجۆیەك بوو، و ئەم پیاوەی کە بێگومان هزرو بیرەکانی زەمینەی بۆ شۆڕشی مەزنی فەرەنسا خۆش دەکرد چ پەیامێکی بۆ گەلی فەرەنسا بە دیاریی هێنا بوو؟ ئەم پیاوە کێ بوو، و رۆمانی (کاندید) چ رۆڵێکی لە پێشڤەبرنی بیروباوەڕەکانی ئە ودا گێڕا؟

جان فرانسوا ئارویە کە دواتر ناوی خوازراوی ڤۆلتێری بۆ خۆی هەڵبژارد، لە ١٦٩٤/١١/٢١ لە پاریس چاوی بە دنیا هەڵێناو دوای هەشتاو چوار دانە ساڵ وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی لە پایتەختی فەرەنسادا ماڵاوایی لە ژیان کرد. ڤۆلتێر، لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیدا بوو، لە خوێندنگەی ئاینی (یەسوعیان) یان جۆزیتەکاندا دەستی بە خوێندن کرد. دەیویست ببێ بە ئەوقاتو پارێزەر، بەڵام ئاشقی ئەدەبیات بوو، و تا کۆتایی ژیانی دەستبەرداری نەبوو، چونکە لە باری بونیادی جەستەییەوە بێ جورمو کەم نموود بوو، دەمدەمی مجێز بوو. هەرچەندە لەسەردەمو رۆژگارێکدا هاتبووە دنیاوە کە سەردەمی ڕابواردنو لەزەتخوازی بوو، بەڵام ئەو لە سۆنگەی قەڵەمە تەنزئامێزو ئیرادگیرەکەیەوە سەریەشەیەکی فرەی بۆ خۆی چێکرد. هێشتا بیست ساڵی پڕ نەکردبووەوە کە کەوتە زیندانی باستیلو ماوەی یازدە هەیڤان لە ژێر زەمینی مەحکوماندا، دوور لە کەسو کار، رۆژگاری بەسەر برد. وێڕای ئەمەش لە زینداندا دەستەو ئەژنۆ دانەنیشت،و لەم سەرو بەندەدا بوو کە تراجیدیای ئۆدیبو چامەی حەماسی (هنریاد)ی نووسی.

کاتێ بە هەوڵی کۆمەڵێك لە لایەنگرەکانی لەو قەڵا ترسناکە رزگاری بوو، دیسان دەستبەردار نەبوو، بە هۆی سوکایەتی کردن بە شاسوارێك نەك هەر بەر شەلاقو جەڵدە درا، بەڵکو جارێکی دیکەش خرایەوە زیندان، ئەمجارەیان بەو مەرجە ئازادیان کرد کە خاکی فەرەنسا بەجێ بێڵێ،و ئەوە بوو هەرکە ئازاد بوو یەکسەر بەرەو ئینگلیستان رۆیی.

ڤۆلتێر بە تەواوەتی کەوتە ژێر کاریگەریی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئینگلیزەوە. لەوێندەر نەك هەر شارەزایی لە هزرو بیری گەورە فەیلەسوفانی میناکی فرانسیس بیکون، جان لاكو ئیساك نیوتن پەیدا کرد، بەڵکو ئاشنایەتی دەگەڵ گیانی ئازادیخوازانەی میللەتی ئینگلیزیشدا پەیدا کرد. کاتێ پاش سێ ساڵ بۆ فەرەنسا گەڕایەوە ئەمجارەیان بە دەنگی بەرزتر بانگەوازی ئازادی کرد. لەم قۆناغەدا بویەرێکیش رووی دا کە ناچاری کرد وڵات بە جێبێڵێ.

روحانیانی وەخت مۆڵەتیان نەدا ژنێك کە ئەکتەر بوو، و خۆشەویستی جەماوەری هونەردۆستانی خۆی بوو، بنێژن، و ڤۆلتێر لەم بێ عەدالەتیە زۆر پەستو قەڵس بوو، هەستا نامەیەکی توندی بەبێ ناو لەسەر روحانیان نووسی و پەردەی ریاکاری و دوو روویی لە روو هەڵماڵین. ئیدی ئاژاوەو ئاشوبێك هەستا. ئەنجوومەنی پیرانی فەرەنسا فەرمانی سووتاندنی نامەکەی دەرکردو حوکمی حەپسو ئەشکەنجەش بۆ نووسەرەکەی دەرچوو، لێ ڤۆلتێر بەر لەوەی دەستگیر بکرێت، بە کۆمەكو هاوکاری هەوادارەکانی خۆی لە فەرەنسا هەڵاتو دیسان کەوتە ئاوارەیی.

تەمەنی هەشتاو چوار ساڵەی ڤۆلتێر هەر هەمووی بە خەبات لە پێناوی ماف چەوساوە بەسەر براوە. تا شەست ساڵان بە زۆری ئاوارەو دەربەدەر بووەو زاتی ئەوەی نەبوو کە پێ بنێتە خاکی نیشتمانی خۆی. ئەنجام لە ساڵی ١٧٥٣دا بۆ فەرەنسا زڤڕییەوەو بە یەکجارەکی لەوێندەر ئاکنجی بوو. لەم قۆناغەدا گەیی بووە پایەیەك کە نەك هەر میللەتی فەرەنسا بەڕێزەوە ناویان دەبرد بەڵکو میللەتانی ئەوروپاش بە چاوی رێزەوە لێیان دەڕوانی.

ڤۆلتێر لە مەیدانانی شیعرو پەخشانو چیرۆكو نامەێن فەلسەفیدا بەرهەمی زۆرن، بەڵام لە مەیدانی چیرۆکڤانیدا، بە گوتەی رەخنەگرانی ئەدەب، هیچ بەرهەمێکی ناگاتە ئاستی (کاندید)و لە ڕاستیدا دەکرێ ئەم بەرهەمە بە شاکاری ڤۆلتێر ناو ببرێ.

ئەم کتێبە چ دەڵێت؟ چۆن دەستی پێکردووەو چۆن کۆتایی هاتووە. تەمەشاکردنێکی کاندید رەنگە هۆی ئەو بۆچوونەمان بۆ ساغ بکاتەوە.

کاندید، کوڕێکی بەسەرو سیمایە. لە کۆشکی رازاوەی بارۆنێکی ئاڵمانیدا لە ناوچەی ویستفالیادا دەژی. هیچ کەسێك بە تەواوەتی نازانێ کێیە. ئایا کاندید خوشکەزای جەنابی بارۆنە؟ گومانێکی زۆر لەسەر ئەمە هەیە، چونکە خوشکە خۆسەرەکەی بارۆن قەت شووی نەکرد بوو، و هەرگیزیش تا ئەو ئەندازەیە لەو نەجیمزادەیەی کە قەرار بوو زەماوەندی دەگەڵ بکات، نزیك نەبوو بووەوە کە ئەگەری سکپڕبوونی لە ئارادا بێت. کەواتە بە مەزەندە دەبێ کوڕی ناشەعری بارۆن بێت. باشترین زەمینەو هۆکاری ژیانو پەروەردەی بۆ فەراهەم کراوە. پانگلوس، مامۆستای زانای ئەو ناوچەیە، مامۆستای ئەوەو دەرسی زانستەکانی میتافیزیكو خوداناسیو زانستێن سیستەمی جیهانو ئەم جۆرە شتانەی پێ دەڵێتەوەو فێر دەکات. کاندید ئەوەندە دڵپاكو بە ئەدەبو بێگەردە کە هیچ کاتێك کەمترین نیگای کیژە جوانەکەی بارۆن، کە نێوی (کونە گوند)ـە ناکات، بەڵام رۆژێ کە کیژەی جوان، مامۆستا پانگلوس دەبینێ کە لە پشت درەختەکانەوە دەگەڵ هاودەمەکەی دایکیدا خەریکی ئاشقێنییە، ئەویش دەکەوێتە سەر هەواو هەوەسی ئەوەی دەگەڵ کاندیدا سەروسرێك بەرقەرار بکاتو هەرکە بە جوانی خۆی دڵی کاندید دەڕفێنێو بە دزییەوە ئاشقێنی دەگەڵ دەکات، بارۆن بەم رووداوە دەزانێتو بە شاپان کاندید لە ماڵ وەدەر دەنێت.

ئیدی لێرەوە ئاوارەیی (کاندید) دەست پێدەکات. ماوەیەکی زۆر بەبێ شێو سەر دەنێتەوەو بە پای پیادە رێگەو بانان دەبڕێت تا دەگاتە سەربازانی بولغاریو بە ناچاری پەیوەندی بەوانەوە دەکاتو دەچێتە ریزی ئەوانەوە، رۆژێك کە شەڕێکی سەخت لە نێوان پاشای بولغارو پاشای ئاباردا هەڵدەگیرسێت، کاندید کە زۆر لەم کارە نامرۆڤانیو گەوجانەیە بێزارو توڕەیە لەوێ هەڵدێتو بەرەو لیشپونە دەڕوات. چەرخی رۆژگار کاندیدو مامۆستاکەی جارانی (پانگلوس) کە لەم سەرو بەندەدا کەوتووەتە گەدایی پێك دەگەیەنێتەوە. پانگلوس بۆ قوتابییەکەی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن دوای هەڵگیرسانی شەڕ، سەربازان رژاونەتە ناو کۆشکەکەی بارۆنو دوای کوشتنی دانیشتوانی کۆشکەکە، هەموو شتێکیان وێران کردووەو لەگەڵ عاردیدا تەختیان کردووە. جێی خۆیەتی لێرەدا گوێ لە بەشێکی گفتوگۆی نێوان کاندیدو مامۆستاکەی بگرین:

***پانگلوس:*** بەڵێ. کوڕەکەم. من دیمەنانێکم بەچاوی خۆ دیت کە گێڕانەوەی یەك بە یەکیان مووی بە دەنی مرۆڤ گرژ دەکات. کوڕەکەم سەربازانی بولغاری هەرکە وەژوور کەوتن، یەکسەر بارۆن-یان کوشت، پاشان هاوسەرەکەیان پارچە پارچە کرد. کونە گوند کە مرواری کیژانی جیهان بوو، سەربازانی بولغاری ورگیان هەڵدڕی، لەم کۆشکە گەورەو بەشکۆیەدا تاقە یەك کەسیان بە زندوویەتی نەهێشتەوە. تەنانەت تاقە مەڕێك، مراوییەك، سەگێکیان بە زندوویەتی نەهێشتەوە، هیچ شتێکیان بەزندوویەتی نەهێشتەوە، تەنانەت دارو درەختی کۆشکەشیان سووتاند.

***کاندید:*** ئێ مامۆستا تۆ دنیا چۆن دەبینی؟ تۆ کە دەتگوت ئەم دنیایە ژینگەیەکی پڕ لە بەختەوەرییە... ئێستا ڕات چیە؟

***پانگلوس:*** ئاه کوڕەکەم. دنیا دەشیا لەمەش خراپتر بێت. تۆ بیری لێ بکەوە، ئەگەر من هەڵنەهاتبام چ چارەنووسێکم دەبوو؟ ئەفسووس کە نەخۆشی ئازارم دەدات.

***کاندید:*** نەخۆشی چی مامۆستا؟

***پانگلوس:*** دەزانی رۆڵەکەم. ئێستا کە هەموو شتێك رۆیی و تێپەڕی، با نهێنییەکت لەلا بدرکێنم. من هاودەمە جوانەکەی هاوسەرەکەی بارۆنم فریودا، ئیدی لەو ساتە نەعلەتیەوە تووشی ئەم نەخۆشییە ماڵوێرانکەرە بووم.

***کاندید:*** باشە... خۆ ئەو هاودەمە کیژێکی بێگەردو داوێنپاك بوو؟

***پانگلۆس:*** راستە کوڕەکەم. بەڵام ئەو ئەم نەخۆشییەی لە کەشیشە هەرە زاناکەی ناوچەی ویستفالیاوە گرتبوو.

***کاندید:*** بەڵام مامۆستا، کەشیش دەبێ مرۆڤێکی داوێنپاك و بێگەرد بێت!

***پانگلۆس:*** راستە کوڕەکەم، بەڵام کە دوایی من تاقیبم کرد بۆم بەدیارکەوت کە کەشیشی بێچارە ئەم نەخۆشیەی لە پیرە کۆنتێسێکەوە گرتبوو...

***کاندید:*** باشە پیرە کۆنتێسێك بۆچی دەبێ نەخۆشی سوزەنەك بگرێت؟

***پانگلۆس:*** ئەو هیچ خەتایەکی نەبوو کوڕم. سەروانێکی بولغاری تووشی ئەم نەخۆشییەی کرد بوو.

***کاندید:*** گوتت سەروان؟

***پانگلۆس:*** بەڵێ، سەروانێك ئەو نەخۆشییەی لە مارکێزێکەوە گرتبوو، مارکیزی داماویش ئەم نەخۆشییەی لە کەشیشێکی ترەوە گرتبوو، و خۆلاسە ئەم توحفەیە ماوەیەکی زۆر دەستاو دەستی کردووە، بەڵام سوپاس بۆ خوا کە من ئەم نەخۆشییە تووشی کەسی تر ناکەم چونکە خویایە (دیارە) کە بەو زووانە دەمرم...

***

کاندید لە بولغاریادا دەکەوێتە دەستی کاربەدەستانی دادگای روحانی سزاو دەیخەنە ژێر شەلاق و جەڵدە. پانگلوس بە فەرمانی کەشیشی گەورە حوکمی لە سێدارەدانی دەدرێت، لێ زنجیرە رووداوێکی کوت و پڕ هەردووکیان لە مردن دەخەلەسێنێ. لە ماڵی موڵکدارێکی جولەکەدا پیرەژنێك پەرستاری کاندید لە ئەستۆ دەگرێت و لەو شوێنەدا کاندید تووشی دڵدارە گوم

بووەکەی، واتە کونە گوند، کە ئەو وا وێنا دەکات کوژراوە دەبێت. با پێکەوە گوێ لە دیمەنێکی گفتوگۆی نێوان ئەو دووە بگرین:

***کونە گوند:*** .... من خەوتبووم کە لە پڕ سەربازانی بولغاری رژانە ناو کۆشکەکە. باوکم و براکەمیان بە بەرچاوی خۆمەوە کوشت، ئەوسا چوونە گیانی دایکم، دوای چەند دەقیقەیەك جەستەی بێ گیانی دایکمیان لە ژوورەکەدا فڕێ دا. من بورامەوە. سەربازێکی کەتەی زەلامی بولغاری کە منی بەو حاڵەوە بینی تەماحی تێکردم و ویستی هەر لەوێدا سوارم بێت. بەرگرییەکی زۆرم کرد، سەربازەکە کە نەیتوانی بەرهەقم بکات، تووڕە بوو قەمەکەی دەرهێناو کردی بەلا قەبرغەمدا، لەم کاتەدا ئەفسەرێك هات بەسەراو کە منی بە نیوەگیان لە باوەشی سەربازەکەدا بینی تووڕە بوو، و یەکسەر سەربازەکەی کوشت و پاشان دەستووری دا کە تیمارم بکەن. هەرکە بەرەو چاکبوونەوە چووم ئەفسەرەکە حەزی لێکردم بۆ ماوەیەکی زۆر کردمی بە ماشقەی خۆی و پاشان بە نرخێکی هەزاران بە بازرگانێکی هولاندی فرۆشتم. کابرای بازرگان هەر زوو حەزی لیکردم و ئاشقم بوو و بۆ ئەوەی سوودێکی زۆرم لێ ببینێ ماوەیەك بۆ خۆی و لەلای خۆی گلی دامەوەو پاشان بە مامەڵەچیەکی دیکەی فرۆشتم، و ئەو بۆ ئێرەی هێنام و چونکە حەزی لێکردبووم کۆشکێکی بۆ دابین کردم. رۆژێك سەرۆکی دادگای رۆحانی سزا کە کەشیشێکی بەرێزە منی بینی و ئاشقم بوو و داوای لێکردم کە ببمە هی ئەو. گوتم ئاخر هی کەسێکی ترم. جوابی بۆ ئاغایەکەم کە کابرایەکی جولەکە بوو نارد کە منی دەوێ و ئەگەر پێی بۆین نەبێت و مل نەدات بە تاوانی بێ دینی بە زندوویەتی دەیخاتە ئاگرەوەو دەیسووتێنێ. ئاغام ئامادە نەبوو بە ئاسانی دەستبەردارم بێت. بۆیە پێشنیازی کرد من هەر لە هەمان کۆشکەکەی ئەودا رۆژانی شەممەو دوو شەممەو چوار شەممە بۆ کابرای کەشیش بم و هەر لە هەمان کۆشك دا لە رۆژانی یەك شەممەو سێ شەممەو پێنج شەممە بۆ ئاغای پێشووم بم... و ماوەیەکە ئەمە چارەنووسی منە... سێ رۆژی هەفتە هی ئاغای جولەکەم و سێ رۆژیش دەگەڵ کەشیشی عیساییم.

کاندیدی ئاشق کە گوێی لەم حیکایەتە دەبێت لێدەبڕێ ئەو جووتە بکوژێت و هەردووکیان لە خوێنی خۆیاندا دەگەوزێنێ. ئەوسا ناچار بۆ رزگاری خۆیان لەو ولاتە هەڵدێن. لەم سەفەرەدا دوو کەسی دیکەش دەبنە هاوسەفەریان یەکێکیان پیرە ژنێکی میهرەبانە کە پاشان دەردەکەوێ کیژی نا شەرعی پاپا بووەو چارەنووسێکی هەزاران جار تاڵترو ترسناکتری لە مەحبوبەکەی کاندید هەبووەو یەکەکەی تریان پانگلوسە کە بە تەڕدەستی لە چنگی پیاوکوژان و جەلادان هەڵدێ و خۆی دەگەیەنێتە ئەوان.

سەفەرەکەیان لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی دی درێژە دەکێشێت، تا سەرەنجام دەگەنە قەستەنتەنیە. لەم سەفەرەدا سەدان بویەری دیکە روو دەدات. کونەگوند جارەکی دی بە یەخسیری بۆ ولاتانی دوورە دەست دەبرێت و کاندید دەکەوێتە تاقیب و سۆراخی. تەنانەت نیوەی خاکی ئەمریکاش دەگەڕێ تا دڵدارو مەحبوبەکەی خۆی بدۆزێتەوەو ئاقیبەت بە مرادی خۆی دەگات. لەم ساڵە پڕ مەینەتیانەدا باس و گفتوگۆی پانگلۆس و کاندید دەربارەی چاکی و خراپی جیهان هەر بەردەوام دەبێت:

***پانگلۆس:*** نابیٚ ئەم بویەرو ڕووداوانە بە خراپ بزانی. دەبیٚ هەمیشە لە ژیاندا گەشبین بیت.... تێدەگەی کوڕەکەم... گەشبین.... ئەم مەینەتیو داماویانە وەکو تەنکە سێبەری تابلۆیەکی نیگارکێشییە. ئەگەر نیگارکێش سێبەر لە دەوری تابلۆکەی نەکێشێت، تابلۆکەی جوان نابێت. دنیای لەمە باشتر نابێت... تێدەگەی؟ ئازار، ڕەنج، نەخۆشی، من پێموایە هەموو شتێکی ئەم دنیا بۆ بەختەوەریو خۆشی هاتووەتە ئاراوە... برسیەتی، دەربەدەری، ئەشکەنجە. هەموو ئەمانە دەرهاویشتەی ژیانە، وێڵداشی ژیانە، ئەگەر ئەمانە نەبن مرۆڤ مانای بەختەوەریو خۆشی تیٚ ناگات...

***

ڤۆلتیر، نووسەری نێوداری فەرەنسی، بەم ڕۆمانە. گاڵتە بە نەزانیو خۆشباوەڕیو خۆ بە قەزاو قەدەر سپاردنی کۆمەڵگەی خۆی دەکات،و لە بندێڕی ڕۆمانی کاندیدا، قسەی خۆی کردووە: ئەو قسانەی کردووە کە زەمینەی بۆ شۆڕشی مەزنی فەرەنسا خۆشکرد....

***

***سەرچاوە:***

***تصویری از ادبیات کلاسیک جهان / ١٨/شرکت سهامی کتابهای جیبی***

***وابستە بە موسسەی انتشارات امیرکبیر/ اسفند ١٣٨٨***

## ١٩- كێوه دەڕۆیت؟

**هنریك سینكیویچ** ( ١٨٤٦- ١٩١٦ ) ڕۆمانووسێكی پۆڵاندیە. ڕۆمانە مێژووییەكانی پڕ جۆش‌و زۆر جوانن‌و لە ڕۆمانە سێ بەرگیەكەی خۆیدا، زۆر ستایشی خەباتی پۆڵاندیەكان لە ڕای سەربەخۆیی دا، كردووە. خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵی ساڵی ١٩٠٥ی وەرگرتووە..

***

لە ڕیوایەتێكی تەوراتدا وا هاتووە كە لەدوا ساڵەكانی فەرمانڕەوایی، قەڕاڵی ستەمكاری ڕۆم، كلادیوس نیرۆندا، كاتێ كە هەزاران ژن‌و پیاوو منداڵیان بە تۆمەت‌و تاوانی ئەوەی باوەڕیان بە ئاینی عیسا مەسیح هێناوە دەخستە بەر دڕندان‌و مەحو دەكرانەوە، لە جادەی ئالبیان، لەسەر یەكێك لە حەوت گردەكەی شاری ڕۆمدا، پیرێكی زورهانی فەڕتوس، هیلاك‌و بێ حاڵ، بە دارەكوتێ، دەگەڵ منداڵێكی بچووكدا بەرەو كامپانیا دەڕۆیی. یارۆی پیر نێوی پوتروس‌و منداڵەكە نێوی نازاریوس بوو. پوتروس دەمێك بوو لە پایتەختی گوناحباری ئیمپراتۆری ڕۆمدا ئاكنجی بوو، و كاری ئەوە بوو خەڵكی بۆ یەكتاپەرستی هاندەدا،و نازاریوس فرزەندی دایكێكی مەسیحی بوو بە نێوی مریەم كە پوتروسی حەواری زیرەك‌و هۆشمەند ئەوی لە باوەشی پڕ میهرو وەفای خویدا گەورە كردبوو. كەمێك لە دووری شار، لە بەرەبەیانێكی یەكەم هەیڤی پایزی ساڵی ٦٨زدا، لە ناكاو بلاّچەیەك لە ئاسماندا شۆقی دایەوەو وێنەیەكی ڕوون‌و پرشنگدار لەبەردەم یارۆی پیردا دەركەوت، كابرای پیر یەكسەر چۆكی دادایە سەر زەوی‌و بە دەنگێكی لەرزۆك بانگی هەڵدا: "ئەی خودای من... خودایا... بۆ كوێ دەڕۆی؟" دەم‌و دەست دەنگێكی ئاسمانی لە حەوادا بەرز بووەوە كە: "پوتروس، تۆ كە پەیڕەوكارانی منت بە جێ هێشت‌و ڕۆییشتی، من بۆ ڕۆم دەڕۆم تا بۆ جاری دووەم لە خاچ بدرێم..."

و كە پوتروسی حەواری پیر گوێی لەم دەنگە بوو، بەرەو پایتەخت زڤرییەوەو زۆری نەبرد كە میرغەزەب‌و جەلادانی نیرۆن بردیانە سەر گردی فاتیكان‌و لەوێندەر لە خاچیان داو كوشتیان. ئەمڕۆكە كە پتر لە بیست سەدە بەسەر ئەو ڕۆژو ڕۆژگارەدا تێ دەپەڕێ، لەسەر ئەو گردە، ڕێك لەو شوێنەدا كە خوێنی پوتروسی تیا ڕژێنرا، كلێسایەكی زۆر گەورە هەیە كە كلێسای (سن پییر)ی ناوە.

لە نزیكی مەیدانی كۆنی پورتا- كاپەنادا پەرستگەیەكی چكۆلەی نیمچە وێران هەیە كە بەردەنووسێك-ی نیمچە شكاو بەسەر دەرگاكەوەیەتی‌و لێی نووسراوە: "ئەی خودای من، كێوە دەڕۆیت؟"

***

گومان لەوەدا نیە كە ئەو ریوایەت‌و ئەو بەردەنووسە بوون بەسەرچاوەی ئیلهام‌و سەرۆی نووسەرێكی مەزن، ویەكێك لە شاكارە بێ چەندو چوونەكانی جیهانی ئەدەبی لێ هاتە ئاراوە. هنریك سینكیویچ، چیرۆكنووسی ناوداری پۆڵاندی، لە ساڵی ١٨٩٦دا بەرهەمێكی لە ژێر

سەرناڤی کیڤە دەڕۆی؟ ئەفراند کە نەك هەر ناوی خستە ریزی پێشەوەی گەورە نووسەرانی جیهان، بەڵکو خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتیشی بۆ مسۆگەر کرد.

رۆمانی کێوە دەڕۆیت؟ چیرۆکێکی دڵگیرو سۆزو گوداز ئەنگێزو پڕ رووداوو بەسەرهاتو دوورو درێژە. رووداوەکانی لەسەر بنەمای واریقاتی مێژوویی رۆنراونو زۆربەی قارەمانەکانی خەڵکانی ناسراوی مێژووی ئیمپراتۆریەتی رۆمای سەردەمی فەرمانڕەوایی نیرۆنن. بەڵام لە هەر هەموویان دیارتر خودی نیرۆنە کە سەرانسەری رۆمانەکە بە کردارە سەیرەکانی ئەو بارگاویە.

کلادیوس نیرۆن، بێ چەندو چوون یەکێکە لەدڵرەقترینو بێ بەزەیی ترینو ستەمکارترین پیاوانی سەر رووی زەمین کە لەسەرەتای دروستبوونی بەشەرەوە تا ئەمڕۆ، مێژوو بەدەگمەن هاوتای ئەوی بە خۆوە دیتووە. لە ماوەی چواردە ساڵەی حوکمڕانی ئەودا، رۆژێك نەبووە کە خوێنی بێ گوناحێك بە نەهەق نەرژێنرابێ سویۆو داخی مەرگی ئازیزان بە دڵی خەڵکانێکی زۆردا نەکرابێ.

لە سەردەمێکا کە خەڵکی رۆما خوویان بە خوێنرێژیو براکوژییەوە گرتبوو، و تەمەشای مردنی کارەساتباری دلاوەرانیان بە جۆرە سەرگەرمییەك دەزانی، نیرۆن بە جۆرێ ئەسپی سەر کێشی ئارەزوو و مەیلە شەیتانیەکانی خۆی تاوداو بە رادەیەك جڵەوی بۆ ستەمکاریو بێدادی شل کرد کە سەرەنجام میللەتی ملکەچی رۆماش تاقەتی نەگرتو دژی ئەو راپەڕی.

نیرۆن لە ساڵی ٣٧ز، لە شاری ئانتیوم-ی ئیتالیا لە دایك بووە، (ئاگریپینا)ی دایکی کیژی جرمانیکۆسی قەڕاڵ بوو. نیرۆن هەڤدە ساڵان بوو کە دایکی، هاوسەرەکەی خۆی، کلادیوسی قەیسەری رۆمی دەرمانخوارد کرد تا نیرۆنی کوڕی لەسەر تەختی پاشایەتی دابنێت. نیرۆن کاتێ لەسەر تەختی دەسەڵات رۆنیشت، بەوە پاداشتو چاکەی دایکی دایەوە کە یەکەمجار بریتانیکۆسی برای خۆیو پاشان دایکی کوشتن. لە ساڵانی هەوەڵی لاویدا حەزی لە کیژێکی خڕو خەپانو ڕند بەناوی ئوکتاڤیا کردو زەماوەندی دەگەڵ کرد، لێ زۆری نەبرد کە دڵی هەوەسبازی وی لە ژنەی ناڤبری تێر بوو، و هاوسەرە بێگوناحەکەی خۆشی کوشت. پاشان دەگەڵ ژنێکی هەوەسڕانی داوێن تەڕا بە نێوی پوپیە کە جاران ماشوقەی خۆی بوو، زەماوەندی کرد.

سەردەمی دەسەڵاتداریو دەسەڵاترانی ئەوو ئەو کارەساتە بێ شومارانەی کە لەم ماوەیەدا کردنی، ئەوەندە دڵتەزێنو نەنگینن کە مێژووی ژیانی تیرەی بەشەر بەدەگمەن شتی وای بە خۆوە دیتوە. خەڵکی رۆم دوای مردنی ئەو هەموو شوێنەوارەکانی ژیانیان لە نێو برد تا وشەی نیرۆن لە قاموسی ژیانی بەشەردا بسڕدرێتەوە، لێ وێڕای ئەم هەولانەش، نیرۆنو سەربهوردی ژیانی نیرۆن، دەماو دەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەكو لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دی گوێزرایەوە تا ئەمڕۆکەش کە بیست سەدە بەسەر ئەو رۆژو رۆژگارەدا تێ دەپەڕێت، ناوی ئەو هەر دەماو دەم دەکاتو بەترسو لەرزەوە کاروکردەوەکانی دەگێڕدرێنەوە.

***

قارەمانێکی دیکەی ئەم رۆمانە، پیاوێکی تەبیعەت ناسکی، زیرەك، زاناو خۆشگوزەرانە بە نێوی پترونیوس کە لەمێژووی رۆمدا بە (پترونیوسی حەکیم) بە نێوبانگە. ئەم پیاوە خۆشەویستو باوەڕپێکراوی نیرۆن بوو، و لە پەنای دەسەلاتی ئەودا ژیانێکی خۆشو باشی هەبوو. لە دەعوەتو زیافەتە خەیاڵیەکانی ئیمپراتۆرا گوڵی مەجلیس بوو. زۆرجار لە تەنیشت قەڕاڵەوە دادەنیشتو شەریکی شادیەکانی ئەو بوو، بەلام چونکە تەبعو تەبیعەتی قەڕاڵ بەلای خوێنڕێژیدا مایل بوو، و لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە جێگەو مایەی حەسوودی خەڵکی بوون، زۆری نەبرد کە دڵی هەوسبازی ئیمپراتۆری لێ تۆراو فەرمانی مردنی دەرکرد.

مردنی ئەم پیاوە بە گوتەی مێژوونووسان یەکێکە لە مەرگە هەرە جوانو شکۆدارەکانی ناودارانی جیهان. هەستا گەورەترین دەعوەتو زیافەتی مێژووی ئیمپراتۆریەتی رۆمی لە کۆشکە جوانو رازاوەکەی خۆیدا سازداو ئەو شەوە ژمارەیەکی زۆری لە دڵدارانو ئەڤیندارانی رۆمی بە ویساڵی یەکدی گەیاند. پاشان لە نێو دەنگو ئاوازی گۆرانی بێژو شایەران دا چامەیەکی دەربارەی نیرۆن و ستەمکارییەکانی نیرۆن خوێندەوە، ئەوسا جوانترین کەنیزەکی، کە لە مێژ بوو ئاشقی بوو بوو، بانگ کردە لای خۆیەوەو ئەوسا فەرمانی دا کە دەماربڕان بە قاپی زێڕی خاڵیسەوە بێن بۆ لایانو دەماری دەستیان بڕن. پترونیوسو دڵدارەکەی بە جووتە بەو شێوەیە مردن، و لە حاڵێکا گەورەترین کەسایەتیانی رۆم لە هەمان کۆشکدا سەرگەرمی عەیشو نۆش بوون.

***

کاراکتەرێکی دیکەی رۆمانی کێوە دەڕۆی؟ سەردارێکە بە نێوی مارکوس وینیکوس، کە لە هەوەڵی رۆمانەکەدا پاش وەدەستهێنانی زنجیرەیەك سەرکەوتنی گەورە لە رۆژهەلاتدا، بۆ رۆم گەڕاوەتەوە. باسی شەڕی خۆی دەگەڵ دلاوەرانی ئەشکانیدا دەکات، و خۆی بە شانازیبەخشی مێژووی ولاتگیریی رۆم دەزانێت. مارکوس کە خوشکەزای پترونیوسە کە دەگاتەوە پایتەخت شەوێك لە کۆشکی یەکێك لە دەوڵەمەندانی شار بەسەر دەباتو لەوێندەر چاوی بە کیژێکی زۆر جوانو سەنگین دەکەوێ و بەسەد دڵ ئاشقو شەیدای دەبێت. لیژیا هەر خۆی لیژیایە، ئەمە شازادە خانمێکە کە دەگەڵ خولامێکی کەتەی زەلامی خۆیدا بە نێوی ئورسوس ڕێی کەوتووەتە ئەوێندەر،و دەستی قەدەر مارکۆسی سەرداری رۆمی لەسەر ڕێگایدا قوت کردووتەوە. مارکۆس کە لە ئاینی یەکتاپەرستی بێ ئاگایەو باوەڕی بە خواوەندانی ئەفسانەیی هەیە نازانێ کە لیژیا چووتە سەر ئاینی مەسیحو بە نهێنی بووە بە یەکێك لە شوێنکەوتووانی راستەقینەی مەسیحیەت.

سەرداری مەغروورو قۆرەدەماخ لە سەرەتاوە دەکۆشێت بە تۆبزی زەوتی بکات، لێ لیژیا بە دزییەوە روو لە شوێنێکی نادیار دەکاتو بە جۆرێ لەلایەن مەسیحیانەوە پەنا دەدرێو چاودێری دەکرێت کە ئیمپراتۆری سەرکێشو ملهوڕی رۆمیش ناتوانێ بیدۆزێتەوە. رۆژێ کە مارکۆس، دوای هەوڵو تەقەلایەکی زۆر دڵدارەکەی خۆی دەدۆزێتەوەو خۆی لەبەر پێیانی دەهاوێو هیچ چارێکی نامێنێ ئەمە نەبێ کە بە خۆیشی خیانەت لە ئیمپراتۆر بکاتو پەیوەندی

به پەیرەوکارانی ئاینی مەسیحەوە بکات. گفتوگۆی جووتە دڵدار هەر لە زمانی هنریك سینکیویچ جوانە:

***مارکوس:*** لیژیا، من لە هەموو تەمەنی خۆمدا، مرۆڤێکی سەرکەوتوو بووم، بەڵام تاقە جارێك رووبەڕووی شکست بوومەوە، ئەویش ئەو کاتە بوو کە بە دووی تۆدا گەڕام. کاتێ کە تۆ هەڵاتیت و خۆت لە من، و تەنانەتە لە پیاوانی قەڕاڵ، کە لەسەر داوای من تاقیبی تۆیان دەکرد، شاردەوە، من هەموو غروورو متمانەیەکی خۆم لە دەست دا. لیژیا من کەسێك بووم، و کەسێکم، کە ئەگەر تەمەشای هەر کیژێکی جوان و ڕندو ئەسڵزادە لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەت دا بکەم، لە بەردەممدا دێتە سەر چۆك و خوا خوایەتی دەگەڵ مندا بژی، ئیدی بە هەر سیفەتێك بێ، بە هاوسەری بێ یان بە ماشوقەیی، لێ تۆ رۆییشتی و گوێت پێنەدام. بۆ؟

***لیژیا:*** مارکوس، پێت وانەبێ من کوێرم. وا نەزانی کە دڵی من مردووەو هیچ هەست و سۆزێکی تیا نیە، من نەمدەتوانی خۆشەویستی و حەزی کەسێك بگرمە دڵ دژمنی خودای من بێ، دژمنی ئاینی من بێ، دژمنی باوەڕی من بێ، تۆ ئەگەر کەسێکی مەسیحی بویتایەو ئامادە بوایەی وەکو هاوسەرێك بۆ ماڵی خۆتم بەریتەوە، من هەر لەوێ خۆم داویشتە بەر پێیانت، پێت قاییل دەبووم، بەڵام تۆ ئەم کارەت نەکرد. لە یەکەم ساتەوە بە چاوی کەنیزەکێکی سووکەوە تەمەشات کردم.

***مارکوس:*** چارەنووس بەزم و گەمەی سەیری هەیە. تەماشای ئەم چەلیپا چکۆلەیە بکە کە لە گەردنمدایە. من رۆژێ لە رۆژان پێکەنینم بە هەموو ئەم شتانە دەهات. ژیان بەلای منەوە تەنیا شمشێرو دەسەڵات و هێزو لەشکرکێشی و نەشئەی سەرکەوتن بوو، کەچی ئێستا من لە جیاتی ئەوەی لە کۆشکە بەشکۆکەی خۆمدا بژیم، دەبێ بێمە ئەم گەڕەکە وێران و چۆڵە، جلکی پۆڵاینی جەنگ فڕێ بدەم و پەڵاس لەبەر بکەم، هەر هەموو ئەمە لەبەر خاتری دڵی تۆ کە وای گەرەکە.

***لیژیا:*** شانازی من لەمەدایە کە مەسیحییەکی ئیماندار بم. من بۆ خۆم شازادە خانمێکی بەناوونیشان بووم و وازم لە هەموو شتێ هێناو بۆ ئێرە هاتم. ئەمڕۆکە خۆم بە بەختەوەرترین کیژی جیهان دەزانم، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی بووم بە مەسیحی، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە بووم بە هاوسەری پیاوێکی بە تواناو دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆم و ئەویش بووە بە مەسیحی.

***مارکۆس:*** دڵنیابە کە رۆژێ لە رۆژان شوێنەواری بێ ئیمانی لەم وڵاتەدا نامێنێ، و ئەمڕۆکە هەموو ئەم مەسیحیانە بە بۆنەی تۆوە بە شانازییەوە جەژنیان گرتووە، راستە ئاهەنگ و جەژنی وان بە هەمان شکۆو جەلالی جەژن و ئاهەنگی دەوڵەمەندانی رۆم نیە، بەڵام هەر چییەك بێ جەژنی خۆشی و شادییە... وەرە دڵدارەکەم، وەرە ئەی ئەو کەسەی تا دوێنێ هەمووان لێت دەڕوینەوە، وەرە با ئەمڕۆ هەموو ئەوانەت بە خۆشی و شادی لە دەور خڕ بکەمەوە...

***

ژیانی جووتە قارەمانی رۆمانەکە، مارکوس و لیژیا، بەو ئاسانیەی کە خۆیان بیریان لێدەکردەوە، بە خۆشی و شادی ناگوزەرێ. نیرۆن کە زۆربەی سەعاتانی شەوو رۆژ خەریکی شیعردانان و ئاوازخوانی و سازدانی دەعوەت و زیافەتی ئەفسانەییە، ئەمجارەیان بە قسەی یارانی ڕیاکارو زمانلوس، دەست دەداتە کارێکی سەیرو بێ پێشینە: لێدەبڕێ ئاگر لە رۆم بەردا

تا شیعری ڕەسەنی بۆ بێت‌و شیعرەکانی واقیعیەت پەیدا بکەن. ئاگر لە ڕۆما بەر دەدات‌و بە خۆی لەسەر یەکێك لە حەوت گردەکەی شار رادەوەستێ تا بە چاوی خۆی ئەم ئاگرە گەورەو بێ وێنەیە بدینێ‌و شیعر بڵێت. زۆری پێناچێت کە بەشی هەرە زۆری پایتەخت دەبێت بە دۆزەخ‌و دەگەڵ خاکا تەخت دەبێت. خەڵکی کە لەم بێدادی‌و هەوەسبازییە ماندوو بوون، ڕادەپەڕن، ئیدی چار نیە قەڕاڵ دەبێ لە بەردەم خەڵکی ڕاپەڕیوودا پاکانە بۆ بێ خەتایی خۆی بکات، مقۆ مقۆ لە شاردا بڵاودەبێتەوە کە: ***"خەڵکینە پەیڕەوانی مەسیح ئاگریان لە پایتەختەکەی ئێوە بەرداوەو وێرانیان کردووە، بۆیە دەبێ هەموو ئەوانە سزا بدرێن.."*** باشە سزایان چیە؟ سزایان ئەمەیە کە هەر هەموویان بەژن‌و پیاوو منداڵەوە بخرێنە بەر حەیواناتی دڕندەو خەڵکی ڕۆما لە مەیدانە گەورەکەی کلوزیوم خڕببنەوەو تەمەشایان بکەن.

لێرەوە یەکێك لە خوێناویترین بێدادی‌و ستەمکاریەکانی ڕۆژگار دەست پێدەکات، ستەمکارییەك کە تەنانەت مێژووش شەرم لە گێڕانەوەی دەکات. ئیدی بە درێژایی چەندین مانگی بەردەوام هەزاران خەڵکی بێ تاوان، بە بەرچاوی سەدان هەزار خەڵکی بێ خەبەرو بێ ئینسافەوە، بە کارەساتترین شێوە هەواڵەی مردن دەکرێن‌و لەو دیاری مەرگ‌و تاوانەدا فریاڕەسێك نیە. لە نێو ئەو قوربانیانەدا دوو کەس هەن کە یەکێکیان ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆشەویست‌و باوەڕپێکراوی ئیمپراتۆری ڕۆم بوو: مارکۆس وینیکوسی سەرداری ڕۆمی، و ئەویتریان لیژیای هاوسەری مارکۆس بوو.

لیژیا بە فەرمانی ئیمپراتۆر سواری گایەکی بوغە دەکەن‌و توند دەیبەستنەوەو بەرەڵلای ناو مەیدانەکەی دەکەن. لە هەمان مەیداندا پیاوێك وەستاوە بە نێوی ئورسوس کە جەنگاوەرو پاڵەوانێکی بێ وێنەیەو هەموو تەمەنی خۆی لە خزمەتی شازادەخانم‌و بابی ئەودا بووە. ئورسوس، تەنیا یەك ڕێگەی لەبەردەمە. یان بکوژرێ یان ئەو گا بوغەیە بکوژێت کە لیژیایان سوار کردووە. بەڵام چۆن؟ شەڕێکی گەورە بە بەر چاوی حایری سەدان هەزار کەسەوە دەست پێدەکات،و سەرەنجام ئەم خولامە ئەمەکدارە بەهێزە لە چاوتروکانێکدا، لە ساتێکی هەستیاردا بازووانی خۆی لە گەردنی گا بوغەکە دەئاڵێنێ‌و هێندەی دەگوشێت تا حەیات لەبەر گا بوغە دەبڕێ‌و دەکەوێتە سەر عاردی. دیمەنەکە هەستیارو جۆشناکە، لێ ئیمپراتۆر بێ کەیفە، ڕێك لەم کاتەدا مارکۆس دێتە ناو مەیدانەکە. خەڵکی ڕۆم هەموو دەیناسن، کابرایەك بووە کە لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتدا شانازی‌و سەرکەوتنی زۆری بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بە دەست هێناوە. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەودا هاوارو هورای ئاپۆڕاکە بەرز دەبێتەوە. لێرەدا مارکۆس دەرفەتی قسەکردن پەیدا دەکات، زۆر شت لەمەڕ ستەمکارییەکانی ئیمپراتۆری خوێن مژ دەگێڕێتەوەو خەڵکەکە بۆ شۆڕش دژ بەو، هاندەدات.

***

ڕۆمانی (کێوە دەڕۆی؟) کە ڕۆمانێکی درێژو جوان‌و دڵگیرە، و لەلایەن (هنریك سینکیویچ) ەوە نووسراوە، پڕە لە ڕووداوو قەوماوی دیکەش، وەك سەربهوردی ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆم دژی ئیمپراتۆرو سەرەنجام خۆ کوژی کلادیوس نیرۆن، ئەو پیاوەی کە جیهانی بەشەریەت،

ستەمكارێكی تری وەكو ئەوی بە خۆوە نەدیتووە. نیرۆن نایەوێ بەو ئاسانیە مل بدات، و لە دوا ساتەكانی ژیانی دا هەموو نزیكانی خۆی یەك بە یەك بە دەستی جەلادو میر غەزەبان دەسپێرێت، یەكێك لەوانە هاوسەرەكەی خۆی دەبێت كە بەدەستی خۆی دەیكوژێت و بە دیار جەنازەكەیەوە كەیف و شادی دەكات.

كاتێ كە فەرماندەی گشتی سوپای رۆم ئاگاداری دەكاتەوە كە لە ئەسپانیادا شۆڕشێكی گەورە هەڵگیرساوەو شۆڕشگەران دەگەڵ خەڵكی ولاتی (گل)دا، كە دەكەوێتە خاكی فەرەنسای ئەمڕوە، یەكیان گرتووەو لە قوڵی باشوورەوە بەرەوپایتەخت لە پێشڕەوی دان. نیرۆن سەیرترین فەرمانی دوا رۆژەكانی ژیانی خۆی دەردەكات: باشە ماتەڵی چین؟ هەموو ئەو خەڵكانەی كە خەڵكی ئەسپانیاو گل-ن لە پایتەختدا كۆ بكەنەوەو قڕیان بكەن! ئەگەر ناتوانن یان دەرفەتتان نیە كە ئەم كارە بەپەلە ئەنجام بدەن، بۆ جاری دووەم ئاگر لە پایتەخت بەر بدەن و هەموو شوێنێ بسووتێنن! كە من بمرم حەزناكەم كەس لە دوای من بمێنێ! میللەتێك كە ئامادەبێ بەو ئاسانیە فەرمانڕەوایەكی میناكی من لە دەست بدات، هونەرمەندێكی پایەبەرزی وەك من لە بیربكات و بە فەرامۆشی بسپێرێت، هەر بۆ نەمان باشە، شایستەی ئەوە نیە بژی... دەی كەس مەبوێرن، هەمووان بكوژن و هەموو شوێنێ غەرقی ئاگر بكەن!.

***

بەڵام تازە، كار لە كار ترازاوە، قۆناغی ژیانی بەسەر چووە. گالبا، كە سەردارێكی جەنگاوەر بوو، و لە نێو جەماوەری خەڵكیدا هەوادارانی زۆری هەبوو، بە پشتیوانی گەل دەبێت بە قەیسەری رۆم.

ئێستا نیرۆن بە تەنیا دەگەڵ چەند هەوادارێكی خیانەت پیشەی دا ماوەتەوە. بۆ یەكەمجار لە ژیانیا بە چۆكا دێت:

ئێوە دەڵێن كە ئەگەر بە دیلی بكەومە دەستی قەیسەری سەركەتوو، بە شێوەی كۆن سزام دەدەن. دەڵێن سزاكەم ئەمەیە كە قولاپێكی گەورەم بە گەروودا دەكەن و پاشان بە جەڵدەو شەلاقان تێم بەر دەبن تا دەمرم... پاشان جەنازە هەنجن هەنجنەكەم دەخەنە روباری تیبەرەوە... نا، ئەم سزایە قابیلی قەیسەرێكی بە توانای میناكی من نیە، خەنجەرەكەی خۆمم وێدەن، و چونكە من توانای ئەوەم نیە كە لە دڵی خۆمی ڕابكەم، ئێوە پیاوەتیم دەگەڵ بكەن، رەحمم پێدا بكەن و بیكەن بە دڵما، هەزار ئەفسوس و مخابن بۆ ئەم بیلمەتە ناودارە كە بە نامرادی لە دنیا دەڕوات!

***

كێوە دەڕۆیت؟ لە راستیدا واریقاتنامەیەكە كە لە مێژووەوە هەڵێنجراوە، بەڵام چیرۆكنووس هاتووە لە رێگای داهێنان و خوڵقاندنی قارەمانانی دڵگیرو دروستكردنی بویەرو رووداوێن پڕ سۆزو گودازەوە، شاكارێكی ئەفراندووە. داوەری دنیا دەربارەی ئەم رۆمانە مایەی سەرسامی بوو. چاپی یەكەمی رۆمانەكە لە ساڵی ١٨٩٥دا بڵاوبووەوەو لە سەرو بەندێكا كە تیراژی چاپی كتێب بە ئەندازەی ئێستا نەبوو، لە زەرف پێنج ساڵدا تەنیا دوو ملیۆن نوسخە لە پاچڤە

ئینگلیزییەکەی فرۆشراو لە وڵاتانی وەکو فەرەنسا، ئیتاڵیاو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ئەم بەرهەمە لە شێوەی شانۆنامەدا، لە بەردەم ملیۆنان کەسدا هاتە نمایشکرن.

(جرمیا- کرتین)ی وەرگێڕی ئینگلیزی رۆمانی ناڤبری، بە خۆی یەکێکە لە بلیمەتە هەڵکەوتووەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکایی، چونکە وەکو دەڵێن پتر لە هەفتا زمانی بە تەواوەتیو بە چاکی زانیوەو لە زۆربەی ئەو زمانانەندا پسپۆڕو شارەزا بووە. کرتین لە رێگەی وەرگێڕانی ئەم رۆمانەوە شۆرەتی جیهانی پەیدا کردو وەکو نووسەری رۆمانەکە، ناوی ئاوێتەو تێکەڵی عینوانی کتێبەکە بوو. پاش بڵاوبوونەوەی پاچڤەی ئینگلیزی رۆمانەکە، گەلێك لە پاچڤەوانانی بە نامێی دنیا، بە هۆی شارەزایی نەبوونی تەواویان لە زمانی پۆڵەندی لەلایەكو ئەمینی پاچڤە ئینگلیزییەکەی کە بە دڵی خودی نووسەرەکەی بوو، رۆمانی ناڤبریان لە ئینگلیزیەوە بۆ زمانانی دیکەی زندووی جیهان پاچڤە کرد.

سەیر ئەمەیە کە ئەم رۆمانە پاش بڵاوبوونەوەی بووە مایەی ناڕەزایی کڵێسای کاتولیکی پۆڵانداو لەلایەن ئەسقوفی گەورەی وڵاتەوە، خوێندنەوەی لە تێکڕای مەسیحیانی ئەم وڵاتە حەرام کرا، کەچی هەر لە هەمان کاتدا، زانایانی زانستە خوداییەکان، بە تایبەتی ڕابەرانی مەزەبی رۆمو شارەکانی تری ئیتاڵیا، ئەم بەرهەمەی هنریك سینکیویچ-یان بە شاکارێکی بێ چەندو چوون لە قەڵەم داو، رووداوە مێژوویەکانی ناو رۆمانەکەیان بە وردو دروست زانی.

ئەدەبناسانی جیهان، رۆمانی کێوە دەڕۆی، هنریك سینکیویچ، بێ هیچ دوو دڵییەك بە جوانترینو مەزنترین بەرهەمی ئەدەبی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم دەزانن. داهێنەرو نووسەرەکەی خەڵکی لیتوانیا بوو، کە لەساڵی ١٨٤٦دا، واتا نزیکەی سەدو شەستو پێنج ساڵ لەمەوبەر هاتووەتە دنیاو دوای هەفتا ساڵ، لە ١٩١٦/١١/١٦دا لە شاری وارشۆدا کۆچی دوایی کرد. هنریك بەشی فەلسەفەی لە زانستگەی وارشۆ تەواو کرد بوو، بەڵام کەڵکەڵەو ئەشقی ئەدەبیات بەرەو جیهانی چیرۆکنووسی ڕاماڵی. یەکەم بەرهەمی کە لە ساڵی ١٨٧٢دا، یانی لە تەمەنی بیستو شەش ساڵیدا بڵاو بووەوە، چیرۆکێکی تەنز ئامێز بوو لە ژێر سەرناڤی: هیچ کەسێك لە وڵاتی خۆیدا پێغەمبەر نیە، و ئەم چیرۆکە بە تەنێ بەس بوو کە لەسەرانسەری پۆڵاندا ناوی بخاتە سەر زاران. بەرهەمەکانی دیکەشی وەکو: فەرزەندانی خاك، جەنگاوەرانی چەلیپا،و کتێبی فەلسەفی بێدینان، هەر هەموویان شۆرەتو ناوبانگی فرەیان پەیدا کرد،و لەلایەن خەڵکیەوە پێشوازی گەرمیان لێکرا، بەڵام ئەوەی پایەی ئەم چیرۆکنووسەی لە نێو گەورە ئەدیبانی جیهاندا چەسپاندو تەنانەت خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵی بۆ مسۆگەر کرد رۆمانی (کێوە دەڕۆی؟) بوو کە رۆمانێکی مەزنەو بە قسان، نووسەرەکەی مودەتی پانزە ساڵی تەمەنی خۆی لە تەحقیقو بەدوادا چوون و ساغکردنەوەو نووسینی دا سەرف کردووە.

***

کێوە دەڕۆیت؟ لەلایەکەوە چیرۆكو بەسەرهاتی خۆڕاگریو بەرخودانی تازە مەسیحیانە لە ئیمپراتۆریەتی رۆمداو لە لایەکی ترەوە چیرۆکی دڵرەقی و نەخۆشی نیرۆنی فەرمانڕەوای ئەم

وڵاتەیـە، کـە بـووە بـە سەرچـاوەو مایـەی داهێنـانو ئەفرانـدنی یـەکێك لـە جـوانترین بەرهەمـە کلاسیکیەکانی ئەدەبیاتی جیهان لە سەدەی بیستەمدا.

***

***سەرچاوە:***

***تصویری از ادبیات کلاسیك جهان/۱۹/شرکت سهامی کتابهای جیبی/ وا بسته به موسسه انتشارات امیر کبیر/ اسفند ۱۳۸۸***

## ٢٠- کۆمیدیای یەزدانی

**دانتی ئالیگێری** ( ١٢٦٥- ١٣٢١ ) یەکەمین شاعیری گەورەو کاریگەری ئیتاڵیایە، لە فلورانس لە دایك بووە. بە یەکێك لە گەورەترین نووسەران‌و شاعیرانی مێژووی بەشەری دەزانن. شیعرەکانی لە مۆزیقا دەچن، خاوەنی فیکرێکی بەرزو خەیاڵێکی بەهێزو لە وەسفی وردەکارییاندا یەجگار دەوڵەمەندو بە توانایە.

***

کاتێ کە بۆ یەکەمین جار خانمی شکۆداری حەزو ئارەزووەکانم خۆی پیشاندام‌و کەتە بەرچاوانم، کە ناوی پیاتریس بوو، بە مەزەندەی چاوی من لە نۆ ساڵان پتر نەبوو، منیش کە چاوم بە جوانی‌و جەماڵی ئەوا هەڵێنا، تازە تەمەنی نۆ ساڵیم بەڕێ دەکرد. کاتێ کە ئەوم بینی پیاو راست بڵێ روحی ژیان کە لە پەنهانترین گۆشەی دڵما ئاکنجی بوو بە جۆرێ هاتە لەرزین کە بێئاگا بە خۆم گوت: ***"ئەو خودایەی کە لە تۆ بە تواناترەو لەمە بەدوا فەرمانڕەوایی تۆ دەکات لێرەدایە..."***

***"...دوا رۆژانی تەمەنی نۆ ساڵیمان بورین، و من جارێکی دی ئەوم دیتوە. کراسێکی سپی هاودامانی لەبەردا بوو و لە بەینی دوو ژنی لە خۆی گەورەترا بە شەقامێکدا تێدەپەڕی. من کە شەرمن‌و حەپەساو لەوێندەر وەستا بووم‌و تەماشام دەکرد، چاوی تێ بڕیم. بیاتریس بەم سۆزە بێدەنگەی، خودای مەزن پاداشتی بداتەوە، بێگەردانە ئەشق‌و ڤیانی خۆی پێشکەش کردم‌و من لەوێدا هەستم بە بەرەکەتی هەمیشەیی خودایی بەسەر خۆمەوە کرد..."***

و بەمجۆرە نەوجەوانێك کە نێوی دانتی ئالیگێری بوو، لە رۆژێکی هەتاوی ساڵی ١٢٧٤ز، لە شاری فلورانسی وڵاتی ئیتاڵیادا لە نزیکەوە کیژێکی هەڤساڵی خۆی بە نێوی بیاتریس پورتیناری بینی، و ئەم دیدارە کڵپەی ئەشق‌و ڤیانێکی وەهای لە دڵیا هەڵایساند کە تا کۆتایی تەمەنی پەنجاو شەش ساڵەی بۆ تاقە ساتێکیش لە بوونیا دانەمرکایەوە. بە خۆی لەبەرهەمێکی شیعری نەمری خۆیدا بە نێوی (ژیانی نوێ) دەنووسێت کە دڵدارە جوانەکەی خۆی جگە لە چەند جارێك، ئەویش لە دوورەوە، نەبینیوەو تەنانەت تاقە جارێکیش قسەی لەگەڵدا نەکردووە. بیاتریس لە سەرەتای گەنجیدا شووی بە پیاوێکی دی کرد،و هێشتا لە سەرەتای بەهاری تەمەنیا بوو (٢٤ ساڵ) کە کۆچی دوایی کرد. کاتێ بیاتریس بە جوانەمەرگی سەری نایەوە، لە چاوی دانتی دا کە تەنیا بە میهری پاکی ئەو دەژیا، هەموو لەزەتێکی دنیایی کۆتایی هات‌و تەواو بوو. ئیدی بیاتریس چووە خانەی قەدیسینەوەو هەر ئەویش بوو کە سەرەنجام شاعیری هزرڤانی وادارکرد تا بالاترین تەجەلی زەوق‌و سەلیقەی بەشەر، یانی کتێبی کۆمیدیای یەزدانی بنووسێت‌و لەوێدا وەکو فریشتەیەکی ئاسمانی باسی بیاتریسە جوان‌و پاك‌و بێگەردەکەی خۆی بکات.

دانتی کێیەو بۆچی بەرهەمە نەمرەکەی (کۆمیدیای یەزدانی) بە شاکارێکی هەموو سەدەو سەردەمەکان ناو دەبرێت؟

دانتی لە سەردەمێکا دەرکەوت کە ئەوروپا قۆناغی نەزانی و جاهیلیەتی بەڕێ دەکردو دەبڕی. لەم سەر زەمینە پان و بەرینەدا، جگە لە شەڕو شۆڕو وابەستەگی و دەمارگیری مەزەبی هیچ شتێکی دیکە نەدەبینرا.. دانتی بە ئەفراندنی بەرهەمە نەمرەکەی خۆی لە پڕ تروسکەیەکی مەعریفەتی ئەوتۆی لە دڵی خەڵکی خەوتوو و لەبیرکراوی ئەوروپا هەڵایساند، کە بەرهەمەکەی دەرکەی زانست و هونەرو فەزڵ و مەعریفەتی لەبەردەم ئەوروپاییاندا کردەوە. لەبەر ئەمەیە کە بە یەکێك لە پێشەنگانی بێ چەندو چوونی سەردەمی رێنیسانسی زانستی و ئەدەبی و هونەری ئەوروپای دەزانن.

هەڵبەتە دانتی کە هاتووە کۆمیدیای یەزدانی بە شیعر داناوە، دوو خزمەتی گەورەی بە هاووڵاتیانی خۆی کردووە، یەکێکیان ئەمەیە کە بۆ خەڵکی جیهانی سەلماند زوبانی ئیتاڵیایی ئەوەندە دەوڵەمەندە کە دەتوانێ جێگەی زوبانی لاتینی بگرێتەوەو پێویست ناکات هەموو شاعیرانی ئەو دەڤەرو دیارە بەرهەمێن خۆ بە زوبانی لاتینی بنووسن،و دووەمیان ئەوەیە کە زوبانی "تسکانی"، کە تا ئەو کاتە زمانێکی ناوچەیی بوو، لە وڵاتی ئیتاڵیادا کرد بە زمانی باو.

دانتی لە زوبانی ئیتاڵیاییدا هەمان پایەی هەیە کە شەکسپیر لە زوبانی ئینگلیزی، هۆمیرۆس لە زوبانی یونانی، سیرڤانتس لە زوبانی ئەسپانیایی، گوتە لە زوبانی ئەڵمانی و رودەکی لە زوبانی فارسیدا، هەیانە.

دانتی لە ١٢٦٥/٥/١٤ز، یانی لە نیوەی دووەمی سەدەی سیانزەیەم لە فلۆرانس هاتووەتە دنیاو دوای پەنجاو شەش ساڵ لە ١٣٢١/٩/١٤ لە دەربەدەری و ئاوارەییدا، لە تاراوگەدا، لە شاری راڤێنا – Ravenna ماڵاوایی لە ژیان کرد. دانتی لە ماڵباتێکی ناسراوو بە نێوبانگی فلۆرانسی بوو،و تا تەمەنی بیست و چوار ساڵی کە جلکی جەنگاوەری لەبەر نەکردبوو و دەستی نەدابووە کاری سوپایی، هەموو زانست و هونەرو فەلسەفەکانی سەردەمی خۆی خوێندبوو.

ئیتاڵیا لەو سەروبەندەدا بەسەر چەند ویلایەتێکی جیاوازدا دابەش بوو بوو و هەر ویلایەتێك حوکمڕانی سەربەخۆی خۆی هەبوو. شەڕو خوێنڕێژی بە گەورەترین سەرگەرمی و مەشغەڵەتی خەڵکی ئەم هەرێم و دەڤەرانە حەساو دەکرا،و دانتی-ش کە بە خۆی سەری لە جەنگاوەری دەخوراو ئارمانجی نیشتمانپەروەرانەی هەبوو، بەشداری مەیدانی شەڕی کرد.

دانتی بە هەواداری کۆمەڵێك کە ناوی (گوڵفز)یان لە خۆنا بوو، و دروشمیان رزگاری فلۆرانس لە نیری ئەسارەتی پاپا بوو، بەشداری شەڕی کردو سەرکەوتنی بە دەست هێنا. وەکو یەکێك لە شەش ڕابەری کۆمەڵەی ناڤبری بۆ چەند ساتێك لە مەیدانی سیاسەت و وڵاتداری دا کاری کرد، بەڵام بەخت پشتی کردە خۆی و یاوەرانی. کۆمەڵەیەکی دژ بە کۆمەڵەکەی ئەوان جێی پێ لەق کردن و شکستی پێدان و ئیدی دانتی لەو مێژووە بە دواوە دوور خرایەوەو تا کۆتایی تەمەنی بە ئاوارەیی و دەربەدەری ژیا.

لە سێ بەرهەمە بەنێو بانگ‌و نایابەکەی دانتی دا، کە کۆمیدیای یەزدانی شاکاری هەموویانە، تەجەلی سێ قۆناغی ژیانی دانتی دەبینین. لە بەیتی (ژیانی نوێ)دا کە لە سالانی نۆلاویدا هۆنراوەتەوە، دانتی وەکو ئاشق‌و شەیدایەکی راستگۆ دەبینین کە هەموو ئاوات‌و ئارەزوویەکی ئەمەیە کە بیاتریسی لێ رازی بێت. لە بەرهەمی دووەمی دا کە (زیافەت یان خوان)ی ناوە دانتی وەکو زانایەك دەبینین کە رووی کردووەتە کەماڵ‌و پوختەیی‌و خۆشی‌و شادی لە فێر بوونی حیکمەت‌و فەلسەفەدا دەبینیێ‌و لە سێیەمین بەرهەمدا کە (کۆمیدیای یەزدانی) ناوە دانتی وەکو عارفێك دەبینین کە رووی کردووەتە پەروەردگار.

کۆمیدیای یەزدانی باسی چی دەکات؟ کۆمیدیای یەزدانی بەیتێکە لە سێ بەش پێکهاتووە: دۆزەخ، بەرزەك، بەهەشت. خەون‌و خەیالاتی شاعیر، شاعیر بەرەو لێرەوارێکی تاریك‌و ئالۆز دەبات. لەو لێرەوارەدا شاعیر تووشی تاپۆی ڤیرجیلی داستان بێژی نەمری رۆما، کە زۆری رێز دەگرت، دەبێت. بەو سەرگەردانی‌و داماوییەوە ڤیرجیل داوای لێدەکات تا بە دوو قوڵی بەرەو دۆزەخ‌و بەرزەك‌و لەوێندەرەوە بۆ بەهەشتی بەرین بڕۆن. دانتی لە سەرەتاوە دوو دڵ دەبێت،و هەرکە دۆست‌و ڕابەرەکەی (ڤیرجیل) مژدەی دەداتێ کە لە بەهەشتدا دەگاتە دیاری بیاتریس، پێشنیازەکەی پەسند دەکات‌و بە جووتە بەرەو دۆزەخ دەڕۆن...

*لە نیوەی ڕێگای ئەم ژیانە فانییە،*
*من خۆم وێڵ‌و سەرگەردان لە لێرەوارێکی ترسناکدا بینییەوە،*
*لە ڕێگەی ڕاست‌و دوور*
*ترساو بەڕادەیەك کە باسی ئاسان نیە،*
*لێرەوارێکی کێوی‌و بێ بەزەیی،*
*لە کاتێکا ترس بەسەرما زاڵ بووە*
*غەمگین‌و پەشێو مەرگ بەر دەرکەی پێ گرتووم.*
*ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە کە*
*لەوێندەر بەسەرم هات...*

بەڵێ، لێرەوە سەفەری ئەو بەرەو دۆزەخ دەست پێدەکات. دۆزەخ وەکو دانتی لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا وێنەی گرتووە، چاڵێکی یەجگار گەورەیە، بازنەییە، تا بڵێی تاریك‌و ساردە، تا بەرەو قوڵایی دەچی باریکترو ساردترو تاریکتر دەبێت. بە چوار دەوری ئەم چاڵە ترسناکەدا بەشە جیاوازەکانی دۆزەخ دابەش بوون، هەڵدێری دیوارئاسای ئەوتۆ کەوتووەتە بەینی ئەو بەشانەی دۆزەخ‌و لێکدی جیاکردونەتەوە، کە هاتوچۆ لە بەینیاندا ئاسان نیە. ئەم بەشانە نۆ تەبەقەیەو جا لەوێدا گوناحکاران بە گوێرەی خەتاو تاوانیان مەحکوم بە عەزابی ئەبەدی‌و هەمیشەیین.

دانتی دەگەڵ ڤیرجیل دا بەم بەشانەی دۆزەخدا دەڕوات‌و لە هەر بەشێکیاندا ناودارانێك دەبینێ کە رۆژگارێك لە مێژوودا بە ناووناوبانگیان ئاشنا بووە. دانتی ئێستا ئاگاداری چارەنووسیانە، چونکە لەو دەمەدا کە پێ دەنێتە دەروازەی دۆزەخ، ڤیرجیل سەرنجی بۆ چەند ڕستەیەك کە بە بەرزییەوە لەسەر دەرگای دۆزەخ هەڵکەندرابوو راکێشا بوو:

*- لە منەوە بۆ شاری ڕەنج دەڕۆی...

*- لە منەوە بەرەو دەردو ئازاری هەمیشەیی دەڕۆی...

*- لە منەوە بەرەو لای خەڵکانی وێڵ دەڕۆی

*- ئەی ئەو کەسەی پێ دەنەیتە ئەم دۆڵە، داوی ئومێدەکانت بپچڕە...

و بە دوو قۆڵی دەچنە پێشێ. سەرماو بای توند تا سەر مۆخ ئێسکیان دەبڕێ، لە شوێنێك سەمیرئەمیسی شابانۆی ئاشور، لە شوێنێکی دی دا کلیوپاترای شابانۆی میسر، لە سوچێکا هیلینی شابانۆی ئەتینو لەلایەکی ترەوە ئەخیلی شەڕڤانو قارەمانی شەڕی تەروادە دەبینن. دانتی لەگەڵ زۆربەیاندا قسە دەکاتو لە هەندێ هەڵوێست دا لە حەژمەتی خەمو پەژارەو دەردو ئازارو بێ نەوایی و بێ چارەیی ئەوان، دەگریو فرمێسکی چاوان دەبارێنێ.

لە یەکێك لە تەبەقەکانی دۆزەخدا دانتی فرانچسکا دەبینێو قسەی دەگەڵ دەکات: فرانچسکا ئەو ژنە جوانەیە کە خیانەتی لە مێردەکەی کردو حەزی لە شووبراکەی خۆی کرد. ڤیرجیل بۆی باس دەکات کە چۆن فرانچسکا لە شاری ڕاڤینادا پەری روویەکی ئاشوبگێڕ بووە. بە تۆبزی دەیدەن بە پیاوێکی ناحەزی درێوی ناشیرین بە نێوی جوڤانی. فرانچسکا کە بەخۆی دڵێکی جوانپەرستی هەبوو، دەکەوێتە داوی ڤیانی شووبراکەیەوە بە نێوی پایولو، مێردەکەی بەمە دەزانێو ڕۆژێ هەردووکیان لە باوەشی یەکدیدا دەگرێتو دەیانکوژێت. دانتی لە چارەنووسو بەسەرهاتی مێردەکەی فرانچسکا دەپرسێتو ئێدی بۆی روون دەبێتەوە کە بە کوشتنی برایەکەی خەتایەکی گەورەتر لە خیانەتی هاوسەرەکەی کردووەو ئیدی خراوەتە حەوت تەبەقەی دۆزەخەوەو تەمەنی پڕ مەینەتیو مەینەتباری لەوێندەر بەسەر دەبات.

دانتی لە سەفەری پڕ دەردو ئازاری دۆزەخدا، لە هەر هەنگاوێکا بە ڕازو نهێنییەکی نوێ ئاشنا دەبێت، بەڵام هیچیان لە سەربهوردو واریقاتی فرانچسکا بە سوێترو دڵتەزێنتر نین.

پاریسو تریستان-م بینی

هاوسەفەرەکەم پتر لە هەزار تاپۆو شەبەنگی نیشاندامو گوتی هەموو ئەمانە لە سۆنگەی ئەشقی خیانەت ئامێزەوە کەوتوونەتە ئەم دۆڵە ترسناکە.

کاتێ گەییمە هەنبەر فرانچسکا پێی گوتم:

ئەی ڕێبوارە دلۆڤانە دڵپاکەکە، ئەی ئەو کەسەی بە ناوجەرگەی ئەم دۆڵە تاریکەدا تێ دەپەڕی، ئەم دۆڵە، ئەم خاکو سەر زەمینەی کە ئێمە بە خوێنی خۆمان سوورمان کردووە... کە ئێستا خێرو بەرەکەتت هێناوەو بەختی ڕەشی ئێمەت بەسەر کردووەتەوە، کەواتە گوێ لەسەربوری ئێمە بگرە...

هەرکە چیرۆکی ئەو روومانگە سیا ڕۆژە تەواو دەبێ، دانتی لە حەژمەتاندا، وەکو مردوو دەکەوێتە سەر عاردیو لە هۆش خۆی دەچێت،و کاتێ چاو دەکاتەوە خۆی لە تەبەقەی سێیەمی دۆزەخ، لەپاڵ ڤیرجیلدا دەبینێتەوە.درێژە بە سەفەرەکەی دەدا. هەموو شوێنێك هەر مرداوو قۆپی بۆگەنە، هەموو شوێنێك زۆنگاوی ژەهراویە، لە هەموو لایەکەوە ئاوی بۆگەن دەبارێت، بای

ساردو زەمهەریر بۆ ساتێك ئەو مەحكومە بێچارانە ڕەها ناكات، گوناحكاران بە گشتی مەحكوم بە ژیانی نێو قوڕەسیان و چڵپاون.

سەرەنجام جووتە شاعیری هزرڤان دەگەنە تەبەقەی شەشەمی دۆزەخ، ئەوێ یەكپارچە گۆڕستانە،و بڵێسەی ئاگر لە یەك بە یەكی ئەو گۆڕانە هەڵدەستێ. ئێرە گۆڕستانی ئەو كەسانەیە كە گومانیان لە بوونی یەزدان كردووەو دەبێ تا دنیا دەبڕێتەوە لە گڕو كڵپەی ئەو ئاگرە ترسناكەدا بسووتێن.

سەرەنجام دانتی و دەلیلەكەی، ڤێرجیل دەگەنە تەبەقەی هەشتەم، یانی بنكی دۆزەخ كە نشیمەنی ئیبلیسە. دنیا هێندە تاریك و نوتەكە كە كەس بە تەواوەتی هیچ شتێك نابینێ. لەم كاتەدا لە پڕ گرم و هۆڕێكی هەورە تریشقە ئاسا دێتە گوێ و دانتی هەر كە دیقەت دەدا كۆمەڵێك تاپۆی تاریك و لێڵی كۆمەڵێك ئێسكە پەیكەری زەلامی دێو ئاسا دەبینێ كە لە قەراخ هەڵدێرێكی هەزار بە هەزاردا وەستاون. ڤێرجیل دەیانناسێنێت: ئەمانە گەورە یاخی و سەركێشانی سەر زەمینن كە بە ئاشكرا بە گژ خودای خۆیاندا چوون وەك: نەمرودی بابیلی، بەتلیمۆسی خیانەتكار،و ئەسخەریوتی، كە خیانەتی لە عیسا مەسیح كرد. ئیبلیس، خواوەندی قەڵەمڕەوی دۆزەخ، هەردوو لاق لە بەستەڵەكەدا چەقیو لە نێویاندا دانیشتووە، بەسێ دەموچاوی ناحەزو ناشیرینەوە سەری داخستووەو لە ژێر دەموچاوەكانیەوە دوو باڵی یەجگار گەورەو بەهێز هاتوونەتە دەرێ و ئیبلیسی مەلعون هەرجارێ كە ئەم دووباڵە دەجولێنێ تا لە جێی خۆی ڕابێت، بە هۆی جوڵەی باڵەكانیەوە بایەكی زۆر ساردی توند هەڵدەكات و لاقەكانی هێندەی دی بەسەر گۆلاوە بەستووەكەوە دەچەقێنێ.

من و ڕابەرەكەم بە ڕێگایەكی نهێنیدا تێپەڕین و ئەنجام پێمان نایە دنیای روناكی دەرەوە، بێ ئەوەی بیر لە ساتە پشوویەك بكەینەوە، لە پەستاو بێ بڕانەوە، ئەو لە پێشەوەو من لە دواوە بەرەو سەرەوە هەڵگەڕاین تا ئەو دەمەی چاوانم بە دیداری ستێرانی پرشنگداری ئاسمان رۆشن بوونەوە...

***

لە بەشی دووەمی كۆمیدیای یەزدانی دا سەفەری دانتی بۆ بەرزەك (بەرزخ) دەست پێدەكات. شاعیر لە تاریكستانی سامناكی دۆزەخ هەڵاتووە، لە هەر قۆناغێكدا خۆی دەداتە بەر قەڵبەزەی نورو روناكی ستێران و بە نوری ستێران خۆی دەشوات. هەڵگەرانی بە كۆساری ئەعراف دا (بەرزەك) پێ زەحمەت نیە، بە تایبەتی كە لە دۆزەخ رزگار بووە، چالاك و چەلەنگ لە خۆشیان لە پێستی خۆی ناهێورێت. كەچی بەو حاڵەشەوە ڕێگەی بەرەو لوتكەی ئەعراف گوم دەكەن. لێرەدا یەكێك فریایان دەكەوێت و دێتە یارمەتیان. ئەو كەسە (كاتو)ی هزرڤانی خواناس و بە تەقوا بوو، كە گیانی خۆی لە ڕێگای ئازادیدا دانا بوو.

سەفەری بەرزەك وەكو سەفەری دۆزەخ زەحمەت و ناخۆش و خەمناك نیە. بە هەرحاڵ كەسانێكی تێدان كە بەر قارو غەزەبی خودا كەوتوون، بەڵام سزاكەیان هەمیشەیی نییەو تەنیا قۆناغ و

ماوەیـەکی کـورت دەخایـەنێ. مـیران و فـەرمانڕەوایانێکی زۆر لەسـەفەری بەرزەکـدا لەسـەر ڕێـی شـاعیر دەبینـرێن و دانـتی لـە بەسـەرهاتی هـەموویان و لـەو سـزایەش کـە پـەروەردگار بـۆی دیـاری کردوون ئاگادار دەبێت. لە داوێنی کێوی ئەعرافدا شـاعیری ڕێبـوار هەنـدێجار جیلوەی بەهەشـتی بـەرین دەبـینێ. لێـرەدا، لـە قەڵـەمڕەوی ئەعرافـدا زیـاتر بـاس باسـی تـەقواو خواپەرسـتی و داوێنپاکییـە، بـە پێچـەوانەی دۆزەخـەوە کـە خەراپـەو دڵڕەقـی تێـدا زاڵ بـوو، لێـرەدا ئومێـدو وەفاداری و بەخشش زاڵە.

ئومێـدی دانـتی ئەمەیـە بـە زووتـرین کـات دڵـدارە هەمیشـەییەکەی خـۆی (بیـاتریس) بـدینیٚ و سەرەنجام ئەو ساتە دێتە پێشیٚ:

***خانمێك لە بەرانبەرم دەرکەوت...***

***پۆشاکێکی حەریری سەراپا کەسکی لەبەر بوو***

***لە تۆ وایە مەشخەڵەو پرشنگ دەهاویٚ***

***روحی من، کە لە مێژ بوو بە***

***دیداری ئەو نەهاتبووە لەرزە...***

***کەوتە جۆش و خرۆش.. ئەگەر چی***

***دیدەکانم بە دروستی نەیان***

***دەبینی...***

***چونکە جۆرە پاکییەکی پەنهانی***

***لەودا دیار بوو...***

***بەم حاڵەوە عەشقی دێرین***

***بەسەر بوونمدا زاڵ بوو.***

***لە پڕێکا، لەو کاتەدا کە چاوم***

***بڕی بووە ئەو،***

***هەمان دەسەڵاتی ئاسمانی، هەمان***

***ئەشق و ڤیانی کە لە منداڵیدا***

***سەبارەت بەو هەمبوو...***

***سەراپای بوونی***

***فەتح کردم...***

دانـتی دەسـتەو دامێنی ڤیرجیل دەکـەویٚ کە یارمـەتی بدات و بـە ویسـاڵی مـەحبوبی بگـەیـەنیٚ، بەڵام لێرەدا ڤیرجیل بە ئاشکرا بە دانتی دەڵیٚ کە ناتوانیٚ لەمەدا ڕێبـەری و ڕێنـوێنی بکـات. دەبـیٚ دانتی بە خۆی بـەرەو روحـی پـاکی مەحبوبەکـەی هـەنگاو بنیٚ و دەگـەڵ ئـەودا بـەرەو عەرشـی بـاڵا بڕوات.

سـەفەرو گەشـتی بەهەشـتی بـەرین بـۆ خـۆی کتێبێکـی مـەزن و پـڕ پەنـدو عیبرەتـە. هەرچـەندە رەخنــەگرانی ئــەدەب تێکـرا گوتوویانــە دۆزەخ و بــەرزەك و بەهەشــت لــە کتێبەکــەی دانــتی دا

(کۆمیدیای یەزدانی) لە روانگەی بابایەکی کاتۆلیکی پابەندو موتەعەسبەوە نووسراوە، بەلاّم ویڕای ئەوەش ناشێت نکوڵی لەو حەقیقەتە بکرێ کە دانتی بە حوکمی شارەزایی لە هەموو ئاین‌و باوەڕەکانی تیرەی بەشەر، هەوڵیداوە بەرهەمەکەی خۆی لە هەر جۆرە دڵبەستەگییەکی مەزەبی بپارێزێ‌و دوور بگرێت.

هەر ئەمەش کردویەتیە کارێك کە شاکارێکی بێ چەندو چوونی وەك کۆمیدیای یەزدانی بێتە ئاراوە، شاکارێك کە لە سەدەی سیانزەیەمەوە تاکو ئەمڕۆ وێنەی نەبووەتەوەو تا دنیا دنیایە بەشەریەت شانازی پێوە دەکات‌و خۆی پێوە با دەدات.

***

رۆم‌و ئیمپراتۆریەتی رۆم ئەگەر لە سۆنگەی ملهوڕی‌و ستەمکاری قەیسەران‌و جەبری مێژووەوە، بەرەو فەوتان‌و نەمان چوو، ئەوا دانتی بەشاکارەکەی خۆی (کۆمیدیای یەزدانی) جارێکی دی ئەم شکۆو شانازییەی تازە کردەوەو تاجێکی نەخشین‌و درەخشانی لە هونەرو ئەدەب خستەسەر میللەتی ئیتاڵیا. ئەم کتێبەی دانتی کۆتایی بە سەردەم‌و رۆژگاری جەهل‌و نەزانی سەدەکانی ناڤین هێنا، چونکە بە بلاّوبوونەوەی ئەم بەرهەمە، بلیمەتیی نووستووی پڕ داهێنانی هونەری ئەوروپا لە خەوی قورس‌و قووڵ ڕابوو. شارەزایانی مەیدانی رەخنە باوەڕیان وایە ئەگەر دانتی هەڵنەکەوتبا، لەوەبوو لە ئیتاڵیادا، پترارك‌و بوکاچیو، شاعیرو چیرۆکنووسانی سەدەی چواردەیەم هەڵنەکەوتبان.

چۆسەر، یەکەمین شاعیری ئینگلیزی، لە بەرهەمە بەنێوبانگەکەیدا (حیکایەتەکانی کونتربوری) لە ژێر کاریگەریی (کۆمیدیای یەزدانی)ی دانتیدا بووەو ئەم کاریگەرییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە چوسەر وەکو نوێنەری پاشا چوو بۆ وڵاتی ئیتاڵیا. تەنانەت شەکسپیرش، کە بە شاعیری بێ هاوتای جیهانی دەژمێرن، لە کاریگەریی هزرو زمانی دانتی بە دوور نەبووە.

میلتن، بێگومان (بەهەشتی لە دەست چوو)ی لە ژێر کاریگەریی (کۆمیدیای یەزدانی)دا نووسیوەو ئەم کاریگەرییە لە سەدەی چوارده بە دواوە لە بیرکردنەوەو هزرینی ئەودا بە تەواوەتی رەنگی داوەتەوەو بەردەوام بووە. هەڵبەتە جۆرە دوو دڵی‌و گۆمانێك لەوەدا هەیە کە فۆرم‌و چوارچێوەی چیرۆکەکەی دانتی لە داهێنانی خودی شاعیر بێت‌و لەو جۆرە بەرهەمانە لە ئاینی ئیسلام‌و زەردەشتیەت‌و ئاینەکانی دی دا هەبووەو دەشێت مەزەندەی ئەوە بکرێ کە دانتی بە هۆی شارەزایی لە زانست‌و ماریفەتێن رۆژ، شێوەی کارەکەی خۆی لە خەڵکی ترەوە وەرگرتبێت. بە هەرحاڵ، هەرچۆنێك بووە، ئەمڕۆکە رۆژاواییەکان لە رووی داهێنانەوە سێ شاعیر بە گەورەترین شاعیرانی جیهان دەزانن‌و باوەڕیان وایە لەو رۆژەوە بەشەر پەیدا بووە تا ئەمڕۆ وێنەیان نەبووەتەوە. ئەم سێ شاعیرە بریتین لە : هۆمیرۆس، دانتی و شەکسپیر.

***

کۆمیدیای یەزدانی شاکارێکە لە سێ بەشدا: دۆزەخ، بەرزەك،و بەهەشت. تەرخانە بۆ وەسف‌و باسی ئاقیبەت‌و ئامانجی هەر مرۆڤێك. سەفەرێکی خەیاڵییە بە نێو خەم‌و پەژارەو خۆشی‌و

شادیدا. یەکێکە لەو شاکارە بەشەرییە دەگمەنانەی کە لە هەموو سەردەمێکاو لە نێو هەموو میللەتاندا پێگەو شوێنێکی بێ هاوتای هەیە.

***سەرچاوە:***

***تصویری از ادبیات کلاسیك جهان /۲۰/شرکت سهامی کتابهای جیبی / وا بسته به موسسه انتشارات امیر کبیر/ اسفند ۱۳۸۸***

## ٢١- برسێتی

کنوت هامسون (١٨٥٩- ١٩٥٢) رۆماننوسێکی نەرویجییە.سەرەتاکانی تەمەنی لاوی بە ڕیسك وسەرکێشی،گەران و دەربەدەری بەسەربردووە،ئەمەش لە زۆربەی چیرۆکەکانیا رەنگی داوەتەوە..هامسون نەك هەر لە ولاتی خۆیدا بەڵکو لە سەرانسەری ئەوروپاشدا شۆرەت و ناوبانگ و خۆشەویستی پەیدا کرد..لێ کاتیێ کە لایەنگری لە نازییەکان کرد لە بەرچاوی خەڵکی بێزراو دوا ساڵەکانی تەمەنی زۆر بە سەختی و دژواری تێپەڕی. لە ساڵی ١٩٢٠دا خەلاتی نۆبلی ئەدەبیاتی وەرگرت.

***

(ئۆسلۆ) پایتەختە جوانەکەی ئیستای نەرویج، لە دوا سالانی سەدەی نۆزدەدا (کریستیانیا)ی پێدەگوترا و بە یەکێك لە بەندەرە بە ئیحتوبارەکانی باکوری ئەوروپا دەژمێردرا و لەو رۆژگارەدا، یانی لە یەکێك لە رۆژەکانی پایزی ١٨٩٠دا،کاتیێ کە بایەکی ساردی جەمسەری هەڵیکردبوو و گەلای زەردو پەرتەوازەی درەختان رووی شەقامەکانی دادەپۆشی، پیاوێکی نیگەران و خەمبارو خەمین و نەخۆش،لە گەرەکێکەوە بۆ گەرەکێك ،لە کۆلانێکەوە بۆ کۆلانێکی دی دەرۆیی، لە دنیای خۆیدا بوو، بێئەوەی ئازاری سەرما یان مەینەتی برسیەتی لە پێی بخات، یان دەست لەو خەڵکە دەولەمەند و بەختەوەرە پان بکاتەوە، کە لە هەر گۆشەو کەنارێکی شاردا، بێئەوەی ئاگایان لە بێنەوایی خەڵکانی دی بێت، خۆیان دەنواند،وەکو پاشایەك لە کۆشکی ئەفسانەیی خەیاڵدا، لە سەر تەختی غروورو نەفسبەرزی دانیشتبوو،و وەدەیڕوانییە رۆژگاری شیرین و پڕ هیواو ئومێدی ئایندە و ئەرخایەن و خاترجەم بوو کە بەو زووانە ئەم رۆژانی نامورادی و ناکامیانە دەبڕێنەوەو کۆتاییان دێت.بەلاو مەینەتی وەکو لافاو بەسەریا دابوو.خاوەن ماڵەکەی جوابی کردبوو،و ئەو رۆنامەیەش کە جاروبار چیرۆکێك یان وتارێکی بۆ دەنووسی، لەو دواییانەدا نووسینەکانی بۆ بلاو نەدەکردەوە. لە بەهاری رابردووەوە کە ئەژدیهای هەژاری و بێکاری و دەستکورتی، رووی شومی خۆی نیشان دابوو ، دارو نەداری خۆی فرۆشتبوو و لە بەرەوە خواردبووی.چەندیش بۆ کار دەگەڕا بێهوودە بوو.وێڕای ئەوەی کە کەسێکی بە شان و باهۆ و بەهێز و توانا بوو،نەیتونی بوو بچووکترین کار بۆ خۆی بدۆزێتەوە ، تا بە کرێ و هەقدەستێکی کەم ،سکی خۆی تێر و لەشی ڕچیوی گەرم بکاتەوە..بەم حاڵەشەوە کۆڵی نەدەدا و ملی بۆ شکست و بەزین نەدەداو روندکی پەشیمانی بۆ مەینەتباری و ڕۆژ ڕەشی خۆی نەدەڕشت:

ئەمرۆ، ئەمە سەری چەندەمین جارمە کە بۆ ئەم گۆڕستانە بێم...هەستدەکەم لەم دیاری خامۆشانەدا زیاتر ئاسوودە دەبم.هیوام زۆرە کە بتوانم لەم گۆشە تەریك و کپەدا شتێك بنووسم، شتێك کە بە دڵی یارۆی سەرنووسەر بێت و رەفزی نەکات. بیرم لە هەموو روویەکەوە ئامادەیە.بەلام دەستم قەڵەم ناگرێت.برسێتی لە پەلوپۆی خستووم. سێ شەو و رۆژە زەوادم نەچووەتە سەر زار.ئەو یەك دوو پارووە نانە رەقەش کە لەم ماوەیەدا،لە ترسی ئەوەی نەبادا

بمرم ،خواردوومە، لێم بووە بە ژان و هێندەی دی بێتاقەتی کردووم. بەم حاڵەشەوە نائومێد نیم.بەری تەنگانە کورتە و ڕۆژانی خۆش لە پێشەوەن. ئاسۆی ئەو ڕۆژانەم لە بەرچاوە کە کۆمەڵگە وەکو نووسەرێکی گەورەو دەگمەن ئیعترافیان پێکردووم و سەری ڕێزو حورمەتیان بۆ دانەواندووم.

دنیا بەرەو تاریکی دەڕوات و من هێشتا تاقە دێڕێکم نەخستووەتە سەر کاغەز. پاسەوانی گۆرستانەکە داوام لێدەکات بە زووترین کات ئەوێندەر بەجێ بێڵم.ئێی پیرە دنیا تەنانەت لە خانەی مردووانیشدا داڵدەو پەنایەکم دەست ناکەوێ. لە گۆرستانەکە وەدەردەکەوم و بە کوچەو کۆڵانانی شاردا، درێژە  بە دەربەدەری و ئاوارەیی خۆم دەدەم..

شەو لە نیوە بوریوە و ئیستا پەنایەکم بۆ خۆ دۆزیوەتەوە، لێرە لە سایەی ئەم درەختە گەڵا ڕژاوانەی ئەم پارکەدا، لە سەر ڕایەخێکی گەڵای درەختان ڕادەکشێم و لە تاو برسیەتی و لاوازی وشەکەتی چاو دەنێمە سەر یەك.سەیرە بەم بێ وەزعییەش خەوم لێناکەوێ.لەگینە بێ خواردنی، یان سەرما، یان شتێکی دیکە خەویان لە چاوم تاراندبێت.پێڵاوەکانم دادەکەنم و دەیانخەمە ژێر سەرم: واباشترە، ڕەنگە باشتر خەوم لێ بکەوێ،لێ پێدەچێت ئەم هەوڵەشم بێهودە بێت. لە مێژە خەو و ئیسراحەتم لێ هەڵگیراوە.

بەم هەموو بێتاقەتی و نەخۆشییەشەوە، دەبینم تێکرای حواسم باشتر و وردتر کار دەکەن. گوێم لە هر ورتە و سرتە و سەدایەك دەبێت.هەست بە بچوکترین چزی درك ودالێ دەکەم.لە سەرێ ڕا کۆمەڵێك دەنگم دێنە گوێ، لە تۆ وایە دەنگی ستێرانی ئاسمانە و لە قولایی ئاسمانەوە هاوار دەکەن وجۆش و خرۆشیان بە ئاستەم لە گوێمدا دەنگ دەداتەوە. لە خۆ دەپرسم: " ئەم ئەستێرە ئاسمانیانە بۆچی دەناڵێنن؟ ئەم ئەستێرە دوورانە. لەو دنیا دوورەوە ، دوور لە ئێمە،بۆچی دەنگیان لێ هەڵبڕیوە؟ تۆ بڵێی پێکڤە سروود بڵێن؟ تۆ بڵێی لەو قولاییە بێ سنوورەدا جەژن و ئاهەنگیان بەرپا کردبێت؟ بە هەرحاڵ هەرچییەك هەیە. من پێم خۆش نییە، من بێدەنگی تەواوم پێ خۆشترە. و بۆ ئەوەی لە ئازاری ئەم دەنگانە بخەلەسم، بە دەنگی بەرز پێدەکەنم...ئەوەندە پێدەکەنم تا ڕوندك لە چاوانم دێنە خوارێ و گەڵا هیشکەکانی ژێرم تەڕ دەکەن.نەخێر ئێرە شوێنی ئیسراحەت نییە، ئێرە ساردە، بۆگنخە، ناخۆشە. واچاکترە ڕابم و بەناو کوچەو کۆڵانە خامۆش و بێدەنگەکان بکەوم و درێژە بە ئاوارەیی خۆم بدەم.

***

ئەم مرۆڤە کلۆڵ و ستەمدیدەیە، کە خودان هزرو بیری گەورەیە و بە چاوی تیژبینی هزرڤانێکی بە تواناوە لە دیاردەکانی ژیانی دەنۆڕێت، ماوەیەکە بێکارەو لە پەلوپۆ کەوتووە ، چش لە بێکاری، بەلام کاتێ بژێوی زەرووری بۆ مان و ژیان نەبێت، مەیدانی تەمەن لە ئینسان تەنگ دەکات. دەرگاکانی ژیان لە بنیادەم دادەخات و بەرە بەرە کارێك دەکات کە هزروبیرش لە چالاکی و چەلەنگی بکەوێت.

ئەم نووسەرە کە تا ئیستا جگە لە نووسین هیچ هونەر و پیشەیەکی تری نییە، وئەوەی تا ئەمرۆ چاپ و بڵاوی کردووەتەوە نەك هیچ دارایی و دەسکەوتێکی بۆ فەراهەم نەکردووە، بەڵکو

ناو و شۆرەتیشی بۆ پەیدا نەکردووە، وناتوانیَ قەناعەت بە سەرنووسەرەکان بکا کە بەرهەم و نووسینەکانی ئەگەر مۆدی رۆژیش نەبن ، ئەوەندەیان هزر و فیکر تیایە کە شایستەی بلاْوکردنەوە بن و یەکی پیْنج یان دە کرۆنیْك بۆ خاوەنەکەی مسۆگەر بکەن. پیْنج یان دە کرۆن پارەیەك نییە..یەك دوو جاریْك کە وتارەکانی پەسندکران ودە کرۆنیْکی لە بری هەر یەکیْکیان وەرگرت، بەو پارەیە هەر ئەوەندەی بۆ کرا کە سیَ چوار رۆژیْك بەوپەڕی رەزیلی بژی.. ئەگەر هەر کەسیْکی دی لە جیاتی ئەو بوایە و ئەو هەموو وتارو نووسینەی رەفزبکرایە و بخرایەتە تەنەکەی خۆلەوە، تووشی ئەوپەڕی رەشبینی و نائومیْدی دەبوو و هەرگیز دەستی بۆ قەلەم نەدەبرد. بەلاْم ئەو وابیر ناکاتەوە. لە وەلاْمی سەرنووسەردا، کە بەو هەموو زبری و بیْباکییە وتارەکانی رەفز دەکرد، دەیگوت: " زرۆ باشە، هەولْدەدەم ئەمجارە شتی باشتر بنووسم. ئەمجارە بابەتیْك هەلْدەبژیْرم کە بە دلْی تۆ بیْت." و ئەوسا ملکەچ و سەرگەردان ریْی خۆی دەگرت و دەرۆیی.

***

دەلْیْی خواردنم لە بیر چووەتەوە. ئەوەندەم برسیەتی کیْشاوە کە هیچ ئارەزوویەکی خواردنم نەماوە. تەنانەت بۆن و بەرامەی خۆشی خوارنگەکانیش، ئەژنۆ ولاقی ماندووم سست ناکات. ئەمشەو لیْبڕاوم شەمالکیْك پەیدابکەم بەلْکو لەبەر روناکییەکەی وتاریْکی تازە بنووسم، بەلاْم پارەی کڕینی مۆمیْکم نییە. دیسان ناچار دەرۆم بۆ لای ئەو دوکاندارەی کە دەمیْکە دەمناسیْت و لەبەر خاتری ئەو ناسیاویە قەرزم دەداتیَ.هەرکە خۆم بە دوکانەکەیدا دەکەم، نانیْك لە کۆنە رۆژنامەیەکەوە دەپیْچیَ و دەیداتە دەستم. داماوە لە دەسکورتی من بیْزار بووە، بلاْم ئەمجارەیان، ریْك بە پیْچەوانەی تەسەوری ئەوەوە دەلْیْم : "من نانم ناویَ. بە ئەرك نەبیْت مۆمیْکم بدەیە." کابرای دوکاندار نیگایەکی حیرەتامیْزم دەکات. ئەو ژنەی کە هەندیَ شتی لە دوکانەکەی کڕی بوو بەڕیَ دەکات و ئەوجا مۆمەکە دەداتە من، و بەر لەوەی من وەکو جاران پیْی بلْیْم : " لەسەر حیسابەکەمی بنووسە، ئیشەلْلاْ ئەمرۆ وسبەی وتارەکەم بلاْودەبیْتەوەو قەرزەکەت دەدەمەوە."ئەو بە من دەلْیْت : " سەیرە! ئەم ئەسکەناسە پیْنج کرۆنیە هی تۆیە؟ زۆر چاکە، هانی ئەوەش باقیەکەت." و هەنگیَ چەند ئەسکەناسی یەك کرۆنی و بڕیَ دراوی وردە دەخاتە دەستمەوە. من بەسەرسامی دەروانمە ئەم پارانە. دلْم توند لیْدەدا و دەستم دەلەرزن.خودایا! من تاکو ئەمرۆ بەو هەموو هەژاری و دەستکورتی ومەینەتییەوە، دزیم نەکردووە.ئایا ئەمە دزی نییە کە من خۆم لە گیْلی بدەم و ئەم پارەیە بخەمە گیرفانم. لە پڕ خەیالْیْك بە میْشکمدا دیْت کە چ قەیدیە، من ئەم پارەیە وەردەگرم، بەلاْم هەر رۆژیَ وتارەکەم بلاْوبووەوەو پاداشتەکەیم وەرگرت دیْم بۆ ئیْرەو ڕاستی شتەکەی پیْدەلْیْم و پارەکەی دەدەمەوە.بۆیە ئەو سەروەتی باوتۆزە توند لە دەست دەگرم و دیْمە دەریَ. یەکەم ئیشم دەبیَ ئەمە بیْت کە ژەمە خواردنیْکی خۆش بخۆم، خوارنگەیەکم لەم دەورو بەرە پیَ شك دیَ، دەچم بۆ ئەویْندەر وخاوەنەکەی دەبینم و ستیکیْکی عال رادەسپیْرم. ناوی ئەم خواردنە ئەوەندە خۆشە کە تەنانەت بە ناوەکەشی زارم ئاو دەکات.ستیکەکەم بە تاسوقەوە دەخۆم و وەزعم تیْك دەچیْت.لەبیرم چووە کە گەدەی من ئەم خواردنە هەلْناگریْت. لەسەر قسەی ریْبواریْك، دوای ئەوەی هەموو خواردنەکە هەلْدیْنمەوە ،

پەرداخێ شیری گەرم هەڵدەدەم. تۆزێ باش دەبم. وەك بڵێی ئەمجارەش لە مردن خەلەسیم. درێژە بە ئاوارەیی خۆم دەدەم. بەڵام هێشتا بیرم لەلای ئەم رەفتارە نا ئینسانییەیە کە کردم. پارەکان ئازارم دەدەن ، بە جۆرێ دەقم بە دەستکورتی و نەبوونییەوە گرتووە، کە ئەگەر پارەیەکم لە گیرفاندا بێت میزاجی فیکریم تێك دەچێت.ناچار بۆ رزگار بوون لە زیندانی لۆمەی ویژدان کە دەگەمە یەکەم پیرەژنی بەساڵاچووی هەژار، هەموو پارەکەی لە دەست دەکەم و هەڵدێم..." وەرە ئەی پیرەژنی فەرتوس...من کابرایەکی خێرەومەندم..ئەم پارانە کە هەموو سەروەت و سامانێکی منە، کە گشت دارو نەداری منە بۆ خۆت و دوعای خێرم بۆ بکە..برۆ، برۆ نانێك ، خۆراکێك بۆ زارۆکە برسییەکانت بکڕە.."

***

بەراستی مرۆڤێکی بەرێزو ڕەندە. داوێن پاك و ئابرومەندە،و رێزو حورمەتی ئەخلاق و فەزیلەت دەگرێت، بەڵام بێکارو برسییە، دەربەدەرو بێلانەو کاشانەیە، نەخۆشە و لە حاڵی مەرگدایە. بەم حاڵەشەوە نایەوێ هیچ کارێکی نەنگین بکات. ئێ باشە چارەنووسی پیاوێکی وەها بە کوێ دەگات؟ گریمان کابرای سەرنووسەر ئەم هەفتەیەش وتارەکانی بەگەن نەکرد و بڵاوی نەکردەوە، چارەنووسی ئەم پیاوە کە حاڵی حازر لە ئاستانەی مردندایە چ دەبێت؟

بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە هیچ چارێك نییە جگە لەوەی بچینەوە سەر ئەسڵی رۆمانەکە : ئەمە شاکارێکی نووسەری ناوداری نەرویجی، کنوت هامسونە کە لە ڕاستیدا بەسەرهات و سەرگوروشتەی خودی خۆیەتی و لە سەرەتای شۆرەت و ناوبانگیدا لە ژێر سەرناوی (برسی) دا بڵاوی کردەوە.

( برسی ) کاتێ کە لە ساڵی ۱۸۹۰دا بڵاوبووەوە هیچ کەسێك ناوی داهێنەرەکەی نەژنەوتبوو.لێ هەرکە بڵاوبووەوە بووە باعیسی ئەوەی نەك هەر میللەتی نەرویج بە چاوی رێزو قەدرەوە تەمەشای بکەن، بەڵکو چیرۆکنووسانی زۆر گەورەی میناکی (ئاندرێ جید) ش بە بلیمەتی بژمێرن و بە ستایشەوە لەمەڕ رۆمانەکەی بنووسن. لێرەدا ئەو پرسیارە بە زەین و هزردا دێت کە ( برسی ) ئەم بەرهەمە زندووەی هامسۆن چ مەرج و تایبەتمەندییەکی نائاسایی لە خۆ گرتبوو کە بەو جۆرە سەرنجی خەڵکی دنیای ڕاکێشاو گەورە ئەدیبانی ئەورپا و ئەمریکای وادارکرد کە ستایشی بکەن؟ چ هۆکارێك بووبووە مایەی ئەوە کە ئەم کتێبە بە چەند هەیڤەك پاش بڵاوبوونەوەی بۆ زۆربەی زمانە زندووەکانی گێتی پاچڤە بکرێت و بچێتە ریزی شاکارەکانەوە؟

***

برسێتی لەو رۆمانانەیە کە دەشێت بە رۆمانی سەر بە رێبازی ریالیزم دابنرێت یان بە وتەیەکی دی بریتیە لە " رۆژانە رووداوێن ژیان کە نووسەر بە گوێرەی نۆرین و دیتنی خۆی بەرجەستەی کردووە." هامسۆن لەم رۆمانەدا کە خۆی لە سێسەد بەرپەڕێك پتر دەدات، هەوڵیداوە گوشارو ناڕەحەتی ئەعسابی مرۆڤ دەگەڵ پەرچەکرداری مێشکدا لە هەنبەر ئەو جۆرە گوشارو نارەحەتیانە وەسف بکات و ئەلهەقی وەستایانەش دەرەقەتی ئەم کارە هاتووە.

له سەرەتاوەو لە رۆژانی هەوەڵەوە کە نووسەری گەنج و نامراد بە هۆی بێ خۆراکی و لاوازی و بێ توانایی بەدەنی و تەحەمولی لە رادە بەدەری گوشارەکانی ژیان تووشی جۆرە نەخۆشییەکی نادیار دەبێت و ئەقڵ و هۆشی دووچاری جۆرە لاسەنگییەك دەبێت، لەبەر خۆیەوە قسانێك دەکات پتر لە وڕاوە دەچن.لێ خۆی هەست بەمە ناکات و پێی وایە کە دروست بیردەکاتەوە.دیمەنەکان لە بەرچاویا نائاساییں.لێ ئەو وا وێنا دەکات کە ئاسایی دەیانبینێ،ئەو وەهم و خەیاڵاتەی کە بەرۆکی هزر و بیری دەگرن،هەموو نیشانەی ئەوەن کە مێشکی نەخۆش کەوتووە و تێکچووەو حەواسەکانی لە کارکەوتوون،لێ ئەو ئەم گۆڕانانەی کە بەسەری هاتوون، بەلاوە ئاساییە.هەندێجار لە داب و نەریت و ئەخلاقیاتی باو لادەدات، بەڵام ئەو نایباتە سەرخۆی و دان بەوەدا نانێت کە لە رێگەی پاك و دروست لایدابێت. رەفتارو کارەکانی پتر لە هی شێتێك دەچێت کە بنیادەمێکی باش بێت و ئەگەر زیانیشی بۆ خەڵکی هەبێت لەوە تێناپەرێت کە کێکێك بە بێ پرسی خاوەنەکەی بخوات، یان بەبێ هۆ پێبکەنێت، یان لە گریانێکی کوتوپڕ و یان لە کۆمەڵە پرسیارێکی بێ سەرو بەر و نابەجێ تێناپەرێت.

بەهەرحاڵ کنوت هامسۆن بەم ڕۆمانە شاکارێکی ئەفراندووەو کاراکتەرێکی خوڵقاندووە کە زیاتر خودی خۆیەتی و ئەم تابلۆ زندوو و پڕ سۆزو گودازە لە ڕاستیدا ژیاننامەی قۆناغی لاوی و گومناوی و دەستکورتی خۆیەتی.

کنوت، لە ١٨٥٩/٨/٤دا لە خانەوادەیەکی وەرزێری نەرویجی هاتووەتە دنیاو، ماوەیەکی بە هەژاری و دەستکورتی لە مەزرا و کێڵگەکانی باکوری نەرویجدا بەسەربرد. پاشان هاتە شارو شانی دایە بەر کرێکاریی جۆراوجۆر. هامسۆن گەنجێك بوو کە مەکتەبی تەواو نەکردبوو، و خۆی خوی فێر کردبوو، هەر لە منداڵییەوە بەهرەو توانایەکی پرشنگداری هەبوو و زۆری حەز لە کتێبان دەکرد. هەندێ شتی دەنووسی کە بۆ کرێکارێکی کوڵکە خوێنەوار و کەم سیوات مایەی سەرنج بوو.چونکە ژیانێکی زۆر ناخۆش و نارەحەتی هەبوو، رووی کردە ئەمریکا و بەشێکی تەمەنی نۆلاوی خۆی لەو وڵاتە بەسەر برد.لەو کیشوەرە نوێیەدا هەرگیز کارێکی ئابرومەندانەی دڵخوازی خۆی دەست نەکەوت. لە سەرەتاوە کوچە ماڵ و کەناس بوو،پاشان بوو بە ماموری کۆنترۆڵی پاس و ماوەیەکیش لە گوندان‌دا کاری وەرزێری و شاگردی کرد.کە پاش ساڵانێکی زۆر بۆ وڵاتی خۆی گەڕایەوە، کتێبێکی دژی ئەمریکا نووسی کە ناوی نا ( ژیانی زهنی ئەمریکای مۆدرین) هەر لەو سەرو بەندەدا بوو کە رۆمانی برسی بە زنجیرە لە گۆڤارێکی نەرویجیدا بڵاوکردەوەو بەرەبەرە لە ساڵی ١٨٩٠دا تەواوی کرد.بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە دەرگای شۆرەت و خۆشەویستی لێ ڤەکرد.

کنوت هامسون بابایەکی وەرزێر بوو و پێش ئەوەی سەروکار دەگەڵ قەڵەم و کتێباندا پەیدا بکات، تەمەنی خۆی لە مەزراو کێڵگەو بێستان و دێهاتاندا بەسەربردبوو.ئاشق سروشت و تەبیعەت بوو. لەرادەبەدەر خاك و دار ودرەخت و گیا و دۆڵ و هەردو کێو وئاوی خۆشدەویست.چونکە زەحمەتێکی زۆری لە شاراو لە ناو خەڵکی شارا دیتبوو، و ئەم زەحمەت و مەینەت و نامرادیانەی ، تەنیا لە وڵاتی خۆیدا نەدیتبوو، بەڵکو لە ئەمریکاشدا رووی شادمانی

نـەبینی بـوو ، هەمیشـە بێـزاری خـۆی لـە شارنشـینی دەردەبـڕی و خـەڵکی شارنشـینی بـە خەڵکانێکی ڕۆژ ڕەش و نامراد دەزانی. لە کتێبێکی دیکەی خۆیدا بە ناونیشانی (دەوڵەمەندی خاك) کە هەندێ کەس بە شاکاری نووسەری دەزانن، لەو بەرهەمەدا ستایشی ژیانی باوەشی سروشت و خۆشەویستی خۆڕسك و ئاسایی مرۆڤی بۆ سروشت کردووەو دوورکەوتنەوەی لە شار بە بەختەوەری ژماردووە.

هامسۆن یەکێك بووە لەو نووسەرانەی کە دوو جەنگی جیهانی دیتووە. لە دووەم جەنگی جیهانا، کاتێ سوپای ئاڵمان نەرویجی داگیرکرد،نووسەری خۆشەیستی نەرویجی، بە پێچەوانەی چاوەڕوانی هەموو خەڵکییەوە، لایەنگری لە نازییەکان کرد و بە نووسین کەوتە ستایشیان. ئەم هەڵوێستە بەلای میللەتێکەوە کە تەنیا بیری لە نیشتمانی خۆی دەکردەوەو هەموو ئاواتێکی ئەمە بوو کە رۆژێ لە ڕۆژان بەسەر دژمندا زاڵ بێت و لە خاکی خۆیی وەدەر بنێت یەجگار قورس و ناپەسند بوو.بۆیە خەڵکەکە روویان لێوەرگێڕاو ئەو نووسەرەی کە رۆژێ لە رۆژان خەلاّتی نۆبلّی ئەدەبیاتی وەرگرتبوو و ناو وشۆرەتێکی فرەی بۆ زێد و وڵاتەکەی بە دەست هێنابوو، ئیستا بە یەکێك لە تاوانبارانی جەنگیان دەژمارد و سەرەنجام کاتێ کە نەرویج ئازاد بوو، رایانکێشایە پای دادگا.ئەوقاتانی بەڕەڤان و داکۆکیکار، دوای هەوڵێکی زۆر کە گوایە دووچاری نەخۆشی دەروونی و ئەقڵی بوو، ئەوسا توانیان لە مەرگ رزگاری بکەن و بە غەرامەیەکی هەشتاو پێنج هەزار دۆلاری ئازادیان کرد، بەلاّم هەر لەوێندەرەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی دەرونیان ڕەوانە کرد. بەو حاڵەشەوە نەوەت ودوو دانە ساڵ ژیاو لە ئەنجامدا لە ١٩٥٢/٢/١٩دا بە سەکتە و مەرگی مفاجا مرد.ئەو رۆژەی کە مرد، هیچ کەسێك بەشداری بەرێکردنی جەنازەکەی نەکرد و ئەمەش بۆ میللـەتێکی نیشـتمانپەروەری مینـاکی نـەرویج کارەسـاتێکی گـەورە بـوو کـە قارەمـان و کەسایەتیەکی خۆی، رەمزێکی خۆی بەو بێنازی و بێ قەدرییە بە خاك دەسپارد.

***

وڵاتـی نـەرویج لـە کۆنـەوە لـە حیکایـەت و ئەفسـاناندا بـە مەڵبەنـدی دەریاوانـانی دلێـر و ئـازا ناوبراوەو دلاوەران و جەنگاوەران و دەریاوانانی بێپەرواو بێباك کە لە مێژوودا بە ( وایکینگ ) نـاوبراون، ئـەم مـەرزو بۆیـەیان بـە ( خانـەی ماسیگرانی ئـازا ) لـە قەڵـەم داوە. لـە کاتێکـا ڕاسـتی مەسـەلەکە ئەمەیـە کـە نـەرویجیان ئـەهلی زەوق و شیعر و مۆسیقا و ڤیان بوون و لـە ئەفسـانانی بـاکوری ئـەورووپادا بـە زۆری باسـی ئـەم بـەهرەو هیوایـەت و ڤیـان و ئـەڤین و هونەرنوێنیانـە کـراوە.وێـرای ئەمـەش نـەرویج لـە مەیـدانی هونـەر و پێشڤەچـوون و پێشـکەوتنی کەلتوریـدا تـا سـەرەتاکانی سـەدەی نۆزدەیـەمیش بـە هـیچ جـۆرێ نـەیتوانی خـۆی بگەیەنێتـە ئاسـت و ریـزی وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا. کاریگەریی لە مێژینەی کەلتور و شارستانیەتی دانیمارك بەسەر ئەو خەڵکـەوە بـە ڕادەیـەك بـوو کـە دەرفـەتی نـەدەدا خـەڵکی نـەرویج، ئەگـەر بـەهرەو سـەلیقەو داهێنانێکیشـیان لـەباردا بوایـە، بـیر لـە زمـانی خۆیـان بکەنـەوەو بـە زمـانی زکمـاکی خـۆ بەرهەمەکانیان بنووسن، تا سەرەنجام رۆژێ هات و بلیمەتێکی وەکو ( هنریك ئیپسن ) پەیدا بوو و لەسـەر دەسـتی ئـەو زمـان و ئـەدەبی نـەرویجی جیلوەیـەکی تـازەی پەیـداکرد. ئیپسـن

شانۆنامەنووسێکی بێ هاوتای ئەوتۆ بوو کە لە سەردەمی خۆیدا ئەورووپاش هاوتای ئەویان بە خۆوە نەبینی بوو. ئیپسن،و چیرۆکنووسێکی دیکە بە نێوی بیورنسن، پایەی ئەدەب و زمانی نەرویجیان لە دنیادا چەسپاند. دوای ئەو دووانە،شاعیران و نووسەرانی نێوداری دیکەش پەیدا بوون. بەڵام ئەو کەسەی پتر سەرنجی جیهانیانی بەلای نەرویجدا ڕاکێشا کنوت هامسۆن بوو کە بۆ نەگبەتی کۆتاییەکانی تەمەنی بە هۆی مەیل و بۆچوونە سیاسیەکانییەوە پڕ خەم و پەژارەو شکست بوو.

کنوت هامسۆن جگە لەو بەرهەمانەی ئاماژەمان کردنێ، کۆمەڵێك بەرهەمی دیکەی بایەخداری هەیە لەوانە: چیرۆکەکانی پان، ڤیکتۆریا،دواشادی ،ماڵبەکۆڵان، وەیڤی ئاب، دوا بەرهەمی بە ناوبانگی کە لە ساڵی ١٩٤٠دا بلاّو بووەوە، ( دوا شادی )یە.

ئەمرۆکە کە پتر لە نیو سەدە بەسەر مردنیدا تێدەپەرێ خەڵکی نەرویج، بە تایبەتی نەوەی نوێ لە گوناحی خۆش بوون و ناو ویادی ئەو پیاوەیان بەلاوە فرە ئازیزە.

***سەرچاوە:***

***تصوری از ادبیات کلاسیك جهان/٢١/معرفی گرسنگی/اپر:کنوت هامسون***

***شرکت سهامی کتابهای جیبی/ وابسته به موسسه انتشارات امیر کبیر/ اسفند/١٣٨٨***

## ٢٢- هاملێت، شازادەی دانیمارك

ویلیام شەکسپیر (١٥٦٦- ١٦١٦) شاعیرو شانۆنامەنووسێکی ئینگلیزەو بە گەورەترین شانۆنامەنووسی مێژوویان داناوە. شانۆنامەکانی بەزەبری وەسفی وردو شیکردنەوەی دروستی باری دەروونی کاراکتەران، جێگەیەکی یەجگار بەرزیان لەلای رەخنەگران بۆخۆ کردووەتەوە. ناوی هاملێت، ماکبس، رۆمیۆ و جولیتو زۆر شانۆنامەی دیکەی شەکسپیر لەلای هونەرمەندانی ئەم چەند سەدەیەی دوایی جیهان، دەکەنە هاوتای لوتکەی هونەری دراما.

*     *     *

که باسی شاکار دێته ئاراوە، یەکسەر ناوی هاملێت، تراجیدیا نەمرەکەی ویلیام شەکسپیر دێته بیرو خەیاڵ، ئەمە ڕاو بۆچوونی بێ چەندو چوونی هەموو رەخنەگرانی ئەدەبی جیهانە. شەکسپیری هونەرئافەرێنی نێوداری ئینگلیزی کە بێگومان گەورەترین شاعیری ئینگلیستانو یەکێکە لە بلیمەتە دەگمەنەکانی جیهان، زۆر بەرهەمی بەنرخی دیکەشی داناوە کە هەندێکیان وەکو ئوتیللو، رۆمیۆ وجولیت، یولیوس قەیسەرو بازرگانی ڤینیس لە ریزی شاکارەکانی ئەدەبیاتی جیهانن. لێ هاملێت لە نێو ئەم ئەستێرە پرشنگدارانەی هونەردا، پرشنگو شکۆو درەوشانەوەیەکی تایبەتی هەیە. هاملێت یەکێکە لە لوتکە هەرە بەرزەکانی زادەی هزرو فیکری بەشەری. شارەزاو پسپۆران لەو بارەیەوە گوتویانە کە شەکسپیر لە خوڵقاندنو ئەفراندنی کەسایەتی هاملێتدا، وەکو. خوڵقێنەرەکەی خۆی (شەکسپیر)، ئەوپەڕی توانای ئەفراندانی بەکار بردووە، خوا شەکسپیرو بەشەرانی دیکەی ئەفراندووە، و شەکسپیریش بە زەبری توانای داهێنەرانەی خۆی (هاملێت)ی ئەفراندووە، وەکو چۆن هەرگیز شەکسپیر نامرێتو ناوی کوێر نابێتەوە، بەو ئاوایە (هاملێت)ش هیچ کاتێك لە بیر ناچێتەوە.

نهێنی مانو هۆی مەحبوبیەتی هاملێت لە چدایەو چ تایبەتمەندییەك ئەم شانۆنامە شیعرییە، کە شەکسپیر لە دوا ساڵەکانی سەدەی شازدەیەمدا نووسیویەتی، لەو زەمانەوە تا ئەمڕۆ کە لەبەرهەمێن دیکەی هاوشێوە، ناوازتر دەکاتو جیای دەکاتەوە؟ ئایا جۆری چیرۆکەکە جوانە، ئەو رووداوانەی بەسەر کاراکتەرو قارەمانەکاندا دێن هەستوڕژێنو پڕ جۆشو خرۆشن، یان شەکسپیر لە نووسینی ئەم شانۆنامەیەدا موجیزاتو پەڕجوی بەکار بردووەو وشەو ڕستەو تیمەو نێوەڕۆکی ئەوتۆی لێکداوە کە وەرگری خۆی ئەفسوون دەکات. ئەوەی گومان هەڵناگرێت، ئەوەیە کە یەك فاکتەرو هۆ، هاملێتی نەکردووە بە شانۆنامەیەکی نایاب و ناوازە، بەڵکو کۆمەڵە فاکتەرێك پێکەوە، ئەم دیاردە زەوقیو هونەرییەیان کردووە بەسەر ئامەدی هەموو شانۆنامەکان. هاملێت بە تێکڕایی، بەرهەمێکی فەلسەفیە کە بە جوانترین نەزمی زمانی ئینگلیزی هۆنراوەتەوەو لە سەرەتاوە تا کۆتایی ختوکەی ئەقڵو روحو دڵی وەرگر دەدات.

سەیر ئەوەیە وێڕای تێپەڕ بوونی پتر لە چوار سەد ساڵ بەسەر دانانی هاملێتدا، هێشتاش هزرڤانانو زمانزانان لە بەینی خۆیاندا موناقەشەو گەنگەشە لەسەر مانای زاراوەو گوزارشت و

دەربڕینەکانی دەکەن و هەریەکەیان هەوڵدەدا بە شێوەی خۆی مانای جوانترو رەسەنترو روون و رەوانتر بۆ شەرح و راڤەو شرۆڤەی ئەو دەربڕین و گوزارشتانە بدۆزێتەوەو خاڵە تاریك و نا دیارو ئاڵۆزەکانی ئەم تراجیدیایە رۆشن بکاتەوە. بە درێژایی سێ سەدەو نیوی رابردوو، شەکسپیر ناسانێك هەبوونە کە کتێبانیان دەربارەی تراجیدیای هاملێت نووسیوە، بەڵام هاملێتیان هێندە بەلاوە گەورە بووە کە لە کۆتایی کتێبەکانیاندا نووسیویانە کە ئەم بەرهەمەی شەکسپیر لە ئاستی تێگەیشتنی ئەوان بەرزترە، یان کەوتووەتە ئەو دیوی سنووری تێگەییشتنی ئەوانەوە. لەوەیە هۆی ئەمەی کە تراجیدیای هاملێت هەرگیز کۆن نابێت ئەمە بێت کە هەرجارە، نووسەر، یا شاعیر یا ئەکتەر یان ئامادەکار یان دەرهێنەرێك، بەگوێرەی خوێندنەوەو لێکدانەوەو کەشفی خۆی، هەوڵدەدات ئەم بەرهەمە بخوێنێتەوە یان بیخاتە سەر شانۆ، ئەم هەوڵە بەردەوامە بووەتە هۆی ئەمەی کە هەموو ساڵێك هاملێت، ئەم شازادە رەنج بێوەرە دانیمارکییە بە سیماو هەیئەتێکی تازەتر بکەوێتە بەرچاوی هەزاران ستایشکار.

خاڵێکی دیکەی گرینگ و سەرنجڕاکێش دەربارەی تراجیدیای هاملێت هەیە کە پێویستە لەبەر چاو بگیرێت و ئاماژەی بۆ بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە سێ دەقی جیاواز دەربارەی هاملێت لەبەر دەستدایە. توێژەران دڵنیان کە خودی شەکسپیر، تراجیدیای هاملێتی بە یەك شێوەو دەق نەنووسیوەو لەوەیە بە درێژا گۆڕانی تیاکردبێت. ئەم شانۆنامەیە لە نێوان ساڵانی ١٥٩٩-١٦٠١دا نووسراوەو ئەوەی خویایە لەو سەردەمەدا سێ چاپی جیاواز کراوە. جیمز روبرتس کە خۆی بۆ چاپی شانۆنامەکانی گروپی هونەرمەندانی لۆرد چمبرلین تەرخان کردبوو لە ٢٦/ ٧/ ١٦٠٢دا بە رەزامەندی نووسەر نووسخەیەکی لە بڵاوکراوەکەی خۆیدا بە چاپ گەیاندووە. بەڵام دوای ئەوەی بە ماوەیەکی کورت هەمان شانۆنامە لە نامیلکەیەکدا بڵاودەبێتەوە کە یەکپارچە هەڵە بووەو دەقەکە تا ڕادەیەك کورت کرا بووەوە. بەپێی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە ئەم کارە، کاری وەشانکارێك بووە بەنێوی جون ترونڈل کە کاری دزینی بەرهەمێن خەڵکی دیکەو بە چاپ گەیاندنیان بووە بەبێ پرس و مۆڵەتی نووسەرەکانیان و سەبارەت بە تراجیدیای هاملێت، یارمەتی لە ئەکتەرێك وەرگرتووە کە دەوری مارسلوس یان لوسیانوس-ی لەم تراجیدیایەدا دیتووەو پاشان لە گروپی ئەکتەران دەرکرا بوو.

کاتێ کە شەکسپیرو هاوڕێکانی لە سەفەرێکیاندا کە بۆ شارانی دیکەی ئینگلیستانیان کردبوو، بۆ لەندەن دەگەڕێنەوە، بەم دزییە ئەدەبییە دەزانن و ناچار بۆ ئەوەی لایەنگرانی ئەم بەرهەمە لە سەرگەردانی و بە هەڵە چوون دەربازبکەن، لە نوێ چاپێکی تەواوی هاملێت بڵاودەکەنەوە کە لە پشتی لاپەڕەی یەکەمەوە نووسرا بوو: "دروستترین و تەواوترین نوسخە". ئیدی بەو جۆرە سێ دەقی جیاوازی هاملێت دەکەوێتە بەر دەست کە وا دیارە دروست ترین و تەواوترینیان هەمان نوسخەیە کە دوای دوو نوسخەکەی یەکەم و لە ساڵی ١٦٠٤دا چاپ و بڵاوبووەتەوە. بەڵام ئەو نوسخەیەش لەبەر گەلێك هۆ، مایەی گومان و دوو دڵی شارەزایانە چونکە درێژی هەندێ لە دیمەنەکان و زۆربێژی هەندێ لە ئەکتەرەکان نیشانەی ئەمەیە کە دەقەکە بە دڵی نووسەر نەبووەو

بێگومان شانۆنامەنووسی ناوداری ئینگلیزی کە بە خۆیشی دەوری سەرەکی دیتوە هەرگیز بابەتی زیادو نا پێویستی نەخستووەتە بەرهەمەکەی خۆیەوە.

هەڵبەتە جیاوازیو پەریشانی نوسخەکان بووەتە هۆی ئەوە کە دوای خۆی، ئەدیبانو هونەرمەندانو توێژەران بکەونە بیری ئەوەی نوسخەیەکی تە تەڵەکراوی بژار کراو لەم شانۆنامەیە ئامادە بکەنو ئیدی لەمەوە جیاوازی ڕاوبۆچوونان دەست پێدەکات.

چیرۆکی هاملێت، شازادەی بەدبەختی دانیمارك، چیرۆکێکی خەیاڵیو زادەی زەوقو سەلیقەی هونەرخوڵقێنی شەکسپیر نیە. لە کتێبی مێژووی دانیمارکدا کە لە ساڵی ١٢٠٠ز لەلایەن مێژوونووسی دانیمارکی، (ساکسو گراماتیکوس)ەوە دانراوە باسی ئەم شازادەیەو سەربهوردی خەمناکی کراوە، ئەوەی بەسەر ئەم میرە دانیمارکییەدا هاتووە، چ ڕاستو چ درۆ، دەگەڵ یەك دنیا گێڕانەوەو چیرۆكو ئەفسانانەدا بە جۆرێ تێکەڵ بووە کە بە ئاسانی نەناسرێتەوە. ساکسو گراماتیکوس کە مێژووەکەی خۆی بە لاتینی نووسیوە، باسی دوو برا دەکات کە یەکێکیان پاشای یوتلندەو کیژێك دەخوازێت بەنێوی گروتو کوڕێکی لێی دەبێ کە نێوی (ئاملتوس)ی لێدەنێتو ئەم (ئاملتوس)ە هەمان کاراکتەرە کە لە تراجیدیاکەی شەکسپیردا کورت کراوەتەوەو بووە بە (ئاملێت)یان (هاملێت). براکەی دیکەی، کەسێکی خۆپەریستی بەدنیهادو بێ ئینساف دەبێ، بەغیلی بە شادمانیو بەختەوەری پاشای یوتلند دەبات، بە دزییەوە دەیکوژێتو بێوەژنەکەی ئەو دەخوازێت. کوڕەکەی بەم کەینو بەینو فریو و تاوانکاریە دەزانێ. بۆ ئەوەی تۆڵە لە مامە خیانەتکارو دایکە گومڕاکەی بسەنێت، خۆی لە شێتی دەدا،کاری گەوجانە دەکات و لە هەمان کاتیشدا نەخشەی لە نێو بردنی پاشای داگیرکەر دەکێشێت. مام، گومان لە ڕەفتاری برازاکەی دەکات، کیژێك رادەسپێرێ کە لێی بچێتە پێشێو دڵی بە دەست بێنێو رازو نهێنییەکانی کەشف بکات، چونکە هیچ لەم کارە نادرۆیتەوە، داوا لە دایکی دەکات تا قسەی دەگەڵ بکاتو پەردە لەسەر نەخشەکەی هەڵماڵێ. لە کاتی گفتوگۆیەکەیاندا، هاملێت پەی بەوە دەبات کە بابایەکی بێگانە گوێی هەڵخستووەو گوێیان لێدەگرێ، یەکسەر دەیکوژێت. کوشتنی ئەو کەسە، دەبێ بە بیانووی دەستی پاشای داگیرکار تا هاملێت لە وڵات وەدەربنێ، وڵات بەدەری بکات. ئیدی نامەیەك بۆ پاشای ئینگلیستان دەنووسێتو دەگەڵ دوو گاردا هاملێت ڕەوانەی وڵاتی ئینگلیزان دەکات. لە ڕێگەدا هاملیت. بە نێوەڕۆکی نامەکە دەزانێتو بۆی دەردەکەوێ کە مامی داوای لە پاشای ئینگلیستان کردووە کە هاملێت بکوژێت. هاملێت نێوەڕۆکی نامەکە دەگۆڕێتو کارێکی وەها دەکات هەرکە دەگەنە جێ، پاشا. هەردوو گاردەکە بە جەلادو میر غەزەبان دەسپێرێت. دوای ساڵێك، کاتێ بۆ زاگەو وەلاتی خۆی دەزڤڕێتەوە، دەبینێ خەڵکی ماتەمی یەکەمین ساڵیادی مردنی ئەو دەگێڕن. هاملێت کاتێ کە بەمە دەزانێت، ئاگر لە کۆشکی پاشایەتی بەر دەداو مامی خۆی دەکوژێت. هەنگێ رازە ترسناکەکەی کوشتنی بابیو خیانەتی مامی بە خەڵکەکە دەڵێتو بەیارمەتیو پشتیوانی خەڵکی لەسەر عەرشی پاشایەتی یوتلند دادەنیشێت. بویەرو ڕووداوەکانی دواتری ژیانی هاملێت،و دووبارە ژن هێنانەوەیو

سەرەنجام کە لە شەڕێکی تەن بە تەندا دەکوژرێ، هەر هەمووی بە تێروتەسەلی لە مێژووەکەی ساکسو گراماتیکوس دا باسکراوە.

جا لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە چۆن شەکسپیر لەو سەردەمەدا کە لە ئینگلیستان ژیاوەو زۆر سەر قاڵی کارێن ئەدەبیو هونەری بووە، ئەم واریقاتە لە بیرچووەی سەدەی سیانزەیەمی دانیمارکی دەست کەوتووەو کردوویەتی بە بناخەی تراجیدیاکەی خۆی؟

ئەوەی راستی بێ لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی شازدەیەمدا کتێبێك بە زمانی فەرەنسی لە ژێر سەرناڤی (رووداوە خەمناکەکانی مێژوو) بڵاوبووەوە. فرانسوا دو بلفورەی نووسەری کتێبی ناڤبری، سەربهوردی هاملێتی لە مێژووەکەی ساکسو گراماتیکوس-ەوە وەرگرتبوو و تێهەڵکێشی کتێبەکەی خۆی کردبوو. تاقە جیاوازیەك کە لە نێوان دەقی هەردوو مێژوونووسەکەدا هەبوو، ئەمە بوو کە نووسەرە فەرەنسیەکە، خیانەتی دایکەکەی لەم بویەرو رووداوەدا ئاشکرا کردبوو و نووسی بووی کە دایکی هاملێت بەر لە کوشتنی مێردەکەی لەگەڵ شووبراکەیدا دەستی تێکەڵ کردبوو و پەیوەندی ناڕەوای دەگەڵدا هەبوو،و بەم پێیە لە مەسەلەی کوشتنی پاشادا، شەریکە تاوان بووە.

گومان لەوەدا نیە کە ویلیام شەکسپیر، ئەم کتێبەی کە بیستو سێ ساڵ بەر لە نووسینی هاملێت بڵاوبووەتەوە، دیتوەو دەسکاری چوار چێوەی چیرۆکەکەی کردووەو هەندێك گۆڕانکاری تیا کردووەو کردویەتی بەبناخەی بەرهەمەکەی خۆی. هەڵبەتە ئەم خاڵە لە دەف ئەهلی زانستو ئەدەبیات خویا بووە، چونکە شەش ساڵ پاش دانانی ئەم شانۆنامەیە، مێژووەکەی بلفورە، بەشی پێنجەمی، ئەو فەسڵەی کە تایبەتە بە شازادەی دانیمارکی، لە فەرەنسیەوە پاچڤەی ئینگلیزی کراو لە ژێر سەر ناڤی مێژووی هاملێت دا بڵاو بووەوە. بۆیە، وێڕای ئەوەی چ گومانێك لەوەدا نیە کە ویلیام شەکسپیر زوبانی فەرەنسی زانیوەو وەرگرتن لە کتێبەکەی بلفۆرەوە بۆ کەسێکی میناکی ئەو ئەستەم نەبووە، توێژەران گومانیان لەوە هەیە کە هەوێنو مایەی شانۆنامەکەی ئەو تەنیا هەمان مێژوو بووبێت، وچونکە هەندێ پاژی شانۆنامەکە پەیوەندی بە (رۆح)ەوە هەبووە، پێیان وابووە کە کۆمەڵێك سەرچاوەی دیکەش ئیلهامبەخشی ئەو کارەی شاعیری گەورەی ئینگلیز بوون. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە شانۆنامەنووسێك بە نێوی (تۆماس کەید) چەند ساڵێك لەوە پێشتر بەرهەمێکی لە ژێر سەرناڤی (هاملێت) نووسی بوو کە لە هەمان چیرۆکی هاملێتەوە وەری گرتبوو، و بە خۆیشی چەند دیمەنێکی بۆ زیاد کردبوو، یەکێك لەو دیمەنانە دەرکەوتنی ئەو رۆحە بوو کە داوا لە هاملێت دەکات تۆڵەی ئەو لە مامی بسەنێو دیمەنێکی دیکە دەرمان خواردکردنی پاشاو هەروەها شێت بوونو مردنی ئەفلیا بوو کە خەمناکترینو دڵتەزێن ترین بەشی ئەم چیرۆکەیە.

هاملێتی ئافەریدەی ویلیام شەکسپیر لە رووی سیفەتو کردارەوە چ جۆرە مرۆڤێکەو بۆچی خوو خەسڵەتەکانی لەلای تاخمێکی تایبەتی، بە پێوەرو پێوانە زانراوەو دانراوە؟

هاملێت، لە تراجیدیای شازادەی دانیمارکدا، مرۆڤێکە دلۆڤان، بێ فیزو خاکی، پابەندی دابو نەریت، بوێرو هۆشمەند. فریو نادرێتو ناخەڵەتێ، لە هەموو شتێك پتر لە درۆو روویبینیو ڕیا

بێزاره. تاقە عەیبی ئەو "دوو دڵی"یە، چاك دەزانێت خیانەتی لێکراوه، دەزانێ دەبێ تۆڵەی خۆی بسەنێ، لێ گومان‌و دوو دڵی کەسایەتی ئەویان تێك شکاندووه.

هاملێت، هەر لە هەوەڵەوه مرۆڤێکی کەماڵخوازو کەماڵ پەسند بووه. بابی، لە روانگەی ئەوەوه رەمزی مرۆڤێکی تەواو وپاشایەکی بێ عەیب‌و تەواو عەیار بووەو دایکی رەمزی ژنێکی ئابڕومەندو فیداکارو فرزەند دۆست بووه. بەڵام هێشتا دوو هەیڤان بەسەر مەرگی مێردەکەیدا تێ نەپەڕی بوو شووی بە یەکێکی تر کردبوو، بەکێش؟ بە پیاوێك کە ئەو (هاملێت) لێی بێزارو پەست بوو. ئەم حیرەت‌و گومانە بەرەبەرە دەگۆڕێ‌و دەبێت بە دەردو ئازارێکی گیان پڕوکێن تا لە پڕێکا بۆی بە دیاردەکەوێ کە بابی قوربانی پیلانێك بووه، مامە خیانەتکارەکەی دەستی چووەتە گیانی ئەوو لە هەمان کاتدا دایکی تەفرەداوەو دەگەڵیا خەوتووه. لە ئەنجامی ئەو جەزرەبە ترسناکەوه، ئەم مرۆڤە کەماڵپەسندە، ئەم کوڕە سەلارو سەنگینە، دەگۆڕێ، ماخۆلان دەگرێت، سڵ لە هەموو کەس‌و هەموو شتێك دەکات. تەنانەت روو لە ڤیان‌و ئاشقێنی‌و ژنیش وەردەگێرێت، چونکە ناتوانێ میناکی، کەسێك کەوتبێتە بەر تەوژمی گێژاوەوه خۆی لە گوشاری قورس‌و کوشندەی ئەم دەردە رزگار بکات، لە ئەنجامدا رێگەی ژیان گوم دەکات، ئیدی لە کاروباری خۆیدا سەرگەردان دەبێت‌و سەری لێدەشێوێ‌و بە تەواوەتی نازانێ دەبێت چی بکات.
لێرەدا تایبەتمەندییەکانی هاملێت ئاشکرا دەبێت، ئەو شازادەیەی کە شەکسپیر خوڵقاندوویەتی، وهەر ئەم تایبەتمەندیانەش زندوویەتی‌و نەمری پێ دەبەخشن.

لێرەشدا پرسیارێك دێتەگۆڕێ، ئایا پێویست بوو هاملێت، تۆڵە لە مامە خاینەکەی خۆی بسەنێ،و ئایا ئیمکان نەبوو کە ئەم شازادە دانیمارکییە لە دوو ڕیانی دوو دڵیدا، لێبوردەیی‌و بوردن هەڵبژێرێ‌و چاوپۆشی لە تۆڵەو سزا بکات؟
بەرسڤ ئەمەیە کە لە سەردەمی ویلیام شەکسپیردا، لە دەورانی ئەلیزابت-ی یەکەمدا کە بزاڤی پیوریتانیزم یان لایەنگری لە سادەیی لە باوەڕو ئیماندا، لە ئینگیستان رەواجی پەیدا کردبوو، هەر کەسێك خیانەتی دیتبا دەبوا تۆڵە لە خیانەتکار بسەنێ‌و هەر کەسێك خیانەتی کردبا دەبوا سزای خۆی بدات.

خاڵێکی دیکە ئەمەیە کە دیمەنەکانی چیرۆکەکە، بە گوێرەی نێوەڕۆکی شانۆنامەکە، دەبێ لە شوێنانی نیمچە تاریك‌و ساردا بێت، وەکو چۆن لە سەرەتای شانۆنامەکەدا، بینەر هەست دەکات کە زستانێکی ساردەو دیمەنەکە لە هەیوانێکی بەرانبەر قەڵای کرونبرگ-ی ناوچەی ئەلزینوری وڵاتی دانیمارکدا دەست پێدەکات.

چیرۆکەکە بە مجۆرەیە کە (روحی بابی کوژراو) پەشێوو خەمبار، لە هەنبەر کوڕەکەیدا دەردەکەوێت‌و ئەم نهێنییەی بۆ کەشف دەکات کە ئەو کوشتەی ستەمی کلودیوس-ی برا جەفاکارەکەی خۆیەتی‌و بۆیەی کوشتووه تا لەلایەکەوه تەختی پاشایەتی‌و لەلایەکی ترەوه ژنەکەی داگیر بکات.

هاملێت لە پڕێکا، دەکەوێتە بەردەم ئەرکێکی یەجگار گەورەو ترسناکەوه، دەبێ لە تۆڵەی خوێنی بابی، خوێنی مامەکەی بڕێژێت. ئیدی لەوه بە دواوه کۆشکی پاشایەتی لێ دەبێت بە

زنـدانێکی ترسـناک، پەیوەنـدی ڤیـانی خـۆی دەگـەڵ (ئـەفلیا)دا دەبـڕێ، پولونیـوس-ی پـیری پەرپوت، لە کاتی گوێ هەڵخستنیا دەکوژێت، و لەلایەن پاشاوەو بە مەعیەتی دوو گاردی خاین‌و بەدنیهاد، رەهەندەی ئینگلیستان دەکرێت. لـە رێگـەدا، بـە هـەر فێڵێك بووە نامەکە دەکاتـەوە، بـە نێوەڕۆکەکـەی دەزانـێ. دەقی نامەکە دەگـۆڕێ‌و لـە ئەنجامـدا لـە جیـاتی ئـەوەی لـە گـەردنی ئـەو بدرێ، لە ملی جووتە گاردی ستەمکار دەدرێ‌و هەواڵەکەی گۆرستان دەکرێن. دوای ماوەیـەك لـە دەربەدەری کە بۆ زێدی خۆی دەگەڕێتەوە، هەموو واقیان وڕدەمێنێ. هاملێت رازی دڵـی خـۆی بـە (هوراشیو)ی تاقەدۆسـتی بـاوەڕ پێکـراوی خـۆی دەڵێـت. ئـەفلیا، دلبـەرە دڵپاکەکـەی مـردووە، لـە خەمی دووری دڵداردا شێت بووەو سەرەنجام خـۆی خستوەتە دەریاوەو خنکاوە.لایـرتس، کـوڕە توڕەو تڕۆکەی پولونیـوس، ئـەو پیـاوەی کـە بەدەسـتی هاملێـت کـوژرا بـوو، لـە سـەفەری فەرەنسـا دەگەڕێتـەوە، بـە کارەسـاتی مـەرگی بـابی‌و مردنـی خـەمناکی خوشـکەکەی دەزانـێ‌و بڕیـار دەدات تۆڵـەی خـوێنی ئـەوان لـە هاملێـت بسـەنێ. پاشـا، مەیـدانی دوئیلیـان بـۆ فەراهـەم دەکـات، چونکە بـاوەڕی زۆری بـەهێزی بـازووی هاملێـت دەبێـت، هـەوەڵجار جـامێ ژەهـراو لـە نزیکـی هاملێتـەوە دادەنێ تـا ئەگـەر هەسـتی بـە تینویـەتی کـرد بیخواتـەوەو ئەوسـا بـە نهێنـی نـووکی شمشـێرەکەی لایرتس لە ژەهرێکی کوشندە هەڵدەکێشێت تا ئەگـەر هـاملێتی برینـدار کـرد، برینەکـەی ژەهـراوی ببێ‌و پێی بمرێت.

لـێ ئـەم کـارە بـەلاو نسـیبەتێکی دیکـەی لێدەکەوێتـەوە. گرتـرود، دایکـی هاملێـت‌و شـابانۆی دانیمـارك کـە بـە هـیچ جـۆرێ ئاگـای لـە نەخشـەو پیلانـە گلاوەکـەی مێردەکـەی نـەبوو، جامـە ژەهراوەکە دەخواتـەوەو مالاوایی لە ژیان دەکات. دوئێل دەست پێدەکات، هاملێت بە سـەختی برینـدار دەبێـت، و لـەو کاتـەدا کـە هـەردوو دوئێلکـار، بـە گـوێرەی نـەریتی بـاوی ئـەو رۆژگـارە، شمشێرەکانیان دەگۆڕنەوە، لایرتس بە شمشێرە ژەهراویەکەی خۆی بریندار دەبێت‌و دەکەوێتە حـاڵی مـردن. بـە دەم ئاویلکـەوە، لـە کارەکـەی خـۆی ژێـوان بـوو بـووەوە، حەقیقـەت‌و ڕاسـتی بـۆ هاملێت دەدرکێنێ‌و پێی دەڵێت کە هـۆی هـەموو ئـەم رۆژ رەشـیە (کلودیـوس)ی مـامی ئـەو بـووە، هاملێت ئەو دەرفەتە لە دەست نادات‌و نووکی شمشێرەکەی بە دڵیا دەکات‌و بەو جۆرە تۆمـاری ژیانی پڕ شەرمەزاری ئەو دەپێچێتەوە.

تراجیدیای (هاملێت) بە مەرگی خۆی کۆتایی دێت. بەڵام هەرچیەك بێ روحی بابی تۆڵەی خۆی لە سەبەبکاری ئەسڵی ئەم کارەساتە وەرگرتەوە.

ئەمێستا پێویستە لەخۆ بپرسین: "ئایا هاملێت بە ڕاستی شێت بوو؟".

بێگومـان، نـە.. هاملێـت شـێت نـەبوو بـەڵکو مرۆڤێکـی بـە ئـاوەزو هۆشـمەند بـوو، بـەڵام لـە ژێـر گوشاری قورسی خەم‌و دوودڵیدا، هاوسـەنگی خـۆی لـە دەسـت دابـوو، دەبوایـە تۆڵـەی خـۆی لـەو کەسەی کە خوێنی بابی رشتبوو وکوشتبووی، بسـەنێت، بـەڵام کـەوتبووە دووڕیـانی گومانـەوە، بۆچـی بـەگومان بـوو؟ چـونکە ئـەو کەسـەی کـە پێـی گوتبـوو "کلودیـوس پیـاوێکی داگیرکـەری تاوانبارە" روحێك بوو، وئەگەری ئەوە هەبوو کە روحەکە زادەی خەیاڵی خودی خۆی بێ.

لێرەدا ئەو شاکارە بێ هاوتایەی جیهانی هونەر دێتە ئاراوە، و ویلیام شەکسپیری هونەر ئافەرێنی ناوداری ئینگلیز، شاکارێکی هەرە گەورەو دەگمەن دەئافەرێنێ. هاملێت، ئەو شازادەیەی کە سەرباری هەموو رەسەن زادەیی و مرۆڤدۆستییەکی خۆی، ئەو هەموو نسیبەت و بەڵایە دەخولقێنێ. ئافەریدەی نووسەرێك بوو کە پاشان ناوی گەورەترین شاعیرو درامانووسی جیهانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

*　　*　　*

ئەم درامایە لە ئەفسانەیەکی کۆنی دانیمارکییەوە وەرگیراوە. خیانەت، ئەڤین، هێزو دەسەڵات و تۆڵەو تۆڵە ئەستێنی تەوەرەی دراماکە پێکدێنێ. بەڵام گرنگترین خاڵ کە شەکسپیر لەم شانۆنامەیەدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، دوو دڵییە لە ئەنجامدانی کارێك کە لە رووی ئەقڵییەوە مایەی گومانە.

*سەرچاوە:*

*تصویری از ادبیات کلاسیك جهان /۲۲ . معرفی هملت/ اپر ویلیام شکسپیر .*

*شرکت سهامی کتابهای جیبی / وابسته به مؤسسه انتشارات امیر کبیر/ اسفند ۱۳۸۸*

**حەمە کەریم عارف**

***  کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.**

- **لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.**

- **یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.**

- **لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.**

- **سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.**

*** جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.**

***لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.**

- **لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.**

- **زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:**

**١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩**

**٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧**

**٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨**

**٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥**

**٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان**

**٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ**

**٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥**

**٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی**

٩-	ڕێبەر، ڕۆمان، مەهدی حسین،  چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، ڕۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١-  هاومالەکان، ڕۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٢ – بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین،  چاپی سێیەم  ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره ولات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٥- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی،  چاپی دووەم،  ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جیَ پیَ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق‌و ڕەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی چوارەم ٢٠٠٧
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی مالْتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

**٦٥- مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـان (ئـەدەبیاتی ئینگلیـزی زمـان- ئـەمریکاو ئینگلیسـتان لـە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨**

**٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ١،٢٠٠٤،دەزگای سپیرێز**

**٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ١،٢٠٠٦دەزگای موکریانی**

**٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی**

**٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦**

**٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی**

**٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦**

**٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان**

**٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦**

**٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ١،٢٠٠٧**

**٧٥- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨**

**٧٦- مـەرگی نووسـەرو چـەند باسـێکی دیکـەی ئـەدبی-رۆشـنبیری،حەمەکەریم عـارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك**

**٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩**

**٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()**

**٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤**

**٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف**

**٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی**

**٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی**

**٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی**

٨٤-وقفات في رحاب الثقافة الكوردية، **حەمە کەریم عارف**

**٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی**

**٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز**

**٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس**

٨٨-ظل الصوت و قصص اخرى، تقديم و ترجمة جلال **زنگابادی**

**٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین/ چاپی یەکەم (٢٠١١)**

**٩٠- توحفە نمای ئەدبیاتی جیهانی**

**٩١-سفرەی فەقیران / حەمە کەریم عارف**

**٩٢- باڵندەکەی من ،رۆمان، فریبا وفی**

*** لـە راپەڕینـەوە تـا نـەوو چـالاکانە بەشـداری بزاڤـی ئـەدەبی و رۆشـنبیریی کـوردی دەکـات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..**

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...